# پێشەکی.....

قوتابیان وخوێندکارانی پۆلی دوازدەهەمی  زانستی , ویژەی , دانانی ئەم مەلزەمەیەی زمان و ئەدەبی کوردیەم  دەگەڕێتەوە  بۆ ئەزمونی زیاتر لە (١٠) سالْ مامۆستایەتیم لەو قۆناغە لەگەورەترین ئامادەیی کە سەرەتا ئامادەیی (شەهید دکتۆر عەبدولڕەحمانی کوڕان ) و , دواتر گۆڕدرا بۆ ( بناری هندرێن ) وە لە ئێستاشدا ئامادەیی ( گۆڤاری زانستی ) یە , کەیەکێکە لەهەرە ئامادەییە بەناوبانگەکانی شارە جوانەکەمان کەشاری سۆرانە , بەڕێزان , مامۆستایان , خوێندکاران , قوتابیە ئازیزەکان, ئەم مەلزەمەیەم پێکهاتووە لە : ( ڕوونکردنەوەی یەك بەیەكی تەواوی بابەتەکانی ڕێزمان بەشێوەی هێل و هێلکاری ڕەنگاو ڕەنگ , وە بەشێوەی خالْ و تێبینی ورد , کە زۆر جیاوازترە لەمەلزەمەکانی تر , وەشیکارکردنی ڕاهێنانەکان بەجوانترین و ڕوونترین شێوە , ئەدەبیش بەشێوەی پرسیار و وەلاّم , وە ڕەوانبێژیش بەهەمان شێوەی ڕێزمان بەشێوەی هێل و هێلکاری ڕەنگاو ڕەنگ و خالْ و تێبینی ورد , وەشیکارکردنی هەموو پرسیارە وەزاریەکانی تەمهیدی و خولی یەکەم و دووەم  لە (٢٠١٤ تاوەکو ٢٠١٩) . لێرەوە دەتوانم گرەنتی تەواو بدەم , کە خوێندکار و قوتابی دەتوانن تەواو پشت بەو مەلزەمەیە ببەستن بۆ هێنانی نمرەی تەواو , وەمامۆستا بەڕێزەکانیش دەتوانن سودێکی زۆری لێببینن , لەکۆتایدا دەلێم پێشکەشە : بەخوێندکار و قوتابیانی کوردستان بەگشتی و قوتابیانی شارە دلگیرەکەم کە ( سۆران ) ە بەتایبەتی , بەهیوام سودێکی زۆری لیّ ببینن ,.

لەگەلْ ڕێزو سوپاسم , م / بەشار ئەنوەر تەها .

تێبینی : هەر ڕەخنە و تێبینییەك و زیاد و کەمکردنێکتان پیّ باش بوو دەتوانن پەیوەندیم پێوە بکەن بەم ژمارە تەلەفۆنە / ٠٧٨٢٤٣٧٦٥٦٥

# بەشی ڕێزمان

## وەرزی یەکەم :

### شێوازەکانی کار  بە پێی ناوەڕۆك

یەکەم  :  شێوازی ڕاگەیاندن

دووەم   :  شێوازی دانانی

سێیەم  :  شێوازی داخوازی

چوارەم  :  شێوازی مەرجی

### کـــــاری چاوگی ( بوون )

### ئەرکی بزوێنی ( ە ) لەڕێزمانی کوردیدا

### ئەرکی جێناوەلکاوەکان

یەکەم  :  وەکـــــــو بـــــــــکەر

دووەم  :  وەکـــــــو بـــــــەرکار

سێیەم  :  وەکو تەواوکەری بەیاریدە

## وەرزی دووەم :

هاوەڵناو لەڕووی ڕۆنانەوە ( دروستبونی یەوە )

هاوەڵکار لەڕووی ڕۆنانەوە ( دروستبونی یەوە )

ڕادە

### دیارخەرەکانی ناو :

یەکەم  :  ناو لەدەوری دیارخەری ناو لەڕستەدا

دووەم  :  هاوەڵناو لەدەوری دیارخەری ناو لەڕستەدا

سێیەم  :  جێناوە سەربەخۆکان لەدەوری دیارخەری ناو لەڕستەدا

چوارەم  :جێناوە لکاوەکان وەکو دیارخەری ناو لە ڕستەدا

# بەشی ئە دەب : وەرزی یەکەم :

## ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی ( ١٩٣٩ــ ١٩٩١ )

قۆناغی یەکەم ( ١٩٣٩ــ ١٩٥٨ )

قۆناغی دووەم ( ١٩٥٨ ــ ١٩٧٠ )

قۆناغی سێیەم ( ١٩٧٠ ــ ١٩٩١ )

## تایبە تمەندیەکانی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا

ناوەرۆکی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی ( ١٩٧٠ ـ ١٩٧٥ )

ڕوخسار و تەکنیکی شیعری کوردی لەنێوان ساڵانی ( ١٩٧٠ــ ١٩٧٥ )

شیعری کوردی نێوان ساڵانی ( ١٩٧٥ ــ ١٩٩١ )

## ڕەخنەی ئەدەبی

ڕەخنەو چەمکی ڕەخنە

ڕەخنەی جیهانی

یەکەم : ڕەخنەی خۆرئاوایی

دووەم : ڕەخنەی خۆرهەلاتی

ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە

## پەخشان

## وتار

وتار و قۆناغی یەکەم ( ١٩٣٩ ــ ١٩٥٨ )

وتار و قۆناغی دووەم ( ١٩٥٨ ــ ١٩٧٠ )

وتار و قۆناغی سێیەم ( ١٩٧٠ ــ ١٩٩١ )

# وەرزی دووەم :

## چیرۆکی کوردی لەجەنگی دووەمی جیهانەوە

چیرۆکی کوردی و قۆناغی یەکەم ( ١٩٣٩ ــ ١٩٥٨ )

چـــیرۆکی کوردی و قۆناغی دووەم ( ١٩٥٨ ـ١٩٧٠ )

چیرۆکی کوردی و قۆناغی سێیەم ( ١٩٧٠ ــ ١٩٩١ )

## ڕۆمان لەئەدەبی کوردیدا

# ڕەوانبـــــــێـــژی

**وەرزی یەکەم :**

**ڕەگەزدۆزی  و جۆرەکانی**

**لێکچواندن و بنەڕەتەکانی**

**خواستن و جۆرەکانی**

**وەرزی دووەم :**

**دژیەك و جۆرەکانی**

**جوانی بایس**

**تێهەڵکێش**

**پرسیارە وەزاریەکان**

**( ٢٠١٤  تاکو ٢٠١٩ )**

**بەراییەکان ( تمهيدی )**

**خولی یەکەم**

**خولی دووەم**

## چۆنیەتی ناسینەوەی ئەرکەکانی ناو

شارەزابوون لە ئەرکەکانی ناو پێویستیەکی گرینگە بۆخوێنکارو قوتابی چونکە لەرێزمانی کوردیدا هەمیشە قوتابی ڕووبەڕووی ڕستەی ڕێزمانی دەبێتەوە . لێرەدا بەوردی رێگاکانی ناسینەوەی ناو لەڕستەدا ڕووندەکەینەوە .

**١ـ بکەر /** ناسینەوەی بکەر لەڕستەدا بریتییە لەوەی ناوێك یان جێناوێك لەرستەدا کارێك ئەنجام بدات ،وەکو .دارا نانەکەی خوارد. دارا : ناوە ، بکەرە.

یان هەرکات ئەرکێك درابێتە پاڵ ناوەکە یان جێناوەکە ، وەکو ، پەنجەرەکە شکا. لێرەدا کارێك دراوەتە پاڵ ناوی ( پەنجەرە ) بۆیە پەنجەرە دەبێتە بکەر،

**٢ـ نیهاد /** ناسینەوەی نیهاد لەڕستەدا بەم شێوەیە :

ا. دەبێت کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو ( بوو . ە . دەبێت ) بێت

ب. سیفەتێك درابێتە پاڵ ناو یان جێناوەکە کەهەمیشە سیفەتەکە وەکو هاوەڵناو یان هاوەڵناوە .وە هەر ڕستەیەك کارەکەی ناتەواو بوو ئەوا پێکدێت لە( نیهاد و گوزارە ) وەکو . منداڵەکە جوانە . منداڵەکە : ناوە ، نیهادە .

جوان : هاوەڵناوی چۆنیەتی یە ، تەواوکەری کاری ناتەواو . ە : کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا.

جوانە : گوزارەیە

**٣ـ بەرکار /** ئەو وشەیەیە کەلە ڕستەدا کارێکی لەسەر ئەنجام دەدرێت واتا دەکەوێتە ژێر کاریگەری کارەکە.

وەکو، دارا نانەکەی خوارد. نانەکە : ناوە ، بەرکارە

**ناسینەوەی بەرکار** ا. دەبێت کاری ڕستە تێپەڕ بێت

ب. دەتوانین پرسیار لەکارەکە بکەین بە ( چ ) دواتر وەڵامی ( چ ) ەکە دەبێتە بەرکار.بۆنمونە ڕستەی سەرەوە

. دارا چی خوارد؟ دارا نانەکەی خوارد. لێرەدا ، نانەکە : بەرکارە.

پ. بەلابردنی بەرکار لەڕستەدا واتایی ڕستە تێکدەچێت یان دەشێوێت . وەك .دارا نانەکەی خوارد. دارا ............خوارد.

**٤ ـ تەواوکەری بەیاریدە/** بەدوو شێوە دەتوانین تەواوکەری بەیاریدە بناسینەوە .

ا. هەمیشە یەکێك لەم ئامرازانە لە پێشەوەی ئەو وشەیەیە کەدەبێتە تەواوکەری بەیاریدە ( بە ، بۆ ، لە ، ژ ، )

ب. بەلابردنی تەواوکەری بەیاریدە لە کاری تەواودا واتایی ڕستە تێکناچێت. وەك : شنە لە قوتابخانە دەخوێنێت

لەقوتابخانە : ناوە تەواوکەری بەیار یدەی کارە .شنە دەخوێنێت. تەواوکەری بەیار یدە لادراوە واتا تێك نەچووە

٥ـ دیارخەری ناو / یاساكەی   ناو یان جێناو + ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) + ناو یان جێناو یان هاوەڵناو

دیارخراو + ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) + دیارخەر

كـــــور   ی   پـــــور

كوری پورم هات . كوڕ : ناوە . دیارخراوە . ی : ئامرازی دانە پاڵە . پور : ناوە ، دیارخەری ناوە

كوڕی تۆ هات . كوڕ : ناوە . دیارخراوە . ی : ئامرازی دانە پاڵە . تۆ :جێناوە ، دیارخەری ناوە

كوڕی جوان هات. كوڕ : ناوە . دیارخراوە . ی : ئامرازی دانە پاڵە . جوان : هاوەڵناوە ، دیارخەری ناوە

تێبینی / ئەو وشانەی دەبنە دیارخراو ( ناو، جێناو ، ناوی واتایی . چاوگ )

وەئەوانەی كەدەبنە دیارخەر ( ناو، چاوگەكان. ناوی واتایی . هاوەڵناوەكان بەهەموو جۆرەكانیەوە .جێناوە سەربەخۆكان )

٦ـ تەواو كەری كاری ناتەواو / پێویستە كاری ڕستەكە یەكێك لەكارە ناتەواوەكان بێت. وە ئەو وشەیەی كە دەمانەوێت بیكەینە تەواوكەری كاری ناتەواو دەبێت بیخەینە پێش كارە ناتەواوەكە . وەكو : كاری تۆ قوتابی بوو. كاری تۆ خوێندنە.

لێرەدا : قوتابی ، ناوە ، تەواو كەری كاری ناتەواو . خوێندن : چاوگە . تەواو كەری كاری ناتەواو .

تێبینی١ / ئەم شانە دەبنە تەواوكەری كاری ناتەواو ( ناو ، هاوەڵناو . چاوگەكان . هاوەڵكار . جێناوە سەربەخۆكان )

تێبینی ٢ /لەبابەتی كاری چاوگی بوون بەوردی باسی تەواوكەری كاری ناتەواو دەكەین هەم بەڕاستەوخۆ وەهەمیش بەیاریدەكان.

٧ـ جێگری بكەر/ لێرەداشتێكی سادەو ئاسان دەخەینە پێش چاو. جێگری بكەر لەڕستە بەوە دەناسرێتەوە كە :

ا. بكەر لەڕستەدا نەبێت.   ب. بەركاری ڕستەكە دەبێتە جێگری بكەر .

پ. كاری ڕستەكە كاری بكەر نادیاربێت واتا كارەكە ( ڕا ، یان ، ڕێ ) ی پێوە بێت ( ڕا ) بۆ ڕابردوو ، ( ڕێ ) بۆ ڕانەبردوو .

پێشمەرگەكە شەهید كرا : سێوەكە دەخورێ :( پێشمەرگە ، سێو، پێشتربەركاربوون ، بەلاَم لەڕستەی بكەر نادیار بوون بە جێگری بكەر )

شەهیدكرا : كاری ڕابردووی بكەر نادیارە . دەخورێ : كاری ڕانەبردووی بكەرنادیار .

تێبینی /لەڕێزمانی كوردیدا تەنها كارە تێپەڕەكان دەبنە كاری بكەر نادیار

ڕێزمان


چاپخانەی توانا 07828350088

## هەندێك ڕونكردنەوە لەبارەی دەستەواژە ڕێزمانیەكان

١ـ لەنوسین وخوێندنەوەداهەر وشەیەك كەدەیبینین سەربە یەكێك لەمانەیە ( ناو.هاوەڵناو.هاوەڵكار.چاوگ.جێناو. ئامراز. كار )
واتا هەریەك لەوشەكانی ناو ڕێزمان و زمانی كوردی بێنین یەكێك لەمانەی سەرەوەیە ، وەیەكێك لەو ئەركانەی خوارەوەشی هەیە .

( بكەر . بەركار . دیارخەر . تەواوكەری كار . تەواوكەری كاری ناتەواو . نیهاد. جێگری بكەر )

| گروپ | ئەرك |
|---|---|
| ناو .هاوەڵناو.هاوەڵكار.چاوگ.جێناو. ئامراز .<br>كار | بكەر . بەركار . دیارخەر . تەواوكەری كار . تەواوكەری كاری ناتەواو .<br>نیهاد. جێگری بكەر |

بۆنمونە : هانا دوێنێ هات . هانا : . دوێنێ : . هات .

٢ـ سادە: بریتیە لەیەك وشەی واتادار وەك ( گوڵ. تاڵ. پار . نوستن ) ( ئەم پێناسەیە بۆ ناو و هاوەڵناو و چاوگ و هاوەڵكار و كاری سادەكان تەواوە . بەڵام لە نمونە هێنانەوە كامە بوو دەبێت نمونەت ئەو بێت . بۆنمونە ناو بوو دەبێت نمونە ناو بێت

٣ـ داڕێژراو: بریتیە لەوشەیەكی واتادارلەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووكیان وەك ( كوردایەتی . نەبەز. نەزانراو ).

ئەم پێناسەیەش وەك سادە بۆ هەموو داڕێژراوەكان دەبێت . تەنها لە نمونە هێنانەوە كامە بوو دەبێت نمونەت ئەو بێت

٤ـ لێكدراو: بریتیە لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر وەك ( گوڵناز . بەژن چنار. دەستنیشانكردن )

بەهەمان شێوەی سادەو داڕێژراو بۆ هەموو لێكدراوەكان ئەم پێناسەیە تەنها لە نمونە جیاوازن

**٥ـ جیاوازی نێوان كاری تێپەڕو كاری تێنەپەڕ ناسینەوەیان :**

| كاری تێپەڕ | كاری تێنەپەڕ |
|---|---|
| ( م . مان . ت . تان . ی . یان ) وەردەگرێت . وەك . خوارد تان | ( م. ین . یت . ن. ٠ . ن ) وەر دەگرێت وەك . هاتین |
| هەر بۆیە پێی دەوترێت تێپەڕ, چونكە لەڕستەدا پێویستی بە بەكارە واتاجگە لە بكەر تێدەپەڕێتە سەر بەركاریش سەنا وانەكەی خوێند | لەڕستەداتەنها پێویستی بە بكەرە تێناپەڕێتە سەر بەركار رزگار هات |
| دەكرێنە بكەر نادیار | ناكرێنە بكەر نادیار |

بۆناسینەوەی كاری تێپەڕو كاری تێنەپەڕ ئەواكارەكەدەگەڕێنینەوە سەر ئەسڵی چاوگەكەدواتر ( ن ) چاوگ لادەبەین ئینجا جێناوی ( ئەو ) دەخەینە پێش ، ئەوكاتە گەربووە ڕستەیەكی واتا دار ئەوا كارەكە تێنەپەڕە ، بە پێچەوانەوە ئەگەر نەبووە ڕستەیەكی واتادار ئەواكارەكەتێپەڕە . بۆنمونە . دانیشتبوویێت . چاوگەكەی ( دانیشتن ــ ن = دانیشت ( ئەودانیشت ) واتای هەیە كارەكە تێنەپەڕە ، بەڵام دەگرێت : چاوگەكەی . گرتن ــ ن =گرت . ( ئەو گرت ) واتای نە بۆیە كارەكە تێپەڕە .

**٦ ـ دۆزینەوەی ڕەگی کار/** بۆدۆزینەوەی ڕەگی کار ئەم کارە بکە . ئەم پارچەنوسینە لەگەڵ کارەکە بگونجێنە

( **من دواى نيوكاتژمێرى تر** ــــــــــ . )، دواتر ( **دە ، م** ) لاببە ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەگی کارە :وەك:

نوستن . سەرکەوتبوبا . بڕۆن

من دواى نيوكاتژمێرى تر دەنوم – دە ، م = **نو** ، ڕەگی کاری نوستن

من دواى نيوكاتژمێرى تر سەر دە کەو م – دە ، م = **سەرکەو** ، ڕەگی کاری سەرکەوتن

من دواى نيوكاتژمێرى تر دە ڕۆم – دە ، م = **ڕۆ** ، ڕەگی کاری ڕۆیشتن

**٧ـ کاری بکەر نادیار:** ( **ڕا** ) بۆ ڕابردوو لەدوای ڕەگ زیاد دەکەین ، وە بۆ ڕانەبردووش ( **ڕێ** ) لە لەدوای ڕەگ زیاد دەکەین.

بۆنمونە ڕابردوو ← ڕەگ + ڕا . **خورا** . **خورابوو** . **خوراوە** . **دەخورا** ( **خورابا** . **خورابووبا** . **خورابوبێت** )

ڕانەبردوو ← دە + ڕەگ +ڕێ **دەگۆڕێ** **بگۆڕێ** سورەکان ( ڕاگەیاندن ، شینەکان ( دانانی )

**٨ـ کاری ڕابردوو:** ئەوکارەیە کەلەکاتی قسەکردندا ڕویداوە و ئە نجام دراوە .

وەك: نانەکەم **خوارد** .

**٩ـ کاری ڕانەبردوو :** ئەوکارەیە لەکاتی قسەکردندا هێشتا ڕوینەداوە ،واتا دوای قسەکردن ڕوو دەدات .

وەك: نانەکە **دەخۆم**.

## شێوازەکانی کار

- ڕاگەیاندن
- دانانی
- داخوازی
- مەرجی

### یەکەم : شێوازی ڕاگەیاندن

ڕابردوو — ڕانەبردوو

ڕابردوو: نزیك — دوور — تەواو — بەردەوام

**یەکەم / شێوازی ڕاگەیاندن /** ئەوکارەیە کە باس لەکارێك دەکات ڕاستەخۆ ئە نجام بە دەستەوە دە دات ،گومان لەوە دانی یە، کە کارەکە گەیشتووتە ئە نجام یاخودنا.

ئەو ڕێژانەی لەڕاگەیاندن دا هەن پێنج ڕێژەن . چوار ڕێژەی ڕابردوون یەکیشیان ڕانەبردوو بەم شێوەیە :

**١ـ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن=قەدی چاوگ/** دروستدەکرێت بەلابردنی ( ن ) چاوگ . واتا : چاوگ ــ ن

وەکو : ناردن ــ ن = نارد . دانیشتن ــ ن = دانیشت بانگکردن ــ ن = بانگکرد

**٢ـ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن/** دروستدەکرێت بە دانانی ( بوو )لەدوای قەدی چاوگ واتا : ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن + بوو

وەکو : نارد + بوو = نارد بوو. دا نیشت + بوو = دانیشتبوو بانگکرد+ بوو = بانگکردبوو

**٣ـ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن/** دروستدەکرێت بەدانانی ( دە ) لە پێش قەدی چاوگ واتا : دە + قەدی چاوگ

وەکو : دە+ نارد = دە نارد. دە + گەیشت = دە گەیشت دە + هێنا = دە هێنا ← لەسادەدا

بەلاَم لەناسادەدا = بەشە یەکەمی کار + دە + قەد = وەکو: هەڵ + دە + کرد = هەڵدەکرد . بانگ + دە +کرد = بانگدەکرد

**تێبینی/** لەکرما نجی ژورودا لەجیاتی ( دە ) ( د ) بەکاردەهێنرێت بۆڕابردووی بەرەوام .

وەك: دەچوو ← دچوو . دەنارد ← دنارد

**٤ـ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن/** دروستدەکرێت بەزیادکردنی ( ووە ، وە ) لەدوای قەدی چاوگ . واتا : قەد + وە

ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن . یان قەد
- + ووە .: وەکو : نارد + ووە = ناردووە . کوشت + ووە = کوشتووە
- + وە . وەکو : کڕی + وە = کڕیوە . هێنا + وە = هێناوە .



چاپخانەی توانا 07828350088

تێبینی١/ ئەگەر قەد كۆتـایی هاتبوو بە( ت، د ) ئەوا ( ووە ) بەكار دێت . وەئەگەر ( ا. ی . وو ) بوو ئەوا ( وە ) بەكار دێت

وەكو : ناردووە . كوشتووە . كڕیوە . هێناوە

تێبینی ٢/لەكرمانجی سەرودا ( بادینی ) لەجیاتی ( وە ) ( یە )بەكار دێت ، وە لەجیاتی ( ووە ) ( ییە )بەكاردێت ،

وەكو : هێناوە ← هێنایە كوشتووە ← كوشتییە

تێبینی ٣/ هەر لەڕابردووی تەواودا ئەگەر قەدێك كۆتـایی هاتبوو بە پاشگری ( ەوە ) ئەوا ( ت ) ناوبەند دەخەینە نێوان پاشگری تەواوەتی ( وە ) و پاشگری ( ەوە ) ، وەك: بلاوكردەوە ← بلاوكردووەتەوە دۆزیەوە ← دۆزیوەتەوە . لێرەدا ( ت ) ناوبەندن

٥ـ رانەبردووی ڕاگەیاندن/ یەك یاساو دەستوری هەیە ئەویش بەم شێوەیە:

لەسادە دا ← دە + ڕەگی كار + یەكێك لەجێناوەكانی ( م.ین، یت، ات.ێت . ن ) وەك: دە خۆم ، دەكرێت .

بەلاّم لەناسادە دا ← بەشی یەكەمی كار+ دە + ڕەگی كار + یەكێك لەجێناوەكانی ( م.ین، یت، ات.ێت . ن ) وەك:

هەڵدەگرم . بانگدەكەیت . هەڵـــدەگـــرێت

تێبینی١/ جێناوی لكاوبۆكەسی سێیەم ( ات ) بەكاردێت ئەگەرهاتوو ڕەگەكە كۆتـایی هاتبوو بە ( ۆ، ە ) وە ( ۆ ) دە گۆڕیّ بۆ ( و ) ( ە ) نامێنێت وەك : دە بەم ← دەبات . دە شۆم ← دەشوات

وەجگەلەم دوو پیتە ڕەگەكە كۆتایی بەهەرپیتێكی ترهات ئەوا ( ێت ) بەكاردێت ،وەك : دەكرێت . دەنوسێت .

تێبینی ٢/لەكرمانجی ژورودا لەجیاتی ( دە ) ( دیّ ) بەكاردەهێنرێت.وەكو : دە شۆم ← دێشۆم . دە خۆم ← دێخۆم

## چۆنیەتی نەریّ كردنی شێوازی راگەیاندن

ڕابردووەكان هەرچوارڕێژەكەی دەكرێنەنەریّ بە( نە )لەسادە دەچنەسەرەتای كار لەناسادەشدا دەچنەكۆتایی بەشی یەكەمی كار

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| برد | ← | نە برد | هەلگرت | ← | هەڵنە گرت |
| بردبوو | ← | نەبردبوو | هەلگرتبوو | ← | هەڵنە گرتبوو |
| بردووە | ← | نەبردووە | هەلگرتووە | ← | هەڵنە گرتووە |
| دەبرد | ← | نە دەبرد | هەلدەگرت | ← | هەڵنە دەگرت |

رانەبردووەكەش بە ( نا ) دەكرێتە نەریّ دەچێتەشوێنی ( دە ) لەسادەو ناسا دەدا

دەخۆم ← ناخۆم سەردەكەوم ← سەرناكەوم



چاپخانەی توانا 07828350088

## ڕاهێنانی ـ ١

لەم چاوگانە ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن و ڕێژەی ڕابردووی بەردەوام دروست بکە .( ڕامالْین ، پەڕینەوە ، ئازادکردن )

| چاوگ | ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن | ڕابردووی بەردەوام |
|---|---|---|
| ڕامالْین | ڕامالْیوە | ڕادەمالْی |
| پەڕینەوە | پەڕیوەتەوە | دەپەڕییەوە |
| ئازادکردن | ئازادکردووە | ئازادەکرد |

## ڕاهێنانی ـ ٢

ئەم ڕستانە شی بکەوە .

١.شڤان ل بن کە پرێ نقستیە.

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| شڤان | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بکەرە |
| ل | ئامرازی پەیوەندی یە |
| بن کە پرێ | هاوەڵکاری شوێنی یە |
| ل بن کە پرێ | گرێیی هاوەڵکاری شوێنی یە ، تەواوکەری بەیاریدەی کارە |
| نقستیە | کاری ڕابردووی تەواوی تێنە پەڕی سادەیە |

٢. شاناز ڕایەخەکەی چنی.

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| شاناز | ناو ، تاکە ، ناسراوە ، بکەرە |
| ڕایەخەکە | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| ی | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاکە بۆبکەر دەگەڕێتەوە |
| چنی | کاری ڕابردووی نزیکی تێپەڕی سادەیە |

٣. گوندەکان ئاوەدان دەکرێنەوە

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| گوندەکان | ناو کۆیە ، ناسراوە ، جێگری بکەرە |
| ئاوەدان دەکرێنەوە | کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی لێکدراوەی بکەر نادیارە |
| ن | جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ بۆجیگری بکەر دەگەڕێتەوە |

ڕێزمان


چاپخانەی توانا 07828350088

## راهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١_ ئەو لەتاقیکردنەوەکەدا سەردەکەوت ( سەردەکەوت ) لەڕێژەی

ئـ_ ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن  ب _ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن

پ _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن  ت _ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن

٢ _ ڕاسپاردەکە جێبەجێدەکرێت کارەکە نەرێ دەکرێت بەئامرازی

ئـ _ نی  ب _ نە  پ _ نا  ت _ مە

٣_ کام لەم کارانە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە لەچاوگی ( خولانەوە ) ؟

ئـ _ خولاوەتەوە  ب _ خولایتەوە  پ _ دەخولایەوە  ت _ خولایەوە

٤ _ ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن دروستدەکرێت بە دەستوری :

ئـ _ دە +ڕەگ  ب _ قەد +بوو  پ _ دە + قەد  ت _ قە د + وە

٥ _ لەچاوگی ( شوشتن ) ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بریتیە لە :

ئـ _ دەشوات  ب _ دەیشوشت  پ _ نەیدەشوشت  ت _ دەیانشوشت

## راهێنانی ـ ٤

( لەڕستەی هۆنراوەکانیان لەبەرکرد ، ئینجا چوون بۆ قوتابخانە )

١ _ هەردوو کارلە چ ڕێژەیەکن ؟ ـ هەردووکار ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنن.

٢ _ لەکاری ( لەبەرکرد ) ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروستبکە لەڕستەی تر بەکاری بهێنە .

ـ ( لەبەردەکرد ) کراسەکەیان لەبەردەکرد.

٣ _ لەهەردووکار ڕابردووی بەردەوام دروستبکەو ڕستەکەبنوسەوە . ـ هۆنراوەکانیان لەبەردەکرد ، ئینجا دەچوون بۆ قوتابخانە ،

٤ _ لەهەردووکار ڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاند دروستبکەو ڕستەکەبنوسەوە.

ـ هۆنراوەکانیان لەبەردەکەن ، ئینجا دەچن بۆ قوتابخانە ،

٥_ وشەی ( هۆنراوەکان ) شی بکەوە ، ناوە ، کۆیە ، ناسراوە بەرکارە


چاپخانەی توانا 07828350088

# هەڵبــــــــژاردن

١ _ ئەوشێوازەیە کە باس لەکارێك دەکات ڕاستەوخۆ ئەنجامەکەی دەدات بەدەستەوە ؟

A _ مەرجی B _ ڕاگەیاندن C _ دانانی D _ داخوازی

٢ _ ئەگەر قەدی چاوگ کۆتایی هات بە ( د ، ت ) بۆ ڕابردووی تەواو کام لەم نیشانانە بەکاردێت ؟

A _ وە B _ ووە C _ یە D _ ییە

٣ _ کام لەم کارانە ئەگەر بکرێتە ڕابردووی تەواو ناوبەندی ( ت ) ی پێویستە :

A _ دۆزیەوە B _ کری C _ نوسی D _ هات

٤ _ بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن لەکرمانجی ژووروو لەجیاتی ( دە ) بەکاردێت :

A _ دا B _ دێ C _ د D _ ب

٥ _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن نەرێ دەکرێ بە :

A _ نا B _ نە C _ مە D _ نی

٦ _ دارەکەمان بەجوانی دەڕواند ( کاری ڕستە لەڕێژەی :

A _ ڕابردووی نزکی ڕاگەیاندن B _ ڕابرووی تەواوی ڕاگەیاندن

C _ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن D _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

٧ _ لەڕانەبردووی ڕاگەیاندن دا ( ات ) بۆکەسی سێیەمی تاك بەکاردێ ، ئەگەر هاتوو ڕەگ کۆتایی هاتبوو بە :

A _ ۆ ، ە B _ و ، ە C _ ا ، ە D _ ێ ، ە

٨ _ ڕابردووی بەردەوام دروست دەکرێت بە دەستوری :

A _ دە +ڕەگ B _ قەد+ دە C _ دە + قەد D _ ڕەگ + دە

٩ _ نشانەی ( دە ) لە ڕابردووی بەردەوامی سادە دەچێتە :

A _ دوای قەد B _ دوای ڕەگ C _ پێش قەد D _ پێش ڕەگ

١٠ _ نیشانەی ( دە ) لە ڕابردووی بەردەوامی ناسادە دەچێتە :

A سەرەتای کار B کۆتایی بەشی یەکەمی کار C کۆتایی کار D _ بە پێی کارەکە دەگۆڕێت





چاپخانەی توانا 07828350088

١١_ لەچاوگی ( سوڕانەوە ) ڕابردووی تەواو بۆکەسی سێیەمی تاك دەبێتە :

A_ سوڕاوە B _ سوڕاویتەوە C_ سوڕاوەتەوە D _ سوڕایەوە

١٢_ لەڕستەی ( بەشاخەکەدا سەرکەوتم ) ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A_ بەشاخەکەدا سەرکەوتبووم B_ بەشاخەکەدا سەردەکەوم

C_ بەشاخەکەدا سەدەکەوتم D_ بەشاخەکەدا سەکەوتومە

١٣ _ ( یاریەکە دوا خرا ) وشەی ( یاریەکە ) ئەرکی :

A_ بکەر ب _ بەرکار C _ نیهاد D _ جێگری بکەر

١٤_ ئامرازی ( نە ) بەکاردێ بۆ نەرێکردنی :کاری ڕابردووی :

A_ نزیکی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C _ تەواوی ڕاگەیاندن D_ هەمویان

١٥_ کاری ڕستەی ( خوارنەکەیان خێرا خواردبوو ) لە چ ڕێژەیەکدایە؟

A_ نزیکی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C _ تەواوی ڕاگەیاندن D _ بەردەوامی ڕاگەیاندن

١٦_ ئامرازی نەرێکردنی ( نە ) لە کاری ڕستەی ( پیاوەکەت بانگکردووە بۆ یاریەکە ) دەچێتە :

A_ دوای کار B _ دوای وشەی ( پیاو ) C _ دوای وشەی ( بانگ ) D_ نێوان نیشانەی ( ووە )

١٧_ گەرلە چاوگی ( دانیشتن ) ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆ کەسی سێیەمی تاك دروستبکەین ئەوا دەبێتە :

A_ دادەنیشێت B _ دادەنیشت C_ دادەنیشیت D _ دادەنیشات

١٨_ کام لەم ڕێژانە دروست دەبێت بە لابردنی ( ن ) ی چاوگ ؟

A_ نزیکی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C _ تەواوی ڕاگەیاندن D _ بەردەوامی ڕاگەیاندن

١٩__ قەدی چاوگ وەکو کام لەم ڕێژانە دروست دەبێت بەلابردنی ( ن ) ی چاوگ ؟

A_ نزیکی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C_ تەواوی ڕاگەیاندن D _ بەردەوامی ڕاگەیاندن

٢٠_ ئەگەر لە چاوگی ( ڕزگارکردنەوە ) ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن دروست بکەین ئەوا دەبێتە :

A_ ڕزگارکردوە B_ ڕزگارکردووە C _ ڕزگارکردووەتەوە D _ ڕزگارکردوەتەوە

٢١_ کام لەم نیشانانە لەکرما نجی ژووروا لە جیاتی نیشانەی تەواوەتی ( وە ) بەکاردێت ؟

A_ ووە B _ یە C _ ییە D_ دێ

ڕێزمان ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

٢٢_ ئەگەر ڕەگ کۆتایی هاتبوو بە ( ۆ ) بیکەینە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆکەسی سێیەم ئەوا :

A_ ( ۆ ) نامێنێت B_ ( ۆ ) دەبێتە ( و ) C_ناوبەندی ( ت ) پێویستە D_ناوبەندی ( ی ) پێویستە

٢٣_گەر کارێك کۆتای هات بە پاشگری ( ەوە ) بیکەینە ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن ئەوا پێویستی بەکام لەم ناوبەندانە دەبێت ؟

A_ ر B_ و C_ ی D_ ت

٢٤_ کار چەند شێوازی هەیە ؟

A_ دوو B_سێ C_ چوار D_ پێنج

٢٥_ گەر ( بوو ) بخەینە دوای قەدی چاوگ دەبێتە کام لەم ڕێژانە ؟

A_ نزیکی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C_ تەواوی ڕاگەیاندن D_ بەردەوامی ڕاگەیاندن

٢٦_لەکرمانجی ژووروو کام لەم نیشانانە لە جیاتی ( دە ) ی نیشانەی بەردەوامی بەکاردێت ؟

A_ ەوە B_ د C_ بیە D_ دێ

٢٧_( م.ین ، یت ن. ، ات ، ێت . ن ) بەشێکن لە یاسای دروستبونی کام لەم ڕێژەیە ؟

A_ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C_ تەواوی ڕاگەیاندن D_ بەردەوامی ڕاگەیاندن

٢٨_ جێناوی لکاوی ( ێت ) لەگەڵ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن بەکاردێت ، ئەگەر هاتوورەگ کۆتای :

A_ ( ۆ ) بێت B_ ( ە ) بێت C_ ( ۆ ، ە ) بێت D_ۆ . ە ) نە بێت

٢٩_ ڕابردووی ڕاگەیاندن چەند ڕێژەی هەیە ؟

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٣٠ _ کاری ڕستەی ( دەرگای ماڵەکەم کردەوە ) لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

A_ نزیکی ڕاگەیاندن B_ دووری ڕاگەیاندن C_ تەواوی ڕاگەیاندن D_ بەردەوامی ڕاگەیاندن

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | C-9 | C-8 | A-7 | C-6 | A-5 | B-4 | A-3 | B-2 | B-1 |
| C-20 | A-19 | A-18 | A-17 | C-16 | B-15 | D-14 | D-13 | B-12 | C-11 |
| A-30 | C-29 | D-28 | A-27 | B-26 | B-25 | C-24 | D-23 | B-22 | B-21 |

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

# دووەم شێوازی دانانی

ڕابردوو: نزیك ، دوور ، تەواو
ڕانەبردوو

**شێوازی دانانی** /ئەو کارەیە کە باس لەڕووداوێك دەکات ئە نجامەکەی ڕاستەوخۆ نادات بەدەستەوە ، بەڵکو بەشێوەی ویـــست و حەز و ئارەزو و گومان و پاڕانەوە دەردەکەوێت .

**تێبینی ١**/ لەم بابەتە دا دەبێت یەکێك لەم کارەیاریدەدەرانە یان لەم وشانە لە سەرەتای ڕستە هەبێت

کارەیاریدەرەکان : دەبوو ، دەبووایە ، دەبێت ، پێویستە ) بۆ پێویستی بەکار دێن.

دەمەوێت : بۆ پێویستی بەکار دێت .    دەتوانن : بۆتوانین بەکاردێت    چێدبێت : بۆ گومان بەکاردێت

وشەکان: ( خۆزگە . خۆزی . بریا . کاشکی ) بۆ ئاوات و ئارەزو و بەکار دێت.

( بەلکی ، ڕەنگە ، لەوانەیە ) بۆ گومان بەکاردێن.    ( خوایە، ڕەبی ، یاخوا ) بۆ پاڕانەوە بەکاردێن

بەشێوەیەکی گشتی چوار ڕێژەی هەیە سێیانیان ڕابردوو یەکێکیشیان ڕانەبردوو . بەم شێوەیە :

**١ـ ڕابردوو نزیکی دانانی/** دروست دەبێت بە ← قەدی چاوگ + با

وەکو : کرد + با = کردبا.    هەڵبژارد + با = هەڵبژاردبا .    سەرکەوت + با = سەرکەوتبا

**٢ـ ڕابردووی دووری دانانی/** دروست دەبێت بە ← قەدی چاوگ + بووبا

وەکو: خوارد + بووبا = خواردبووبا.    ڕاکرد + بووبا = ڕاکردبووبا .    دروستکرد + بووبا = دروستکردبووبا

**٣ـ ڕابردوو تەواوی دانانی/** دروست دەبێت بە ← قەدی چاوگ + بێت

وەکو : هێنا + بێت = هێنابێت .    هەڵکرد + بێت = هەڵکردبێت.    بانگکرد + بێت = بانگکردبێت

**٤ـ ڕانەبردووی دانانی/** هەروەکو ڕانەبردووی ڕاگەیاندن یەك ڕێژەی هەیە ئەویش :

لەسا دە دا ← ب + ڕەگـــــــی کار + یەکێك لەجێناوەکانی (م.ین، یت، ات.ێت . ن ) وەك: بخۆم ، بکرێت . بفرۆشێت

لەناسادەدا ← بەشی یەکەمی کار + ب+ ڕەگی کار + (م.ین، یت، ات.ێت . ن ) ← یەکێك لەم جێناوەکانە

هەڵــــــبکــــەیــــــت

بانــــگــــبکـــەیـــن

ڕێزمان

**تێبینی ١/** تێبینیەکمان هەبوولەڕانەبردووی ڕاگەیاندن بۆجێناوەکانی ( ات،ێت ) بۆ ڕانەبردووی دانانی تەواوە وجێبەجێ دەبێت.

**تێبینی ٢/** شێوازی دانانی کارەکانی دەکرێنە بکەر نادیار

بۆنمونە ڕابردووی نزیك دانانی ⟵ ڕەگ + ڕا + با ڕەنگە یاریەکە کرابا

ڕابردووی دووری دانانی ⟵ ڕەگ + ڕا + بوو +با ڕەنگە یاریەکە کرابووبا

ڕابردووی تەواوی دانانی ⟵ ڕەگ + ڕا + بێت ڕەنگە یاریەکە کرابێت

ڕانەبردووی دانانی ⟵ ب + ڕەگ + ڕێ دەبێت یاریەکە بکرێ

**تێبینی ٣/** لە ڕانەبردووی دانانی داڕێژراو و لێکدراودا دەتوانین ( ب ) نیشانەی دانانی لابدەین بۆ سوکی زمان .

وەکو: ڕابکەین ⟵ ڕاکەین بانگبکەین ⟵ بانگکەین

**تێبینی ٤/** ئەگەر قەدێك کۆتایی هاتبوو بە پاشگری ( ەوە ) ئەوا لەڕابردووی نزیك و دووری دانانی ( ی ) ناوبەند دەخەینە

نێوان نیشانەکە و پاشگری ( ەوە ) وەك : دۆزیەوە دۆزیبایەوە دۆزیبووبایەوە

## چۆنیەتی نەرێ کردنی شێوازی دانانی

ڕابردووەکان هەرسێك ڕێژەکەی دەکرێنە نەرێ بە( نە )لە سادە دەچنە سەرەتای کار لە ناسادەشدا دەچنە کۆتایی بەشی یەکەمی کار

بردبا ⟵ نە بردبا هەلگرتبا ⟵ هەلنە گرتبا

بردبوو ⟵ نەبردبوو هەلگرتبوو ⟵ هەلنە گرتبووبا

بردبێت ⟵ نەبردبێت هەلگرتبێت ⟵ هەلنە گرتبێت

وە هەروەها ڕانەبردووی دانانیش هەر بە( نە ) دەکرێتە نەرێ دەچێتە شوێنی ( ب ) لەسادە و ناسادەدا

بگرێت ⟵ نەگرێت . سەربکەوم ⟵ سەرنەکەوم

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

## ڕاهێنانی ـ ١

ڕێژەو شێوازی ئەم کارانەی خوارەوە دیاری بکە

| ڕستە | کار | ڕێژەکەی |
|---|---|---|
| ١_ساخوایەهەڵبکەی کزەی شەماڵێ<br>هەرای زەنگی خەم لەدڵ ڕامالێ | هەڵبکەی<br>بمالێ | ڕانەبردووی دانانی<br>ڕانەبردووی دانانی |
| ٢_کاشکی دیتبام و کتێبەکەم لێ وەرگرتبا | دیتبا<br>وەرگرتبا | نزیکی دانانی<br>نزیکی دانانی |
| ٣_ ڕەنگە زوو هاتبێت و زوو ڕۆویشتبێتن | هاتبێت<br>ڕۆویشتبێت | ڕابردووی تەواوی دانانی<br>ڕابردووی تەواوی دانانی |
| ٤_ بریا کوردستان زیاتر پێشکەوتبا | پێشکەوتبا | نزیکی دانانی |

## ڕاهێنانی ـ ٢

لەڕستەی ( دەبێت ژینگە بپارێزین )

١_( دەبێت ) چ جۆرەکارێکە؟ چی دەگەیەنێت؟

ـ کاری یاریدەرە ، بۆ پێویستی بەکار دێت.

٢_ ( بپارێزین ) لە چ ڕێژەیەکدایە؟ چۆن دروستکراوە ؟

ـ ڕانەبردووی دانانیە ، ب + ڕەگی کار + ین

٣_ لەکاری ( بپارێزین ) ڕابردووی نزیکی دانانی دروستبکە.

ـ پاراستبا

٤_کاری ( بپارێزین ) بدە پاڵ جێناوەلکاوەکانی دووەمی تاك و سێیەمی کۆ .

ـ بپارێزیت ، بپارێزن

٥_ شێوازی ڕستەکە بگۆڕە بۆشێوازی ڕاگەیاندن .

ـ ژینگە دەپارێزین

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

## راهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١ _ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی دانانی دروست دەبێت بە :

ئـ _ قەدی چاوگ + ووە　ب _ قەدی چاوگ + با　پ _ قەدی چـــاوگ + بێت　ت _ ب + ڕەگی کار + جێناو

٢ _ خانووەکەیان کڕیوە. ئەم ڕستەیە بگۆڕین بۆشێوازی دانانی دەبێتە :

ئـ _ خانووەکەیان کڕیبێت . ب _ خانووەکەیان کڕیبا . پ _ خۆزگە خانووەکەیان کڕیبێت . ت _ بریاخانووەکەیان کڕیبا

٣ _ ڕێژەی ڕانەبردووی دانانی دەکرێتە نەرێ بەئامرازی :

ئـ _ نا　ب _ مە　پ _ نی　ت _ نە

٤ _ لەڕستەی ( خۆزگە چووبا بۆگەشت ) وشەی ( خۆزگە ) بۆ چ مەبەستێك بەکارهاتووە ؟

ئـ _ ئاوات　ب _ گومان　پ _ پێویستی　ت _ پاڕانەوە

٥ _ لەڕستەی ( دەمەوێت لەتاقیکردنەوە سەربکەون ) کاری سەربکەون لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

ئـ _ ڕانەبردووی دانانی　ب _ داخوازی　پ _ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن　ت _ ڕانەبردووی دانانی داخوازی

## راهێنانی ـ ٤

ئەم ڕستانە شی بکەوە .

١.خۆزگەباران باریبا .

| وشــــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| خۆزگە | وشەیەکە بۆ ئاوات بەکار دێ |
| باران | ناوە ، تاکە ، بکەرە |
| باریبا | کاری ڕابردووی نزیکی دانانی سادەیە |

٢ _ دەبێت چیرۆکەکە بخوێنیتەوە

| وشــــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| دەبێت | کاری یاریدەدەرە ، بۆکاتی ڕانەبردوو ، بۆ پێویستی بەکاردێت |
| چیرۆکەکە | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| بخوێنیتەوە | کاری ڕانەبردووی دانانی ، تێپەڕی سادەیە |
| یت | جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك ، بکەرە |
| ەوە | پاشگرە |

ڕێزمان

# هەڵـــــــبژاردن

١_ئەوکارەیەکە باس لەڕوداوێك دەکات ئە نجامەکەی ڕاستەوخۆنادات بەدەستەوە بەڵکوبەشێوەی ویست وحەزو گومانە دەردەکەوێت

A_ ڕاگەیاندن B_ دانانی C_ داخوازی D_ مەرجی

٢_ ڕەنگەخوێندنەکەی تەواو بکات ( وشەی ( ڕەنگە ) بەکاردێت بۆ :

A_ توانین B_ گومان C_ خۆزگەی D_ پاڕانەوە

٣_ گەر ( بێت ) بخەینە سەر قەدی جاوگ دەبێتە کام لەم ڕێژانە ؟

A_ نزیکی دانانی B_ دووری دانانی C_ تەواوی دانانی D_ ڕانەبردووی دانانی

٤_ شێوازی دانانی چەند ڕێژەی هەیە ؟

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٥_ لەڕانەبردووی دانانی سادەدا ( ب ) نیشانەی دانانی دەچێتە ؟

A_ کۆتای کار B_ دوای ڕەگ C_ پێش ڕەگ D_ بە پێی کار دەگۆڕێ

٦_ کام لەم ڕێژانە نەرێ دەکرێ بە ( نە )

A_ڕانەبردووی دانانی B_ ڕابردووی نزیکی دانانی C_ ڕابردووی تەواوی انانی D_ هەمویان

٧_ ( نە ) نیشانەی نەرێکردن لەکاری ڕانەبردووی دانانی ناسادەدا دەچێتە ؟

A_ کۆتای کار B_ سەرەتای کار C_ شوێنی ( دە ) D_ بە پێی کار دەگۆڕێت

٨_ لەڕانەبردووی دانانی ناسادە دا ( ب ) نیشانەی دانانی دەچێتە ؟

A_ سەرەتا B_ کۆتایی بەشی یەکەمی کار C_ پێش جێناوە لکاوەکان D_ کۆتای کار

٩_ ئایا ڕێژەی دانانی دەکرێنە بکەر نادیار ؟

A_ لەهەموو حاڵەتێك B_بەڵێ ئەگەر تێنە پەڕ بوون C_بەڵێ ئەگەر تێپەڕ بوون D_ نەخێر نابنە بکەر نادیار

١٠_لەڕانەبردووی دانانیدا ( ب ) نیشانەی دانانی بەدیار ناکەوێت ئەگەر کارەکە :

A_ سادە بوو B_داڕێژراو بوو C_ لێکدراو بوو D_ داڕێژراو و لێکدراوەبوو

١١_ کاری ڕستەی ( دەبوو وانەکەمان خوێندبووبا ) لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

A_ ڕابردووی نزیکی دانانی B ڕابرووی دووری دانانی C_ ڕابردووی تەواوی دانانی D_ڕانەبردووی دانانی

ڕێزمان ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

۱۲_ کام لەم وشانە بۆ گومان بەکاردێت ؟

A_ ڕەنگە B_ دەتوانم C_ یاخوا D_ بریا

۱۳_ کام لەم ڕێژانە دروست دەبێت بە ( قەد + بێت ؟

A_ ڕابرووی دووری دانانی B_ ڕابردووی تەواوی دانانی C_ڕانەبردووی دانانی D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

۱٤_ ئەگەر ڕستەی ( نانەکەی خواردبوو ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی دانانی ئەوا دەبێتە :

A_ دەبێت نانەکە بخوات B_ ڕەنگە نانەکەی خواردبێت C_ ڕەنگە نانەکەی خواردبووبا D _ ڕەنگە نانەکەی خواردبا

۱۵_ ( گەر یاریەکە کرابووبا ، سەردەکەوتین ) کاری کرابووبا نەریٚ دەکرێت بە ئامرازی :

A_ نە B_ نا C_ مە D_ نی

۱٦_ ئەگەر قەدێك کۆتای هاتبوو بە پاشگری ( وە ) بیکەینە دانانی نزیك و دوور ئەوا پێویستی بەکام لەم ناوبەندانە دەبێت؟

A_ و B_ ت C_ ی D_ ر

۱۷_ گەر چاوگی ( دۆزینەوە ) بکەینە کام لەم ڕێژانە پێویستی بەناوبەندی ( ی ) دەبێت

A_ تەواوی دانانی B _ ڕانەبردووی دانانی سادە C _ ڕانەبردووی دانانی ناسادە D_ ڕابردووی نزیك و دووری دانانی

۱۸_ ( لەوانەیە باخەکە ئاوندەدەم ) کاری ڕستە لە ڕێژەی :

A_ ڕابرووی دووری دانانی B_ ڕابردووی تەواوی دانانی C_ڕانەبردووی دانانی D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

۱۹_ ( م. ین ، یت.ن ، ات . ێت .ن ) بەشێکن لە دەستوری ڕێژەی :

A_ ڕابرووی دووری دانانی B_ ڕابردووی تەواوی دانانی C_ڕانەبردووی دانانی D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

۲۰_ ( کراسەکە بکڕن ) گەر ڕستەکە بکەینە ڕانەبردووی دانانی بۆکەسی سێیەمی تاك دەبێتە :

A_ ڕەنگە کراسەکە بکڕن B_ ڕەنگە کراسەکە بکڕیت C_ ڕەنگە کراسەکە بکڕێت D_ ڕەنگە کراسەکە بکڕین

۲۱_ لەڕانەبردووی دانانی جێناوی ( ات ) بەکاردێت بۆکەسی سێیەمی تاك ئەگەر ڕەگ کۆتای هاتبوو بە بزوێنی :

A_ و ، ە B_ ۆ ، ە C_ ێ ، ە D_ ا ، ە

۲۲_ گەر کاری ڕستەی ( دەبێت کتێبەکە بخوێنیتەوە ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A_ دەخوێننەوە B_ دەخوێنێتەوە C_ دەخوێنیتەوە D_ دەخوێنیت

۲۳_ گەر لەچاوگی ( ڕاخستن ) ڕانەبردووی دانانی بۆکەسی سێیەمی تاك دروست بکەین دەبێتە :

A_ ڕا بخات B_ ڕادەخات C_ ڕادەخەیت D_ ڕا بخەیت

٢٤_ لەکام لەم ڕێژانە ڕەگ بەشدارە لە دروستبوونی ؟

A_ ڕابرووی دووری دانانی  B_ ڕابردووی تەواوی دانانی  C_ ڕابردووی نزیکی دانانی  D_ ڕانەبردووی دانانی

٢٥_ لەکام لەم ڕێژانە ئامرازی نەرێکردن دەچێتە شوێنی نیشانەی دانانی ؟

A_ ڕانەبردووی دانانی  B_ ڕابرووی دووری دانانی  C_ ڕابردووی تەواوی دانانی  D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

٢٦_ ئەوشێوازەیە کە هەموو ڕێژەکانی بە ( نە ) نەرێدەکرێن :

A_ ڕاگەیاندن  B_ دانانی  C_ داخوازی  D_ مەرجی

٢٧_ لەشێوازی دانانی ( با ) بەکاردێت بۆ ڕێژەی ؟

A_ ڕابرووی دووری دانانی  B_ ڕابردووی تەواوی دانانی  C_ ڕانەبردووی دانانی  D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

٢٨_ کام لەم شێوازانە دەبێت یەکێك لە وشە یان لەکارە یاریدەدەری لە پێش بێت ؟

A_ ڕاگەیاندن  B_ دانانی  C_ داخوازی  D_ مەرجی

٢٩_ کاری ڕستەی ( ڕەنگە پێشمەرگەکان ڕابهێنرێن ) لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

A_ ڕانەبردووی دانانی  B_ ڕابرووی دووری دانانی  C_ ڕابردووی تەواوی دانانی  D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

٣٠_ ( دەبوایە یارمەتی هەژارانم دابایا ) ( دەبوایە ) چی یە ؟

A_ کاری یاریدەدەر  B_ وشەی یاریدەدەر  C_ کاری ناتەواو  D_ هیچ کامیان

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-1 | B-2 | C-3 | C-4 | C-5 | D-6 | C-7 | B-8 | C-9 | D-10 |
| B-11 | A-12 | B-13 | A-14 | A-15 | C-16 | D-17 | C-18 | C-19 | C-20 |
| B-21 | C-22 | A-23 | D-24 | A-25 | B-26 | D-27 | B-28 | A-29 | A-30 |





چاپخانەی توانا 07828350088

# سێیەم شێوازی داخوازی

**شێوازی داخوازی**/بریتیەلەوکارەی کەسی یەکەم داوا لەکەسی دووەمی تاك وکۆ دەکات بۆئەنجامدانی کارێك یان ئە نجام نەدانی.

**یەك ڕێژەی هەیە بەم شێوەیە :**

لەسا دەدا ← ب + ڕەگی کار +

: جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك . بکەرە، وەك : بکرە ، بنوسە

ن: جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی کۆ . بکەرە، وەك : بکرن ، بنوسن

لەناسا دەدا واتا لە داڕێژراو و لێکدراودا بەشی یەکەمی کار + ب + ڕەگی کار + ە. ن

هەڵـــــــــــبـــــــگـــــــــرە

دورســــــــــتــــبـــــــــکـــــــــەن

**تێبینی١/** ( ە ) جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تاك وەکوبکەر لەکاری داخوازی بە دیارناکەوێت ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی هاتبوو بە بزوێنەکانی ( ە ، ۆ ، ێ ، وو ی )

وەکو : ( بکە ، برۆ ، بسوتێ ، بنوو ، بژی ) لەهیچ کامیان(ە) جێناوی لکاو وەکو بکەر بەدیارنەکەتووە.

**تێبینی ٢/** ( ە ) جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك ، کە دەرناکەوێت شیکردنەوەی تەواوی بۆ دەکرێت . وەك :

نانەکە بخۆ . لێرەدا ( ە ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بکەرە ، بەدیارنەکەوتووە

**تێبینی٣/** بۆ زانینی (ە) دوای ڕەگەکە کەئایا ئی ئەسڵی ڕەگە یان جێناوی لکاوە ئەوا (ە) مکە لادەبەین (ن) دەخەینە جێی

ئەگەر مانای تێك نەچوو واتای لە (تۆ) وە گۆڕدرا بۆ(ئێوە ئەوا (ە) جێناوی لکاو بووە.وەکو: تۆ بکرە ← ئێوە بکرن

بەلام ئەگەرمانای تێکچوو ئەوە (ە) ئەسڵی وشە بووە.وەکو: تۆ دروستبکە، ← ئێوە دروستبکن.

لێرەدا واتا تێکچوو ، چونکە ئەسڵی وشەبوو.

**تێبینی٤/** هەندێك کاری داخوازی هەن شازن و لەدەستور و یاسا لایان داوە .وەکو: ( هەرە ، بچۆ ، وەرە )

وەلەچاوگی ( هاتن ) داخوازی دروست دەکرێت . بەم شێوەیە : ( ب + بهێ (ێ ) + ە ، ن ) وەك : بێ ، بێن .

**تێبینی ٥/** دەکرێت لەکاری داخوازی داڕێژراو و لێکدراودا نیشانەی (ب) لەئاخاوتندا دەرنەکەوێت بۆسوکی زمان یان ئاسانکاری .

وەکو : ڕابخە ← ڕاخە بانگبکە ← بانگکە

**تێبینی٦/**کاری داخوازی بە(مە ) دەکرێتە نەرێ دەچێتە شوێنی (ب) لەسادە و ناسادەدا .

وەکو: بکرە ← مەکرە ، ڕابگرن ← ڕامەگرن

وەلەکرما نجی ژوروشدا بە ( نە ) دەکرێتە نەرێ ئەویش دەچێتە شوێنی (ب) وەکو: بکرە ← نەکرە ڕاببە ← ڕانەبە

## ڕاهێنانی ـ ١

لەم کارانەی خوارەوە دائەو ڕێژانەی بۆ داخوازی بەکارهاتوون دەریان بێنە،

| ڕستە | کاری داخوازی |
|---|---|
| ١_ پەخشانەکە بخوێنەوە | بخوێنەوە |
| ٢_ ڕاستی بڵێ | بڵێ |
| ٣_ پەرلەمانی کوردستان بپارێزن | بپارێزن |
| ٤_ دیمانەکە پەخشبکە | پەخشبکە |
| ٥_ وێنەکە مەشێوێنە | مەشێوێنە |

## ڕاهێنانی ـ ٢

ئەم ڕستانە شی بکەوە .

١.گۆڤارەکان چاپبکەن.

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| گۆڤارەکان | ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| چاپبکەن | کاری داخوازی تێپەڕی لێکدراوە |
| ن | جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی کۆ، بکەرە |

٢. پەخشانەکە بلاْوبکەوە.

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| پەخشانەکە | ناو ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| بلاْوبکەوە | کاری داخوازی تێپەڕی لێکدراوە |
| ە | جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك، بکەرە، دەرنەکەوتووە، چونکەڕەگ کۆتایی هاتووە بە بزوێن |
| ەوە | پاشگرە |

٣. بەخۆشی بژی .

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| بەخۆشی | گرێی هاوەڵکاری دارێژراوی چۆنیەتی یە ، تەواوکەری کارە . |
| بژی | کاری داخوازی تێنە پەڕی سادەیە |
| ە | جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك، بکەرە، دەرنەکەوتووە چونکەڕەگ کۆتایی هاتووە بە بزوێن |

ڕێزمان

## راهێنانی ـ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١_( منداڵەکە جوان پەروەدە بکە ) لەم ڕستەیەدا چی دەرنەکەوتووە؟

ئـ _ جێناوی لکاوی ( ن )　　ب _ جێناوی لکاوە ( ە )　　پ _ نیشانەی کار　　ت _ بەرکار

٢_لەکام لەم کارە داخوازییانە ، جێناوی لکاوی ( ە ) دەرنەکەوتووە ؟

ئـ _ بنوو　　ب _ لا دە　　پ _ بکە　　ت _ هەموویان

٣_کامیان کاری داخوازییە لەچاوگی ( بوون ) دروستکراوە ؟

ئـ _ ببەن　　ب _ بن　　پ _ بێ　　ت _ بێن

٤ _ لەکام لەم کارە داخوازییانە دەگونجێت نیشانەی کار لابرێ؟

ئـ _ بهێنە　　ب _ بخوێنەوە　　پ _ دابنیشە　　ت _ بهۆنەوە

٥_( بەئازادی بژی ) کاری ڕستەکە بکەینە دانانی دەبێتە :

ئـ _ بژییت　　ب _ بژیێت　　پ _ بژیت　　ت _ بژین

## راهێنانی ـ ٤

لەڕستەی ( پڕۆژەکە تەواوبکە )

١ _ کوابکەری ڕستە؟ ـ ( ە ) جێناوی لکاوە بکەرە بەدیارنەکەوتووە چونکە ڕەگ کۆتایی هاتووە بە پیتی بزوێن.

٢_ئایا دەتوانین نیشانەی ( ب ) لەکارەکە بەکارنەهێنین. چۆن؟ ـ بەڵێ . بۆسوکی زمان وەك. تەواوکە .

٣ _ وشەی ( پڕۆژەکە ) شی بکەوە . ـ پڕۆژەکە : ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە .

٤ _ شێوازی ڕستەکە بکە بەدانانی . ـ دەبێت پڕۆژەکە تەواو بکەیت .

## هەڵـــــــــبژاردن

١ _ ئەو شێوازەیە کە کەسی یەکەم داوا لەکەسی دووەم دەکات بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك .

A_ ڕاگەیاندن　　B_ دانانی　　C _ داخوازی　　D_ مەرجی

٢ _ ( ە ) لەکاری داخوازی چی یە ؟

A_ جێناوی لکاوکەسی دووەم　　B_ جێناوی لکاو کەسی سێیەم　　C_ پاشگرە　　D_ ئامرازی پێناسینە

٣ _ لەکاری داخوازی ( ە ) وەکو بکەر بەدیارناکەوێت ئەگەر ڕەگ کۆتای هاتبوو بە بزوێنی :

A_ وو،　　B _ ۆ،ی　　C_ ی ، ە　　D _ هەموویان

٤ _ لەکام لەم کارانە دەتوانین بۆ سوکی زمان ( ب ) نیشانەی داخوازی بەکارنەهێنین .

A_ بخوێنەوە　　B _ بکوژەوە　　C_ ڕا بخە　　D_ بنوو

٥ _ ئەگەر کارەکە ناسادە بوو ( ب ) نیشانەی داخوازی دەچێتە :

A_ سەرەتای کار B_ کۆتای بەشی یەکەمی کار C_ کۆتای کار D_ بە پێی کارەکە دەگۆڕێت

٦ _ کام لەکارە داخوازیانە شازە و بە پێی دەستور دروست نەبووە ؟

A_ بچۆ B_ لادە C_ بلێ D_ هەمویان

٧ _ کاری داخوازی دەکرێتە نەرێ بە :

A_ نە B_ نی C_ نا D_ مە

٨ _ لەرستەی ( دەرگایەکە داخە ) لەم ڕستەیەدا چی دەرنەکەوتووە ؟

A_ بکەر B_ ( ب ) نیشانەی داخوازی C_ ( ە ) جێناوی لکاوی کەسی دووەم D_ هەمویان

٩ _ لەرستەی ( یاریەکە ئە نجام بدە ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A_ نیهاد B_ ( ب ) نیشانەی داخوازی C_ ( ە ) جێناوی لکاوی بکەر D_ هەموویان

١٠ _ لەکرمانجی ژووروو دا کاری داخوازی نەرێ دەکرێت بە :

A_ نی B_ نا C_ نە D_ نا

١١ _ لەکاری داخوازی دا ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی هات بە پیتی بزوێن ئەوا :

A_ جێناوی ( ە ) دەردەکەوێ B_ جێناوی ( ە ) دەرناکەوێ

C_ جێناوەکانی ( ە،ن ) دەردەکەون D_ جێناوەکانی ( ە،ن ) دەرناکەون

١٢ _ شێوازی کاری رستەی ( برینەکە مەخورێنە ) لەرێژەی :

A_ داخوازیە B_ مەرجیە C_ ڕاگەیاندنە D_ دانانیە

١٣ _ لەرستەی ( ڕێگای ڕاست هەڵبژێرە ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A_ بکەر B_ ( ب ) نیشانەی داخوازی C_ ( ە ) جێناوی لکاوی کەسی دووەم D_ بکەر و ( ب ) نیشانەی داخوازی

١٤ _ پرۆسەکە سەربخە ( ە ) ی دوای ( سەربخە ) :

A_ هی ڕەگە B_ پاشگرە C_ جێناوی کەسی دووەمە D_ جێناوی کەسی سێیەمە

١٥ _ دەتوانین ( ب ) نیشانەی داخوازی لەکام لەم کارانەبەکارنەهێنین؟

A_ بدۆزنەوە B_ دا بخەن C_ بگرنەوە D_ بنوسنەوە

١٦ _ کام لەم کارانە بە ( مە ) دەکرێتە نەرێ ؟

A_ سەربخەم B_ سەردەخەن C_ سەربخە D_ سەردەخست

١٧ _ لەکاری داخوازی جێناوەلکاوەکانی ( ە ، ن ) هەردەم :

A_ بەرکارن B_ یارخەرن C_ تەواوکەرن D_ بکەرن

١٨ _ ( ت ، تان ) نابنەبەرکار و تەواوکەر و دیارخەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن B_ ڕانەبردووی دانانی C_ داخوازی D_ ڕابردووی نزیکی دانانی

١٩ _ ( ن ) لەرێژەی کاری داخوازی ؟

A_ جێناوی کەسی دووەمی تاك B_ جێناوی کەسی دووەمی کۆ C_ جێناوی کەسی سێیەمی تاك D_ جێناوی کەسی سێیەمی کۆ

٢٠_ ( ن ) لەڕێژەی کاری داخوازی ؟

A_ بکەرە    B_ بەرکارە    C_ دیارخەرە    D_ تەواوکەری کارە

٢١ _ شێوازی داخوازی دروست دەبێت بە دەستوری :

A_ ب+ڕەگ + ( ە . ن )    B_ ب+قەد + ( ە . ن )    C_ دە+ڕەگ +( ە، ن )    D_ دە+قەد + ( ە، ن )

٢٢_ ( ب ) نیشانەی داخوازی دەچێتە سەرەتای کار ئەگەر هاتوو:

A_ سادەی تێپەڕبوو    B_ سادەی تێنە پەڕبوو    C _ ناسادەی تێپەڕبوو    D_ هەر ناسادەیەك بێت

٢٣_ لەڕستەی ( ڕایەخەکە ڕا بخەن ) وشەی ( ڕایەخ ) ئەرکی :

A_ بکەر    B_ بەر کار    C_ تەواوکەری کار    D_ دیارخەر

٢٤_ ( پڕۆژەکەم تەواو بکە بۆیان ) بکەری ڕستە ؟

A_ ( یان )    B_ ( م )    C_ ( ە ) دوای ( تەواوبکە )    D_ دەرنەکەوتووە

٢٥ _ کاری ڕستەی ( ئاگری هەڵنەکە ) لەڕێژەی :

A_ ڕانەبردووی ڕاگەیاندنە    B_ ڕانەبردووی دانانی یە    C_ ڕانەبردووی دانانی نەرێیە    D_ داخوازی نەرێیە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | C-9 | D-8 | D-7 | A-6 | B-5 | C-4 | D-3 | A-2 | C-1 |
| A-20 | B-19 | C-18 | D-17 | C-16 | B-15 | A-14 | B-13 | A-12 | B-11 |
| | | | | | D-25 | D-24 | B-23 | D-22 | A-21 |

ڕێزمان

ڕێزمان

## چوارەم شێوازی مەرجی ( ڕستەی ئاوێتەی مەرج )

**شێوازی مەرجی /** ئەگەرلەڕستەیەکدا ڕودانی کارێك مەرج بوو یان گرێدراوبوو یان بەندبوو بەڕودانی کارێکی تر ئەوابەو ڕستەیە دەگوترێ ڕستەی مەرجی یان ڕستەی ئاوێتەی مەرجی .

### تایبە تمەندیەکانی شێوازی مەرجی :

١ـ لەشێوازی مەرجیدا ڕستە لەدوو بەش پێکدێت کەئەمانەن :
أ.) پارستە :بەشی سەرەکی ڕستەکەنیەو واتایی تەواویشی نیە، ئامرازی لێکدەرەکەشی تێدایە بەزۆریش لەسەرەتایی ڕستەیە
ب. شارستە : بەشی سەرەکی ڕستەکەیەو واتای تەواویشی هەیە ، بەزۆری دەکەوێتە دوایی پارستە .
٢ـ لەم شێوازەدا بەبەشی پارستە دەگوترێت ( ڕستەی کاری مەرجی ) بە بەشی ( شارستە ) ش دەگوترێت ( ڕستەی وەلامی مەرجی )
٣ـ لەشێوازی مەرجدا ئەوکارەی دەکەوێتە بەشی ( پارستە )پێی دەگوترێ ( کاری مەرجی ) وە ئەوکارەیش کەدەکەوێتە بەشی ( شارستە ) پێی دەگوترێت ( کاری وەلامی مەرجی )
٤ـ ئەوکارانەی دەکەونەبەشی( پارستە )( ڕاگەیاند ن و دانانین ) وەئەوانەشی کەدەکەونەبەشی ( شارستە ) ( ڕاگەیاندن و داخوازین )

٥ـ شێوازی مەرجی ڕێژەو کاری تایبەت بەخۆی نیە،بەڵکو هەرئەوکارانەن کەلەڕێژەکانی ( ڕاگەیاند ن و دانانی و داخوازین ) ین بەلام بۆمەبەستی ( مەرج ) بەکاردێن .

٦ـ لەشێوازی مەرجیدا بەتەواوی ڕستەکەدەوترێت ( ڕستەی مەرجی ، ڕستەی ئاوێتەی مەرجی )

٧ـ ئەو ئامرازەی دوو ڕستەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە پێی دەگوترێت ( ئامرازی لێکدەری مەرج ) کە ئەمانەن:
( کە، تا، هەتا. کەی،ئەگەر. مەگەر، هەکە. تاوەکو ، )
٨ـ لەم شێوازە دا بەزۆری ( پارستە ) دەکەوێتە سەرەتایی ڕستە . بەلام دەشکرێت جێیان بگۆڕین . واتا شارستە بێنینە سەرەتا.

گـــەر بـچێتــە ســـەرســیروان ، وشــــکی دەکـــات




بەتەواوی ڕستەکەش دەگوترێت ( ڕستەی ئاوێتەی مەرج )

دەشکرێت بارستە ببەینە جێی شارستە . وشکی دەکات ، گەر بــچێتە سەرسیروان

شـارســــتە پارســــتە .

## راهێنانی ١ـ

لەڕستەی ئاوێتەی مەرجدا چەند جۆرکار هەن ، لەچ ڕێژەیەکدا دەبن؟ بۆ چ مەبەستێك بەکاردەهێندرێن؟ بە نمونە ڕونی بکەوە.

دووکار لەشێوازی مەرجیدا هەن کە (کاری مەرج ، کاری وەڵامی مەرج ) ن . ئەوانەی لەکاری مەرجدان لەڕێژەی (ڕاگەیاندن و دانانین ) وەئەوانەی کە لە وەڵامی مەرجیشدان (ڕاگەیاندن و داخوازین ) هیچیشیان بۆمەبەستی خۆیان بەکارنایەن هەمویان بۆمەبەستی مەرجی بەکاردێن . وەك : گەر بچێتەبازاڕ قەڵەمێکم بۆدەکرێت.

## راهێنانی ـ ٢

لەڕستەی (زوو بڕۆ کارەکە ئەنجام بدە )

١_ هەردوو کار لەچ ڕێژەیەکدان ؟ ـ هەردووکار لەڕێژەی داخوازین

٢_ بکەری هەردووڕستەدیاری بکە؟ ـ بکەری هەردوو ڕستە بریتیە لە(ە) بەدیارنەکەوتوون چونکە ڕەگی کاری هەردووکیان کۆتای هاتووە بە پیتی بزوێن.

٣_ لەکاری (بڕۆ ) ڕێژەی ڕابردووی نزیکی دانانی دروستبکەو لە کاری ( ئەنجامبدە ) ڕێژەی ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاند دروستبکەو ، ئینجا ڕستەی ئاوێتەی مەرج بنوسەوە ،

ـ (ڕۆیشتبایت ) ، ( ئەنجام دەدا ) ، ئەگەر زوو ڕۆیشتبایت کارەکەت ئەنجام دەدا.

## راهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١_ لەشێوازی مەرجدا کار بەچەند شێواز دەردەکەوێت ؟

ئـ_ یەك ب_ دوو پ_ سێ ت_ چوار

٢_لەشێوازی مەرجدا کاری وەڵامی مەرج لە ڕێژەی :

ئـ_ (ڕاگەیاندن و داخوازین ب_ (ڕاگەیاندن و دانانی پ_ (ڕاگەیاندن ت_( دانانی و داخوازین

٣_ کەی بایەخ بە پێشەسازی بدرێت ولات پێشدەکەوێت ، ئەگەر کاری ڕستەی مەرج بکەینە نەرێ ئەوا دەبێتە

ئـ_ بایەخ نادرێت ب_ پێشنەکەوێت پ_ بایەخ نەدرێ ت_ پێشناکەوێت

٤_ئەگەر یارمەتیمان دابان کارەکەیان تەواو دەکرد.،کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕێژەیەکدایە؟

ئـ_ڕابردووی نزیکی دانانی ب_ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن پ_ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ت_مەرجی

٥_ لەڕستەی ( تاوانەکان نەخوێنن، نمرەی باش وەرناگرن ) کاری وەڵامی مەرج لەچ ڕێژەیەکدایە؟

ئـ_ڕانەبردووی دانانی ب_داخوازی پ_ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ت_ڕابردووی بەردەوام

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

## راهێنانی ـ ٤

لەڕستەی ( کەی نەورۆزهات ، ئاگری شادی هەڵدەکەین )

١_ جۆری ڕستەکە دیاری بکە ؟ ـ ڕستەی مەرجە ، یان ڕستەی شێوازی مەرجە

٢_ وشەی ( کەی ) شیبکەوە . ـ ئامرازی لێکدەری مەرجە .

٣ _ وشەی ( هات ، هەڵدەکەین ) شیبکەوە . ـ هات ، کاری ڕابردووی تێنە پەڕی سادەیە ، کاری مەرجە هەڵدەکەین ، کاری ڕانەبردووی داڕێژراوی تێپەڕە ، کاری وەڵامی مەرجە .

٤ _ ئەم ڕستەیە لەچەند ڕستە پێکهاتووە ، وە هەریەکەیان چی پێدەگوترێت، دەتوانین جێیان بگۆڕین ؟
ئەم ڕستەیە لە دووڕستە پێکهاتوە کە پارستەو شارستەن ، بەڵێ دەتوانین جێان بگۆڕین بەوشێوەیە :
ئاگری شادی هەڵدەکەین کەی نەورۆزهات،

## راهێنانی ـ ٥

ئەم ڕستانە شی بکەوە .

١.کەی بوویت بەئەندازیار، گوندەکان ئاوەدان بکەوە

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| کەی | ئامرازی لێکدەری مەرجە |
| بوو | کاری ناتەواوی ڕابردووی ڕاگەیاندنەو کاری مەرجە ، بۆمەبەستی مەرج بەکارهاتووە |
| یت | جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاك، نیهادە |
| بە | ئامرازی پەیوەندیە |
| ئەندازیار | ناوە ، تاکە . ناسراوە ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە |
| کەی بویت بەئەندازیار | پارستەیە ،ڕستەی مەرجە |
| گوندەکان | ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| ئاوەدانبکەوە | کاری داخوازی تێپەڕی لێکدراوە ، کاری وەڵامی مەرجە |
| ە | جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی تاکە بکەرە ، بە دیارنەکەتووە |
| گوندەکان ئاوەدانبکەوە | شارستەیە ، ڕستەی وەڵامی مەرجە |

٢_ئەگەر وانەکە باش بخوێنیت ، دەردەچیت:

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| ئەگەر | ئامرازی لێکدەری مەرجە |
| وانەکە | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| باش | هاوەڵکاری چۆنیەتی یە ، تەواوکەری کارە |
| بخوێنیت | کاری ڕانەبردووی دانانی تێپەڕە ، کاری مەرجە |
| ئەگەر وانەکە باش بخوێیت | پارستەیە ، ڕستەی کاری مەرجە |
| دەردەچیت | کاری ڕانەبردووی ر تێنە پەڕی ڕاگەیاندنە ، کاری وەڵامی مەرجە |
| دەردەچیت | شارستەیە ، ڕستەی وەڵامی مەرجە |

# هەڵبـــــژاردن

١_ ئەگەر لە ڕستەیەكدا ڕودانی كارێك گرێدراو بوو بەڕودانی كارێكی تر، ئەوا بەو شێوازە دەگوترێ ؟

A_ ڕاگەیاندن B_ دانانی C_ داخوازی D_ مەرجی

٢_ لەڕستەی شێوازی مەرجیدا ڕستە لە چەند بەش پێكدێت ؟

A_ دوو B_ سێ C_چوار D_ پێنج

٣_ لەشێوازی مەرجی ئەوبەشەی سەرەكی نیەو واتای تەواویشی نیەئامرازی لێكدەریشی تێدایە :

A_ پارستە B_ شارستە C_ ڕستەی وەڵامی مەرج D_كاری وەڵامی مەرج

٤_ لەشێوازی مەرجیدا چەند كار هەن ؟

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٥_ لەڕستەی ئاوێتەدا بەبەشی پارستە دەگوترێت :

A_ كاری مەرج B_ كاری وەڵامی مەرج C_ ڕستەی كاری مەرج D_ ڕستەی وەڵامی مەرج

٦_ لەڕستەی ئاوێتەدا بەبەشی شارستە دەگوترێت :

A_ كاری مەرج B_ كاری وەڵامی مەرج C_ ڕستەی كاری مەرج D_ ڕستەی وەڵامی مەرج

٧_ لەشێوازی مەرجیدا ئەو كارەی دەكەوێتە بەشی پارستە پێی دەگوترێت ؟

A_ كاری مەرج B_ كاری وەڵامی مەرج C_ ڕستەی كاری مەرج D_ ڕستەی وەڵامی مەرج

٨_ لەڕستەی ئاوێتە دا ئەو كارەی دەكەوێتە بەشی شارستە پێی دەگوترێت ؟

A_ كاری مەرج B_ كاری وەڵامی مەرج C_ ڕستەی كاری مەرج D_ ڕستەی وەڵامی مەرج

٩_ ئەو ڕێژە كارانەی دەكەونە بەشی پارستە لە ڕێژەی :

A_ ڕاگەیاندن و دانانین B_ ڕاگەیاندن و داخوازین C_ دانانی و داخوازین D_ ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازین

١٠_ ئەو ڕێژە كارانەی دەكەونە بەشی شارستە لە ڕێژەی :

A_ ڕاگەیاندن و دانانین B_ ڕاگەیاندن و داخوازین C_ دانانی و داخوازین D_ ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازین

١١_لەڕستەی ئاوێتەی مەرجدا کام ڕێژە هاوبەشە لە نێوان پارستەو شارستە ؟

A_ڕاگەیاندن　B_ داخوازین　C_ دانانی　D_ دانانی و داخوازین

١٢_لەشێوازی مەرجیدا چەند ڕێژە کارهەن ؟

A_ دوو　B_ سێ　C_ چوار　D _ پێنج

١٣_لەشێوازی مەرجیدا پارستە هەمیشە دەکەوێتە دوای :

A_ ئامرازی پەیوەندی　B_ ئامرازی لێکدەر　C_ ئامرازی لێکدەری مەرج　D_ ئامرازی دانە پاڵ

١٤_ لەڕستەی ئاوێتە دا ئەوکارانەی دەبنە کاری مەرج :

A_ ڕاگەیاندن و دانانین　B_ ڕاگەیاندن و داخوازین　C_ دانانی و داخوازین　D_ ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازین

١٥_ لەڕستەی ئاوێتە دا ئەوکارانەی دەبنە کاری وەڵامی مەرج :

A_ ڕاگەیاندن و دانانین　B_ ڕاگەیاندن و داخوازین　C_ دانانی و داخوازین　D_ ڕاگەیاندن و دانانی و داخوازین

١٦_ لەشێوازی ئاوێتە ئەو ئامرازەی دوو ڕستەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە پێی دەگوترێ

A_ ئامرازی پەیوەندی　B_ ئامرازی لێکدەر　C_ ئامرازی لێکدەری مەرج　D _ ئامرازی دانە پاڵ

١٧_ لەشێوازی مەرجیدا کارێژەی تایبەت بەخۆی :

A_ هەیە　B_هەیە ئەگەر پارستە لەسەرەتا بوو　C_ نی یە　D_ هەیە ئەگەر شارستە لەسەرەتا بوو

١٨_ ( کەچوویت بۆ بازاڕ ، منیش لەگەڵ خۆت ببە ) کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

A_ڕانەبردوی ڕاگەیاندن　B_ ڕابردووی تەواوی دانانی　C_ ڕانەبردووی دانانی　D_ داخوازی

١٩_ لەڕستەی ( گەر بچێتە سەر سیروان وشکی دەکات ) ( گەر ) چی یە ؟

A_ ئامرازی پەیوەندی　B_ ئامرازی لێکدەر ی مەرج　C_ ئامرازی لێکدەر　D _ ئامرازی دانە پاڵ

٢٠_ کاری مەرج لەڕستەی (گەر زیرەك بوویێت ، خەڵاتی دەکەم )

A_ ڕابردووی دووری دانانی　B_ڕانەبردووی دانانی　C_ ڕابردووی نزیکی دانانی　D_ ناتەواو

٢١_ لەشێوازی مەرجدا ( کاری وەڵامی مەرج ) چ ڕێژەیەك وەرناگرێ؟

A_ ڕاگەیاندن　B_ داخوازی　C_ دانانی　D_ دانانی و داخوازی

٢٢_ لەشێوازی مەرجیدا ( کاری مەرج ) چ ڕێژەیەك وەرناگرێ؟

A_ ڕاگەیاندن B_ داخوازی C_ دانانی D_ دانانی و داخوازی

٢٣_ لەڕستەی ( گەر زۆرتر بخوێنی ، نمرەی باشتر دەهێنی ) کاری مەرج لە چ ڕێژەیەکدایە ؟

A_ڕانەبردوی ڕاگەیاندن B_ ڕابردووی تەواوی دانانی C_ ڕانەبردووی دانانی D_ داخوازی

٢٤_ گەر کاری مەرجی ڕستەی ( کە بەهارهات، دەچین بۆ سەیران ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی دووری دانانی ئەوا دەبێتە :

A_ هاتبا B_ هاتبووبا C_ هاتبێت D_ بێت

٢٥_ ڕستەی ( گەر زوو بڕۆیت ، کارەکە ئەنجام دەدەیت ) چ شێوازێکە ؟

A_ ڕاگەیاندن B_ دانانی C_ داخوازی D_ مەرجی

٢٦_ کام شێوازی کارە ڕێژەی تایبەت بەخۆی نی یە ؟

A_ ڕاگەیاندن B_ دانانی C_ داخوازی D_ مەرجی

٢٧_ لەشێوازی مەرجیدا کار بۆ چ مەبەستێك بەکاردێن ؟

A_ مەرجی B_ ڕاگەیاندن C_ دانانی D_ داخوازی

٢٨_ لەڕستەی ( گەر زوو بڕۆیت ،کارەکە ئەنجام دەدەیت ) گەر کاری ( بڕۆیت ) بکەینە ( ڕۆیشتبایت ) ئەواکاری وەڵامی مەرج دەبێتە :

A_ ئەنجامدابا B_ ئەنجام دەدەیت C_ ئەنجامدەدا D_ ئەنجامدابووبا

٢٩_ لەڕستەی ( تابەوردی پرسیارەکان نەخوێنیتەوە وەڵامی هیچ مەدەوە ) کاری وەڵامی مەرج لە چ ڕێژەیەکە؟

A_ ڕانەبرووی دانانی ئەرێ B_ ڕانەبردووی دانانی نەرێ C_ داخوازی ئەرێ D_ داخوازی نەرێ

٣٠_ کەماموستا گەیشت ، تاقیکردنەوەکان دەست پێدەکەن ) کاری مەرج و کاری وەڵامی مەرج بریتین لە :

A_ ڕاگەیاندن و دانانین B_ ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندن C_ دانانی و داخوازین D_ ڕاگەیاندن و داخوازین

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | A-9 | B-8 | A-7 | D-6 | C-5 | A-4 | A-3 | A-2 | D-1 |
| D-20 | B-19 | D-18 | C-17 | C-16 | B-15 | A-14 | C-13 | B-12 | A-11 |
| B-30 | D-29 | C-28 | A-27 | D-26 | D-25 | B-24 | C-23 | B-22 | C-21 |

# كاری چاوگی بوون

**تێبینی** / بوون سەرچاوەکەی چاوگی ( هەبوون ) ە . هەرسێك دەمی كاری لێ دروست دەكرێت بەم شێوەیە :

( بوو ) ⟵ بۆكاتی ڕابردوو . ( ە ) ⟵ بۆكاتی ئێستایە ( دەبێت ) ⟵ بۆكاتی ڕانەبردووە .

## ئەرکەکانی چاوگی بوون

تەواوی تێپەڕ — تەواوی تێنە پەڕ — كاری ناتەواو — كاری یاریدەدەر

**( بوو ، ە ، دەبێت ) ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەبینن**

**١ـ ( بوو، ە . دەبێت ) دەبنە كاری تەواوی تێپەڕ** / ئەگەر هاتوو بەمانای لەدایك بوون و خاوەنداریەتی( تملك ) هاتن.

شەیدامنداڵی بوو . ( بوو)كاری تەواوی تێپەڕە بۆكاتی ڕابردوو، من خانووم هەبوو.

شەیدامنداڵی هەیە. ( ە )كاری تەواوی تێپەڕە بۆكاتی ئێستا، من خانووم هەیە.

شەیدامنداڵی دەبێت. ( دەبێت)كاری تەواوی تێپەڕە بۆكاتی ڕانەبردوو، من خانووم دەبێت.

⟵ كاری تەواوی تێپەڕن

**تێبینی١**/ بەزۆری جێناوی ( ی ) دەكەوێتە نێوان وشەی منداڵ و ( بوو . ە . دەبێت ) ەكە.

**٢ـ ( بوو، ە . دەبێت ) دەبنە كاری تەواوی تێنەپەڕ** / ئەگەر( بوو. ە . دەبێت ) نوسان بەوشەی ترەوە داڕێژراو یان لێكدراویان دروستكردیان بەمانای بوون و ( وجود ) هاتن.

پێشگرەكان بەزۆری ( ڕا ، هەڵ ، دەر ، پێ ) . وشەكان بەزۆری ( سەوز ، شین ، پەیدا ، نقوم ، سوڕ ، بزر ، ون )

| تێنە پەڕی داڕێژراو | تێنە پەڕی لێكدراو | ئامادەبوون و هەبوون |
|---|---|---|
| چراكەهەڵبوو. | پیاوەكەلەسەر وتەكەی سور بوو. | من هەبووم |
| چراكەهەڵە. | پیاوەكەلەسەر وتەكەی سورە. | من هەم |
| چراكەهەڵدەبێت | پیاوەكەلەسەر وتەكەی سور دەبێت . | من دەبم |

**٣ـ ( بوو، ە . دەبێت ) دەبنە كاری ناتەواو**/ ئەگەر كاری سەرەكی لەڕستەدانەبوو ( بوو . ە . دەبێت ) یش لە ڕستەدا نەیانتوانی بەتەنها واتای ڕستە تەواو بكەن بۆتەواوكرنی واتا پێویستیان بەوشەی تر بوو ئەوكاتە ( بوو . ە . دەبێت ) دەبنە كاری ناتەواو وئەو وشەیەش كەواتاكە تەواو دەكات دەبێتە تەواوكەری كاری ناتەواو : تەواوكەریش دوو جۆرن بەم شێوەیە :

اـ ڕاستەوخۆ /ئەوەیە وشەكە بەسەربەخۆ و بەتەنها ببێتە تەواكەر، وەك:ئەومامۆستابوو. مامۆستا.ناوە، تەواوكەری ڕاستەوخۆیە

ب ـ بەیاریدە : دەبێت یەكێك لەم ئامرازانە( لە.بۆ. بە ، ژ ) لە پێش ئەو وشەیە هەبێت كە دەبێتە تەواوكەر.

وەك : پێویستمان بەمامۆستا بوو. مامۆستا . ناوە ، تەواوكەری بەیاریدەی كاری ناتەواوە .

## ئەو وشانەی دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو

١ـ ناو/ هەر شتێك بونی هەبێت لەو گەردونەدا بێگومان ناوێکیشی هەیە وەك : ( قەلەم . مامۆستا . چرا ) ناو هەم بەشێوەی ڕاستەوخۆ وە هەمیش بەشێوە ی بەیاریدە دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو . وەك:

هەرایەکە کوڕەکە بوو.                    کوڕەکە. ناوە ، تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە .

قەلەمەکە بۆ کوڕەکە بوو.                    کوڕەکە. ناوە ، تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

٢ـ هاوەڵناو/ وشەیەکە لەڕستەداوەسفی ناودەکات ودەبێتە دیارخەری ناو.(باش . جوان . دووەم . چەند ) هاوەڵناوەکان دەبنەتەواوکەری کاری ناتەواو تەنها بەشێوەی ڕاستەوخۆ. وەك :

ژورەکە ڕوناکە.        ڕوناك . هاوەڵناوی چۆنیەتی یە .تەواکەری کاری ناتەواوە ، ( ە ) کاری ناتەواوە بۆکاتی ئیستا.

٣ـ هاوەڵکاری شوێن و کاتی /هاوەڵکار وشەیەکە وەسفی کاردەکات و دەبێتە تەواوکەری کار. هاوەڵکاریش تەنها بەشێوەی

ڕاستەوخۆ دەبنەتەواوکەری کاری ناتەواو.بەم شێوەیە :

شوێنیەکان ( لێرە .ئێرە ، ڕۆخ ، تەنیشت . لا ) وەك:

ئاهەنگەکە لێرە بوو. لێرە ، هاوەڵکاری شوێنی . تەواکەری کاری ناتەواوە.

کاتیەکان ( شەوێ . ڕۆژێ ، بەیانی . پار . پێرار ) وەك:

ئاهەنگەکەشەوێ بوو.شەوێ ، هاوەڵکاری کاتی . تەواکەری کاری ناتەواوە.

تێبینی ٢/ هاوەڵکارو هاوەڵناو بەشێوەی بەیاریدە نابنە تەواوکەری کاری ناتەواو خۆ ئەگەر ئامرازیشان لە پێش هات ئەوا دەبنە تەواوکەرێکی داڕێژراو بۆنمونە : ئاهەنگەکە بەشەوێ بوو. بەشەوێ. هاوەلکاری داڕێژراو. تەواوکەری کاری ناتەواو.

تێبینی٣/هاوەڵکاری چۆنیەتی نابێتە تەواوکەری کاری ناتەواو بەهیچ شێوەیەك هەرچۆنی بەکاری بهێنین هەردەبێتەوە هاوەڵناوی چۆنیەتی. وەك: کوڕەژیرەکە جوان هات. لێرە دا( جوان ) هاوەڵکاری چۆنیەتیە . تەواوکەری کاری تەواوە .

بەلآم گەرکارەتەواوەکە بگۆڕین بۆ کاری ناتەواوئەواوشەی( جوان )کە هاوەڵکاری چۆنیەتییە،یەکسەر دەبیت بەهاوەڵناوی چۆنیەتی

وەك : کوڕەژیرەکە جوان بوو . ( جوان ) لێرە دا بو بە هاوەڵناوی چۆنیەتی . تەواوکەری کاری ناتەواو .

٤ـ چاوگەکان/بەوە دەناسرێنەوە کە نەدیارە کەس ئیشێکی کردبێ نەشوێن و نەکاتیشی دیارە،وەلابردنی ( ن )ی کۆتایەکەش

ڕوداوێك دروستدەبێت . کەبریتیە لەڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن یان قەدی چاوگ ـ چاوگەکان ( ا . وو . د . ی . ت ) ین

چاوگەکان دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو بەراستەوخۆ و بەیاریدە بەم شێوەیە "

ا. ئەمە سەرکەوتن بوو . سەرکەوتن : چاوگە . تەواوکەری کاری ناتەواوە . بوو : کاری ناتەواوە بۆکاتی ڕابردوو.

ب. هەوڵەکانمان بۆ سەرکەوتن بوو. سەرکەوتن : چاوگە : تەواوکەرە بەیاریدەی کاری ناتەواوە .

**٥ـ جێناوە سەربەخۆیەکان /** هەموو جێناوە سەربەخۆیەکان دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو هەم بەراستەوخۆ وە هەمیش بەیاریدە . جگە لەجێناوی هەیی نەبێت کە ئەو بەخۆی و دیارخەرەکەیەوە دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو . بەم شێوەیە :

**ا. جێناوە کەسە سەربەخۆکان /** ( من. ئێمە ، تۆ،ئێوە ، ئەو،ئەوان ) وەك:

زیرەکەکە من بووم.          من : جێناوی کەسی سەربەخۆکەسی یەکەمی تاك . تەواوکەری کاری ناتەواو .

خانوەکە بۆ ئێوە دەبێت .   ئێوە: جێناوی کەسی سەربەخۆیەبۆکەسی دووەمی کۆ . تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

**ب. جێناوە پرسەکان /** : ( کێ . کام . کامە ، کیهان ، چی ، کیهە ، چ ) وەك :

یەکەمەکە کێ بوو؟          ( کێ ) : جێناوی پرسە . تەواوکەری کاری ناتەواوە.

قەلەمەکە بە کێ یە ؟        ( کێ ) : جێناوی پرسە . تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

**ج. جێناوە خۆییەکان/** ( خۆ +( م.مان. ت. تان. ی .یان ) =( خۆم ، خۆمان . خۆت . خۆتان . خۆی . خۆیان )

سەرکەوتنەکە خۆمان بووین .  ( خۆمان ) : جێناوی خۆیی بۆکەسی یەکەمی کۆ . تەواوکەری کاری ناتەواوە.

سەرکەوتنەکە بۆ خۆتان بوو.  ( خۆتان ) : جێناوی خۆیی بۆکەسی دووەمی کۆ . تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

**د. جێناوە نادیارەکان/** ئەوجێناوانەن کەلەشوێنی ناوی کەسێك بەکاردێن بەشێوەیەکی نادیار ( فلأن. فیسار. کابرا.هین )

بالأبەرزەکە کابرایە .       ( کابرا ) جێناوی نادیارە . تەواوکەری کاری ناتەواوە.( ە ) کاری ناتەواوە بۆکاتی ئێستا.

هەڵەکە لە کابرایە .        ( کابرا ): جێناوی نادیارە . تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.

**ه. جێناوەنیشانەکان/** ( ئەمە. ئەمانە . ئەوە . ئەوانە )

خانووی ئەمە بوو.   ( ئەمە ) جێناوی نیشانەیە . تەواوکەری کاری ناتەواوە.( بوو ) کاری ناتەواوە بۆکاتی رابردوو .

خانوو بۆ ئەوانە بوو. ( ئەوانە ) جێناوی نیشانەیە. تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە.( بوو ) کاری ناتەواوە بۆکاتی رابردوو

**. جێناوی هەی /** ( هی . ئی ، یێ ،ییێ ) جێناوی هەیی دەبێت لەگەڵ دیارخەرێك بدرێنە پاڵ یەك ئەوکاتە دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو، خانوە کە هی کابرا بوو.   ( هی کابرا ) گرێ یە : تەواوکەری کاری ناتەواوە .

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

تێبینی ٤/ لەڕووی کاریگەریەوە کاری ناتەواو تێنە پەڕە ، واتا ناکرێنە بکەر نادیار، وە دەکرێنەڕاگەیاندن و دانانی

بەم شێوەیە :

نزیکی ڕاگەیاندن ← بوو
دووری ڕاگەیاندن ← بوو بوو
تەواوی ڕاگەیاندن ← بووە
بەردەوامی ڕاگەیاندن ← دەبوو
ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ← دەبێت

ڕابردووی نزیکی دانانی ← بووبا
ڕابردووی دووری دانانی ← بووبووبا
ڕابردووی تەواوی دانانی ← بووبێت
ڕانەبردووی دانانی ← بێت

تێبینی٥/ ( ە ) کاری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا لەڕستەبەدیارناکەوێت ئەگەر هاتووجێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم دیارو ئاشکرابن یان نیهادی ڕستە کۆ بێت . وەك : من کوردم. ئێمەکوردین لێرەدا( ە ) کاری ناتەواو بەدیارنەکەوتووە چونکە جێناوەکانی

تۆکوردیت . ئێوە کوردن دەستەی دووەم دیارواشکران یان هەن.تەنها لەکەسی سێیەم ( ە )

ئەوکوردە . ئەوان کوردن بەدیارکەوتوە جونکە جێناو لەو سفرە

بەلاّم ئەگەر کاتی کارەکە بگۆڕین بۆ ڕابردوو ئەوا کارە ناتەواوەکە بەدیاردەکەوێ وەك من کوردبووم ، ئێمەکوردبووین

لێرەدا چونکە. کارە ناتەواوەکە ( بوو ) ە بەدیارکەوتووە .

قوتابیەکان زیرەکن لێرەشدا ( ە ) کاری ناتەواو بۆکاتی ئیستا بەدیارنەکەوتووە چونکە، نیهادی ڕستەکۆیە.

بەلاّم گەر نیهاد بکەین بەتاك ئەوا ( ە ) کاری ناتەواو بۆکاتی ئیستا دەردەکەوێ . وەك : قوتابیەکە زیرەکە .

٤ـ ( دەبوو ، دەبووایە ، دەبێت ) دەبنە کاری یاریدەدر/ ئەگەر هاتوو کەوتنە سەرەتایی ڕستە، وە کاری دووەم دانانی لەرستەدا هەبوو . وەك : دەبووایە بەشاخەکەدا سەرکەوتبام. ( دەبووایە ) کاری یاریدەدەرە. بۆکاتی ڕابردوو.

دەبێت بەشاخەکەداسەرکەوتبام . ( دەبێت ) کاری یاریدەدەرە. بۆکاتی ڕانەبردوو.

## چۆنیەتی نەرێ کردنی کاری چاوگی بوون

( بوو ) دەکرێتە نەرێ بـــە ( نە ) لەهەرچوارئەرکەکانی. نمونە : شنە منداڵی بوو. ← شنە منداڵی نەبوو

( ە ) دەکرێتە نەرێ بـــە( نی ) لەهەرسێ ئەرکەکانی. نمونە . چراکە هەڵە . ← چراکە هەڵنی یە.

( دەبێت ) دەکرێتە نەرێ بە ( نا ) لەهەر چوارئەرکەکانی. نمونە. دەبێت بڕۆم . ← نابێت بڕۆم .

# هەڵبـــــــژاردن

١_ئەگەر ( بوو ، ە ، دەبێت ) بەمانای لەدایك بوون هاتن ئەوا دەبنە :

A_ كاری تەواوی تێپەڕ B_ كاری تەواوی تێنە پەڕ C_ كاری ناتەواو D_ كاری یاریدەدەر

٢_ ئەگەر ( بوو ، ە ، دەبێت ) بەمانای خاوەنداریەتی هاتن ئەوا دەبنە :

A_ كاری تەواوی تێنە پەڕ B_ كاری ناتەواو C_ كاری یاریدەدەر D_ كاری تەواوی تێپەڕ

٣_ ئەگەر ( بوو ، ە ، دەبێت ) نوسان بەوشەی تروەوە داڕێژرا و لێکدراویان دروستکرد ئەوا دەبنە :

A_ كاری تەواوی تێپەڕ B_ كاری تەواوی تێنە پەڕ C_ كاری ناتەواو D_ كاری یاریدەدەر

٤_ ئەگەر ( بوو ، ە ، دەبێت ) بەمانای ( بوو ن و وجو د ) هاتن ئەوا ، دەبنە :

A_ كاری تەواوی تێپەڕ B_ كاری ناتەواو C_ كاری تەواوی تێنە پەڕ D_ كاری یاریدەدەر

٥_ ئەگەر ( بوو ، ە ، دەبێت ) بەتەنها لەناوڕستە هاتن و كاری سەرەكی لەڕستەدا نەبوو، ئەوا دەبنە :

A_ كاری تەواوی تێپەڕ B_ كاری ناتەواو C_ كاری تەواوی تێنە پەڕ D_ كاری یاریدەدەر

٦_ئەگەر ( دەبوو ، دەبووایە ، دەبێت ) کەوتنە سەرەتای ڕستەو كاری دووەم دانانی لەڕستەکەدا هەبوو ئەوا دەبنە :

A_ كاری تەواوی تێپەڕ B_ كاری ناتەواو C_ كاری تەواوی تێنە پەڕ D_ كاری یاریدەدەر

٧_( بوو، ە ، دەبێت ) دەبنە كاری تەواوی تێپەڕ ئەگەر هاتوو :

A_ بەمانای وجود هاتن B_ بەمانای هەبوون هاتن C _ کەوتنە سەرەتای ڕستەو كاری D_ بەمانانی لەدایك بوون هاتن

٨_( بوو، ە ، دەبێت ) دەبنە كاری تەواوی تێپەڕ ئەگەر هاتوو :

A_ بەمانای وجود هاتن B_ بەمانای هەبوون هاتن

C _ بەمانای خاوەنداریەتی هاتن D_ پارچەیەك بوون لە داڕێژراوو لێکدراو

٩_( بوو، ە ، دەبێت ) دەبنە كاری تەواوی تێنە پەڕ ئەگەر هاتوو بەمانای :

A_ وجود هاتن B_ خاوەنداریەتی هاتن C _ کەوتنە سەرەتای ڕستەو كاری D_ لەدایك بوون هاتن

١٠_ ( بوو، ە ، دەبێت ) دەبنە كاری تەواوی تێنە پەڕ ئەگەر هاتوو :

A_ خاوەنداریەتی هاتن B _ بەمانای لەدایك بوون هاتن

C _ کەوتنە سەرەتای ڕستە D_ پارچەیەك بوون لە داڕێژراوو لێکدراو

١١_ ( ە ) وەکو کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا بەدیارناکەوێت لەڕستەدا ئەگەر هاتوو: A_ کەوتنە سەرەتای ڕستە B_ نوسا بەوشەی ترەوە C_ پیتی بزوێن لە پێشی هەبێت D_ جێناوی کۆمەڵەی دووەم هەبون

١٢_ کام لەم کۆمەڵە جێناوانە هەبن ( ە ) وەکو کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا لەڕستەدا بەدیارناکەوێت؟

A_ کۆمەڵەی یەکەم B_ کۆمەڵەی دووەم C_ کۆمەڵەی سێیەم D_ کۆمەڵەی چوارەم

١٣_ ( ە ) وەکو کاری ناتەواو بۆکاتی ئێستا لەڕستەدا بەدیاردەکەوێت ئەگەر جێناوی لکاو کەسی؟

A_ یەکەمی تاك B_ دووەمی تاك C_ سێیەمی تاك D_ سێیەمی کۆ

١٤_ ( سێوەکان زۆرن ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A_ ئامکرازی دانە پاڵ B_ ( ە ) کاری ناتەواو C_ نیهاد D_ تەواوکەری کار

١٥_ کاری ناتەواو تەواو دەکرێت بە چەند وشە ؟ A_ سێ B_ چوار C_ پێنج D_ شەش

١٦_ کام لەمانە تەنها بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو:

A_ ناو و خۆیی B_ چاوگ و ناو C_ جێناوی خۆیی وچاوگ D_ هاوەڵکار و هاوەڵناو

١٧_ کام لەمانە هەم بەشێوەی ڕاستەوخۆ هەمیش بەشێوەی بەیاریدە دەبنە تەواوکەری ناتەواو:

A_ ناو و هاوەڵناو B_ چاوگ و ناو C_ هاوەڵکارو چاوگ D_ هاوەڵکار و هاوەڵناو

١٨_ کام لەمانە ئەگەر ئامرازیشی لە پێش هات هەر دەبێتە تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو:

A_ ناو و جێناوی خۆیی B_ چاوگ و ناو C_ جێناوی خۆی و چاوگ D_ هاوەڵکار و هاوەڵناو

١٩_ ( هەوڵەکەبۆ سەرکەوتن بوو ) ( سەرکەوتن ) تەواوکەری

A_ ڕاستەوخۆی کارە B_ تەواوکەری بەیاریدەی کارە C_ ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە D_ بەیاریدەی کاری ناتەواوە

٢٠_ ئەندازیارەکە لێهاتوو بوو ) تەواوکەر:

A_ ناوە B_ هاوەڵناوە C_ هاوەڵکارە D_ چاوگە

٢١_ ( پیاوەکە ئەندازیاربوو ) تەواوکەر :

A_ ناوە B_ هاوەڵناوە C_ هاوەڵکارە D_ چاوگە

٢٢_ کام لەم ڕستانە جێناوی نیشانە تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە :

A_ قەلەمەکە ئەمەیە B_ قەلەمەکە بۆ ئەمە یە C_ قەلەمەکەی ئەوە D_ قەلەمەکە بۆ ئەوە

٢٣_ چەند جێناوی سەربەخۆ دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو :

A_ سێ B_ چوار C_ پێنج D_ شەش

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

٢٤_ كام لەم جێناوە سەربەخۆیانە نابێتە تەواوكەری كاری ناتەواو ؟

A _ كەسی سەربەخۆ B_ نادیار C_ پرس D_ هەی

٢٥_لەكام ڕستە دا ( بوو ) كاری ناتەواوە ( ؟

A_ پیاوەكە هەبوو B_ پیاوەكەلەسەر وتەكەی سوربوو C_ پیاوەكە لێهاتوو بوو D_ پیاوەكە خانووی هەبوو

٢٦_لەكام ڕستە دا ( بوو ) كاری تەواوی تێپەڕە ( ؟

A_ پیاوەكە هەبوو B_ پیاوەكەلەسەر وتەكەی سوربوو C_ پیاوەكە لێهاتوو بوو D_ پیاوەكە خانووی هەبوو

٢٧ _لەكام ڕستە ( ە ) كاری ناتەواو بۆكاتی ئێستا دەرنەكەوتووە ؟

A_دەشتەكە سەوزە B_ پیاوەكە لاوازە C_ هەنارەكە ترشە D_ مامۆستایەكی زیرەكیت

٢٨_ ( یاریەكە لێرە بوو ) كاری ڕستە نەرێ دەكرێ بە ئامرازی ؟ A_ نی B_ نا C_ نە D_ مە

٢٩_ ( ئاهەنگەكە بەردەوامە ) كاری ڕستە نەرێ دەكرێت بەئامرازی ؟ A_ نی B_ نا C_ نە D_ مە

٣٠_ ( كچەكە نەخۆش دەبێت ) كاری ڕستە دەكرێتە نەرێ بە ئامرازی ؟ A_ نی B_ نا C_ نە D_ مە

٣١_ لەكام لەم ڕستانە ( دەبێت ) كاری یاریدەدەرە؟

A_ ڕەنگە نانەكەی خواردبێت B_ دەبێت نانەكە بخوات C_ پیاوەكە دەبێت بە مامۆستا D_ چراكە هەڵدەبێت

٣٢_ ( ئاهەنگەكە بەشەو بوو ) تەواو كەر بریتی یە لە ؟

A_ڕاستەوخۆی كاری ناتەواو B_بەیاریدەی كاری ناتەواو C_ ڕاستەوخۆی كاری تەواو D_بەیاریدەی كاری تەواو

٣٣_ ( ە ) دەبێتە كاری ناتەواو ئەگەر :

A_ نوسا بەناو B_ كاری سەرەكی لەڕستەدانەبوو C_ نوسا بەكاری ڕانەبردوو D_ پارچەیەك بوو لە كاری لێكدراو

٣٤_ لەكام لەم ڕستانەدا ( ە ) كاری ناتەواوە :

A_ شنە دێتە لامان B_ سەوزە دەشوات C_ نامەكە تەواوبكە D_ نەسرین كراسەكەی سەوزە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D-10 | A-9 | C-8 | D-7 | D-6 | B-5 | C-4 | B-3 | D-2 | A-1 |
| B-20 | D-19 | D-18 | B-17 | D-16 | C-15 | B-14 | C-13 | B-12 | D-11 |
| B-30 | A-29 | C-28 | D-27 | D-26 | C-25 | D-24 | C-23 | B-22 | A-21 |
| | | | | | | D-34 | B-33 | A-32 | B-31 |


رێزمان


چاپخانەی توانا 07828350088

# ئەرکی بزوێنی (ە) لەڕێزمانی کوردیدا

بەشێوەیەکی گشتی بزوێنی(ە )لەرێزماندا ئەم ئەرکانە دەبینێت..

## ١ـ دەبێە دووجۆر لە جێناوی لکاو:

ا ـ دەبێتە جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تاك ( بکەرە ) لەکاری داخوازی ، وەك: کراسەکە بکرە.

ب ـ دەبێتە جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك ( بکەرە ) لەگەڵ کاری ڕانەبردوو لەکرما نجی ژوورو ( بادینی ) وەك: ئەو دنڤە.

## ٢ـ دەبێە پێنج جۆر لەئامراز :

ا ـ ئامرازی پێناسین:لەجیاتی(ەکە ) بەکاردێ و دەچێتەسەرناو.وەك: کورە هات.بەلآم یاری نەکرد.لەجیاتی (ەکە )بەکارهاتووە.

ا ـ ئامرازی بانگکردن : لەدوای ناو دێت بۆبانگکردن. وەك: کورە ،بەسەر شۆستەکەدا مەڕۆ.

تێبینی / کە (ە) دەبێتە ئامرازی بانگکردن ، بەزۆری کار داخوازی یە .

ج ـ ئامرازی پەیوەندی : لەجیاتی (بۆ، بە ) بەکاردێت دەنوسێت بەکاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی. وەك:

ئاری دێتە هەولێر ← ئاری دێـــت بۆ هەولێر، لێرەدا ( ە ) لەجیاتی (بۆ) بەکارهاتووە . بۆیە ئامرازی پەیوەندیە.

رزگاردەبێتە مامۆستا ← رزگار دەبێت بـە مامۆستا،لێرەدا ( ە ) لەجیاتی (بە ) بەکارهاتووە . بۆیە ئامرازی پەیوەندیە.

ئێوە بڕۆنە دەرێ ← ئێوە بڕۆن بـــۆ دەرێ ، لێرەدا ( ە ) لەجیاتی (بۆ) بەکارهاتووە . بۆیە ئامرازی پەیوەندیە.

د ـ ئامرازی لێکدەر: دوو وشەی لێکدەدات .وەك : مێرگەسور ،گوڵە باخ . (ە ) لێرەدائامرازی لێکدەرن. چونکە دوو وشەی لێکداوە

ه ـ ئامرازی خستنەسەر یان دانە پاڵ : کاتێك هاوەڵناوی چۆنیەتی دەبێتە دیارخەری ناوێکی ناسراو .

وەك: گوڵە جوانەکەم ڕواند . (ە) ئامرازی خستەسەرە یان دانە پاڵە ،

## ٣ـ بە دووجۆر دەبێتە پاشگر :

ا ـ دەبێتە پاشگر : دەچێتەسەر ناو یان هاوەڵناو وشەیەکی نوێ دروست دەکات.وەك: سەوز +ە =سەوزە . چاك +ە =چاکە

ا ـ دەبێتە پاشگر: دەچێتەکۆتایی هەندێك لەقەدەکان بۆ دروستکردنی هاوەڵناوی کراوی دارێژراو . وەك : مردە . کوشتە

ا ـ دەبێتەکاری ناتەواو : ئەگەر کاری سەرەکی لەڕستەدا نەبوو . وەك : ژوورەکە ڕوناکە.

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

## ڕاهێنانی ـ ١

لەم ڕستانەی خوارەوە دا ئەوکارانەی کەلەچاوگی (بوون ) ەوە وەرگیراون دەربهێنە .جۆرەکانیان دەستنیشانبکە

| ڕستە | کاری چاوگی بوون | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| ١_ گەلی کورد سوربوو لەسەر بەدیهێنانی مافەکانی | سوربوو | تەواوی تێنە پەڕ |
| ٢_ دەبێت یەك ڕیزی گەل بپارێزین | دەبێت | یاریدەدەر |
| ٣_ کەدایکیان منداڵی بوو ، دایکیان نەخۆشبوو | منداڵی بوو<br>نەخۆشبوو | تەواوی تێپەڕ<br>کاری ناتەواو |
| ٤_ کیشەی ئاوارەکانی کەرکوك کەی پەیدابوو | پەیدابوو | تەواوی تێنە پەڕ |
| ٥_ باوکیان لەخەو ڕابوو | ڕابوو | تەواوی تێنە پەڕ |

## ڕاهێنانی ـ ٢

ئەرکی (ە ) لەم ڕستانەی خوارەوە دەستنیشانبکەو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویست .

| ڕستە | (ە) | ئەرکی | ڕونکردنەوەی پێویست |
|---|---|---|---|
| ١_ کورە ، بەدانیشتن ماڵت وێرانە | کورە<br>وێرانە | ئامرازی بانگکردن<br>کاری ناتەواوە | ناوی پێ بانگکراوە<br>کاری سەرەکی لەڕستە نیە |
| ٢_ بخوێنە، چونکە خوێندن سارێژکەری برینەکانتە | بخوێنە<br>برینەکانتە | جیناوی کەسی دووەمە<br>کاری ناتەواو | کار داخوازی یە<br>کاری سەرەکی لەڕستە نیە |
| ٣_ ڕەشەبای سلێمانی بەهێزە | ڕەشەبا<br>بەهێزە | ئامرازی لێکدەرە<br>کاری ناتەواوە | دوو وشەی لێکداوە<br>کاری سەرەکی لەڕستە نیە |
| ٤_ چیرۆکەکێ بنقیسە | بنقیسە | جێناوی کەسی سێیەمە | کاری ڕانەبردووە لەکرما نجی سەروو |
| ٥_ منداڵە گەمەی دەکرد دایکەش تەماشای دەکرد | منداڵە<br>دایکە | ئامرازی پێناسینە<br>ئامرازی پێناسینە | لەجیاتی (ەکە ) بەکار هاتووە<br>لەجیاتی (ەکە ) بەکار هاتووە |

## ڕاهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١_ کاری چاوگی بوون بەواتای بوون و (وجود) بێت دەبێتە ؟

ئـ_ کاری یاریدە دەر　　ب_ کاری ناتەواو　　پ_ تەواوی تێپەڕ　　ت_ تەواوی تێنە پەڕ

٢_ کام لەم ڕستانە کارەکەی ناتەواوە ؟

ئـ_ ئەندازیارەکەلێهاتوو بوو　　ب_ دەبوو تاقیکردنەوەکە کرابا　　پ_ منداڵێکی بوو　　ت_ منداڵی هەبوو

٣_ لەڕستەی ئەوان لەئاهەنگەکە ئامادە بوون ) کاری ڕستەکە ؟

ئـ_ کاری یاریدە دەر　　ب_ کاری ناتەواو　　پ_ تەواوی تێپەڕ　　ت_ تەواوی تێنە پەڕ

ڕێزمان

٤_ لەڕستەی ( من کوردم ) وشەی ( کورد ) ئەرکی چی یە؟

ئـ_بکەر ب_ نیهاد پ_ تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو ت_ بەرکار

٥_ لەڕستەی ( چیاکانی کوردستان بڵندن ) چی دەرنەکەوتووە؟

ئـ_ئامرازی دانە پاڵ ب_ کاری ناتەواو پ_ نیهاد ت_ بکەر

٦_ ( گوڵە هێرۆ جوانە ) ئەرکی ( ە ) دوای وشەی ( گوڵ ) چی یە؟

ئـ_ئامرازی دانە پاڵ ب_ ئامرازی لێکدانە پ_ئامرازی بانگکردن ت_ئامرازی پێناسین

٧_( هەنارە مزرەکە خۆشە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) دوای وشەی ( هەنار) چی یە؟

ئـ_ئامرازی دانە پاڵ ب_ ئامرازی لێکدانە پ_ئامرازی بانگکردن ت_ئامرازی پێناسین

٨_ ( کوڕە هەژارە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) دوای وشەی ( کوڕ ) چی یە؟

ئـ_ئامرازی دانە پاڵ ب_ ئامرازی لێکدانە پ_ئامرازی بانگکردن ت_ئامرازی پێناسین

٩_( چاکە بەخەڵکی بکە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) ی دوای ( چاك ) چی یە ؟

ئـ_ئامرازی دانە پاڵ ب_ ئامرازی لێکدانە پ_کاری ناتەواوە ت_پاشگرە

١٠_( منداڵەکە ناچێتە قوتابخانە ) ئەرکی بزوێنی دوای ( ناچێت ) چی یە؟

ئـ_ئامرازی دانە پاڵ ب_ ئامرازی پەیوەندیە پ_ئامرازی بانگکردن ت_ئامرازی پێناسین

## هەڵبـــژاردن

١_ ( ە ) دەبێتە جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تاك، بکەرە ، ئەگەر :

A_ نوسابە کاری ڕابردوو B_ نوسا بەکاری ڕانەبردوو C_ نوسا بەکاری داخوازی D_ نوسا بەکاری دانانی

٢_ لەکام لەم ڕستانەدا ( ە ) جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تاك ،بکەرە :

A_ کوڕە تەمبەڵبوو بۆیەدەرنەچوو B_ خواردنێك دروستبکە C_ نامەکە تەواوبکە D_ نەسرین کراسە سەوزەکە بکڕە

٣_لەڕستەی ( خواردنەکەم بۆ هەڵبگرە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) ی دوای ( هەڵبگرە ) چی یە

A_ جێناوی کەسی دووەم B_ کاری ناتەواو C_ پاشگر D_ هی ئەسڵی وشە

٤_ ( ە ) دەبێتە جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك، بکەرە ، ئەگەر نوسابە کاری :

A_ ڕابردوولەکرما نچی سەروو B_ڕانەبردوولەکرما نچی خواروو

C_ ڕابردوو لەکرما نچی خواروو D_ڕانەبردوو لەکرما نچی سەروو

٥_ لەکام لەم ڕستانەدا ( ە ) جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك ،بکەرە :

A_ ئەو دچە B_ تو هەرەمالاوان C_ ئەو دێهێتە مالا وە D_ وانێ بخینە

٦_ لەڕستەی ( سەربەست چیرۆکەکێ دنڤیسە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) ی دوای ( دنڤیس ) چی یە ؟

A_ جێناوی کەسی دووەم B_ جێناوی کەسی سێیەم C_ پاشگر D_کاری ناتەواو

٧_ بزوێنی ( ە ) دەبێتە چەند جۆری جێناوی لکاو ؟

A_یەك B_دوو C_سێ D_چوار

٨_ ( ە ) دەبێتە ئامرازی پەیوەندی ئەگەر هاتوو :

A_ دوو وشەی لێکدا B_ لەجیاتی ( بۆ ، بە ) بەکارهات C_ چوە دوای ناو D_ کاری سەرەکی لەڕستە دا نەبوو

٩_ لەکام لەم ڕستانەدا بزوێنی ( ە ) ئامرازی پەیوەندی یە ؟

A_ کراسەکە سەوزە B_ گوڵەباخەم رواند C_ بڕۆنە دەرێ D_ ئەو چیرۆکێ دنڤیسە

١٠_ قەڵەمەکە بێنە ئێرە ) ئەرکی بزوێنی ( ە ) ی دوای ( بێن ) چی یە ؟

A_ پاشگر B_ جێناوی کەسی سێیەم C_ کاری ناتەواو D_ ئامرازی پەیوەندی

١١_ بزوێنی ( ە ) دەبێتە ئامرازی بانگردن ئەگەر هاتوو :

A_ دوو وشەی لێکدا B_ لەجیاتی بۆ و بە بەکارهات C_ چوە دوای ناو D_ کاری سەرەکی لەڕستە دا نەبوو

١٢_ لەکام لەم ڕستانەدا ( ە ) ئامرازی بانگکردنە ؟

A_ کورە ، بخوێنە B_ کورە هەژاربوو C_ کورە جوانەکە هات D_ یاریزانە باشەکە کورە

١٣_ لەڕستەی ( باوکە ، کتێبە نوێکەم بۆ بکرە ) بزوێنی ( ە ) ی دوای وشەی ( باوك ) ئەرکی :

A_ ئامرازی پێناسین B_ کاری ناتەواو C_ پاشگر D_ ئامرازی بانگکردن

١٤_ ( ە ) دەبێتە ئامرازی پێناسین ئەگەر هاتوو :

A_ لەجێی ( بۆ ) بەکارهات B_ لەجێی( بە ) بەکارهات C_ لەجێی ( ەکە ) بەکارهات D_ لەجێی کەسی دووەم بەکارهات

١٥_ لەکام لەم ڕستانەدابزوێنی ( ە ) ئامرازی پێناسینە ؟

A_ سەوزە جوان بشۆ B_ مەرە لاوازەکەم فرۆشت C_ وانەکە بنوسە D_ منداڵە یاری دەکرد

١٦_ ( پیاوە هەژا ربوو و بۆیە نەخۆشکەوت ) بزوێنی دوای وشەی ( پیاو ) ئەرکی ؟

A_ئامرازی خستەسەر B_ ئامرازی بانگکردن C_ پێناسین D_ ئامرازی لێکدان

١٧_ بزوێنی ( ە ) دەبێتە ئامرازی لێکدەریان لێکدان ئەگەر هاتوو :

A_ بەقەدەوە نوسا B_ چوە سەر وشەیەك وشەی نوێی دروستکرد C_ نوسابەکاری داخوازی D_ دوو وشەی لێکدا

١٨_ لەکام لەم ڕستانەدا ( ە ) ئامرازی لێکدەریان لێکدانە ؟

A_ سەوزە بکرە B_ مەرە لاوازەکەنەخۆشە C_ گوڵەباخەم هەڵوەری D_ منداڵە یاری دەکرد

١٩_ لەڕستەی ( مێرگەسور شارێکی شاخاوی یە ) بزوێنی ( ە ) نێو وشەی ( مێرگەسور ) ئەرکی :

A_ئامرازی خستەسەر B_ ئامرازی بانگکردن C_ئامرازی پەیوەندی D_ ئامرازی لێکدان

٢٠_( ە ) دەبێتە ئامرازی خستنە سەر یان دانە پاڵ ئەگەر هاتوو :

A_ هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی ناسراوبێت B_ وشەی نوێی دروستکرد

C_ لەجیاتی ( بۆ ، بە ) بەکارهات D_ دوو وشەی لێکدا

٢١_ لەکام لەم ڕستانەدا بزوێنی ( ە ) ئامرازی دانە پاڵە ؟

A_ کراسکە بێنە بۆم B_ شەیە باشەکەم شکا C_ گوڵەگە نمەکان هەڵگرنەوە D_ منداڵە یاری دەکرد

٢٢_ لەڕستەی ( قەلەمە ڕەنگاو ڕەنگەکان تیژبکەنەوە ) بزوێنی ( ە ) ی دوای وشەی ( قەلەم ) چی یە ؟

A_ئامرازی پەیوەندی B_ ئامرازی دانە پاڵ C_ ئامرازی پەیوەندی D_ ئامرازی لێکدان

٢٣_ بزوێنی ( ە ) دەبێتە چەند جۆر ئامراز ؟

A_ سێ B_چوار C_ پێنج D_ شەش

٢٤_ بزوێنی ( ە ) دەبێت پاشگر ئەگەرهاتوو :

A_ هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی ناسراوبێت B_ چوە سەر وشەیەك وشەی نوێی دروستکرد

C_ لەجیاتی ( بۆ ، بە ) بەکارهات D_ دوو وشەی لێکدا

٢٥ _ لەڕستەی ( پرسە بۆپێشمەرگەقارەمانەكە كۆتایی هات ) بزوێنی ( ە ) ی دوای وشەی ( پرس ) چی یە ؟

A_ئامرازی پەیوەندی B_ ئامرازی دانە پاڵ C_ ئامرازی پەیوەندی D_ پاشگر

٢٦ _ بزوێنی ( ە ) دەبێت پاشگر ئەگەرهاتوو :

A_ هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری ناوێكی ناسراوبێت B_ چوە سەر قەدو هاوەڵناوی كراوی داڕێژراوی دروستكرد

C_ لەجیاتی ( بۆ ، بە ) بەكارهات D_ دوو وشەی لێكدا

٢٧ _ بزوێنی ( ە ) دەبێتە كاری ناتەواو ئەگەرهاتوو :

A_ كاری سەرەكی لەڕستە دا نەبوو B_ چوە سەر وشەیەك وشەی نوێی دروستكرد

C_ لەجیاتی ( بۆ ، بە ) بەكارهات D_ دوو وشەی لێكدا

٢٨ _ لەكام لەم ڕستانەدا بزوێنی ( ە ) كاری ناتەواوە :

A_ ئاری دێتە هەولێر B_ نانە خۆشەكە دەبات C_ كارەكە بكە D_ كراسەكەی ئەو سەوزە

٢٩_ئەركی بزوێنی ( ە ) لەڕستەی ( كوڕەزیرەكەكە دێتە ئێرە ) چی یە ؟

A_ بكەرو كاری ناتەواو B_ پاشگرو ئامرازی خستنە سەر C_ ئامرازی دانە پاڵ و پەیوەندی D_ كاری ناتەواو پاشگر

٣٠ _ ئەركی بزوێنەكانی ( ە ) لەڕستەی ( كوڕە ، كراسەكە بكڕە ) چی یە ؟

A_ بكەرو كاری ناتەواو B_ ئامرازی بانگكردن و جێناوی كەسی دووەم

ب _ ئامرازی دانە پاڵ و پەیوەندی D_ ئامرازی بانگكردن و كاری ناتەواو

٣١ _ لەڕستەی ( باوكە ، كتێبە نوێكەم بۆ بكڕە ) ئەركی بزوێنەكانی ( ە ) چی یە :

A_ ئامرازی بانگكردن و لێكدەر و كاری ناتەواون B_ ئامرازی بانگكردن و دانە پاڵ و جێناوی لكاوی كەسی سێیەم

C_ ئامرازی پێناسین و لێكدەرو كاری ناتەواو D_ ئامرازی بانگكردن و دانە پاڵ و جێناوی لكاوی كەسی دووەم

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D-10 | C-9 | B-8 | B-7 | B-6 | A-5 | D-4 | A-3 | D-2 | C-1 |
| A-20 | D-19 | C-18 | D-17 | C-16 | D-15 | C-14 | D-13 | A-12 | C-11 |
| B-30 | C-29 | D-28 | A-27 | B-26 | D-25 | B-24 | C-23 | B-22 | B-21 |
| | | | | | | | | | D-31 |

## ئەركی جێناوەلكاوەكان

- بكەر
- بەركـــــار
- دیاخـــــەری ناو
- تەواوكەری بەیاریدەی

## یەكەم . جێناوەلكاوەكان وەكو بكەر

بریتیە لەوەی لەڕستەدا جێناوێكی لكاو لەجیاتی ناوێك كاریك ئە نجام بدات. یان كارێكی بدرێتە پاڵ . بەم شێوەی خوارەوە :

١ـ ( م ،مان.ت.تان.ی.یان ) دە بنەبكەرلەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕلەسادەوناسادەی هەرچوار ڕێژەكەدەچنەسەربەركار ئەگەرهەبوو.

| بكەر | | | بەركار | |
|---|---|---|---|---|
| وەك : نامەكەمان نارد. | نزیكی سادە. | | خانوەكەت دروستكرد. | نزیكی لێكدراو |
| نامەكەمان ناردبوو. | دووری سادە | | خانوەكەی دروستكردبوو. | دووری لێكدراو |
| نامەكەتان ناردووە. | تەواوی سادە | | خانوەكەمان دروستكردووە. | تەواوی لێكدراو |
| نامەكە یـــان دە نارد ، | بەردەوامی سادە | | خانوەكەتـــان دروستدەكرد. | بەردەوامی لێكدراو |

بەلاَم گەر بەركار نەبوو ئەوا لەسادەی نزیك و دوور دەچنە كۆتایی كار وەك : نارد مان . ناردبوو تان

وە لەسادەی تەواویشدا دەچنە نێوان نیشانەی تەواوەتی ( وە . ووە ) واتا نیشانەكە لەت دەكەن وەك : ناردووتانە . كڕیوتە.

وەهەروەها لەسادەی بەردەوامدا دەچنە سەر نیشانەی ( دە ) وەك : دەیان نارد. دەمان خوارد.

وەشایەنی باسكردنە كەلەناسادەی هەر چوار ڕێژەكەدا دەچنە كۆتای بەشی یەكەی كار . وەك :

هەڵتان گرت هەڵیان گرتبوو. بانگت كردووە بانگیان دەكرد

٢ـ ( م . ین . یت.ن. ٠. ن ) دەبنەبكەرلەگەڵ كاری ڕابردووی تێنە پەڕلەدوور ونزیك و بەردەوام دەچنەكۆتایی كار لەسادەو ناسادەدا.

وەك : هاتین . نزیكی سادە ، دانیشتین . نزیكی داڕێژراو سەركەوتین . نزیكی لێكدراو

هاتبوویت دووری سادە ، دانیشتبوویت. دووری داڕێژراو ، سەركەوتبوویت دووری لێكدراو

دە هاتیت بەردەوامی سادە ، دانیشتبوویت بەردەوامی داڕێژراو، سەركەوتبوویت . بەردەوامی لێكدراو

تێبینی١ : لەڕابردووی تەواوی تێنە پەڕی سادەو ناسادە دا جێناوەكان دەچنە نێوان نیشانەی ( وە )

وەك : هاتوویـــتە دانیشتوویـــتە سەركەوتوویـــتـە

تێبینی٢ : جێناوی لكاوبۆكەسی سێیەمی تـاك وەكو بكەر سفرە و بە دیاناكەوێت لەكاری ڕابردووی تێنە پەڕ.وەك : هات . گەیشت.


چاپخانەی توانا 07828350088
ڕێزمان

**٣ـ ( م . ین . یت . ن . ات، یّت . ن :** دەبنەبکەر لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕی سادەو ناسادە ، **دەچنەکۆتایی کار**

وەك :

| تێپەڕ | | تێنە پەڕ | |
|---|---|---|---|
| سادە : | دەخۆین ← | سادە | دەسوتێین ← |
| داڕێژراو : | هەڵدەگرێت ← | داڕێژراو | دادەنیشێت. ← |
| لێکدراو | بانگدەکەیت ← | لێکدراو | سەردەکەویت ← |

**تێبینی** ( تێبینیەکمان نوسیبوو لەبابەتی ڕاگەیاندن بۆ( ات، یّت ) بۆ ئێرەش دەست دە دات تو جیٛ بەجیٛ دەبیّت.

وەك ، بکرێت ، بخوات

**٤ـ ( ە، ن ) :** دەبنەبکەر لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕی سادەو ناسادە ، دەچنە**کۆتایی کار**. بەم شێوەیە :

| تێپەڕ | | تێنە پەڕ | |
|---|---|---|---|
| سادە : | بخۆن ← | سادە | بسوتێن ← |
| داڕێژراو : | هەڵبگرە ← | داڕێژراو | دابنیشە. ← |
| لێکدراو | بانگبکەن ← | لێکدراو | سەربکەون ← |

**تێبینی** ( تێبینیەکمان نوسیبوو بۆ( ب ) نیشانەی داخوازی لەناسا دە بەدیارناکەویت بۆ ئێرەش تەواوە .

وەك : هەڵبگرین ← هەلگرین ، سەربکەوین ← سەرکەوین

---

## ڕاهێنانی ـ ١

**کەی ئەم جێناوە کەسیە لکاوانە دەبنە بکەر لەڕستەدا بۆهەریەکەیان نمونەیەك بهێنەوە ( ات ، مان ، ین ، ە )**

| جێناو | جۆری کار | نمونە |
|---|---|---|
| ات | ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕ | دەخوات ، دەبات |
| مان | ڕابردووی تێپەڕ | خواردمان ، هێنامان |
| ین | ڕابردووی تێنە پەڕ | هاتین ، سوتاین |
| ە | داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ | بکرە ، سەربکەوە |

## ڕاهێنانی ـ ٢

لەڕستەی ( وتارەکەت بلاّو کردووەتەوە )

١_ کاری ڕستەکەلە چ ڕێژەیەکدایە ؟ چۆن دروستکراوە ؟ ـ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنە،

پێکهاتووە لە : بەشی یەکەم+ قەد+ نیشانەی تەواوەتی ( ووە ) +ناوبەندی ( ت ) + ( پاشگری ( ەوە )

٢_( ت ) کۆتایی وتارەکە چیە و ئەرکی چیە بۆخراوەتە ئەوێ؟ ـ جێناوی لکاوی بکەرە ، بۆیە خراوەتە ئەوێ چونکە بەرکارە. لەڕابردووی تێپەڕ گەر بەرکار هەبوو جێناوەکان وەکو بکەر . دەچنە سەربەرکار

٣_ ئەگەر وتارەکە لاببەین ( ت ) دەچێتە کوێ ؟ بۆچی ؟ ـ دەچێتە کۆتای وشەی بلاّو لە کاری ڕابردووی تێپەڕی ناسادەدا ئەگەر بەرکار نەبێت جێناوەکان وەکو بکەر دەچنە کۆتایی بەشی یەکەمی کار

## ڕاهێنانی ـ ٣

وەلاّمی ڕاست هەڵبژێرە:

١_( باخچەکەیان بۆ ڕازاندەوە ) جێناوی لکاوی ( یان ) ئەرکی بریتیە لە :

ئـ_ بکەر　　ب_بەرکار　　پ_ تەواوکەری بەیاریدە　　ت_دیارخەری ناو

٢_( تاوانبارەکەمان دەستنیشانکردووە ) ئەگەر ( بەرکار ) لاببەین ( مان ) دەچێتە :

ئـ_ دوای ( دەست )　　ب_دوای بەشی یەکەمی کار　　پ_ نێوان نیشانەی کار　　ت_کۆتایی کار

٣_لەڕستەی ( ناوی خوێندکاران تۆمار بکە )چی دەرنەکەوتووە ؟

ئـ_ بکەر　　ب_بەرکار　　پ_ تەواوکەری بەیاریدە　　ت_دیارخەری ناو

٤_( کەلتوری کورد دەپارێزێت ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە :

ئـ_کەلتوری کوردیان پاراست ، ب_ کلتوری کوردمان پاراست ، پ_کەلتوری کوردتان پاراست ، ت_کەلتوری کوردی پاراست

٥_لەکام لەم کارانە جیناوی لکاوی بکەر دەچێتە کۆتایی کار؟

ئـ_ ئاوە دانکردبوو　　ب_ یارمەتی دابوو　　پ_ فێردەبوو　　ت_دادەمەزراند

## ڕاهێنانی ـ ٤

لەڕستەی ( لەوانەکان باش تێگەیشتووە )

١_بکەری ڕستەکەدەستنیشان بکە.بۆچی ؟

جێناوی لکاوبۆکەسی سێیەمی تاك وەکو بکەر بە دیارنەکەوتووە . چونکە کار ڕابردووی تێنە پەڕە

٢_کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆڕێژەی ڕانەبردووی ڕاگەیاندن . چ گۆڕانکاریەك ڕوودەدات بینوسەوە .

ڕێزمان

لەوانەکان باش تێدەگات .لێرەدا بکەر بەد یارکەوتووە کە (ات) ە

٣_وشەی (وانەکان ) شیبکەوە.

ناوە ، کۆیە ، بەرکارە

٤_وشەی ( باش ) چییە و ئەرکی چی یە؟

هاوەڵکاری چۆنیەتی یە و تەواوکەری راستەوخۆیی کارە

## هەڵبـــــژاردن

١_ جێناوەلکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری ؟

A_ ڕابردووی تێپەڕ B_ ڕابردووی تێنەپەڕ C_ ڕانەبردووی تێپەرو و تێنەپەڕ D_ داخوازی تێپەرو تێنەپەڕ

٢_ جێناوەلکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەرلەسادەو ناسادەدا دەچنەسەر

A_ دیارخەر B_تەواوکەر C_جێگری بکەر D_ بەرکار ) ئەگەر هەبوو .

٣_ کام لەم کۆمەڵە جێناوانە دەبنە بکەر لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ :

A_ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) B_ ( م.ین ، یت.ن ،٠.ن ) C_ (م.ین ، یت.ن ، ات .یْت .ن ) D_ ( ە .ن )

٤_جێناوەلکاوەکانی (م.مان، ت.تان، ی.یان) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی نزیکی تێپەڕی سادە ئەگەر بەرکار نەبوودە چنە :

A_ کۆتای کار B_ کۆتایی بەشی یەکەمی کار C_ سەر نیشانەی (دە ) D_ سەر نیشانەی بوو

٥_ جێناوەلکاوەکانی (م.مان، ت.تان، ی.یان) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی دووری تێپەڕی سادە ئەگەر بەرکار نەبوو دە چنە :

A_ کۆتایی بەشی یەکەمی کار B_ کۆتای کار C_ سەر نیشانەی (دە ) D_ سەر نیشانەی بوو

٦_ جێناوەلکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بکەردەچنە کۆتای کار ، ئەگەر کارەکەڕابردووی تێپەڕی :

A_ تەواوی سادە بوو B_ بەردەوامی سادەبوو C_ دووری سادە بوو D_ نزیکی لێکدراو بوو

٧_ جێناوەلکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بکەردەچنە کۆتای کار ، ئەگەر کارەکەڕابردووی تێپەڕی :

A_ تەواوی سادە بوو B_ نزیکی سادە بوو C_ بەردەوامی سادەبوو D_ نزیکی لێکدراو بوو

٨_ جێناوەلکاوەکانی (م.مان، ت.تان، ی.یان) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی بەردەوامی تێپەڕی سادە ئەگەر بەرکار نەبوودەچنە :

A_ کۆتای کار B_ دوای نیشانەی (دە ) C_ کۆتای بەشی یەکەمی کار D_ دوای نیشانەی (بوو )

٩_ جێناوەلکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بکەردەچنە دوای (دە ) ، ئەگەر کارەکەڕابردووی تێپەڕی :

A_ تەواوی سادە بوو B_ نزیکی سادە بوو C_ بەردەوامی سادەبوو D_ نزیکی لێکدراو بوو

١٠_جێناوەلکاوەکانی (م.مان ت.تان، ی.یان) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕی سادە ئەگەر بەرکار نەبوودەچنە :

A_ کۆتای کار B_ دوای نیشانەی (دە ) C_ نێوان نیشانەی (وە ) D_ دوای نیشانەی (بوو )

١١_ جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەبنە بکەرلەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی نزیکی ناسادە، ئەگەر بەرکار نەبوودەچنە :

A_ کۆتای کار B_ دوای نیشانەی (دە ) C_ سەرەتای کار D_دوای بەشی یەکەمی کار

ڕێزمان

ڕێزمان

١٢_ جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەبنە بکەرلەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی دووری ناسادە، ئەگەر بەرکار نەبوودەچنە :

A_ دوای بەشی یەکەمی کار B_ کۆتای کار C_ دوای نیشانەی (بوو ) D_ سەرەتای کار

١٣_جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەبنە بکەرلەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی بەر دەوامی ناسادە،ئەگەر بەرکار نەبوودەچنە :

A_ کۆتای کار B_ دوای بەشی یەکەمی کار C_ دوای نیشانەی (دە ) D_ پێش نیشانەی (دە )

١٤_جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم دەبنە بکەرلەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی تەواوی ناسادە، ئەگەر بەرکار نەبوودەچنە :

A_ کۆتای کار B_ دوای نیشانەی (وە ) C_نێوان نیشانەی (وە ) D_ دوای بەشی یەکەمی کار

١٥_ ( م.مان ،ت.تان ، ی.یان ) وەکو بکەر دەچنە کۆتای بەشی یەکەمی کار ئەگەر کار:

A_ ڕابردووی تێپەڕی نادسادە بوو B_ ڕانەبردووی تێنە پەڕی ناسادەبوو

C_ ڕانەبردووی تێپەڕی ناسادە بوو D_ ڕابردووی تێنە پەڕی ناسادە بوو

١٦_ ( م.ین ، یت.ن ، .٠ ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێپەڕ B_ ڕابردووی تێنە پەڕ C_ڕانەبردووی تێپەڕو و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

١٧_جێناوەلکاوەکانی (م.ین یت.ن، ٠.ن) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی نزیکی تێنە پەڕی سادە دەچنە :

A_ سەرەتای کار B_ کۆتای کار C_ سەر نیشانی (وە ) D_ بە پێی کارەکە دەگۆڕێت

١٨_ جێناوەلکاوەکانی (م.ین یت.ن، ٠.ن) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی دووری تێنە پەڕی سادە دەچنە :

A_ سەرەتای کار B_دوای نیشانەی (بوو ) C_ پێش نیشانەی (بوو ) D_ کۆتای کار

١٩_ جێناوەلکاوەکانی (م.ین یت.ن، ٠.ن) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی بەردەوامی تێنە پەڕی سادە دەچنە :

A_ سەرەتای کار B_دوای نیشانەی (دە ) C_ کۆتای کار D_ پێش نیشانەی (دە )

٢٠_ جێناوەلکاوەکانی (م.ین یت.ن، ٠.ن) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی نزیکی تێنە پەڕی ناسادە دەچنە :

A_ سەرەتای کار B_دوای نیشانەی (دە ) C_ کۆتای کار D_ کۆتای بەشی یەکەمی کار

٢١_ جێناوەلکاوەکانی (م.ین یت.ن، ٠.ن) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی دووری تێنە پەڕی ناسادە دەچنە :

A_ کۆتای کار B_ پێش نیشانەی (بوو ) C_دوای نیشانەی (بوو ) D_ کۆتای بەشی یەکەمی کار

٢٢_ جێناوەلکاوەکانی (م.ین یت.ن، ٠.ن) دەبنە بکەرلەکاری ڕابردووی بەردەوامی تێنە پەڕی ناسادە دەچنە :

A_ پێش نیشانەی (دە ) B_دوای نیشانەی (دە ) C_ کۆتای کار D_ کۆتای بەشی یەکەمی کار

٢٣_لەکام لەم کارانە لەسادەو ناسادەدا جێناوەکان وەکو بکەر دەچنە نێوان نیشانەی (وە ) :

A_ڕابردووی تەواوی تێپەڕ B_ ڕابردووی تەواوی تێنە پەڕ C_ ڕانەبرووی تێپەڕ D_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ

٢٤_ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاک وەکو بکەر بەدیاناکەوێت لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێنە پەڕ B_ ڕابردووی تێپەڕ C_ ڕانەبردووی تێپەڕو و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

٢٥_ کام لەم کۆمەڵە جێناوانە دەبنە بکەر لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنە پەڕ :

A_ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) B_ ( م.ین ، یت.ن ،٠.ن ) C_ (م.ین ، یت.ن ، ات . یێت .ن ) D_ ( ە. ن )

٢٦_ ( م.ین ، یت.ن ات . یێت .ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێپەڕ B_ ڕابردووی تێنە پەڕ C_ ڕانەبردووی تێپەڕو و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

٢٧ _ کام لەم کۆمەڵە جێناوانە دەبنە بکەر لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕ :

A_ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) B_ ( م.ین ، یت.ن ،٠.ن ) C_ (م.ین ، یت.ن ، ات .یّت .ن ) D_ ( ە .ن )

٢٨ _ جێناوەلکاوەکانی ( م.ین یت.ن، ات.یّت.ن ) دەبنە بکەرلەکاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕی سادە دەچنە :

A_ پێش نیشانەی ( دە ) B_ دوای نیشانەی ( دە ) C_ کۆتای کار D_ سەرتای کار )

٢٩_ جێناوەلکاوەکانی ( م.ین یت.ن، ات.یّت.ن ) دەبنە بکەرلەکاری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنە پەڕی ناسادە دەچنە :

A_ پێش نیشانەی ( دە ) B_ کۆتای کار C_ دوای نیشانەی ( دە ) D_ کۆتای بەشی یەکەمی کار

٣٠ _ ( ە .ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێنە پەڕ B_ ڕابردووی تێپەڕ C_ ڕانەبردووی تێپەڕو و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

٣١ _ ( ە .ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری داخوازی سادە دەچنە :

A_ پێش ڕەگ B_ کۆتای کار C_ پێش نیشانەی ( ب ) D_ بە پێی کارەکە دەگۆڕێت

٣٢ _ ( ە .ن ) دەبنە بکەر لەگەڵ کاری داخوازی ناسادە دەچنە :

A_ کۆتای کار B_ پێش نیشانەی ( ب ) C_ کۆتای بەشی یەکەمی کار D_ دوای نیشانەی ( ب )

٣٣ _ کام لەم کۆمەڵە جێناوانە دەبنە بکەر لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ :

A_ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) B_ ( م.ین ، یت.ن ،٠.ن ) C_ (م.ین ، یت.ن ، ات .یّت .ن ) D_ ( ە .ن )

٣٤ _ جێناوی لکاوی ( ات ) دەبێتە ) بکەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێنە پەڕ B_ ڕابردووی تێپەڕ C_ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

٣٥ _ جێناوی لکاوی ( ە ) دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێنە پەڕ B_ ڕابردووی تێپەڕ C_ ڕانەبردووی تێپەڕو و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

٣٦ _ جێناوی لکاوی ( یان ) دەبێتە بکەر لەگەڵ کاری :

A_ ڕابردووی تێنە پەڕ B_ ڕابردووی تێپەڕ C_ ڕانەبردووی تێپەڕو و تێنە پەڕ D_ داخوازی تێپەڕو تێنە پەڕ

٣٧ _ لەڕستەی ( خواردنەکەت خوارد ) ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ داخوازی ئەوادەبێتە :

A_ دەخوات B_ بخوات C_ بخۆ D_ بخۆن

٣٨ _ لەڕستەی ( پیاوەکە دەستنیشان دەکات ) ئەگەرکارەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوام جێناوی لکاو( ی ) بکەر دەچێتە :

A_دوای وشەی ( پیاو B_دوای وشەی ( دەست ) C_ دوای وشەی ( نیشان ) D_دوای وشەی ( دەکات )

٣٩_ئەگەر وشەی ( قەڵەمەکە ) لەڕستەی ( قەڵەمەکەمان هەڵدەگرت ) لابدەین ( مان ) دەچێتە :

A_ دوای بەشی یەکەمی کار B_ پێش نیشانەی ( دە ) C_ دوای نیشانەی ( دە ) D_کۆتای کار

٤٠ _ لەڕستەی ( بەشاخەکەدا سەردەکەوم ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ ڕابردووی تەواو ئەوا دەبێتە :

A_سەرکەوتووم B_ سەرم کەوتووە C_ سەرکەوتوومە D_سەرکەوەمەوە

٤١ _ ( نانەکەی خوارد ) ئەگەر کارەکە بگۆڕێن بۆ ڕانەبردوو ئەوا ( ی ) دەبێتە :

A_ یّت B_ ات C_ ٠ D_ هەر بە ( ی ) دەمێنێتەوە

٤٢ _ لەڕستەی ( کورەکەتان بانگ نەکردووە ) ئەگەر وشەی ( کوەڕەکە ) لاببەین جێناوی لکاوی ( تان ) دەکەوێتە :

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

A_ دوای وشەی ( بانگ )    B_دوای نیشانەی ( نە )    C_ دوای وشەی ( کرد )    D_نێوان نیشانەی ( وە )

**٤٣_ لەڕانەبردوو دا ئەگەر ڕەگ کۆتایی هاتبوو بەبزوێنەکانی ( ۆ ، ە ) ئەوا جێناوی لکاوبۆکەسی سێیەم کام لەمانە وەردەگرێ:**

A_ ێت    B_ ات    C_ •    D_ ی

**٤٤_لەڕانەبردوو دا ئەگەر ڕەگ کۆتای نە هاتبوو بەبزوێنەکانی ( ۆ، ە ) ئەوا جێناوی لکاوبۆکەسی سێیەم کام لەمانە وەردەگرێ:**

A_ ێت    B_ ات    C_ •    D_ ی

**٤٥_ چی بەدیارنەکەوتووە لەڕستەی ( بە پەلە هات ) :**

A_ بکەر    B_ بەرکار    C_ دیارخەر    D_ تەواوکەری کاری ناتەواو

**٤٦_ ئەگەر ڕستەی ( بریا باخەکەم ئاودابایا ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی تەواو ئەوا دەبێتە :**

A_ باخەکە ئاودەدەمەوە    B_ باخەکەم ئاودەدا    C_ باخەکە ئاودەدەم    D_ باخەکەم ئاوداوە

**٤٧_ ( شاد خانوە کۆنەکە نۆژەندەکاتەوە ) گەر کارەکە بگۆڕین ڕابردووی بەردەوام ئەوا جێناوی بکەری ( ی ) دەچێتە :**

A_دووای نیشانەی ( دە )    B_ دوای وشەی ( کۆن )    C_دوای وشەی ( نۆژەن )    D_ دوای وشەی ( خانوو )

**٤٨_ ( کرێکارەکان هاتن ) ( ن ) دوای وشەی ( هات ) چی یە ؟**

A_جێناوی لکاوبۆکەسی دووەمی کۆ    B_ ئەسڵی وشە    C_ ( ن ) ی چاوگە    D_ جێناوی لکاوبۆکەسی سێیەمی کۆ

**٤٩_ لەڕستەی ( پرۆژەکە بەسەربکەنەوە ) ( ن ) پێش پاشگری ( ەوە ) چی یە ؟**

A_جێناوی لکاوبۆکەسی دووەمی کۆ    B_ ئەسڵی وشە    C_ ( ن ) ی چاوگە    D_ جێناوی لکاوبۆکەسی سێیەمی کۆ

**٥٠_ ئێوەن دروشمی ئاشتی بەرزدەکەنەوە ( ) ( ن ) پێش پاشگری ( ەوە ) چی یە ؟**

A_جێناوی لکاوبۆکەسی دووەمی کۆ    B_ ئەسڵی وشە    C_ ( ن ) ی چاوگە    D_ جێناوی لکاوبۆکەسی سێیەمی کۆ

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | C-9 | B-8 | B-7 | C-6 | B-5 | A-4 | A-3 | D-2 | A-1 |
| C-20 | C-19 | D-18 | B-17 | B-16 | A-15 | D-14 | B-13 | A-12 | D-11 |
| D-30 | B-29 | C-28 | C-27 | C-26 | B-25 | A-24 | B-23 | C-22 | A-21 |
| C-40 | A-39 | A-38 | C-37 | B-36 | D-35 | C-34 | D-33 | A-32 | B-31 |
| A-50 | A-49 | D-48 | B-47 | D-46 | A-45 | A-44 | B-43 | A-42 | B-41 |


ڕێزمان

# دووەم :جێناوەلکاوەکان وەکو بەرکار

**بەرکار**: ئەو وشەیەیە کەکارەکەی لەسەرئە نجام دەدرێت و کاریگەری کارەکەی دەکەوێتە سەر . بۆناسینەوەشی پرسیار لەکارەکە دەکەین بە( چی ) وەڵامی ( چی ) کە دەبێتە بەرکار نمونە .شنە وانەکەی خوێند . شنە چی خوێند؟ ( وانە ) لێرە دا( وانە )بەرکارە،

**تێبینی** / ١ـ لەم بابەتەدا کار دەبێت تێپەڕبێت، چونکەتێنە پەڕپێویستی بەبەرکارنیە .

٢ ـ هەموو کات کار دوو جێناوی پێوە دەبێت. یەکیان بکەر ئەوەی تر بەرکار .

٣ـ لەکاتی رستە فراوانکردندا بەم شێوە دەبێت ← جێناوی سەربەخۆی بکەر+ جێناوی سەربەخۆی بەرکار+ کار

٤ـ نابێت بکەرو بەرکار یەك کەس بێت. واتا بکەر تۆ بێت نابێت بەرکار تۆ و ئێوە بێت.

جگە لەکەسی سێیەم نەبێت.

## جێناوەلکاوەکان دەبنە بەرکار بەم شێوەی خوارەوە

**١ـ ( م.مان . ت.تان . ی.یان )** دەبنەبەرکار لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ لەسادە دەچنەدوای نیشانەی ( دە )

( بەرکار + بکەر ) واتا جێناوی لکاوی یەکەم بەرکارە ، دووەم بکەرە ،

وەك: دەتان نێرین . واتا ، ئێمە ئێوە دەنێرین. ( ین ) بکەرە . ( تان ) بەرکارە

وەلەناسادەشدا دەچنە کۆتایی بەشی یەکەمی کار. ( بەرکار + بکەر ) واتا جێناوی لکاوی یەکەم بەرکارە دووەم بکەرە ،

وەك: هەڵیان دەگریت . واتا ، تۆ ئەوان هەڵدەگریت. ( یت ) بکەرە. ( یان ) بەرکارە

**٢ـ ( م.مان. ی.یان )** دەبنەبەرکار لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ لەسادە دەچنەدوای نیشانەی ( ب )

( بەرکار + بکەر ) واتا جێناوی لکاوی یەکەم بەرکارە ، دووەم بکەرە ،

وەك: بیان نێرە . واتا تۆ ئەوان بنێرە. ( ە ) بکەرە . ( یان ) بەرکارە

وەلەناسادەشدا دەچنە کۆتایی بەشی یەکەمی کار. ( بەرکار + بکەر ) واتا جێناوی لکاوی یەکەم بەرکارە، دووەم بکەرە ،

وەك: هەڵمانبگرن . واتا ئێوە ئێمە هەڵبگرن. ( ن ) بکەرە. ( مان ) بەرکارە


چاپخانەی توانا 07828350088

**٣ـ ڕابردووی تێپەڕ :** لەگەڵ ئەم کارەدا دوو کۆمەڵە جێناو دەبنە بەرکار بەم شێوەیە :

**ا. ( م.مان. ت.تان. ی.یان )** دەبنەبەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنە پێش جێناوی لکاوی بکەر

( بەرکار + بکەر ) واتا جێناوی لکاوی یەکەم بەرکارە ، دووەم بکەرە ،

بەم شێوەیە :ناردمانی . واتا ، ئەو ئێمەی نارد ( ی ) بکەرە . ( مان ) بەرکارە

هەڵیانت گرت . واتا تۆ ئەوانت هەڵگرت. ( ت ) بکەرە. ( یان ) بەرکارە

**تێبینی ١:** لەسادەدا چ بڵێین پێش جێناوی لکاوی بکەر ، چ بڵێین نێوان کارو جێناو لکاوی بکەر ، چ بڵێین کۆتایی کار ، هەمووی دەکاتە هەمان شوێن .

**تێبینی ٢:** لەناسادەدا چ بڵێین پێش جێناوی لکاوی بکەر ، چ بڵێین نێوان بەشی یەکەمی کارو جێناو لکاوی بکەر ، چ بڵێین کۆتایی بەشی یەکەمی کار ، هەمووی دەکاتە هەمان شوێن .

**تێبینی ٣:** لەڕابردووی تێپەڕدا ئەگەربکەرو بەرکار هەردووکیان سەربەکۆمەڵەی یەکەم بوون لەسادەو ناسادەدا ئەوا دەکەونە دوای یەك . ئەوکاتەش هەمیشە یەکەم ( بەرکارە ) و دووەم ( بکەرە ) وەکو : دوو نمونەکانی سەرەوە .

**ب. ( م.ین. یت.ن. ن.٠ )** دەبنەبەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنەکۆتای کار ( بکەر +بەرکار )

بەم شێوەیە :ناردتن . واتا ، تۆ ئەوانت نارد ( ت ) بکەرە . ( ن ) بەرکارە

بانگتان کردین. واتا ، ئێوە ئێمەتان بانگکرد. ( تان ) بکەرە. ( ین ) بەرکارە

**تێبینی١/** ئەگەر کارەکەسادەبوو بکەرەکەکەسی سێیەمی تاك وکۆبوو ،واتا( ی.یان ) بووئەوا جێناوەکانی ( م.ین. یت.ن ، ٠.ن ) دەچنە پێش جیناوی لکاوی بکەر . وەك : بردینی . ( ی ) بکەرە . ( ین ) بەرکارە. ( بەرکار + بکەر ) پێچەوانە دەبێتەوە

**تێبینی ٢/** جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو بەرکار سفرە و بەدیارناکەوێت لەکاری ڕابردووی تێپەڕ

وەك : ناردمان٠ واتا ئێمە ئەومان نارد. ( مان ) بکەرە ( ٠ ) بەرکار بەدیارنەکەوتووە .

**تێبینی٣/** لەکرمانجی سەرووەدا کۆمەڵەجێناوی ( م.ین. ی.ن. ٠ .ن ) دەبنەبەرکار لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ

وەك : سەربەستی تو دیتی . سەربەستی هوین گرتن.

**تێبینی ٤/** هەرچەندە جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لەکۆمەڵەی یەکەم ( ی ) یە ، بەلاَم بۆسوکی زمان ئەویش دەرناکەوێت.

## ڕاهێنانی ـ ١

جێناوی کەسی لکاوی ( تان ، ین ) لەدوو ڕستە بەکاربهێنە . لەڕستەی یەکەم ( تان ) بکەر بێت ، ( ین ) بەرکار ، لەڕستەی دووەم ( ین ) بکەر بێت ( تان ) بەرکار:

ـ ڕاتان گرتین . ( تان ) بکەرە و ( ین ) بەرکار

ڕاتان دەگرین ، ( ین ) بکەرە و ( تان ) بەرکار

## ڕاهێنانی ـ ٢

ئەرکی جێناوەلکاوەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە دیاری بکە .

| ڕستە | جێناوی لکاو | ئەرکی |
|---|---|---|
| ١ _ بەجوانی سەیری کردین | سەیری کردین<br>سەیری کردین | بکەر<br>بەرکار |
| ٢ _ بەوردی خوێندمنەوە | خوێندمنەوە<br>خوێندمنەوە | بکەر<br>بەرکار |
| ٣ _ ناردمیان بۆ ئاهەنگەکە | ناردمیان<br>ناردمیان | بەرکار<br>بکەر |
| ٤ _ دەمانیان هێنا بۆئێرە | دەمانیان هێنا<br>دەمانیان هێنا | بەرکار<br>بکەر |

## ڕاهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١_ جێناوی ( ن ) دەبێتە بەرکارلەگەڵ کاری :

ئـ _ ڕابردووی تێپەڕ  ب _ ڕانەبردووی تێپەڕ  پ _ داخوازی تێپەڕ  ت _ هەمویان

٢ _ ( بانگمان کردیت ) ئەگەر کاری ڕستەکەبگۆڕین بۆڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

ئـ _ بانگماندەکەیت  ب _ بانگماندەکردیت  پ _ بانگتدەکەین  ت _ بانگتناکەین

٣ _ ( وەرتان دەگرتین ) دەتوانین ( ین ) بگۆڕین بە ( مان ) چونکە کارەکە :

ئـ _ ڕابردووی تێپەڕ  ب _ ڕانەبردووی تێپەڕە  پ _ داخوازی تێپەڕە  ت _ ڕانەبردووی تێنە پەڕە

٤ _ ( هەڵتبژارد ) ئەگەرکاری ڕستەکە بکەینە داخوازی ئەوا دەبێتە :

ئـ _ هەڵتبژێرم  ب _ هەڵیانبژێرە  پ _ هەڵیبژێرە  ت _ هەڵتبژێرین

٥ _ ( بانگیکردم بۆ ئاهەنگەکە ) ئەرکی جێناوی ( م ) چی یە؟

ئـ _ بکەرە  ب _ بەرکارە  پ _ تەواوکەری بەیاریدەیە  ت _ دیارخەرە

ڕێزمان

راهێنانی ـ ٤

لەڕستەی ( پار هەڵی بژاردین )

١_ ( ین ) چی یە و ئەركی چی یە و بۆچی خراوەتە ئەوشوێنە ؟

ـ ( ین ) جێناوی لكاوە بۆكەسی یەكەمی كۆ ، بەركارە

چونكەكارەكە ڕابردووی تێپەڕی ناسادەیە ، جیناوەكانی كۆمەڵەی دووەم دەچنە ئەوێ وەك بەركار

٢_ ئەگەر ( ین ) بگۆڕین بۆ ( مان ) دەكەوێتە كوێ ؟ بۆچی؟

ـ ئەگەر ( بیگۆڕین بۆ ( مان ) ئەوا دەبێتە ( هەڵمانی بژارد )

جێناوەكانی كۆمەڵەی یەكەم بەركارین لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕ ئەوادەچنەكۆتای بەشی یەكەمی كار لەناسادە

٣_ ڕستەكە بگۆڕە بۆكاتی ڕانەبردوو هەردوو جێناوە لكاوەكانیش شیبكەوە .

ـ ( ساڵیكی تر هەڵمان دەبژێرێت ) ( مان ) جێناوی لكاوە بۆكەسی یەكەمی كۆ ، بەركارە

( ێت ) جێناوی لكاوەبۆكەسی سێیەمی تاك ، بكەر

## هەڵــــــــــــبــــــــژاردن

١_ ( م.مان، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بەركار لەگەڵ كاری ڕانەبردووی تێپەڕی سادە دەچنە :

A_ سەرەتای كار   B_ پێش نیشانەی ( دە )   C_ دوای نیشانەی ( دە )   D_ كۆتای كار

٢_ لەكام لەم ڕێژانە جێناوەكان وەكو بەركار دەچنە دوای نیشانەی ( دە ) :

A_ ڕابردووی تێپەڕی سادە   B_ ڕانەبردووی تێپەڕی سادە   C_ ڕانەبردووی تێپەڕی ناسادە   D_ داخوازی تێپەڕی ناسادە

٣_ ( م.مان، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بەركار لەگەڵ كاری ڕانەبردووی تێپەڕی دارێژراو ولێكدراو دەچنە :

A_ كۆتایی بەشی یەكەمی كار   B_ پێش نیشانەی ( دە )   C_ دوای نیشانەی ( دە )   D_ كۆتای كار

٤_ لەكام لەم ڕێژانە جێناوەكانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) وەكو بەركار دەچنە دوای بەشی یەكەمی كار :

A_ ڕابردووی تێپەڕی سادە   B_ ڕانەبردووی تێپەڕی سادە   C_ ڕانەبردووی تێپەڕی ناسادە   D_ داخوازی تێپەڕی ناسادە

٥_ ئەگەر كاری ( كوشتمانیت ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردوو ئەوا جێناوی بەركار دەچێتە :

A_ سەرەتای كار   B_ پێش نیشانەی ( دە )   C_ كۆتای كار   D_ دوای نیشانەی ( دە )

٦_ كاری ( داما نمەزراندن ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ، ئەوا جێناوی لكاوی بەركار دەچێتە :

A_ پێش نیشانەی ( دە )   B_ كۆتایی بەشی یەكەمی كار   C_ دوای نیشانەی ( دە )   D_ كۆتای كار

٧_ ئەگەر ( یت ) بكەینە بكەر و ( م ) بكەینە بەركار لەچاوگی ( بانگكردن ) ئەوا دەبێتە :

A_ بانگم دەكەیت   B_ بانگمیت دەكرد   C_ بانگم دەكردیت   D_ بانگم كردیت

٨_ ئەركی جێناوی لكاوی ( یان ) لە ڕستەی ( ڕایان دەكێشین بۆ دادگا ) چی یە ؟

A_ بكەر   B_بەركار   C_ تەواوكەری بەیاریدە   D_ دیارخەر

٩_ كۆمەڵە جێناوەكانی ( م .مان ، ی.یان ) دەبنە بەركار لەگەڵ كاری :

A_ ڕابردووی تێپەڕ   B_ ڕانەبردووی تێپەڕ   C_ داخوازی تێپەڕ   D_ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ

ڕێزمان

١٠_ ( م .مان ،ی.یان ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕ لەسادە دەچنە :

A_ پێش نیشانەی ( ب ) B_ دوای نیشانەی ( ب ) C_ کۆتای کار D_ بە پێی کارەکارەکە دەگۆڕێت

١١_ کەی جێناوەکانی ( م.مان ، ی. یان ) وەکو بەرکار دەچنە دوای نیشانەی ( ب ) ؟

A_ ڕابردووی تێپەڕی سادە B_ داخوازی تێپەڕی ناسادە C_ داخوازی تێپەڕی سادە D_ داخوازی تێپەڕی سادەوناسادە

١٢_ ( م .مان ،ی.یان ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری داخوازی تێپەڕی نا سادە دەچنە :

A_ پێش نیشانەی ( ب ) B_ دوای نیشانەی ( ب ) C_ کۆتای کار D_کۆتایی بەشی یەکەمی کار

١٣_ جێناوی لکاوی ( ت ) نابێتە بەرکار لەگەڵ کاری :

A_ڕابردووی تێپەڕ B_ ڕانەبردووی تێپەڕ C_ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ D_ داخوازی تێپەڕ

١٤_ ( سەرت خستن بۆیاریەکە ) ئەگەر کاری ڕستەکە بگۆڕین بۆ داخوازی ئەوا دەبێتە :

A_ سەریان بخە B_ سەری بخەن ) C_ سەرمان بخە D_ سەریان بخەن

١٥_ ئەگەر لەچاوگی ( دەستنیشانکردن ) ( ی ) بکەینە بەرکار لەکاری داخوازی ئەوا دەچێتە دوای :

A_ وشەی ( دە ) B_ وشەی ( دەست ) C_ وشەی ( نیشان ) D_وشەی ( کرد )

١٦_ لەکام ڕستەدا ( یان ) بەرکارە و ( ە ) بکەر ؟

A_بۆیان ڕابکێشە B_ ڕایان بکێشن C_ ڕایان بکێشە D_ بۆیان ڕابکێشن

١٧_ کام کۆمەڵە جێناو لەگەڵ داخوازی تێپەڕ دەبنە بەرکار ؟

A_ ( م.مان ، ی.یان ) B_ ( م.ین ، یت.ن ، ۰.ن ) C_ ( م.ین ، یت.ن ، ات.یێت۰.ن ) D_ ( ە ، ن )

١٨_ کام کۆمەڵە جێناو لەگەڵ ڕانەبردووی تێپەڕ دەبنە بەرکار ؟

A_( م.ین ، یت.ن ، ۰.ن ) B_ ( م.مان ،ت.تان ، ی.یان ) C_ ( م.ین ، یت.ن ، ات.یێت۰.ن ) D_ ( ە ، ن )

١٩_ ئەگەر کاری ڕستەی ( بماننێرە بۆقوتابخانە ) بکەینە نەرێ ( جێناوی بەرکاری ( مان ) دچێتە :

A_ دوای نیشانەی( مە ) B_ ( پێش نیشانەی ( مە ) C_ دوای ئامرازی ( بۆ ) D_ کۆتایی کار

٢٠_ چەندکۆمەڵە جێناو لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ دەبنە بەرکار ؟

A_ یەك B_ دوو C_ سێ D_چوار

٢١_ کام کۆمەڵە جێناو لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ دەبنە بەرکار ؟

A_ کۆمەڵەی یەکەم B_کۆمەڵەی دووەم C_کۆمەڵەی سێیەم D_ کۆمەڵەی یەکەم و دووەم

٢٢_( م .مان ،ت.تان ، ی.یان ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە دەچنە :

A_ پێش جێناوی لکاوی بکەر B_ دوای کار C_ نێوان کارو جێناوی لکاوی بکەر D_ هەموویان

٢٣_( م .ین ،یت.ن ، ۰.ن ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە و ناسادە دەچنە :

A_ پێش جێناوی لکاوی بکەر B_ دوای کار C_ نێوان کارو جێناوی لکاوی بکەر D_ دوای بەشی یەکەمی کار

٢٤_( م .ین ،یت.ن ، ۰.ن ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی سادە ئەگەر بکەر ( ی ، یان ) ئەوا دەچنە :

A_ پێش جێناوی لکاوی بکەر B_ دوای کار C_ نێوان کارو جێناوی لکاوی بکەر D_ هەموویان

٢٥_ ( م .ین ،یت.ن ، ۰.ن ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی ناسادە ئەگەر بکەر ( ی ، یان ) ئەوا دەچنە :

A_ پێش جێناوی لکاوی بکەر B_ کۆتایی کار C_ نێوان کارو جێناوی لکاوی بکەر D_ دوای بەشی یەکەمی کار

٢٦_لەکام لەم ڕێژانە جێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم وەکو بەرکار ئەرکی خۆیان دەبینن؟

A_ ڕابردووی تێپەڕ B_ ڕانەبردووی تێپەڕ C_ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ D_ داخوازی تێپەڕ

٢٧_ ( یت ) دەبێتە بەرکار لەگەڵ کاری :

A_ ڕانەبردووی تێپەڕ B_ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ C_ داخوازی تێپەڕ D_ ڕابردووی تێپەڕ

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

٢٨ _ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو بەرکار بەدیارناکەوێت لەکاری :

A _ ڕانەبردووی تێپەڕ B _ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ C _ ڕابردووی تێپەڕ D _ داخوازی تێپەڕ

٢٩ _ ئەگەر لەڕستەی ( دەرمانی کردین ) ( ین ) بگۆڕین بۆ( مان ) ئەوا ڕستەکە دەبێتە :

A _ دەرمانی کرد B _ دەرمانیمان کرد C _ دەرمانمانی کرد D _ دەرمانمان کردی

٣٠ _ لەکرمانجی ژووروو ( م.ین ، ی.ن ، ٠.ن ) دەبنە بەرکار لەگەڵ کاری :

A _ ڕابردووی تێپەڕ B _ ڕانەبردووی تێپەڕ C _ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ D _ داخوازی تێپەڕ

٣١ _ لەڕستەی ( دەتانئنێرێت بۆسەیری پیشانگایەکە ) جێناوی لکاوی ( تان ) ئەرکی :

A _ بکەر B _ بەرکار C _ تەواوکەری بەیاریدە D _ دیارخەر

٣٢ _ لەکام ڕستە ( یت ) بکەرەو ( یان ) بەرکارە ؟

A _ هەڵیان بژاردیت B _ هەڵیاندەبژێریت C _ بۆیان هەبژاردیت D _ بۆیان هەڵدەبژێریت

٣٣ _ لەڕستەی ( بردمان بۆ ئاهەنگەکە ) چی دەرنەکەوتووە؟

A _ بەرکار B _ بکەر C _ تەواوکەری بەیاریدە D _ دیارخەر

٣٤ _ لەڕستەی ( ڕامی کێشا بۆ ناو ئاوەکە ) ئەرکی جێناوەلکاوەکان بریتین لە :

A _ ( ی ) بکەرەو( م ) بەرکار B _ ( م ) بکەرەو( ی ) بەرکار C _ ( ی ) تەواوکەرەو( م ) بکەر D _ ( م ) بکەرو ( ی ) تەواوکەر

٣٥ _ لەڕستەی ( ڕایان نە گرتیت لە بازگەکە ) ئەگەر( یت )بگۆڕین بۆ( ت ) ئەوا دەچێتە :

A _ دووای ( ڕا ) B _ دوای ( یان ) C _ دوای ( نە ) ب _ دوای قەد D _ دوای ئامراز

٣٦ _ ئەگەر کاری ڕستەی ( دەیاننێرین بۆ یاریەکە ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوام ئەوا دەبێتە :

A _ دەمانیان نارد B _ دەیا نمان نارد C _ دەیانین نارد D _ دەمانی نارد

٣٧ _ ئەگەر کاری ڕستەی ( بانگی دەکەیت بۆ یاریەکە ) بگۆڕین بۆ داخوازی ئەوا دەبێتە :

A _ بانگت بکەن B _ بانگی بکەن C _ بانگی بکە D _ بانگیان بکە

٣٨ _ ( یت ) دەبێتە بەرکار لەگەڵ کاری :

A _ ڕانەبردووی تێپەڕ B _ ڕابردووی تێپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕ C _ ڕابردووی تێپەڕ D _ داخوازی تێپەڕ

٣٩ _ ئەگەر کاری ڕستەی ( سەرمان خستن بۆ یاریەکە ) بگۆڕین بۆ ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A _ سەرمان دەخەن B _ سەریا نمان دەخست C _ سەرمانیان دەخست D _ سەریان دەخەین

٤٠ _ لەڕستەی ( هەڵمان ببژێرە بۆ پێشبڕکێیەکە ) جێناوی لکاوی ( مان ) ئەرکی :

A _ بکەر B _ بەرکار C _ تەواوکەری بەیاریدە D _ دیارخەر

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | C-9 | B-8 | A-7 | B-6 | D-5 | C-4 | A-3 | B-2 | C-1 |
| B-20 | A-19 | B-18 | A-17 | C-16 | C-15 | A-14 | D-13 | D-12 | C-11 |
| A-30 | C-29 | C-28 | D-27 | A-26 | B-25 | D-24 | B-23 | D-22 | D-21 |
| B-40 | D-39 | C-38 | C-37 | B-36 | A-35 | A-34 | A-33 | B-32 | B-31 |

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

# سێیەم :جێناوەلکاوەکان وەکو تەواوکەری بەیاریدە

تەواوکەری بەیاریدە ئەوناوەیە یان ئەوجێناوەیەکەواتای کارەکە تەواو دەکات بەیارمەتی ئامرازە پەیوەندیەکان.

**تێبینی١:** لەم بابەتەدا دەبێت یەکێك لەم ئامرازانە هەبێت، ( پێ ، لێ . بۆ ، تێ )

**تێبینی ٢:** کە ڕستە فراواندەکەین ئەمانە دەگۆڕێن ( پێ ⟵ به ) ( لێ ⟵ ( له ) ⟶ ( تێ )

**تێبینی ٣:** لەکاتی ڕستە فراوانکردندا بەم یاسایەکە بەم شێوەیە دەبێت:

جێناوی سەربەخۆی بکەر ( ئەگەرهەبوو )+ ناو +ئامرازی ( له، بۆ، به ) + جێناوی سەربەخۆی تەواوکەری بەیاریدە + کار.

## جێناوەلکاوەکان دەبنەتەواوکەری بەیاریدە بەم شێوەیەی خوارەوە :

**١ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان )** دەبنەتەواوکەری بەیاریدەلەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی سادە و ناسادەی تێنەپەڕ دەچنەدوای ئەوناوەی کەبکەرە.

وەك: بکەر

نامەکەمان بۆهات. واتا ، نامەکە بۆ ئێمە هات . ( مان ) تەواوکەری بەیاریدەیە.

ماڵەکەیان لێ دەسوتێ. واتا ، ماڵەکە لە ئەوان دەسوتێ، ( یان ) تەواوکەری بەیاریدەیە.

**تێبینی:** بکەر لاببەین جێناوەکان وەکو تەواوکەری بەیاریدە دەچنەسەر ئامراز

وەك: بۆمان هات . لێیان دەسوتێ.

**٢ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان )** دەبنەتەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕانەبردوی تێپەڕ و داخوازی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنەدوای ئەوناوەی کەبەرکارە.

وەك: بەرکار

خانوەکە تان لێ دەکرین. واتا . ئیـمە خانوەکەلەئێوە دەکڕین. ( ین ) بکەر ، ( تان ) تەواوکەری بەیاریدەیە

خانوەکەیان بۆدروست بکەن . واتا ، ئێوە خانوەکەبۆ ئەوان دروستبکەن. ( ن ) بکەر ،( یان ) تەواوکەری بەیاریدەیە

**تێبینی:** بەرکار لاببەین جێناوەکان وەکو تەواوکەری بەیاریدە دەچنەسەر ئامراز وەك:

لێیان دەکڕین. بۆیان دروست بکەن.

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

٣ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان ) دەبنەتەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕانەبردوو و ڕابردووی بکەرنادیار سادە و ناسادە دەچنە دوای ئەوناوەی کەجێگری بکەرە .

وەك : خواردنەکەیـان لێ خورا، واتا .خواردنەکەلە ئـــەوان خورا. ( ی ) ( تەواوکەری بەیاریدەیە )

جێگری بکەر

خواردنەکە تــان لێ دەخورێ. ، واتا ، خواردنەکەلە ئـــێوە دەخورێ. ( ت ) ( تەواوکەری بەیاریدەیە )

تێبینی :جێگری بکەر لابەبین جێناوەکان وەکو تەواوکەری بەیاریدە دەچنەسەر ئامراز وەك :

لێی خورا، لێت دەخورێ

٤ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان ) دەبنەتەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری داخوازی تێنە پەڕ سادە و ناسادەی دەچنە دوای ئامازی پەیوەندی .

وەك : تێمــان بگەن . واتا . ئێـوە لە ئێـمە تێبگەن. ( ن ) بکەر ، ( مان ) تەواوکەری بەیاریدەیە

٥ـ ڕابردووی تێپەر :لەگەڵ ئەم کارە دا دوو کۆمەڵە جێناو دەبنەتەواوکەری بەیاریدە . بەم شێوەیە :

اـ ( م.مان. ت.تان. ی.یان ) دەبنەتەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەری سادەو ناسادە دا دەچنەسەرئامراز.

بەم شێوەیەیە : دیاریەکەیان بۆ ت هێنا. واتا ، ئـەوان دیاریەکەیان بۆ تـــۆ هێنا.( یان ) بکەر ، ( ت ) تەواوکەری بەیاریدەیە

اـ ( م.ین. یت.ن. ٠.ن ) دەبنەتەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەری سادەو ناسادە دا دەچنەکۆتای کار.

بەم شێوەیە :خانوەکەمــان پێ فرۆشتـــیت، واتا ، ئێمـەخانوەکەمان بەتــۆ فرۆشت،( مان ) بکەر، ( یت ) تەواوکەری بەیاریدە

تێبینی ١/ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو تەواوکەری بەیاریدە سفرە و بەدیارناکەوێت لەکاری ڕابردووی تێپەر

وەك : خانوەکەمان پێ فرۆشت ٠ واتا ، ئێمە خانوەکەمان بەئەو فرۆشت، ( مان ) بکەرە ( ٠ ) تەواوکەری بەیاریدە

تێبینی٢/ دەکرێ سێ جێناوی لکاو هەبن هەریەکەوبەئەرکێکی جیا ئەوکاتەجێناوی تەواوکەر بەئامرازەوە دەچێتە دوای کار.

بەم شێوەیە : دەی نێرم بۆت . واتا ، من ئەو بۆ تۆ دەنێرم . ( ی ) بەرکار ، ( م ) بکەر ، ( ت ) تەواوکەری بەیاریدە .

## ڕاهێنانی ـ ١

**کەی جێناوی لکاو وەکو تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێت**

ـ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو تەواوکەری بەیاریدە سفرە و بەدیارناکەوێت لەکاری ڕابردووی تێپەڕ

وەك : قەلەمەکەمان لێ وەرگرت ، واتا ، ئێمە قەلەمەکەمان لەئەو وەرگرت، ( مان ) بکەرە ( ٠ ) تەواوکەری بەیاریدە

## ڕاهێنانی ـ ٢

**بۆت نوسـیوم بۆت بنوسـم ئەمن چیم**

**دوندی قەندیلی گۆڕەپانی هەڵگوردم**

١_لەنیوەی دێری یەکەم دووجار ( ت ) هاتووە ،هەریەکەیان ئەرکی چی یە ؟ ( ت ) ی یەکەم ، بکەرە

( ت ) ی دووەم ، ، تەواوکەری بەیاریدەیە

٢_( م ) ی دوای ( نوسی ) و دوای ( بنوسم ) ئەرکیان چی یە ؟ ( م ) ی یەکەم : تەواوکەری بەیاریدەیە

( م ) ی دووەم : بکەرە

## ڕاهێنانی ـ ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە**

١_لەڕستەی ( دیاریەکەمان بۆ ناردیت ) جێناوی لکاوی ( یت ) ئەرکی چی یە :

ئـ_بکەرە ب_بەرکارە پ_ تەواوکەری بەیاریدەیە ت_،دیارخەرە

٢_ ڕستەی ( قەڵەمەکەم لێ دەبات ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن دەبێتە :

ئـ_ قەڵەمەکەم لێی برد ب_ قەڵەمەکەی لێم برد پ_ قەڵەمەکەم لێ بردی ت_قەڵەمەکەی برد

٣_ جێناوی لکاو وەك تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێت :

ئـ_ڕابردووی تێپەڕ ب_ ڕانەبردووی تێپەڕ پ_داخوازی تێنە پەڕ ت _ ڕانەبردووی تێنە پەڕ

٤_ لەڕستەی ( شیعرەکەی بۆنوسیم ) ئەگەر ( م ) بگۆڕین بۆ ( ت ) دەبێتە :

ئـ_ شیعرەکەت بۆی نوسی ب_ شیعرەکەم بۆت نوسی پ _ شیعرەکەی بۆت نوسی ت_ شیعرەکەی بۆ نوسیت

٥_ لەڕستەی ( کڵاوەکەم لێ وە ر دەگرێت )جێناوی لکاوی _م ) ئەرکی چی یە ؟

ئـ_بکەرە ب_بەرکارە پ_ تەواوکەری بەیاریدەیە ت_،دیارخەرە




چاپخانەی توانا 07828350088

راهێنانی ـ ٤

**له ڕستەی ( ولاَتەکەیان لێ دابەشکردین )**

١_( ین ) چی یە و بۆچی خراوەتە ئەوشوێنە؟

ـ جێناوی لکاوە بۆکەسیی یەکەمی کۆ ، تەواوکەری بەیاریدەیە ،

بۆیە کەوتۆتە ئەوێ، چونکە لەکاری ڕابردووی تێپەڕ کۆمەڵەی دووەم وەك تەواوکەری بەیاریدە دەچنەکۆتایی کار

٢_ ( لێ ) شیبکەوە . ـ ئامرازی پەیوەندیە

٣_ ئەگەر ( ین ) بگۆڕین بۆ ( مان ) دەچیتە کوێ ؟ بۆچی ؟ ـ دەبێتە ( ولاَتەکەیان لێمان دابەشکرد )

بۆیە کەوتۆتە ئەوێ، چونکە لەکاری ڕابردووی تێپەڕ کۆمەڵەی یەکەم وەك تەواوکەری بەیاریدە دەچنەسەر ئامراز

## هەڵـــــــــبژاردن

١_ کام لەم ئامرازانە دەبێت هەبێت کە جێناوەلکاوەکان دەبنە تەواوکەری بەیاریدە ؟

A_ئامرازی خستنەسەر B_ ئامرازی لێکدەر C_ ئامرازی پەیوەندی D_ ئامرازی بانگکردن

٢_ وشەو ناو و جێناو دەبنە تەواوکەری بەیاریدە بەیارمەتی ؟

A_ئامرازی خستنەسەر B_ ئامرازی لێکدەر C_ ئامرازی بانگکردن D_ ئامرازی پەیوەندی

٣_( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنە پەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ دوای بکەر B_ دوای بەرکار C_ دوای نیهاد D_ دوای دیارخەر

٤_( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_دوای بەرکار B_ دوای نیهاد C_ دوای بکەر D_ دوای دیارخەر

٥_ لەڕستەی ( قەلەمەکەت لێ شکا ) ئەرکی جێناوی ( ت ) چی یە ؟

A_بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەری ناو D_ تەواوکەری بەیاریدە

٦_ لەکام لەم ڕێژانە جێناولکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە دە چنە دوای بکەر :

A_ داخوازی تێنە پەڕ B_ڕابردووی تێنە پەڕ C_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ D_ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنە پەڕ

٧_ ئەگەر لەڕستەی ( نامەکەی بۆهات ) وشەی ( نامەکە ) لابدەین جێناوی ( ی ) دەچێتە :

A_ پێش ( بۆ ) B_ دوای ( بۆ ) C_ دوای هات D_ بە پێی کارەکە دەگۆڕێت

٨_( م.مان، ت.تان، ی.یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی سادەو ناسادەی بکەرنادیار دەچنە :

A_دوای بەرکار B_ دوای نیهاد C_ دوای جێگری بکەر D_ دوای دیارخەر

٩_ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوکەری بەیاریدە ،دەچنە دوای ناوێك کەجێگری بکەرە ئەگەر کارەکە :

A_ڕابردووی تێپەڕ بوو B_ داخوازی تێپەڕبوو C_ ڕانەبردووی تێپەڕبوو D_ کاری بکەرنادیاربوو

ڕێزمان

١٠_ ئەگەر لەڕستەی ( جانتاكەمان بۆ دروست كرا ) وشەی ( جانتاكە ) لابدەین جێناوی ( مان ) دەچێتە :

A_ پێش ( بۆ ) B_ دوای ( بۆ ) C_ دوای ( دروست ) D_ دوای ( كرا )

١١_ ئەركی جێناوی لكاوی ( تان ) لەڕستەی دیوارەكەتان لێ دەروخێنرێ ) چی یە ؟

A_ تەواوكەری بەیاریدە B_بكەر C_ بەركار D_ دیارخەری ناو

١٢_ ئەگەر كاری ڕستەی ( قوتابخانەكەت بۆ پاككردینەوە ) بگۆڕین بۆ كاری ڕابردووی بكەر نادیار ئەوا دەبێتە :

A_بۆت پاككرایەوە B_ بۆت پاككردینەوە C_ بۆمان پاكرایەوە D_ بۆمان پاكدەكەیتەوە

١٣_( م.مان ،ت.تان ،ی.یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە لەگەڵ كاری داخوازی تێپەڕ ورانەبردووی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ دوای بەركار B_ دوای نیهاد C_ دوای جێگری بكەر D_ دوای دیارخەر

١٤_( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە ،دەچنە دوای ناوێك كە بەركارە ئەگەر كارەكە :

A_ڕابردووی تێپەڕ بوو B_ داخوازی تێپەڕبوو C_ ڕانەبردووی تێپەڕبوو D_ داخوازی و ڕانەبردووی تێپەڕ

١٥_ ئەگەر لەڕستەی ( كراسەكەی لێ وەردەگرم ) وشەی ( كراسەكە ) لابدەین جێناوی ( ی ) دەچێتە :

A_ پێش ( لێ ) B_ دوای ( لێ ) C_ دوای ( وەر ) D_ دوای ( دەگرم )

١٦_ ئەگەر لەڕستەی ( زەوییەكەم پێ بفرۆشە ) وشەی ( زەوییەكە ) لابدەین جێناوی ( م ) دەچێتە :

A_ پێش ( پێ ) B_ دوای ( ب ) C_ دوای ( بفرۆشە ) D_ دوای ( پێ )

١٧_ ئەگەر كاری ڕستەی ( قەلەمەكەت لێ بردین ) بگۆڕین بۆ كاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A_ قەلەمەكەمان لێ دەبەیت B_ قەلەمەكەت لێ دەبەین C_ قەلەمەكەمان بردیت D_ قەلەمەكت بردین

١٨_( م.مان ، ی.یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە لەگەڵ كاری داخوازی تێنە پەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ دوای بەركار B_ دوای ئامرازی C_ دوای جێگری بكەر D_ دوای دیارخەر

١٩_( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕ دەچنە :

A_ دوای بەركار B_ دوای جێگری بكەر C_ دوای دیارخەر D_ دوای ئامرازی

٢٠_( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە ،دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی ئەگەر كارەكە :

A_ڕابردووی تێپەڕ بوو B_ داخوازی تێپەڕبوو C_ ڕانەبردووی تێپەڕبوو D_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ

٢١_( م.مان ، ی.یان ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە ،دەچنە دوای ئامرازی پەیوەندی ئەگەر كارەكە :

A_ڕانەبردووی تێپەڕ بوو B_ داخوازی تێپەڕبوو C_ ڕانەبردووی تێنە پەڕبوو D_ داخوازی تێنە پەڕبوو

٢٢_ چەندكۆمەڵە جێناو لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕ دەبنە تەواوكەری بەیاریدە؟

A_ یەك B_ دوو C_سێ D_چوار

٢٣_ ئەگەر ڕستەی ( جانتاكەت پێ هەڵگرت ) بكەینە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە؟

A_جانتاكەت پێ هەڵدەگرم B_ جانتاكەم پێ هەڵدەگریت

C_ جەنتاكەی پێ هەڵدەگریت D_جەنتاكەت پێ هەڵدەگرێت

٢٤_( م.ین ، یت.ن ، ن.٠ ) دەبنە تەواوكەری بەیاریدە لەگەڵ كاری ڕابردووی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ كۆتای كار B_ دوای بەركار C_ دوای جێگری بكەر D_ دوای دیارخەر

٢٥_ ئەرکی جێناوی لکاوی ( تان ) لەڕستەی ( هۆڵەکەمان بۆتان ڕازاندەوە ) چی یە ؟

A_بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەری ناو D_ تەواوکەری بەیاریدە

٢٦_ ئەگەر لەڕستەی ( گوندەکەت لێمان وێران نەکرد ) ( مان ) بگۆڕین بۆ ( ین ) ئەوا دەچێتە :

A_دوای ئامراز B_پێش جێناوی لکاوی بکەر C_ دوای وشەی ( وێران ) D_ کۆتای کار

٢٧_ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو تەواوکەری بەیاریدە دەرناکەوێت لەکاری :

A_ڕابردووی تێپەڕ B_داخوازی تێپەڕ C_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ D_ داخوازی تێنە پەڕ

٢٨_ ( یت ) دەبێتە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری :

A_داخوازی تێپەڕ B_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ C _ ڕابردووی تێپەڕ D_ داخوازی تێنە پەڕ

٢٩_ ( ت. تان ) نابنە تەواوکەری بەیاریدە لەگەڵ کاری :

A_ڕابردووی تێپەڕوتێنە پەڕ B_داخوازی تێپەروتێنە پەڕ

C_ڕانەبردووی تێپەرتێنە پەڕ D_ بکەرنادیاری تێپەڕوتێنە پەڕ

٣٠_ ئەگەر ڕستەی ( لێیان ستاندیت ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A_لێیان دەستێنیت B_ لێیانت ستاند C_ لێیانت دەستاند D_ لێت ستاندن

٣١_لەڕستەی ( نوسینەکەمانت بۆ خوێندەوە ) چی دەرنەکەوتوە ؟

A_ بەرکار B_ تەواوکەری بەیاریدە C_ بکەر D_هیچیان

٣٢_ ئەرکی ریزبەندی جێناوەکانی ڕستەی ( لێیانم وەرگرتیتەوە ) بریتی یە لە ؟

A_بکەر و بەرکار و تەواوکەر B_ بەرکار و بکەر و تەواوکەرو

C_ تەواوکەر وبکەر و بەرکار D_بکەرو تەواوکەرو بەرکار

٣٣_ ئەگەر لەڕستەی ( خانوەکەم لێ فرۆشتیت ) ( یت ) بگۆڕین بۆ ( ت ) ئەوا دەچێتە :

A_ پێش جێناوی ( م ) B_ دوای جێناوی ( م ) C_ دوای کار D_ دوای ئامراز

٣٤_ ئەرکی جێناوی لکاوی ( مان ) لەڕستەی خانوەکەمان لێ دەسوتێ ) چی یە ؟

A_بکەر B_ بەرکار C_ تەواوکەری بەیاریدە D_ دیارخەری ناو

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | D-9 | C-8 | B-7 | D-6 | D-5 | C-4 | A-3 | D-2 | C-1 |
| A-20 | D-19 | B-18 | A-17 | D-16 | B-15 | D-14 | A-13 | C-12 | A-11 |
| C-30 | B-29 | C-28 | A-27 | D-26 | D-25 | A-24 | C-23 | B-22 | D-21 |
| | | | | | | C-34 | D-33 | C-32 | B-31 |

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088




**هاوەڵناو :** وشەیەكە لەڕستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەكات دەبێتە دیارخەری .

## هاوەڵناولەڕووی دروستبونیەوە دوو جۆری هەیە

**١ : هاوەڵناوی سادە :** بریتیە لەیەك وشەی واتادار . وەك : ( جوان ، سێ ، چەند ، ترش ، شین )

**٢ : هاوەڵناوی ناسادە :** زیاتر لەیەك وشەیە . ئەویش دوو جۆری هەیە :

**ا. هاوەڵناوی دارێژراو :** بریتی یە لەوشەیەكی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەر دووكیان بەم شێوەیە :

## چەند یاسایەكی دروستكردنی هاوەڵناوی دارێژراو

١_ پێشگر+هاوەڵناو ← ناخۆش ، ناساغ

٢_ هاوەڵناو + پاشگر ← ڕووناك ، چوارەم

٣_ پێشگر + ناو ← بەجەرگ ، بێتام

٤_ ناو + پاشگر ← ژنانە ، بریندار . ڕاوچی ، زێڕین ، مەلەوان . بەختیار ، دەشتەكی .

٥_ قەد + پاشگر ← شكاو ، ڕزیو . مردە ، كوشتە

٦_ پێشگر +ڕەگی كار ← نەگۆڕ . نەبەز . نەگەمر .

٧_ ڕەگی كار + پاشگر ← نوسەر ، ترسنۆك ، زانا ، گەڕۆك

٨_ پێشگر +ڕەگی كار + پاشگر ← نابینا ، نەزانراو . بـخۆر

**ب : هاوەلناوی لێکدراو**:بریتیە لەدوو وشەی واتادار یان زیاتر .

## چەندیاسایەکی دروستبونی هاوەڵناوی لێکدراو :

١_ ناو + ناو ← بەژن چنار . چاوباز

٢_ ناو +ئامراز+ناو ← دەستبەسەر . روو بە خاڵ . گوڵبەدەم

٣_ دووبارەبونەوەی ناو ← ڕێ ڕێ ، چین چین ، پارچە پارچە

٤_ هاوەڵناوی ژمارە+ ناو ← دوودڵ ، یەك دەنگ ، حەوت رەنگ

٥_ ناو + هاوەڵناو ← رووخۆش ، چاوشین ، دڵپاك ، بالأبەرز

٦_هاوەڵناو +ئامراز+هاوەڵناو ← شۆخو شەنگ ، بۆرە دەوڵەمەند ، پاکوخاوێن

٧__هاوەڵناو +ئامراز+ناو ← پیرە مێرد ، شۆرە سوار ، شۆرە ژن

٨_ناو + رەگی کار ← ئاشتی خواز ، سترانبێژ ، زمانزان ، قورئان خوێن

٩_هاوەڵناو + رەگی کار ← رەشپۆش ، گەشبین ، خۆشنووس

١٠_دووبارەبوونەوەی هاوەڵناو ← جوان جوان ، خۆش خۆش ، رەش رەش

١١_هاوەڵکار+ ناو ← ژێردەست ، ژێرچەپۆك . بندیوار

١٢_ ناو+ رەگی کار+پاشگر ← رە نجدەر ، خەباتکەر ، جلشۆر

**تێبینی** : لەکرما نجی سەرودا( ی ) دەخرێتە سەر قەدی چاوگ ، هاوەڵناوی دارێژراو دروست دەبێت.

وەك : کەفت +ی ← کەفتی ، نقست +ی ← نقستی .

## راهێنانی ـ ١

١ _ چۆن هاوەڵناوێکی دارێژراو لەهاوەڵناوێکی لێکدراو جیا دەکەینەوە ؟ بە نمونە روونی بکەوە

هاوەڵناوی دارێژراو :بریتیەلەوشەیەکی واتادارلەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان وەك ( ناخۆش،نوسەر، بـخۆر )

ــ هاوەڵناوی لێکدراو :بریتی یە لەدوو وشەی واتادار یان زیاتر وەك ( بندیوار ، رەش رەش ، رووخۆش )

٢ _ بەچەند رێگا دەتوانین هاوەڵناوی دارێژراو لەرەگی کاردروست بکەین ؟ بە نمونەوە رونی بکەوە .

ـ بەسێ رێگا دەتوانین هاوەڵناوی دارێژراو لەرەگی کار دروست بکەین بەم شێوەیە :

ا _ پێشگر+ رەگی کار وەك : نەبەز

ب _ رەگی کار + پاشگر وەك : زانا

پ _ پێشگر + رەگی کار + پاشگر ، وەك : نابینا

٣ _ چۆن دەتوانین لەقەدی چاوگی تێنە پەرەوە هاوەڵناوی دارێژراو دروست بکەین؟

ــ قەد + پاشگری ( و ) وەك ( کەوتوو ، رزیو )

٤_چۆن لەدوو ناو هاوەڵناوی لێکدراو دروستدەکەین بە نمونە رونی بکەوە .

بەسێ شێوە ا _ دووبارەکردنەوەی ناو . وەك : ( رێ رێ ، چین چین )

ب_ ناو +ناو . وەك : ( بەژن چنار ، چاوباز )

پ_ ناو +ئامراز +ناو . وەك : ( گوڵ بەدەم ، دەست بەسەر

## راهێنانی ـ ٢

**جۆرو شێوەی دروستبوونی ئەم هاوەڵناوانەی خوارەوە دیاری بکە**

| هاوەڵناو | جۆرەکەی | شێوەی دروستبونی |
|---|---|---|
| دەنگبێژ | لێکدراو | ناو+ رەگی کار |
| سەرسپی | لێکدراو | ناو + هاوەڵناو |
| کەوتوو | دارێژراو | قەد+ پاشگر |
| نەمر | دارێژراو | پێشگر + رەگی کار |
| خەباتکەر | لێکدراو | ناو+رەگی کار + پاشگر |
| تێکۆشەر | دارێژراو | رەگی کار+ پاشگر |
| ناشاد | دارێژراو | پێشگر +هاوەڵناو |

## راهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١_ ( خەیاری گوڵبەدەم ناسکە ( هاوەڵناوی ( گوڵبەدەم ) دروستبووە بە دەستوری "

ئـ_ناو+ئامراز+هاوەڵناو　　ب_هاوەڵناو+ئامراز+ناو　　پ_ناو+ئامراز+ناو　　ت_هاوەڵناو+ئامراز+هاوەڵناو

٢_یەکێك لەم هاوەڵناوانە دروستبووە بە دەستووری ( پێشگر +ڕەگی کار )

ئـ_بەهێز　　ب _ نەخۆش　　پ_ بوێر　　ت _ بەدڵ

٣ _ هاوەڵناوی ( کۆنە دەوڵەمەند ) بەچ دەستورێك دروست بووە ؟

ئـ_ناو+ئامراز+هاوەڵناو　　ب_هاوەڵناو+ئامراز+ناو　　پ_ناو+ئامراز+ناو　　ت_هاوەڵناو+ئامراز+هاوەڵناو

٤_کام لەم هاوەڵناوانە بە بەدەستوری ( ناو + پاشگر ) دروست بووە ؟

ئـ_پیاوکوژ　　ب _پیاوانە　　پ_ پیاوەتی　　ت _ پیاوان

٥ _ هاوەڵناوی ( دووەڵ ) دروست بووە بەدەستوری ؟

ئـ_ناو+هاوەڵناو　　ب_هاوەڵناوی ژمارە +ناو　　پ_هاوەڵناوی چۆنیەتی +ناو　　ت_هاوەڵناو+هاوەڵناو

## راهێنانی ـ ٤

لەم ڕستانەی خوارەوەداهاوەڵناوەکان دەربهێنە و جۆرەکانیان دەستنیشان بکە )

| ڕستە | هاوەڵناو | جۆرو شێوازی دروستبوونی |
|---|---|---|
| پێشمەرگە بەجەرگە | بەجەرگ | داڕێژراو : پێشگر +ناو |
| کچێکی نووسەریان خەڵاتکرد | نووسەر | داڕێژراو : ڕەگی کار+ پاشگر |
| ئەدیسۆنی زاناخزمەتی مرۆڤایەتی کردووە | زانا | داڕێژراو : ڕەگی کار + پاشگر |

## هەڵبـــــــژاردن

١ _ وشەیەکە لەڕستەدا وەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات ، دەبێتە دیارخەری ناو :

A_ ناو　　B_ چاوگ　　C_ هاوەڵکار　　D_ هاوەڵناو

٢ _ هاوەڵناو لەڕووی بنچینەی وشەوە دەکرێتە :

A_ دوو جۆر　　B_ سێ جۆر　　C_ چوار جۆر　　D_ پێنج جۆر

٣ _ هاوەڵناوی ناسادە چەندجۆری هەیە ؟

A_ یەك　　B_ دوو جۆر　　C_ سێ جۆر　　D_ چوار جۆر

ڕێزمان

٤_ ئەو هاوەڵناوەیە کە پێکدێت لەیەك وشەی واتادار :

A_هاوەڵناوی سادە B_هاوەڵناوی داڕێژراو C_ هاوەڵناوی لێکدراو D_ هیچیان

٥_ کام لەم هاوەڵناوانە لەرووی پێکهاتنەوە سادەیە :

A_ رووخۆش B_ بێتام C_ ڕاوچی D_ لاواز

٦_ هاوەڵناوی ( زیرەك ) لەرووی پێکهاتن و دروستبونیەوە :

A_ سادە B_ داڕێژراو C_ لێکدراو D_ بە پێی بەکارهێنان دەگۆڕێت

٧_ ئەو هاوەڵناوەیە کە پێکدێت لەیەك وشەی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان :

A_هاوەڵناوی سادە B_ هاوەڵناوی لێکدراو C_هاوەڵناوی داڕێژراو D_ هیچیان

٨_ کام لەم هاوەڵناوانە لەرووی پێکهاتنەوە داڕێژراوە :

A_ ڕێ ڕێ B_ بەجەرگ C_ ڕە نجدەر D_ زیرەك

٩_ هاوەڵناوی ( ناساغ ) لەرووی پێکهاتن و دروستبونیەوە :

A_ سادە B_ داڕێژراو C_ لێکدراو D_ هیچیان

١٠_ ئەو هاوەڵناوەیە کە پێکدێت لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر :

A_هاوەڵناوی سادە B_هاوەڵناوی داڕێژراو C_ هاوەڵناوی لێکدراو D_ هیچیان

١١_ کام لەم هاوەڵناوانە لەرووی پێکهاتنەوە لێکدراوە :

A_ بریندار B_ بەختیار C_ مەلەوان D_ چاوشین

١٢_ هاوەڵناوی ( چاو باز ) لەرووی پێکهاتن و دروستبونیەوە :

A_ سادە B _ داڕێژراو C_ لێکدراو D_ هیچیان

١٣_ یەکێك لەم هاواڵناوانە بە دەستوری ( هاوەڵناوی ژمارە + ناو ) دروستبووە :

A_ دوودڵ B_ ڕەشپۆش C_ ژێردەست D_ بندیوار

١٤_ یەکێك لەم هاوەڵناوانە بە دەستوری ( قەد + پاشگر ) دروستبووە :

A_ رووناك B_ خەباتکەر C_ چوارەم D_ شکاو

١٥_ ئەرکی وشەی ( چوارەم ) لەرستەی ( کوڕی چوارەم گەیشت ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ تەواوکەر D_ دیارخەری ناو

١٦_هاوەڵناوی ( سترانبێژ ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو +ڕەگی کار B_ هاوەڵناو +هاوەڵناوی کراو C_هاوەڵکار +ڕەگی کار D_ هاوەڵناو + ڕەگی کار

١٧_ هاوەڵناوی ( شۆخو شەنگ ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو +ئامراز +ناو B_ هاوەڵناو +ئامراز +هاوەڵناو C_ ناو + هاوەڵناو D_ هاوەڵناو + ڕەگی کار

١٨_ هاوەڵناوی ( نقستی ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو + پاشگر B_ هاوەڵناو + پاشگر C_ قەد+ پاشگر D_ ڕەگی کار+ پاشگر

١٩_ هاوەڵناوی ( خاوێن ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو + پاشگر B_ هاوەڵناو + پاشگر C_ ڕەگی کار + پاشگر D_ هیچیان

٢٠_ هاوەڵناوی ( بخۆر ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ پێشگر ناو+ پاشگر B_ پێشگر+ هاوەڵناو + پاشگر C_ پێشگر +ڕەگی کار + پاشگر D_ هیچیان

٢١_ بەچەند ڕێگا دەتوانین هاوەڵناوی داڕێژراو دروستبکەین لە ڕەگی کار :

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٢٢ _ ( وڵاتە ژێردەستەکە ئازاد کرا ) هاوەڵناوی ( ژێردەست ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو + هاوەڵکار B_ ناو + ناو C_ هاوەڵکار + ڕەگی کار D_ هاوەڵکار + ناو

٢٣ _ دەتوانین هاوەڵناوی دارێژراو دروستبکەین بەزیادکردنی پاشگری ( و ) لەدوای قەدی چاوگی :

A_ تێنە پەڕ B_ تێپەڕ C_ تێنە پەڕ و تێپەڕ D_ هیچیان

٢٤ _ دەتوانین هاوەڵناوی دارێژراو دروستبکەین لە قەدی چاوگی تێنە پەڕ بە زیادکردنی پاشگری :

A_ ار B_ ی C_ ە D_ و

٢٥ _ لەکرمانجی ژووروو ،دەتوانین هاوەڵناوی دارێژراو دروستبکەین لە قەدی چاوگی تێنە پەڕ بە زیادکردنی پاشگری :

A_ ار B_ ی C_ ە D_ و

٢٦ _ بەچەند ڕێگا دەتوانین هاوەڵناوی لێکدراو دروستبکەین لە ناو :

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٢٧ _ ( هەناره ڕزیوەکەم نەخوارد ) هاوەڵناوی ( ڕزیو ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو + پاشگر B_ هاوەڵناو + پاشگر C_ قەد + پاشگر D_ ڕەگ + پاشگر

٢٨ _ یەکێك لەم هاوەڵناوانە بە دەستوری ( ناو + ڕەگی کار ) دروستبووە :

A_ زمانزان B_ خەباتکەر C_ڕەشپۆش D_ جلشۆر

٢٩ _ هاوەڵناوی ( خۆشنوس ) لەرستەی ( پیاوە خۆشنوسەکە نوسینەکەی بەجوانی نوسی ) دروستبووە بەدەستوری ؟

A_ ناو+ڕەگی کار B_ قەد+ ڕەگی کار C_ ڕەگی کار+هاوەڵناو D_ هاوەڵناو+ ڕەگی کار

٣٠ _ هاوەڵناوی لەرستەی ( پێشمەرگە قارەمانەکان بەجوانی شوێنەکەیان گرتەوە )بریتی یە لە :

A_ پێشمەرگە B_ قارەمان C_ بەجوانی D_شوێنەکە

٣١ _ هاوەڵناوی ( شۆڕەسوار ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو +ئامراز+هاوەڵناو B_ هاوەڵناو +ئامراز+ناو C_ناو+ئامراز+ناو D_هاوەڵناو+ئامراز+هاوەڵناو

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | B-9 | B-8 | C-7 | A-6 | D-5 | A-4 | B-3 | A-2 | D-1 |
| C-20 | D-19 | C-18 | B-17 | A-16 | D-15 | D-14 | A-13 | C-12 | D-11 |
| B-30 | D-29 | A-28 | C-27 | B-26 | B-25 | D-24 | A-23 | D-22 | B-21 |
| | | | | | | | | | B-31 |

ڕێزمان




**هاوەڵكار :** وشەیەكە لەڕستەدا وەسفی كاریك دەكات دەبێتە تەواوكەری كار:

**هاوەڵكار لەڕووی دروستبونیەوە دووجۆری هەیە**

**١: هاوەڵكاری سادە :** بریتیە لەیەك وشەی واتادار . وەك : ( زۆر، پار، كەم، زوو ، نزیك ، ژێر، جوان ....... )

**٢: هاوەڵكاری ناسادە :** زیاتر لەیەك وشەیە. ئەویش دوو جۆری هەیە.

**ا. هاوەڵكاری داڕێژراو :** بریتیە لەوشەیەكی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەر دووكیان بەم شێوەیە :

**چەندیاسایەكی دروستكردنی هاوەڵكاری داڕێژراو**

١_ پێشگر( بە )+ناو ← بەشەو. بەناز ، بەگیان

٢ پێشگر+ هاوەڵكار ← لەدوور ، لەتەنیشت ، بەزۆر

٣_ ناو+ پاشگری ( انە ) ← منداڵانە . شێرانە ، رۆژانە،

٤_ هاوەڵناو + پاشگری ( انە ) ← مەردانە ، هێمنانە ، ئازایانە

٥_ پێشگر+هاوەڵناو + پاشگر ← بەخۆشی ، بەجوانی . بەساردی

٦_ پێشگر+ناو + پاشگر ← بێشەرمانە ، بەكوردی ، بێباكانە

ڕێزمان

**هاوەڵکاری لێکدراو:** بریتیە لە دوو وشەی واتاداریان زیاتر.

## چەند یاسایەکی دروستبوونی هاوەڵکاری لێکدراو

١_دووبارەکردنەوەی ناو ← پۆل پۆل ، دەستە دەستە . گروپ گروپ

٢_ دووبارەکردنەوەی هاوەڵناو ← جوان جوان ، وردە وردە . خۆش خۆش

٣_دوبارەکردنەوەی هاوەڵناوی ژمارە ← یەك یەك ، چوار چوار ، سێ سێ

٤_ناو+( بە ) + ناو ← ماڵ بەماڵ ، دێ بەدێ ، شاربەشار

٥_ناو+ ( او ) + ناو ← سەراوسەر . پشتاو پشت ، دەماودەم

٦_هاوەڵناو +( بە ) + ناو ← پڕبەدڵ ، پڕبە پێست ، پڕبەدەنگ

٧_هاوەڵناو +( و )+هاوەڵناو ← پاکوخاوێن ، تێروپڕ ، کزومات

٨_پێشگر+هاوەڵناوی لێکدراو+پاشگر ← بەسەربەرزی . بەڕوخۆشی . بەدڵخۆشی

٩_هاوەڵناوی نیشانە+ ناو ← ئەمشەو ، ئەمڕۆ ، ئەوساڵ

---

### ڕاهێنانی ـ ١

**جۆرو شێوەی دروستبوونی ئەم هاوەڵکارانە دیاری بکە.**

| هاوەڵکار | جۆرەکەی | شێوەی پێکهاتنی |
|---|---|---|
| ئەمڕۆ | لێکدراو | هاوەڵناوی نیشانە +ناو |
| بەگوڕ | دارێژراو | پێشگر +ناو |
| تاقم تاقم | لێکدراو | دوبارەبوونەوەی ناو |
| بەدۆستایەتی | دارێژراو | پێشگر +ناو + پاشگر |
| منداڵانە | دارێژراو | ناو + پاشگر |

## ڕاهێنانی ـ ٢

ئەم ڕستانە شی بکەوە .

١.جوان منداڵەجوانەکەی جوان پەروەدەکردووە

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| جوان | ناوە ، تاکە ناسراوە ، بکەرە |
| منداڵ | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، دیارخراوە |
| ە | ئامرازی دانە پاڵە |
| جوان | هاوەڵناوی چۆنیەتی یە، دیارخەری ناوە |
| ەکە | نیشانەی ناسراوی ناوەکەیە |
| ی | جێناوی لکاوە بۆکەسی سێیەمی تاك بۆ بکەر دەگەڕێتەوە |
| منداڵەجوانەکە | گرێی ناوی یە، بەرکارە |
| پەروەردە کردووە | کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی تێپەری لێکدراوە |

٢_گەلی کوردستان دلێرانە ڕا پەری :

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| گەل | ناوە ، تاکە ، نەناسراوە ، دیارخراوە |
| ی | ئامرازی خستنە سەرە یان دانە پاڵە |
| کور دستان | ناوە ، تایبەتیە دیارخەرە |
| گەلی کوردستان | گرێی ناویە ، بکەرە |
| دلێرانە | هاوەلکاری چۆنیەتی دارێژراوە، تەواوکەری کارە |
| ڕا پەری | کاری ڕابردووی نزیکی تێنە پەری دارێژراوە |

## ڕاهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١_کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە ( ناو+پاشگر )؟

ئـ_ژیرانە    ب_هێمنانە    پ_ساڵانە    ت_ئازایانە

٢_ هاوەڵکای ( ئەمڕۆ ) پێکهاتووە لە :

ئـ_پێشگر+ڕەگی کار ،    ب _ هاوەڵناوی نیشانە +ناو ،    پ_هاوەڵناوی نیشانە +ڕەگی کار    ت _ پێشگر +ناو

٣ _ کام لەم هاوەڵکارانە لێکدراوە؟

ئـ_مەردانە    ب_ بێشەرمانە    پ _ ئەوسا    ت _ منداڵانە

٤_ کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە ( پێشگر + هاوەڵکار)؟

ئـ_ بەزۆر    ب_ بەگوڕ    پ _ بەباشی    ت_ بەماڵ

٥_( پڕبەدڵ بانگدەکەم سەربەستیم دەوێت ) هاوەڵکاری ئەم ڕستەیە چۆن دروستبوە؟

ئـ_ناو+ئامراز+ناو    ب_هاوەڵناو +ئامراز+هاوەڵناو    پ_هاوەڵناو+ئامراز+ناو    ت_پێشگر+ئامراز+ناو

ڕێزمان

ڕێزمان

## راهێنانی ـ ٤

وشەی ( خراپ ، منداڵانە ) لەدوو ڕستە بەکار بهێنە ، جارێك هاوەڵناو بن . جارێکی تریش هاوەڵکار بن .

| وشە | هاوەڵناو | هاوەڵکار |
|---|---|---|
| خراپ | کورە خراپەکە هات | پیاوەکە خراپ کەوتە خوارەوە |
| منداڵانە | پیاوە منداڵانەکە هات | پیاوەکە منداڵانە ڕەفتار دەکات |

## هەڵبـــــــــــژاردن

١ _ وشەیەکە لەڕستەدا وەسفی کارێك دەکات ، دەبێتە تەواوکەری کار :

A _ ناو B _ چاوگ C _ هاوەڵکار D _ هاوەڵناو

٢ _ هاوەڵکار لەڕووی بنچینەی وشەوە دەکرێتە :

A _ دوو جۆر B _ سێ جۆر C _ چوار جۆر D _ پێنج جۆر

٣ _ هاوەڵکاری ناسادە چەند جۆری هەیە ؟

A_ دوو جۆر B _ سێ جۆر C_ چوار جۆر D_ پێنج جۆر

٤ _ ئەو هاوەڵکارەیە کە پێکدێت لەیەك وشەی واتادار :

A_ هاوەڵکاری سادە B_ هاوەڵکاری دارێژراو C _ هاوەڵکاری لێکدراو D _ هیچیان

٥ _ کام لەم هاوەڵکارانە لەڕووی پێکهاتنەوە سادەیە :

A_ بەکوردی B _ منداڵانە C _ کەم D _ بەشەو

٦ _ هاوەڵکاری ( جوان ) لەڕووی پێکهاتن و دروستبونیەوە :

A _ سادە B _ دارێژراو C _ لێکدراو D _ بە پێی بەکارهێنان دەگۆڕێت

٧ _ ئەو هاوەڵکارەیە کە پێکدێت لەیەك وشەی واتادار لەگەڵ پێشگرێك یان پاشگرێك یان هەردووکیان :

A_ هاوەڵکاری سادە B _ هاوەڵکاری دارێژراو C _ هاوەڵکاوی لێکدراو D _ هیچیان

٨ _ کام لەم هاوەڵکارانە لەڕووی پێکهاتنەوە دارێژراوە :

A _ پۆل پۆل B _ نزیك C _ پڕبەدڵ D _ شێرانە

٩ _ هاوەڵکاری ( ڕۆژانە ) لەڕووی پێکهاتن و دروستبونیەوە :

A _ سادە B _ دارێژراو C _ لێکدراو D _ هیچیان

١٠ _ ئەو هاوەڵکارەیە کە پێکدێت لە دوو وشەی واتادار یان زیاتر :

A _ هاوەڵکاری لێکدراو B_ هاوەڵکاری دارێژراو C _ هاوەڵکاری سادە D _ هیچیان

١١ _ کام لەم هاوەڵکارانە لەڕووی پێکهاتنەوە لێکدراوە :

A _ لەتەنیشت B _ تێروپڕ C _ بێشەرمانە D _ لەنزیك

١٢ _ هاوەڵکاری ( ئەوساڵ ) لەڕووی پێکهاتن و دروستبونیەوە :

A _ سادە B _ دارێژراو C _ لێکدراو D _ هیچیان

١٣ _ یەکێك لەم هاوەڵکارانە بە دەستوری ( هاوەڵناوی نیشانە +ناو ) دروستبووە :

A _ پڕبە پێست B_ ئەمڕۆ C _ بەسەربەرزی D_ پاکو خاوێن

١٤ _ یەکێك لەم هاوەڵکارانە بە دەستوری ( هاوەڵناو + بە + ناو ) دروستبووە :

A_ ماڵ بەماڵ B_ سەراوسەر C_ پرپەدەنگ D_ شاربەشار

١٥_ ئەرکی وشەی ( بەجوانی ) لەڕستەی ( کوڕی جوان بەجوانی هات ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ تەواوکەری کارە D_ دیارخەری ناو

١٦_ هاوەڵکاری ( دەماودەم ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو + و+ ناو B_ ناو +او+ ناو C_ هاوەڵناو +او+ناو D_ ناو + او+هاوەڵناو

١٧_ هاوەڵکاری ( لەتەنیشت ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ پێشگر+ناو B_ پێشگر+هاوەڵناو C_ پێشگر + هاوەڵکار D_ پێشگر + ڕەگی کار

١٨_ هاوەڵکاری ( ئازایانە ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ ناو + پاشگر B_ هاوەڵناو + پاشگر C_ قەد+ پاشگر D_ ڕەگی کار+ پاشگر

١٩_ هاوەڵکاری ( بەناز ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ پێشگر+ناو B_ پێشگر + هاوەڵناو C_ پێشگر+ ڕەگی کار D_ هیچیان

٢٠_ هاوەڵکاری ( بەسەربەرزی ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ پێشگر هاوەڵناوی سادە+ پاشگر B_ پێشگر + هاوەڵناوی داڕێژراو + پاشگر

C_ پێشگر +هاوەڵناوی لێکدراو + پاشگر D_ پێشگر +ناوی لێکدراو + پاشگر

٢١_ بەچەند ڕێگا دەتوانین هاوەڵکاری داڕێژراو دروستبکەین لە ناو: A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٢٢_ ( ولاتە ژێردەستەکە بەخۆشی ئازاد کرا ) هاوەڵکاری ( بەخۆشی ) دروستبووە بەدەستوری :

A_ پێشگر+ هاوەڵناو+ پاشگر B_ پێشگر+ ناو+ پاشگر C_ پێشگر +هاوەڵکار+ پاشگر D_ پێشگر+قەد+ پاشگر

٢٣_ بەچەند ڕێگا دەتوانین هاوەڵکاری داڕێژراو دروستبکەین لە هاوەڵناو:

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٢٤_ ( ماڵەنوێیەکەم بەجوانی پاککردووە . ) هاوەڵکارلەم ڕستەیە بریتی یە لە :

A_ ماڵ B_ نوێ C_ بەجوانی D_ پاککردووە

٢٥_ یەکێك لەم هاوەڵکارانە بە دەستوری ( پێشگر+ناو+پاشگر ) دروستبووە :

A_ بێباکانە B_ بەخۆشی C_ بەسەربەرزی D_ بەساردی

٢٦_ هاوەڵکاری ( ماڵبەماڵ ) لەڕستەی ( دزەکان ماڵبەماڵ گەڕان هیچیان دەستنەکەوت ) ئەرکی بریتی یە لە ؟

A_ بکەر B_ دیارخەر C_ تەواوکەری کار D_ بەرکار

٢٧_ هاوەڵکار لەڕستەی ( قوتابیە زیرەکەکان بەزووی تاقیکردنەوەکەیان ئە نجامدا ) بریتی یە لە :

A_ قوتابی B_ زیرەکەکان C_ بەزویی D_ تاقیکردنەوە

٢٨_ لەکام لەم ڕستانە هاوەڵکاری داڕێژراو هەیە :

A_ کوڕە بریندارەکە جوان هات B_ کوڕەجوانەکە بەجوانی هات

C_ کوڕە بریندارەکە بەسەربەرزی هات D_ کوڕجوانەکە بەدڵخۆشی هات

٢٩_ هاوەڵکاری ( ڕووبەڕوو ) پێکهاتووە لە :

A_ ناو+بە+ناو B_ هاوەڵناو+بە هاوەڵناو C_ هاوەڵکار+بە هاوەڵکار D_ قەد+بە+قەد

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-1 | A-2 | A-3 | A-4 | C-5 | A-6 | B-7 | D-8 | B-9 | A-10 |
| B-11 | C-12 | B-13 | C-14 | C-15 | B-16 | C-17 | B-18 | A-19 | C-20 |
| B-21 | A-22 | A-23 | C-24 | A-25 | C-26 | C-27 | B-28 | A-29 | D-30 |

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

# ڕادە

ڕادەی هاوەڵکاری | ڕادەی هاوەڵناوی

**یەکەم : ڕادەی هاوەڵناوی**:بریتی یەلەوەی لە ڕستەیەکداهاوەڵناوێك ڕادەی هاوەڵناوێکی تردیاری بکات. واتا دووهاوەڵناو بەدوای یەکەوە دێن هەمیشە هاوەڵناوی یەکەم (نادیارە ) و دیارخەری هاوەڵناوی دووەمە ، هاوەڵناوی دووەم (چۆنیەتی یە ) (دیاخراوە ) بەهەردووکیشان ( گرێی هاوەڵناوی یە )، دەبێتە دیارخەری ناو.

بۆ نمونە :

کتێبێکی زۆرکۆنم هێنا.

کتێبە زۆرکۆنەکەم هێنا.

ڕادەی هاوەڵناوی دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی

هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخراو

گرێی هاوەڵناوی، دیارخەری ناو

**هاوەڵناوەنادیارەکان** ( گەلێك،زۆر،کەمێك، هەندێك، تۆزێك،نەختێك ) کەلەوبابەتە پێیان دەگوترێ ڕادەی هاوەڵناوی.

**هاوەڵناوەچۆنیەتیەکان** ( پێچەوانەکان ، ڕەنگەکان ، تامەکان، وەك : ناشرین، شین ، ترش )

**دووەم : ڕادەی هاوەڵکاری**:بریتی یە لەوەی لەڕستەیەکدا هاوەڵکارێك ڕادەی هاوەڵکارێکی تر دیاری بکات . هاوەڵکاری یەکەم چەندی یە ( دیارخەر ) ی هاوەڵکاری دووەمە ، هاوەڵکاری دووەم چۆنیەتی یان کاتی یان شوێنیە ، ( دیارخراوە ) بەهەردوکیشیان ( گرێی هاوەڵکاری ( چۆنیەتی ، یان کاتی ، یان شوێنی ) ڕوودانی کارەکە دەردەخەن . دەبنەتەواوکەری کار .

بۆ نمونە :

نامەکەم زۆر جوان نارد، ڕادەی هاوەڵکاری ،دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی ، هاوەڵکاری چۆنیەتی دیارخراو،

گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی یە تەواوکەری کارە،

قوتابیەکەکەمێك درەنگ هات، ڕادەی هاوەڵکاری ،دیارخەری هاوەڵکاری کاتی ، هاوەڵکاری کاتی دیارخراو،

گرێی هاوەڵکاری کاتی یە ، تەواوکەری کارە

پیاوەکەزۆر دوور ڕۆویشت، ڕادەی هاوەڵکاری ،دیارخەری هاوەڵکاری شوێنی ، هاوەڵکاری شوێنی یە، دیارخراو،

گرێی هاوەڵکاری شوێنی یە تەواوکەری کارە

**تێبینی ١:** کەهاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەری هاوەڵناوێکی تر پێویستی بەئامرازی دانە پاڵ نابێت ،هاوەڵکاریش بەهەمان شێوە.

**تێبینی ٢:** ڕادەی هاوەڵکاری چۆنیەتی نیەلە کاری ناتەواو، واتا هەر کار ناتەواو بوو ( بوو ، ە ، دەبێت ) بوو ئەوا ڕادەکە دەبێتە ڕادەیەکی هاوەڵناوی ، وەك : کورە کە زۆر جوان هات. لێرە دا ( زۆرجوان ) ڕادهاوەڵکاریە . تەواوکەری کاری تەواوە . بەلاَم گەر کارە تەواوەکە بگۆڕین بۆکاری ناتەواو ئەوا گرێی( زۆرجوان ) کەڕادەی هاوەڵکاریە،یەکسەر دەبێت بەڕادەی هاوەڵناوی

وەك : کوڕەکە زۆر جوان بوو . ( زۆرجوان ) لێرە دا بـوو بەڕادەی هاوەڵنـاوی چۆنیەتی دیارخـەری ناو. پێکـەوەش دەبـنە تەواوکەری کاری ناتەواو.

**تێبینی ٣/** ئەگەر دوو هاوەڵناوی نادیار یان دووهاوەڵکاری چەندی بەدوای یەکدا هاتن ، ڕادە دروست نابێت . بەم شێوەیە :






## ڕاهێنانی ـ ١

لەڕستەی ( داڕشتنێکی باشم زۆر بەجوانی نوسییەوە )

١_ کاری ڕستەکە لەچ ڕێژەیەکدایە ؟ ـ ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێپەری داڕێژراوە

٢_ وشەی ( بەجوانی ) چی یە و چۆن دروستکراوە؟ ـ هاوەڵکاری چۆنیەتی : داڕێژراوە ، ( پێگر +هاوەڵناو + پاشگر ) تەواوکەری کارە

٣_ وشەی ( باش ) چی یە و ئەرکی چی یە ؟ ـ هاوەڵناوی چۆنیەتی سادەیە ، دیارخەری ناوە

٤_وشەی ( زۆر ) بخە پێش ( باش ) و ( بەجوانی ) لەهەردوو شوێندا وشەی ( زۆر ) شیبکەوە.

ـ داڕشتنێکی زۆر باشم زۆربەجوانی نوسییەوە.

هی یەکەمیان واتا ئەوەی پێش ( باش ) ، هاوەڵناوی نا دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی یە

هی دووەمیان واتا ئەوەی پێش ( بەجوانی ) هاوەڵکاری چەندی یە ، دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی یە .

## ڕاهێنانی ٢

**بە نمونە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە .**

١_ چۆن ڕادەی هاوەڵکارێك دەردەخەیت؟

**ڕادەی هاوەڵکاری** :بریتی یە لەوەی لەڕستەیەکدا هاوەڵکارێك ڕادەی هاوەڵکارێکی تر دیاری بکات . هاوەڵکاری یەکەم چەندیە ( دیارخەر)ی هاوەڵکاری دووەم ، هاوەڵکاری دووەم چۆنیەتی یان کاتی یان شوێنیە ، ( دیارخراوە ) بەهەردووکیشیان ( گرێی هاوەڵکاری ) چۆنیەتی ، یان کاتی، یان شوێنی ) ڕوودانی کارەکە دەردەخەن. دەبنەتەواوکەری کار .

بۆ نمونە :

نامەکەم زۆر جوان نارد، ڕادەی هاوەڵکاری، دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی ، هاوەڵکاری چۆنیەتی دیارخراو،

گرێی هاوەڵکاری چۆنیەتی یە تەواوکەری کارە،

**٢_جیاوازی چی یە لەنێوان هاوەڵکارو هاوەڵناو**

| هاوەڵناو | هاوەڵکار |
| --- | --- |
| وشەیەکە لەڕستەدا وەسفی ناو دەکات و دەبێتە دیارخەری ناو<br>کوڕە جوانەکە هات<br>↓<br>هاوەڵناو ، دیارخەری ناو | وشەیەکە لەڕستەوەسفی کار دەکات و دەبێتە تەواوکەری کار<br>کوڕەکە جوان هات<br>↓<br>هاوەڵکار ، تەواوکەری کار |

ڕێزمان

## ڕاهێنانی ـ ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە**

١_ بایەکی زۆرتوند هەڵی کرد ) وشەی ) زۆر ( بریتیە لە؟
ئـ_ ڕادەی هاوەڵناوی ، ب _ ڕادەی هاوەڵکاری پ_هاوەڵناوی چەندی ت _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

٢_ میوانەکە کەمێك درەنگ ڕۆیشت . وشەی ) کەمێك (
ئـ__ڕادەی هاوەڵناوی ، ب _ ڕادەی هاوەڵکاری پ_هاوەڵناوی چەندی ت _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

٣ _ یاریزانەکە گۆڵەکەی زۆرجوان تۆمارکرد ) ) زۆرجوان ( چی یە؟
ئـ__گرێی هاوەڵناویە ، ب _ گرێی هاوەڵکاریە پ_گرێی ناویە ت _ هاوەڵناوی لێکدراوە

٤_وشەی ) گەلێك ( لەرستەی ) ژوورەکە گەلێك ساردە. ( چی یە؟
ئـ__ڕادەی هاوەڵناوی ، ب _ ڕادەی هاوەڵکاری پ_هاوەڵناوی چەندی ت _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

٥_ ( کەمێك لەدووردانیشە ( وشەی ) کەمێك ( بریتیە لە :
ئـ__ڕادەی هاوەڵناوی ، ب _ ڕادەی هاوەڵکاری پ_هاوەڵناوی چەندی ت _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

## ڕاهێنانی ـ ٤

**لەم ڕستانەداوشە هێڵ بە ژێرداهاتووەکان شیبکەوە .**

١_ خانەی لەپ زێڕین قەڵایەکی گەلێك سەختی دروست کرد. ـ ڕادەکە هاوەڵناویە، گرێی هاوەڵناوە ، دیارخەری ناوە .

٢_ مێژوی قەڵای دم دم زۆرکۆنە . ـ ڕادەکە هاوەڵناویە، گرێی هاوەڵناوە ،تەواوکەری کاری ناتەواوە .

٣_ پێشمەرگەکان سنوری وڵاتیان گەلێك باش پاراستووە . ـ ڕادەکە هاوەڵکاریە، گرێی هاوەڵکارە ، تەواوکەری کارە

## هەڵبـــــــژاردن

١ _ ڕادە چەند جۆرن ؟ A_ یەك B_ دوو C_سێ D_چوار

٢ _ لەزمانی کوردیدا دوو جۆر ڕادە هەن کەبریتین لە :
A_ ناوی و هاوەڵناوی B_ناوی هاوەڵکاری C_ چاوگی و هاوەڵناوی D_ هاوەڵناوی و هاوەڵکاری

٣ _ کام هاوەڵناوە ڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخات: A_ نیشانە B_ پرس C_ نادیار D_ ژمارە

٤ _ هاوەڵناوی نادیار لەرستەدا کەڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخات هەمیشە دەکەوێتە :
A_ پێش هاوەڵناوی چۆنیەتی B_ دوای هاوەڵناوی چۆنیەتی C_ پێش کارەکە D_ دوای کارەکە

٥ _ لەڕادەی هاوەڵناویدا هاوەڵناوی یەکەم هەمیشە ئەرکی :
A_ دیارخەری ناوە B_ دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی یە C_ تەواوکەری کارە D_تەواوکەری کاری ناتەواوە

٦_ لەرستەی ) نوسینێکی گەلێك باشم خوێندەوە ( چی دروست بووە ؟
A_ڕادەی هاوەڵناوی B_ ناوی لێکدراو C_ڕادەی هاوەڵکاری D_ گ. هاوەڵکاری

٧ _ لەرستەی ) داستانێکی زۆرگەورەیان تۆمارکرد ( وشەی ) زۆر ( :
A_ڕادەی هاوەڵناوی B_ ناوی لێکدراو C_ڕادەی هاوەڵکاری D_ گ. هاوەڵکاری

٨ _ لەرستەی ) کتێبێکی زۆرباشم کڕی ( هاوەڵناوی ) زۆر ( ئەرکی :
A_ دیارخەری ناوە B_ دیارخەری هاوەڵناوی چۆنیەتی یە
C_ تەواوکەری کارە D_ دیارخەری هاوەڵکاری چۆنیەتی یە

٩ _ کە هاوەڵناوێك ڕادەی هاوەڵناوێك دیاردەکات پێویستی بە :

A _ ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) هەیە　　B _ ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) هەیە

B _ ئامرازی لێکدەری ( و ) هەیە　　D _ هیچ ئامرازێکی پێویست نی یە

١٠ _ لەڕستەی ( خواردنێکی گەلێك زۆرم خوارد ) ( گەلێك زۆر ) چی یە :

A _ ڕادەی هاوەڵناوی　B _ گ. هاوەڵناوی　C _ ڕادەی هاوەڵکاری　D _ گ. هاوەڵکاری

١١ _ کام هاوەڵکارە ڕادەی هاوەڵکارێکی تر دەردەخات :

A _ هاوەڵکاری کاتی　B _ هاوەڵکاری شوێنی　C _ هاوەڵکاری چەندی　D _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

١٢ _ هاوەڵناوی چەندی لەڕستەدا کەڕادەی هاوەڵکارێکی تر دەردەخات هەمیشە دەکەوێتە :

A _ پێش هاوەڵکارە دیارخراوەکە　B _ دوای هاوەڵکارەدیارخراوەکە　C _ پێش کارەکە　D _ دوای کارەکە

١٣ _ لەڕادەی هاوەڵکاریدا هاوەڵکاری یەکەم هەمیشە ئەرکی :

A _ دیارخەری هاوەڵکاری دووەمە　B _ دیارخەری ناوە　C _ تەواوکەری کارە　D _ تەواوکەری کاری ناتەواوە

١٤ _ ئەگەر لەڕستەیەکدا هاوەڵکارێك ڕادەی هاوەڵکارێکی تر دیاری بکات چی دروست دەبێت :

A _ ڕادەی هاوەڵناوی　B _ گ. هاوەڵناوی　C _ ڕادەی هاوەڵکاری　D _ هاوەڵکاری لێکدراو

١٥ _ لەڕستەی ( باخچەکەم زۆرجوان ئاوادا ) وشەی ( زۆر ) لەم ڕستەیەدا :

A _ ڕادەی هاوەڵناوی　B _ گ. هاوەڵناوی　C _ ڕادەی هاوەڵکاری　D _ گ . هاوەڵکاری

١٦ _ لەڕستەی ( نوسینەکەم گەلێك زوو تەواوکرد ) گرێی ( گەلێك زوو ) ئەرکی :

A _ دیارخەری هاوەڵکار دووەمە　B _ دیارخەری ناوە　C _ تەواوکەری کارە　D _ تەواوکەری کاری ناتەواوە

١٧ _ لەڕستەی ( خانوەکەمان زۆر زوو پاککردەوە ) وشەی ( زوو ) :

A _ هاوەڵکاری کاتی　B _ هاوەڵکاری شوێنی　C _ هاوەڵکاری چەندی　D _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

١٨ _ لەڕستەی ( خانوەکەمان زۆر زوو پاککردەوە ) وشەی ( زور ) ئەرکی :

A _ دیارخەری هاوەڵکار دووەمە　B _ دیارخەری ناوە　C _ تەواوکەری کارە　D _ تەواوکەری کاری ناتەواوە

١٩ _ لەڕستەی ( پیاوەکە زۆر دوور ڕۆیشت ) وشەی ( دوور ) :

A _ هاوەڵکاری کاتی　B _ هاوەڵکاری شوێنی　C _ هاوەڵکاری چەندی　D _ هاوەڵکاری چۆنیەتی

٢٠ _ لەڕستەی ( پیاوەکە زۆر دوور ڕۆیشت ) وشەی ( دوور ) ئەرکی :

A _ دیارخەرە　B _ دیارخراوە　C _ تەواوکەری کارە　D _ تەواوکەری کاری ناتەواوە

٢١ _ ئەرکی گرێی ( زۆرباش ) لەڕستەی ( ئوتومبێلە زۆرباشەکەیان دزی ) چی یە ؟

A _ دیارخەری کارە　B _ تەواوکەری کارە　C _ تەواوکەری کاری ناتەواوە　D _ دیارخەری ناوە

٢٢ _ ( دیاریەکە زۆرجوان بوو ) لەم ڕستەیە ( زۆرجوان ) چی یە؟

A _ هاوەڵناوی لێکدراو　B _ گ. هاوەڵناوی　C _ ڕادەی هاوەڵکاری　D _ گ. هاوەڵکاری

٢٣ _ ئەرکی گرێی ( زۆر کۆن ) لەڕستەی ( قەڵاکە زۆر کۆنە ) چی یە :

A _ دیارخەری کارە　B _ تەواوکەری کارە　C _ تەواوکەری کاری ناتەواوە　D _ دیارخەری ناوە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-1 | D_2 | C-3 | A-4 | B-5 | A-6 | A-7 | B-8 | D-9 | B-10 |
| C-11 | A-12 | A-13 | C-14 | C-15 | C-16 | A-17 | A-18 | B-19 | B-20 |
| D-21 | B-22 | C-23 | | | | | | | |


ڕێزمان

# دیارخـــەرەكانی ناو

ناو | هاوەڵناو | جێناوەسەربەخۆیەكان | جێناوەلكاوەكان

## یەكەم . ناو وەكو دیارخەری ناو

**ناو:** هەر شتێك لەم گەردونەدا بوونی هەبێت بێگومان ناوێكی هەیە . وەك:( قەڵەم ،ڕوبار ، دار ، سۆران ، عیراق ، نازدار)

**تێبینی :** ناوی شاخ و وڵات و ڕووبار و شارو گوند و كەسەكان ناوێكی تاكی تایبەتی ناسراون .

### هەندێك لەو نیشانانەی تایبەتن بەناو واتا دەچنەسەرناو

| | | |
|---|---|---|
| ( ەكە ) | نیشـــانەی تـاكی نـاسـراو. | وەك : هەنارەكە ، دارەكە ، شاخەكە |
| ( ەكان) | نیشـــانەی كـۆی نـاسـراو. | وەك : هەنارەكان. دارەكان .شاخەكان |
| ( ان ) | نیشـــانەی كـۆی نـەناسـراو. | وەك : هەناران ، داران ، شاخان |
| ( ێ ،ێك ، ەك، ) | نیشـــانەی تـاكی نـەناسـراو. | وەك : هەنارێ، دارێك ، شاخەك |
| ( ئەمە . ئەمانە ) | دەسنیشانكراوی تاك و كۆی نزیك. | وەك : كوڕی ئەمە ، برای ئەمانە |
| ( ئەوە، ئەوانە ) | دەسنیشانكراوی تاك و كـۆی دوور. | وەك : كوڕی ئەوە ، برای ئەمانە |

**تێبینی:** كاتێك ناوێك دەكەینە دیارخەری ناوێكی دی دەبێت ئاگاداری ئەو نیشانانە بین بۆئەوەی رستەكە لەگەل ڕاستی و واقعدا بگونجێن. واتە ناكرێت بڵێین : كوردستانەكانی عیراق خۆشە. ڕستەكەدروست و زانستی نیە.دەبێت بڵێین :كوردستانی عیراق خۆشە .

ناو دەبێتە دیارخەری ناو بەوشێوەیە : نـــاو + ی + نـــاو = گرێی ناوی

وەك: ئـــاو + ی + كـــانی = ئاوی كانی

دیارخراو + ئا . دانەپاڵ + دیارخەر



چاپخانەی توانا 07828350088

## چەند نمونەیەك ناو دیارخەری ناوێکی تربێت

قەڵەمی قوتابییەکەم برد . ← ناوێکی تاکی ناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراوە .

تابلۆکانی ژوورەکانم هێنان. ← ناوێکی کۆی ناسراو دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراوە

ئاوی کانیەك سازگارە . ← ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراوە

جەنتاکەی شیرین ڕەنگاو ڕەنگە ← ناوێکی تاکی ناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراوە

ژووری ئەم کوڕانە جوانە . ← ناوێکی دەستنیشانکراوی کۆی نزیك دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراوە

ئامرازی دانە پاڵن

تێبینی ١ :کەناوێك دەبێتە دیارخەری ناوێکی تر گرێی ناوی دروست دەبێت . گرێی ناویش هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت بەم شێوەیە :

١_ قەڵەمـــی کــوڕەکـــە شکا . قەلەمی کوڕەکە ، گرێی ناویە ، بکەرە .

٢_قەڵەمـــی کــوڕەکـــەم هێنا. قەلەمی کوڕەکە ، گرێی ناویە ، بەرکارە

٣_ قەڵەمـــی کــوڕەکـــە دزرا . قەلەمی کوڕەکە ، گرێی ناویە ، جێگری بکەرە

٤_ قەڵەمـــی کوڕەکـــە جوانـە قەلەمی کوڕەکە ، گرێی ناویە ، نیهادە

٥_ بەقەڵەمـی کوڕەکە دەنوسم قەلەمی کوڕەکە، گرێی ناویە ، تەواوکەری بەیاریدەی کارە

٦_نوکی قەڵەمی کوڕەکە شکا . قەلەمی کوڕەکە ، گرێی ناویە ، دیارخەری ناوە

٧_ ئەوە قەڵەمی کوڕەکە بوو . قەلەمی کوڕەکە ، گرێی ناویە ، تەواوکەری کاری ناتەواوە

تێبینی٢ : لەکرما نجی سەروودا( بادینی ) ئامرازی دانە پاڵ بە پێی کەس و ڕەگەز دەگۆڕێت . بەم شێوەیە :

( ێ ) بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت . وەك : کوڕێ سەربەستی هات. ( ێ ) ئامرازی دانە پاڵە لەکرما نجی سەروو ، بۆ ڕەگەزی نێر.

( ا ) بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت .وەك : کچا سەربەستی هات . ( ا ) ئامرازی دانە پاڵە لەکرما نجی سەروو ، بۆ ڕەگەزی مێ .

( ێد . ێت . ێن ) بەکاردێن بۆ نێر و مێی کۆ. وەك : کچێت ئازادی هاتن. کچێن ئازادی هاتن. کچێد ئازادی هاتن

کوڕێت ئازادی هاتن، کوڕێن ئازادی هاتن . کوڕێد ئازادی هاتن.

تێبینی ٣/ دەتوانین چەندناوێك یەك لەدوای یەك بکەین بە دیارخەری ناوێکی تر بەهۆی ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) وەك :

زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەرەو پێشکەوتن دەچن.

ڕێزمان

## راهێنانی ـ ١

لەڕستەی ( کتێبەکانی خوێندکاران وەر دەگرینەوە ) دا

١_ وشەی ( خوێندکاران ) چی یە و ئەرکی چی یە؟ ـ ناوێکی کۆی نەناسراوە، دیارخەری ناوە .

٢ _ کاری وەر دەگرینەوە لە چ ڕێژەیەك دایە؟ ـ ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی داڕێژراوە

٣ _ وشەی ( کتێبەکان ) شی بکەوە . ـ ناوێکی کۆی ناسراوە ، دیاخراوە.

٤_ لەکاری ( وەر دەگرینەوە ) ڕابردووی بەردەوام دروستبکە . ـ وەرمان دەگرتەوە

## راهێنانی ـ ٢

ڕستەی گونجاو بۆ ئەو داواکاریانەی خوارەوە بهێنەوە :

١_ ناوێکی کۆی ناسراو ببێتە دیارخەری ناوێکی نەناسراو و گرێیەکەش بەرکاربێ .

ــ پەرتوکی قوتابیەکان بخوێنەوە، ( پەرتوکی قوتابیەکان . ) بەرکارە

٢ _ دووناوی یەك لەدوای یەك ببنە دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو .

ــ نوکەکەی قەلەمی قوتابی شکا

٣ _ ناوێکی دەستیشانکراو بەهۆی هاوەڵناوی نیشانەبۆ نزیك ببێتە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو .

ــ پەرتوکی ئەم قوتابی یە بەسودە.

## راهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١_ ( مامۆستایانی کوردستان دڵسۆزن ) لەم ڕستەیەدا دیارخراو ناوێکی :

ئـ_ تاکی ناسراو ب_ کۆیی ناسراو پ_ تایبەتە ت_ کۆی نەناسراو

٢ _ لەڕستەی ( تابلۆکانی ئەو ژورە لێدەکەمەوە ) ( تابلۆ ) دیارخراوە بە :

ئـ_ هاوەڵناوی نیشانە ب_ جێناوی نیشانە پ_ ناوی دەستنیشانکراو ت_ جێناوی کەسی سەربەخۆ

٣_ لەڕستەی ( ئەو گڵکۆی شەهیدی کوردستانە ) گرێی ( شەهیدی کوردستان ) ئەرکی .

ئـ_ دیارخەری ناو ب_ تەواوکەری کاری ناتەواوە پ_ بەرکارە ت_ نیهادە

٤_ لەڕستەی ( مەلایی جەزیری هۆزانڤانەکی کوردبوو ) ( دیارخراو )بریتین لە :

ئـ_ تاکی مێیە ب_ تاکی نێرە پ_ کۆی نێرە ت_ کۆی مێیە

٥ _ ( ئوتومبێلەکانی پێشەنگایەکە دەفرۆشین ) ( دیارخراو دیارخەر ) بریتین لە :

ئـ_ ناوێکی تاکی ناسراو و کۆی ناسراو ب_ ناوی کۆیی ناسراو و تاکی ناسراو

پ_ ناوێکی تاکی ناسراو و کۆی نەناسراو ت_ ناوێکی کۆی نە ناسراو و تاکی ناسراو

## راهێنانی ـ ٤

**هۆنراوەکانی مەولەویم خوێندەوە**

| وشە | شیکردنەوە |
|---|---|
| هۆنراوەکان | ناوە ، کۆیە ، ناسراوە ، دیارخراوە |
| ی | ئامرازی دانە پاڵە |
| مەولەوی | ناوە ، تاکە ،تایبەتیە ، ناسراوە ، دیارخەرە |
| م | جێناوی لکاوە بۆکەسی یەکەمی تاك ، بکەرە |
| هۆنراوەکانی مەولەوی | گرێی ناوی یە ، بەرکارە |
| خوێندەوە | کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێپەڕی داڕێژراوە |

**تۆش ئەم ڕستانە شی بکەوە .**

**١.تیپی کچان شانۆگەریەکەی نمایشکرد.**

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| تیپ | ناوە ، تاکە ، نەناسراوە ، دیارخراوە |
| ی | ئامرازی دانە پاڵە |
| کچان | ناوە، کۆیە ، نەناسراوە، دیارخەری ناوە |
| تیپی کچان | گرێی ناویە ، بکەرە |
| شانۆگەریەکە | ناوە ، تاکە ، ناسراوە ، بەرکارە |
| ی | جێناوی لکاوە بۆکەسی سێیەمی تاك بۆ بکەر دەگەڕێتەوە |
| نمایشکرد | کاری ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندنی تێپەڕی لێکدراوە |

**٢_کەلتوری کورد دەپاریزین :**

| وشـــە | شیکردنەوە |
|---|---|
| کتلور | ناوە ، تاکە ، نەناسراوە ، دیارخراوە |
| ی | ئامرازی خستنە سەرە یان دانە پاڵە |
| کورد | ناوە ، تایبەتیە ،دیارخەرە |
| کلتوری کورد | گرێی ناویە ، بەرکارە |
| دەپارێزین | کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندنی تێپەڕی سادەیە |
| ین | جێناوی لکاوە بۆکەسی یەکەمی کۆ ، بکەرە |

# هەڵـــــــــبژاردن

١_ كەناوێك دەبێتە دیارخەری ناوێكی تر پێویستی بەئامرازی دانە پاڵی :

A_ ( ە ) هەیە B_ ( ی ) هەیە C_ ( ت ) هەیە D_ هیچ ئامرازێكی پێویست نی یە

٢_ بە پێی كام لەم دەستورانە ناو دەبێتە دیارخەری ناوێكی تر ؟

A_ ناو+ە+ ناو B_ ناو+ ناو C_ ناو +ی+ ناو D_ ناو+ت+ناو

٣_ لەكرمانجی ژووروودا ئامرازی ( ا ) ئامرازی دانە پاڵە بۆ :

A_ تاكی نێر B_ كۆیی نێر C_ تاكی مێ D_ كۆیی مێ

٤_ لەكرمانجی ژووروودا ئامرازەكانی ( ێد، ێت ، ێن ) ئامرازی دانە پاڵە بۆ :

A_ تاكی نێر B_ كۆیی نێر C_ تاكی مێ D_ كۆیی نێر و مێ

٥_ لەكرمانجی ژووروودا ئامرازی ( ێ ) بۆدانە پاڵە بەكاردێن بۆ:

A_ تاكی نێر B_ كۆیی نێر C_ تاكی مێ D_ كۆیی مێ

٦_( ێك ) بخرێتە سەر ناوێك ناوەكە دەكاتە ناوێكی :

A_ تاكی ناسراو B_ كۆی ناسراو C_ تاكی نەناسراو D_ كۆی نەناسراو

٧_( ەكان ) بخرێتە سەر ناوێك ناوەكە دەكاتە ناوێكی :

A_ تاكی ناسراو B_ كۆی ناسراو C_ تاكی نەناسراو D_ كۆی نەناسراو

٨_ئەركی ( ی ) لەڕستەی ( كتێبی شادم خوێندەوە ) چی یە ؟

A_ ئامرازی لێكدەر B_ ئامرازی بانگكردن C_ ئامرازی دانە پاڵ D_ ئامرازی پەیوەندی

٩_ ناوی دیارخراو دەتوانێت چەندناوێك یەك بەدوای یەك وەكو دیارخەر وەربگرێت بەهۆی ئامرازی :

A_ دانە پاڵی ( ە ) B_ پەیوەندی ( ی ) C_ لێكدەری ( و ) D_ دانە پاڵی ( ی )

١٠_ ئەركی ناوی ( یاد ) لەڕستەی ( ماڵی یاد لەسۆرانە ) چی یە ؟

A_ بكەر B_ بەركار C_ دیارخراو D_ دیارخەر

١١_ لەكام ڕستەدا دیارخراو ناوێكی تاكی نەناسراوە :

A_ كورەكانی پورم هاتن B_ كوڕی پورەكانم هاتن C_ كورەكەی پورم هات D_ ئەم كورە پورەم هات

١٢_ لەكام ڕستەدا دیارخەر ناوێكی تاكی ناسراوە :

A_ جەنتای قوتابییەكە جوانە B_ جەنتای قوتابی جوانە

C_ جانتاكەی قوتابیان جوانن D_ جانتای قوتابیەكان جوانن

١٣_ كەناوێك دەبێتە دیارخەری ناوێكی چ دروست دەبێت ؟

A_ گرێی هاوەڵناوی B_ ناوێكی لێكدراو C_ ناوێكی داڕێژراو D_ گرێی ناوی

١٤_ ( جحێلێن گوندێ مە خورتن ) ( ێن ) ئامرازی دانە پاڵە بۆ:

A_ تاكی نێر B_ كۆیی نێر C_ تاكی مێ D_ كۆیی نێر و مێ

١٥_ لەڕستەی ( منداڵانی کۆڵانەکە ژیرن ) :

A_ناوێکی کۆی نەناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراوە
B_ ناوێکی تاکی ناسراو دیارخەری ناوێکی کۆی نەناسراوە
C_ناوێکی تاکی نەناسراو دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراوە
D_ ناوێکی کۆی ناسراو دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراوە

١٦_ ئەرکی ( ا ) لەڕستەی ( کیژا سەربەستی نان خار ) چی یە ؟

A_ ئامرازی لێکدەر
B_ئامرازی بانگکردن
C_ ئامرازی پەیوەندی
D_ ئامرازی دانە پاڵ

١٧_ ( ێ ) لەڕستەی ( کورێ نەشهەدی شەهیدبوو ) ئامرازی دانە پاڵە بۆ:

A_ تاکی نێر
B_کۆیی نێر
C_ تاکی مێ
D_کۆیی نێر و مێ

١٨_ ئەرکی گرێی ( ماڵی هاورێکەم ) لەڕستەی ( لەماڵی هاورێکەم دەخوێنم ) چی یە ؟

A_ بکەر
B_ تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو
C_دیارخەر
D_ تەواوکەری بەیاریدەی کار

١٩_ لەڕستەی ( قەڵەمی قوتابیان دەشکێن ) ئەرکی گرێی ( قەڵەمی قوتابیان ) چی یە ؟

A_نیهاد
B_ بکەر
C_ تەواوکەری کار
D_جێگری بکەر

٢٠_ لەڕستەی ( کۆڵانەکانی شارخاوێنن ) ئەرکی گرێی ( کۆڵانەکانی شار ) چی یە ؟

A_نیهاد
B_ بکەر
C_ تەواوکەری کار
D_جێگری بکەر

٢١_ ئەرکی گرێی ( جانتای قوتابی ) لەڕستەی ( جەنتای قوتابییم هەڵگرت ) چی یە ؟

A_نیهاد
B_ بەرکار
C_ تەواوکەری کار
D_جێگری بکەر

٢٢_ ئەرکی گرێی ( قەڵەمی قوتابی ) لەڕستەی ( ئەمە قەلەمی قوتابی بوو ) چی یە ؟

A_نیهاد
B_دیارخەر
C_ تەواوکەری کار کاری ناتەواو
D_جێگری بکەر

٢٣_ ئەرکی گرێی ( قەڵەمی قوتابی ) لەڕستەی ( نوکی قەلەمی قوتابی شکا ) چی یە ؟

A_نیهاد
B_دیارخەر
C_ تەواوکەری کار
D_جێگری بکەر

٢٤_ ئەرکی گرێی ( کوری شنە ) لەڕستەی ( کوری شنە رفێنرا ) چی یە ؟

A_نیهاد
B_دیارخەر
C_ تەواوکەری کار
D_جێگری بکەر

٢٥_ ناوی ( هەنار ) لەڕستەی ( هەنارەکانی شارەزوور بەناوبانگن ) ناوێکی :

A_ تاکی ناسراو
B_ کۆی ناسراو
C_ تاکی نەناسراو
D_ کۆی نەناسراو

٢٦_ ئەرکی ناوی ( شنۆ ) لەڕستەی ( شنۆی خوشکم بەیەکەم دەرچوو ) چی یە ؟

A_ بکەر
B_ بەرکار
C_ دیارخراو
D_ دیارخەر

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D-10 | D-9 | C-8 | B-7 | C-6 | A-5 | D-4 | C-3 | C-2 | B-1 |
| A-20 | B-19 | D-18 | A-17 | D-16 | B-15 | D-14 | D-13 | A-12 | B-11 |
| | | | | C-26 | B-25 | D-24 | B-23 | C-22 | B-21 |

ڕێزمان




**هاوەڵناو :** وشەیەکە لەڕستەداوەسفی ناوێك یان جێناوێك دەکات و دەبێتە دیارخەری ناو یان جێناو.

## هاوەڵناوەکان دەبنەدیارخەری ناو بەم شێوەی خوارەوە:

**١_ هاوەڵناوی پرس:** ( کام ، چۆن ، چ ، چەند، کامە ) بەدوو شێوە دەبنەدیارخەری ناو هەم لە پێش ناو دێن هەم لـەدوای ناو ئەگەر لە پێش ناو هاتن ئامرازی دانە پاڵ یان خستنەسەری پێویست نیە . بەم شێوەیە :

کـام کتـێبێت خوێندەوە . هاوەڵناوی پرسە، دیارخەری ناوە . ناوە ، دیارخراوە .

بەڵام ئەگەر لەدوای ناوەوە هات ئەوا ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) پێویستە ، بەم شێوەیە :

کتێبـی چـۆن بەسودە . هاوەڵناوی پرسە ، دیارخەری ناوە . ناوە ، دیارخراوە . ئامرازی دانە پاڵە

**٢_ هاوەڵناوی نادیار:** ( هەموو ، گەلێك . برێك ، کەمێك ، پیچەك ، نەختێك ، ) بەدوو شێوە دەبنە دیارخەری ناو هەم لە پێش ناو دێن هەم لەدوای ناو ئەگەر لە پێش ناو هاتن ئامرازی دانە پاڵ یان خستنەسەری پێویست نیە . بەم شێوەیە :

کەمێك کتێـبت خوێندەوە . هاوەڵناوی نادیار، دیارخەری ناوە . ناوە ، دیارخراوە .

بەڵام ئەگەر لەدوای ناوەوە هات ئەوا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) پێویستە ، بەم شێوەیە :

کتێبـی زۆرم خوێندەوە . هاوەڵناوی نادیار، دیارخەری ناوە. ناوە ، دیارخراوە . ئامرازی دانە پاڵە

**٣_ هاوەڵناوی ژمارە:** ا_ هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن: ( سێیەم ، چوارەمین، هەشتەم ، حەوتەم ) بەدوو شێوە دەبنەدیارخەری ناو هەم لە پێش ناو دێن هەم لەدوای ناو، ئەگەر لە پێش ناو هاتن ئامرازی دانە پاڵی پێویست نیە . بەم شێوەیە :

چـوارەمین کتێـب بەسودە . هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن، دیارخەری ناوە. ناوە ، دیارخراوە ،



چاپخانەی توانا 07828350088

بەڵام ئەگەر لەدوای ناوەوە هات ئەوا ئامرازی خستنەسەری ( ی ) پێویستە ، بەم شێوەیە :

کتێبی نۆیەم خوێندەوە . هاوەڵناوی ژمارەی ڕێکخستن، دیارخەری ناوە. ناوە ، دیارخراوە . ئامرازی دانە پاڵە

ب_هاوەڵناوی ژمارەی بنجی ( سێ ، نۆ ، چوارده ، چل ) بە یەك شێوە دەبنەدیارخەری ناو هەمیشە لە پێش ناو دێن، ئامرازی دانە پاڵی پێویست نیە . بەم شێوەیە :

چوار کتێبم خوێندەوە . هاوەڵناوی ژمارەی بنجی ، دیارخەری ناو . ناوە ، دیارخراوە .

## ٤_ هاوەڵناوی نیشانە : ( ئەو___ە، ئەو___انە، ئەم___ە ، ئەم___انە )بەیەك شێوە دەبنەدیارخەری ناو

هەمیشە لە پێش ناو دێن کەوایە هیچ کات ئامرازی دانە پاڵ یان خستنەسەری پێویست نیە . بەم شێوەیە :

ئەم کتێبە بخوێنەوە . هاوەڵناوی نیشانەیە، دیارخەری ناو . ناوە ، دیارخراوە .

## ٥_ هاوەڵناوی پلەی باڵا : ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + ترین . وەك: باشترین ، جوانترین ، زیرەکترین ، پاکترین )

بەیەك شێوە دەبنەدیارخەری ناو هەمیشە لە پێشناو دێن کەوایە هیچ کات ئامرازی دانە پاڵ یان خستنەسەری پێویست نیە . بەم شێوەیە :

باشترین کتێب بخوێنەوە . هاوەڵناوی پلەی باڵایە، دیارخەری ناوە . ناوە ، دیارخراوە

## ٦_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد : ( هاوەڵناوی چۆنیەتی + تر . وەك: باشتر ، جوانتر ، زیرەکتر ، پاکتر )

بەیەك شێوە دەبنەدیارخەری ناو هەمیشە لەدووای ناو دێن کەوایە هەموو کات ئامرازی دانە پاڵ یان خستنەسەری پێویستە . بەم شێوەیە :

کتێبی باشتر بخوێنەوە . هاوەڵناوی پلەی بەراورد، دیارخەری ناو . ناوە ، دیارخراوە ، ئامرازی خستنەسەرە

**تێبینی ١**:هاوەڵناو کەبوە دیارخەری ناوێك ئەگەرلە پێش ناوهات ئامرازی دانە پاڵی پێویست نیەواتا یەکسەر دەدرێنە پاڵ یەك بەم شێوەیە : حەوت کتێب بخوینەوە .

بەڵام ئەگەرلە دوای ناوهات، ئەوائامرازی پێویستە وەك: کتێبی حەوتەم بخوێنەوە .( ی ) ئامرازی خستنەسەرە،

**تێبینی ٢**: هاوەڵناوی ژمارە و نادیارو پرس کەدەبنە دیارخەری ناو هەم پێویستیان بەئامرازی دانە پاڵە و هەمیش پێویستیان پێ نیە ، چونکە هەم لە پێش ناو دێن وەهەمیش لە دوای ناو .

وە هاوەڵناوی پلەی باڵا و نیشانە هیچ کات پێویستیان بەئامرازی دانە پاڵ نیە ،چونکە هەمیشە لە پێش ناو دێن.

وەهەروەها هاوەڵناوی چۆنیەتی و پلەی بەراورد هەموو کات پێویستیان بەئامرازی دانە پاڵە،چونکە هەمیشەلەدوای ناودێن.

**تێبینی ٣ :** هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی هەرچەندە تەنها لە پێش ناودێت بەلاّم هەرپێویستی بەئامرازی دانە پاڵی ( ی ) دەبێت

وەك :

سێ یەکـی زەویەکانمان فرۆشت. : هاوەڵناوی کەرتی یە، دیارخەری ناوە. ناوە ، دیارخراوە ، ئامرازی خستنەسەرە

## ٧_هاوەڵناوی چۆنیەتی :

( پێچەوانەکان ، ڕەنگەکان ، تامەکان . وەك : جوان ، سەوز ، ترش ) بەیەك شێـوە دەبنــە دیارخەری ناو هەمیشە لەدوای ناو دێن کەوایە هەموو کات ئامرازی دانە پاڵ یان خستنەسەری پێویستە .

. بەلاّم دەبێت ئاگاداری ناوە دیارخراوەکە بین کەئایا ناسراوە یان نەناسراو . بەم شێوەیە

**ا _ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە نەناسراو بوو ئەوا** ← ناو + ی + هاوەڵناوی چۆنیەتی

. وەك : جلـــی جـــوان بکڕە . هاوەڵناوی چۆنیەتی یە، دیارخەری ناو . ناوە ، دیارخراوە ، ئامرازی خستنەسەرە

**ب _ ئەگەر ناوە دیارخراوەکە ناسراو بوو ئەوا** .ناوەکەو هاوەڵناوە دەدرێنە پاڵ یەکتر بەهۆی ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) وە نیشانەی کۆ و ناسراوی ناوەکەش دەچنەدوای هاوەڵناوەکەبەم شێوەیە : ← ناو +ە + هاوەڵناوی چۆنیەتی ( ەکە ، ەکان )

وەك :

گوڵــــــــــــە جـــــــــوانـــــــــــەکـــــــــــەم ڕوانـــــــد.

. ناوە ،تاکە ناسراوە، دیارخراوە . ( ە )ئامرازی خستنەسەرە. ، هاوەڵناوی چۆنیەتی یە، دیارخەری ناو، ( نیشانەی ناسراوی ناوەکەیە .

**تێبینی ١ :** ئەگەر هاوەڵناوێکی چۆنیەتی بوە دیارخەری ناوێکی ناسراوی یەك بڕگەیی کۆتایی هاتوو بەبزوینی ( ا، ۆ، ێ، ە ) ئەوا ( ی ) ناوبەند دەخەینە نێوان ناوەکەو ئامرازی دانە پاڵی ( ە )

وەك :

- بـا یــــە ڕەشـــەکە هەڵی کرد.
- دۆ یــــە ترشـــەکان ڕژان
- بێ یــــە خۆشـــەکان خواران
- شە یــــە کۆنـــەکە ونبوو.

- ناوێکی یەك بڕگەی ناسراو کۆتایی هاتوون بە بزوێن ، دیارخراون
- ناوبەندن بۆجیاکردنەوەی دوو بزوێن.
- ئامرازی دانە پاڵن
- هاوەڵناوی چۆنیەتین دیارخەری ناون
- نیشانەی ناسراو و کۆی ناوەکانن



چاپخانەی توانا 07828350088

**تێبینی ٢:** ئەگەر هاوەڵناوێكی چۆنیەتی بوە دیارخەری ناوێكی ناسراوی زیاترلەیەك برگەیی كۆتایی هاتوو بەبزوێنی ( ا ،ۆ، ێ، ە ) ئەوا ( ە ) ئامرازی دانە پاڵ دەرناكەوێت . وەك :

دەرگا • گەورەكە شكا .
لادێ • كۆنەكان ئاوە دانكرانەوە
شوشە • جوانەكان دزران
هەڵۆ • بەرزەكە دیارنەما .




**تێبینی ٣:** هەرلەشێوەی ناسراودا ئەگەر ناوێك كۆتای هاتبوو بە ( وو ) ئەوا ( و ) دووەمـی ناوەكە لادەچێت ( و ) یـكی تری ناوبەند دەخەینە نێوان ناوەكەو ( ە ) ی ئامرازی دانە پاڵ . وەك :

تو و ە سورەكەم خوارد . ناوبەندە ، بۆجیاكردنەوەی دوو بزوێن،

**تێبینی٤:** هەرلەشێوەی ناسراودا ئەگەر ناوێك كۆتایی هاتبوو بە ( ی ) هاوەڵناوێكـــی چۆنیەتیش ببێتە دیارخـەری ئـەوا ( ی ) یكی ناوبەند دەخەینە نێوان ناوەكەو ئامرازی دانە پاڵەكە . وەك:

قوتابی یـــە زیرەكەكە هات، ناوبەندە ، بۆجیاكردنەوەی دوو بزوێن

**تێبینی ٥:** كەهاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو دەبێتە گرێی ناوی و گرێی ناویش هەموو ئەركەكانی ناو دەبینێت ، نمونەش :

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١_ قەڵەمـــــــی باش شكــــا | قەلەمی باش | گرێی ناویە | بكەرە . |
| ٢_قەڵەمــــــــی زۆرم هێــــنا. | قەلەمی زۆر | گرێی ناویە | بەركارە |
| ٣_ قەڵەمــــــی دووەم دزرا . | قەلەمی دووەم | گرێی ناویە | جێگری بكەرە |
| ٤_ قەڵەمـــــی سێیەم جوانە؟ | قەلەمی سێیەم | گرێی ناویە | نیهادە |
| ٥_بەباشترین قەڵەم دەنوسم | باشترین قەلەم | گرێی ناویە | تەواوكەری بەیاریدەی كارە |
| ٦_نوكی قەڵەمە باشەكە شكا. | قەلەمە باشەكە | گرێی ناویە | دیارخەری ناوە |
| ٧_ ئەوە قەڵەمە جوانەكە بوو. | قەلەمەجوانەكە | گرێی ناویە . | تەواوكەری كاری ناتەواوە |

## راهێنانی ـ ١

هاوەڵناوی ( خۆش ، نابینا ، خەباتکەر)لەسێ ڕستە بەکاربێنە بەمەرجێك یەکەمیان ببیتەدیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو دووەمیان ببیتە دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو و سێیەمیان ، دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو

١_ ( خۆش ) دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو. ـ سێوی خۆشم خوارد

٢_ ( نابینا ) دیارخەری ناوێکی تاکی ناسراو . ـ پیاوە نابیناکە هات .

٣_( خەباتکەر ) دیارخەری ناوێکی کۆی ناسراو . ـ کەسە خەباتکەرەکان سەرکەوتون

## راهێنانی ـ ٢

| ڕستە | دیارخەر | جۆرەکەی |
|---|---|---|
| بەکام قوتابیدانامەکەت بۆم نارد | کام | هاوەڵناوی پرس |
| زۆرکوردبەناهەق شەهیدکارن | زۆر | هاوەڵناوی نادیار |
| ئێوەی زیرەك هەمیشە سەرکەوتوون | زیرەك | هاوەڵناوی چۆنیەتی |

## راهێنانی ـ ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١_ ( شاخەبەرزەکان جوانن )لەم ڕستەیەدا ناوی ( شاخ ):

ئـ_تاکی ناسراوە ب _ کۆیی نەناسراو پ_ کۆی ناسراو ت _ کۆی نەناسراو

٢_ ( نامەیەکی ڕازاوە تریان نارد ) ناوی ( نامە ) دیارخراوە بەهاوەڵناوی چۆنیەتی پلەی :

ئـ _ باڵا ب _ بەراورد پ _ چەسپاو ت _ هەموویان

٣_ ( دووکتێبمان کڕی ) ئەرکی هاوەڵناوی ژمارە ( دوو )

ئـ_ بکەر ب _ بەرکار پ _ دیارخەر ت _ جێگری بکەر

٤_ ( ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت لەنێوان ( ئەستێرە ) و ( گەشەکە ) چی دەرنەکەوتووە ؟

ئـ_ بکەر ب _ ئامرازی دانە پاڵ پ_ کاری ناتەواو ت_ئامرازی پەیوەندی

٥_( بیی سەوز مەبڕنەوە ) ئەگەر ناوی ( بی ) بکەینە کۆی ناسراو دەبێتە :

ئـ_بی سەوزەکان مەبڕنەوە ب _ بیبە سەوزەکان مەبڕنەوە پ _ بیبە سەوزەکە مەبڕنەوە ت _ بیەسەوز مەبڕنەوە

## ڕاهێنانی ـ ٤

لەم ڕستەیە ( پێشمەرگە بوێرەکە خەلاٌتکرا ) . :

١_ لەنێوان (بێشمەرگە ) و ( بوێرەکە ) چی بە دیارنەکەوتووە ؟بۆچی ؟

ـ ( ە ) ئامرازی دانە پاڵ دەرنەکەوتووە . چونکە هاوەڵناویکی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی ناسراوی یەك برگە زیاتر کۆتایی هاتوو بەبزوینە .

٢_ ناوێکی تر بهێنەوە کۆتایی هاتبێت بەبزوێنی ( ە ) بەلاٌم ئەوجارە ئامرازی د انە پالٌی ( ە ) بەدیارکەوتبێت وهۆیەکەشی بنوسە .

ـ شەیە کۆنەکەم شکا ) لێرە دا ( ە ) وەکو ئامرازی دانە پال دەرکەوتووە، چونکە ناوەکە یەك برگەیە

٣_ وشەی ( بوێر ) چی یە و چۆن دروست کراوە ؟

ـ ( بوێر ) هاوەڵناوی چۆنیەتی داڕێژراوە ، پێکهاتووە لە ( پێشگر + ڕەگی کار )

٤_ناوی پێشمەرگە ناوێکی تاکی ناسراوە کوانیشانەی ناسراوی ؟ بۆچی کەوتۆتە ئەوێ ؟

ـ ( ەکە ) ی دوای هاوەڵناوی ( بوێر ) نیشانەی ناسراوی ناوەکەیە . بۆیە کەوتۆتە ئەوێش چونکە ئەگەر هاوەڵناویکی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی ناسراو بێت ئەوا نیشانەی کۆ و ناسراوی ناوەکە دەچنە سەر هاوەڵناوەکە .

## هەڵــبژاردن

١_ کام لەم هاوەڵناوانە بەتەنها لە پێش ناودێت کە دەبێتە دیارخەری ناو :

A_ هاوەڵناوی پرس B_ هاوەڵناوی ژمارە C_ هاوەڵناوی پلەی بالا D_ هاوەڵناوی نادیار

٢_ کام لەم هاوەڵناوانە هەم لە پێش ناو و هەم لەدوای ناو دێت کەدەبێتە دیارخەری ناوەکە :

A_ هاوەڵناوی پرس B_ هاوەڵناوی نیشانە C_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد D_ هاوەڵناوی چۆنیەتی

٣_ کەهاوەڵناو پرس دەبێتە دیارخەری ناو ئەگەر لە پێش ناو هات ئەوا پێویستی بە ئامرازی :

A_ دانە پاڵ هەیە B_ لێکدەر هەیە C_ دانە پاڵ نی یە D_ پەیوەندی هەیە

٤_ کامە هاوەڵناوە لە پێش ناو دێت و ئامرازیشی پێویستە :

A_ هاوەڵناوی نادیار B_ هاوەڵناوی کەرتی C_ هاوەڵناوی پرس D_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد

٥_ هاوەڵناوی نادیار و پرس و ژمارە دەبنە دیارخەری ناو ئەگەر لەدوای ناو هاتن ئەوا پێویستیان بە ئامرازی :

A_ دانە پالٌی ( ی ) هەیە B_ دانە پالٌی ( ە ) هەیە C_ دانە پالٌی ( ا ) هەیە D_ دانە پاڵ نی یە

٦_ هاوەڵناوی چۆنیەتی کە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری ( ە ) دەبێت ئەگەر :

A_ناوێکە نەناسراوبوو B_ لە پێش ناوهات C_ ناوێکە ناسراوبوو D_ناوێکی کۆی نەناسراو بوو

٧_ لەڕستەی ( کتێبی چوارەمم خوێندەوە ) ئەگەر هاوەڵناوی ( چوارەم ) ببەینە پێش ناوەکە ئەوائامرازی دانە پالٌی ( ی ) :

A_ دەبێتە ( ە ) B_ نامێنێت C_ دەبێتە ( ا ) D_ دەبێتە ( ێ )

٨_ لەڕستەی ( هەشتەم قوتابی بەیەکەم دەرچوو ) وشەی ( هەشتەم ) چی یە ؟

A_ هاوەڵناوی کەرتی B_ هاوەڵناوی ژمارەی C_ هاوەڵناوی نادیار D_ هاوەڵناوی پرس

٩_ هاوەڵناوی نیشانە کە دەبێتە دیارخەری ناو ئامرازی دانە پاڵی :

A_ هیچ کات ناوێت B_ هەموکات دەوێت

C_ هەندێك جار دەوێت هەندێك جار نایەوێت D_ هیچیان

١٠_ هاوەڵناوی پلەی باڵا کەدەبێتە دیارخەری ناو ئامرازی دانە پاڵی:

A_ هیچ کات ناوێت B_ هەموکات دەوێت

C_ هەندێك جاردەیەوێت هەندێك جار نایەوێت D_ هیچیان

١١_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد کە دەبێتە دیارخەری ناو ئامرازی دانە پاڵی:

A_ هەموکات دەوێت B_ هەندێك جاردەیەوێت هەندێك جار نایەوێت

C_ هیچ کات نایەوێت D_ هیچیان

١٢_ هاوەڵناوی چۆنیەتی کەدەبێتە دیارخەری ناو ئامرازی دانە پاڵی:

A_ هەندێك جاردەیەوێت هەندێك جار نایەوێت B_ هەموکات دەوێت

C_ هیچ کات ئامرازی دانە پاڵی ناوێت D_ هیچیان

١٣_( ی ) لەڕستەی ( خانووی چوارەم فرۆشرا ) چی یە :

A_ ئامرازی پەیوەندی B_ ئامرازی لێکدەر C_ ئامرازی بانگکردن D_ئامرازی دانە پاڵ

١٤_ ئەرکی ناوی ( شاخ ) لەڕستەی ( شاخەبەرزەکە بەبەفر دا پۆشراوە ) چی یە :

A_ نیهاد B_ جێگری بکەر C_ دیارخراو D_ دیارخەر

١٥_ لەڕستەی ( ئەم پێشمەرگەیە شەهید بوو ) دیارخەر بریتی یە لە :

A_ هاوەڵناوی نیشانەبۆتاکی نزیك B_ جێناوی نیشانە C_ جێناوی سەربەخۆ D_ هاوەڵناوی نیشانە بۆتاکی دوور

١٦_ لەڕستەی ( کامە کتێب بکرین ) دیارخەر بێنینە دواى دیارخراو ئەوا :

A_ ( ە ) ی دانە پاڵی پێویستە B_ ( و ) ی لێکدەری پێویستە C_ ( ی ) دانە پاڵی پێویستە D_ هیچیان

١٧_ ( و ) ی دووەمی ناوی ( توو ) لەڕستەی ( تووە شیرینەکان مەبرنەوە ) چی یە ؟

A_ ناوبەند B_ ئامرازی پەیوەندی C_ ئامرازی دانە پاڵ D_ ئەسڵی وشە

١٨_( ی ) ی دووەمی ناوی ( قوتابی ) لەڕستەی ( قوتابی یە زیرەکەکان خەڵاتبکەن ) چی یە ؟

A_ ئامرازی پەیوەندی B_ ئامرازی دانە پاڵ C_ ئەسڵی وشە D_ ناوبەند

١٩_ لەڕستەی ( دیواری بەرز بڕوخێنە ) ئەگەر ناوی ( دیوار ) بکەینە ناسراو ( ی ) ئامرازی دانە پاڵ دەبێتە :

A_( ی ) B_( ۆ ) C_( ە ) D_ هەر بە ( ی ) دەمێنێتەوە

٢٠_ لەڕستەی ( باخچەی گەورە تێك مەدەن ) ئەگەر ناوی ( باخچە ) بکەینە ناسراوئەوا ( مکە ) ی نیشانەی ناسراو دەچێتە :

A_ سەرەتای ناو B_ دواى ناو C_ دواى ئامرازی دانە پاڵ D_ دواى هاوەڵناوەکە

٢١_ لەڕستەی ( سێوی گەورە بکرن ) ئەگەرلەگرێی ( سێوی گەورە ) ناوی ( سێو ) بکەینە کۆی ناسراو ئەوا دەبێتە :

ڕێزمان

A_ سێوەکەی گەورە B_ سێوەکانی گەورە C_ سێوە گەورەکان D_ سێوانی گەورە

٢٢_ لە ڕستەی ( قەلاّ کۆنەکە ڕوخا ) چی بەدیار نەکەوتووە ؟

A_ ( ی ) ئامرازی دانە پاڵ B_ ( و ) ئامرازی دانە پاڵ C_ ( ە ) ئامرازی دانە پاڵ D_ ( ێ ) ئامرازی دانە پاڵ

٢٣_ لەڕستەی ( دێیە کۆنەکان ئاوەدان دەکەنەوە ) ناوی ( دێ ) ناوێکی :

A_ تاکی ناسراو B_ کۆی ناسراو C_ تاکی نەناسراو D_ کۆی نەناسراو

٢٤ _ دیارخەر لەڕستەی ( زۆر قوتابی لە تاقی کردنەوەکە دەرچوون ) بریتی یە لە :

A_ هاوەڵناوی کەرتی B_ هاوەڵناوی ژمارەی C_ هاوەڵناوی نادیار D_ هاوەڵناوی چۆنیەتی

٢٥_ دیارخەر لەڕستەی ( جوانترین قەڵەم بەکاربهێنە ) بریتی یە لە :

A_ هاوەڵناوی کەرتی B_ هاوەڵناوی پلەی باڵا C_ هاوەڵناوی نادیار D_ هاوەڵناوی چۆنیەتی

٢٦ _ دیارخەر لەڕستەی ( وێنەی جوانتر بکێشە ) بریتی یە لە :

A_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد B_ هاوەڵناوی پلەی باڵا C_ هاوەڵناوی نادیار D_ هاوەڵناوی چۆنیەتی

٢٧ _ دیارخەر لەڕستەی ( وێنەی جوان بکێشە ) بریتی یە لە :

A_ هاوەڵناوی پلەی بەراورد B_ هاوەڵناوی پلەی باڵا C_ هاوەڵناوی نادیار D_ هاوەڵناوی چۆنیەتی

٢٨ _ دیارخراو لەڕستەی ( پە نجەرەی گەورە بە بەرد شکێندرا ) بریتی یە لە :

A_ پە نجەرە B_ گەورە C_ بەرد D_ شکێندرا

٢٩ _ کەهاوەڵناوێك دەبێتە دیارخەری ناوێك چی دروست دەبێت ؟

A_ گرێی هاوەڵناوی B_ گرێی هاوەڵکاری C_ گرێی ناوی D_ گرێی جێناوی

٣٠_ ئەرکی گرێی ( شوشە تەنکەکە ) لەڕستەی ( شوشە تەنکەکە شکا ) چی یە؟

A_ بکەر B_ دیارخەر C_ تەواوکەری کار D_ دیارخراو

٣١ _ ئەرکی گرێی ( شوشە تەنکەکە ) لەڕستەی ( من شوشە تەنکەکە دەشکێنم ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ تەواوکەری کار D_ دیارخراو

٣٢ _ ئەرکی گرێی ( کتێبە نوێیەکە ) لەڕستەی ( بەرگی کتێبە نوێیەکەم گۆڕی ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخراو D_ دیارخەر

٣٣ _ ئەرکی گرێی ( کتێبەکۆنەکە ) لەڕستەی ( لەکتێبە کۆنەکەدەخوێنم ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەرە D_ تەواوکەری بەریاریدەی کار

٣٤ _ ئەرکی گرێی ( مەرەلاوازەکە ) لەڕستەی ( مەرەلاوازەکە نەخۆشە ) چی یە؟

A_ نیهاد B_ بەرکار C_ دیارخەرە D_ تەواوکەری بەریاریدەی کار

٣٥ _ ئەرکی گرێی ( کوڕی بچوك ) لەڕستەی ( کوڕی بچوك کوژرا ) چی یە؟

A_ نیهاد B_ جێگری بکەر C_ دیارخەرە D_ تەواوکەری بەریاریدەی کار

٣٦ _ ( ئەمەخوێندکارە زیرەکەکەیە ) ئەرکی گرێی ( خوێندکارە زیرەکەکە ) چی یە ؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەرە D_ تەواوکەری کاری ناتەواوە





چاپخانەی توانا 07828350088

٣٧_ ئەگەر هاوەڵناوی چۆنیەتی بوە دیارخەری ناوێکی ناسراوی یەك بڕگەری کۆتای هاتوو بەبزوێن ئەوا ئامرازی دانە پاڵ:

A_( ە ) دەبێت بەبێ ناوبەند
B_( ی ) دەبێت بەبێ ناوبەند
C_( ە ) دەبێت وە بەناوبەندی ( ی ) یشی دەبێت
D_( ە ) دەرناکەوێت

٣٨_ ( بایە بەهێزەکە هەڵی کرد ) لەم ڕستەیە ( ی ) نێوان ( ە ) و ( با ) چی یە؟

A_ ئامرازی دانە پاڵ
B_ئەسڵی وشە
C_ ناوبەند
D_ ئامرازی لێکدەر

٣٩_ ئەگەر هاوەڵناوی چۆنیەتی بوە دیارخەری ناوێکی ناسراوی زیاترلەك بڕگە کۆتای هاتوو بەبزوێن ئەوائامرازی دانە پاڵ:

A_( ە ) دەبێت بەبێ ناوبەند
B_( ی ) دەبێت بەبێ ناوبەند
C_( ە ) دەبێت وە بەناوبەندی ( ی ) یشی دەبێت
D_( ە ) دەرناکەوێت

٤٠_ ( هەرمێ شیرینەکەی هێنا ) لەم ڕستەیە دا چی دەرنەکەوتووە ؟

A_ کاری ناتەواو
B_( ە ) ئامرازی خستنەسەر
C_بکەر
D_ دیارخەری ناو

٤١_ ( باخچە سەوزەکە ئاوبدەن ) لەم ڕستەیە ( ە ) کۆتایی ناوی ( باخچە ) چی یە؟

A_ ئامرازی دانە پاڵ
B_ئەسڵی وشە
C_ ناوبەند
D_ ئامرازی لێکدەر

٤٢_ ئەگەر هاوەڵناوی چۆنیەتی بوە دیارخەری ناوێکی ناسراوی کۆتای هاتوو بە( وو ) ئەوا ئامرازی دانە پاڵ:

A_( ە ) دەبێت بەبێ ناوبەند
B_( ە ) دەبێت و وە بەناوبەند ( و ) یشی دەبێت
C_( و ) دەبێت ناوبەندی ( ی ) یشی دەبێت
D_( ە ) دەرناکەوێت

٤٣_ ئەگەر هاوەڵناوی چۆنیەتی بوە دیارخەری ناوێکی ناسراوی کۆتایی هاتوو بە( ی ) ئەوائامرازی دانە پاڵ:

A_( ە ) دەبێت بەبێ ناوبەند
B_( ە ) دەبێت و وە بەناوبەند ( ت ) یشی دەبێت
C_( ە ) دەبێت و وەناوبەندی ( ی ) یشی دەبێت
D_( ە ) دەرناکەوێت

٤٤_ ناوی ( ئەسپ ) لەڕستەی ( ئەسپە ڕەشەکە بەنرخە ) ناوێکی :

A_ تاکی نەناسراو
B_ کۆی نەناسراو
C_ تاکی ناسراو
D_ کۆی ناسراو

٤٥_ ( مکە ) ی دوای ( سەوز ) نیشانەی ناسراوی ناوی ( کراس ) ە لەڕستەی ( کراسە سەوزەکە بدورن ) بۆیە کەوتۆتە ئەوێ چونکە :

A_ هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی ناسراوە
B_ هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی نەناسراوی تاکە
C_ هاوەڵناوی چۆنیەتی دیارخەری ناوێکی نەناسراوی کۆیە
D_ هیچیان

٤٦_ ئەرکی هاوەڵناوی ( کەمێك ) لەڕستەی ( کەمێك کتێبی خوێندەوە. ) چی یە ؟

A_ بکەر
B_ تەواوکەری کار
C_ دیارخراو
D_ دیارخەر

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A-10 | A-9 | B-8 | B-7 | C-6 | A-5 | B-4 | C-3 | A-2 | C-1 |
| D-20 | C-19 | D-18 | A-17 | C-16 | A-15 | C-14 | D-13 | B-12 | A-11 |
| A-30 | C-29 | A-28 | D-27 | A-26 | B-25 | C-24 | B-23 | C-22 | C-21 |
| B-40 | D-39 | C-38 | C-37 | D-36 | B-35 | A-34 | D-33 | D-32 | B-31 |
| | | | | D-46 | A-45 | C-44 | C-43 | B-42 | B-41 |


ڕێزمان

## سێیەم :جێناوە سەربەخۆیەكان وەكو دیارخەری ناو

- كەسی سەربەخۆ
- خۆیی
- پرس
- نیشانە
- نادیار

**جێناوە سەربەخۆكان** : ئەوجیناوانەن كەبەشێوەیەكی سەربەخۆ و بەبێ لكان بەوشەی تر لەڕستەبەكاردێن.

جێناوەسەربەخۆیەكان دەبنەدیارخەری ناو بەهۆی ئەم یاسەیە . **ناو + ی + جێناوی سەربەخۆ**

### ١_ جێناوە كەسە سەربەخۆكان : ( من.ئێمە ، تۆ، ئێوە ، ئەو،ئەوان )

ماڵـی تۆ جوانبوو. ناوە ، دیارخراوە. ئامرازی دانەپاڵە ، جێناوی كەسی سەربەخۆیە بۆكەسی دووەمی تاك،دیارخەری ناوە

### ٢_ جێناوە خۆیەكان : ( خۆ + م.مان. ت.تان. ی.یان = خۆم. خۆمان . خۆت.خۆتان . خۆی . خۆیان )

ماڵـی خۆیان دەڕازێننەوە. ناوە ، دیارخراوە. ئامرازی دانەپاڵە ، جێناوی خۆیە بۆكەسی سێیەمی كۆ، دیارخەری ناوە

### ٣_ جێناوە پرسەكان : ( كێ ، چی ، )

ماڵــی كێ ئاوەدانبوو ؟ . ناوە ، دیارخراوە. (ی) ئامرازی دانەپاڵە ، جێناوی پرسە، دیارخەری ناوە

### ٤_ جێناوە نادیارەكان : ( فلان . فیسار . كابرا . هین ، وانەك )

ئەسپــی كابــرا فرۆشرا. ، ناوە ، دیارخراوە. ( ی ) ئامرازی دانەپاڵە ، جێناوی نادیارە، دیارخەری ناوە

ڕێزمان

ڕێزمان



چاپخانەی توانا 07828350088

**٥ _ جێناوە نیشانەکان:** ( ئەمە، ئەمانە ، ئەوە، ئەوانە )

خانوی ئەمانە دەکڕم ناوە ، دیارخراوە. ( ی ) ئامرازی دانە پاڵە ، جێناوی نیشانە، دیارخەری ناوە

## جیاوازی وردی نێوان جێناوی نیشانەو هاوەڵناوی نیشانە

| جێناوی نیشانە | هاوەڵناوی نیشانە |
|---|---|
| ئەمە ← تاکی نزیك . ئەمانە ← کۆی نزیك<br>ئەوە ← تاکی دوور ئەوانە ← کۆی دوور | ئەمە ← تاکی نزیك . ئەمانە ← کۆی نزیك<br>ئەوە ← تاکی دوور ئەوانە ← کۆی دوور |
| بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەکاردێ واتا لەت نابێ . وەك کتێبی ئەمانە جوانبوو. | لەبەکارهێناندا لەت دەبێ دەبێتە دوو کەرت . وەك ئەم کتێبانــە جوانبوون. |
| جێناوی نیشانە هەموو ئەرکەکانی ناو دەبینێت . واتا دەبێتە : ( بکەر. بەرکار. نیهاد، دیارخەر، جێگری بکەر، تەواوکەری کار.تەواوکەری بەیاریدەی کار ) | هاوەڵناوی نیشانە یەك ئەرك دەبینێت ئەویش ( دیارخەرە ) هەمیشە دیارخەری ئەو وشــەیەیە کــەدەکــەوێتە نێوان دوو کەرتەکەوە |

**تێبینی ١:** لەکرمانجی سەروودا ئەو جێناوە کەسیە سەربەخۆیانە دەبنە دیارخەری ناو . ( من.مە ، تە،وە ، وی.وێ. وان )

وەك: مالا تە خۆشە . ، ( تە ) جێناوی کەسی سەربەخۆیە بۆکەسی دووەمی تاك ، دیارخەری ناوە

**تێبینی ٢:** جێناوی هەیی ( ئی ، هی ) نابن بەدیارخەری ناو .

---

## ڕاهێنانی ـ ١

لە ڕستەی ( شاخەکانی کوردستان سەرکەشن )

١_ دوای ( ی ) شاخەکان چی یە ؟ بۆخراوەتە ئەوێ ـ ئامرازی دانە پاڵە ، بۆیەخراوەتە ئەوێ
چونکە گەر ناوێك بوە دیارخەری ناوێکی تر ( ی ) وەکو ئامرازی دانە پاڵ دەچێتە نێوانیانەوە

٢_ لەجیاتی ناوی ( کور دستان ) جێناوێك بەکاربهێنە ڕستەکە بنوسەوە . ـ شاخەکانی ئێوە سەرکەشن

٣_ کاری ڕستەکە دەستنیشان بکە .
ـ ( ە ) کاری ناتەواوە بەدیارنەکەوتوە، چونکە نیهادی ڕستە کۆیە ، یان جێناوەکانی کۆمەڵەی دووەم دیارو ئاشکران.

٤_ تەواوکەری کار شیبکەوە . ـ ( سەرکەش ) هاوەڵناوی چۆنیەتی لێکدراوە و تەواوکەری کاری ناتەواوە

ڕێزمان

## راهێنانی ـ ٢

ئەركی ئەم گرێیانەی هێلیان بەژێرداهاتووە دەستنیشانبكە.

١_ ولاَتی ئێمە ئاوەدانە. ـــ گرێی ناوی یە ، نیهادە

٢_ لە باخی خۆت ئەمام بروێنە . ـــ گرێی ناوی یە . تەواوكەری بەیاریدەیە.

٣_ جوان شیعرەكانی ئەمانەی خوێندەوە. ـــ گرێی ناویە . بەركارە

٤_ كچەزیرەكەكە خەلاَت كراوە . ـــ گرێی ناویە . جێگری بكەرە

## راهێنانی ـ ٣

وەلاَمی ڕاست هەڵبژێرە.

١_( شیعرەكانی ئەوانەم كۆكردەوە ) لەم ڕستەیەدادیارخەر بریتیە لە :

ئـ_جێناوی كەسی سەربەخۆ  ب _ جێناوی نیشانە  پ_ جێناوی نادیار  ت_ هاوەڵنناوی نیشانە

٢_( ولاَت دەپارێزین ) ناوی ( ولاَت ) بە( جێناوی نیشانە بۆتاكی دوور) دیاربخە .

ئـ_ ولاَتی ئەوە دەپارێزین  ب_ ولاَتی ئەوانە دەپارێزین  پ_ ولاَتی ئەمە دەپارێزین  ت_ ولاَتی ئەمانە دەپارێزین

٣_ جێناوی نیشانە كە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە :

ئـ_ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) دەبێت  ب_ ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) دەبێت ،  پ_ ئامرازی نیە  ت_ئامرازی ( ی . ە ) هەیە

٤_ جێناوە سەربەخۆیەكان دەبنە دیارخەری ناو جگە لەجێناوی ؟

ئـ_ پرس  ب_ نادیار  پ_ هەیی  ت_ كەسی سەربەخۆ

٥_ ( نمرەی هێن بەرزە ) لەم ڕستەیە دیارخەر بریتی یە لە :

ئـ_ جێناوی نادیار  ب_ جێناوی نادیار  پ_ ناو  ت_ هاوەڵناوی نادیار

## هەڵـــــــبژاردن

١_ جێناوە سەربەخۆیەكان دەبنە دیارخەری ناو جگە لەجێناوی ؟

A_ پرس  B_ نادیار  C_ هەیی  D_ كەسی سەربەخۆ

٢_ جێناوی پرس كە دەبێتە دیارخەری ناو پێویستی بە :

A_ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) دەبێت  B_ ئامرازی دانە پاڵی ( ی ) دەبێت ،  C_ ئامرازی نیە  D_ئامرازی ( ی . ە ) هەیە

٣_( كراسەكانی خۆتان بدورنەوە ) لەم ڕستەیەدا دیارخەر بریتیە لە :

A_جێناوی كەسی سەربەخۆ  B_ جێناوی نیشانە  C_ جێناوی نادیار  D_ جێناوی خۆیی

٤_ چەند جۆرە جێناوی سەربەخۆ دەبنە دیارخەری ناو : A_سێ  B_چوار  C_ پێنج  D_ شەش

٥_ جێناوە سەربەخۆكان كە دەبنە دیارخەری ناو هەموویان پێویستیان بە ئامرازی :

A_ لێكدەری ( و ) هەیە  B_ پەیوەندی ( ی ) هەیە  C_ دانە پاڵی ( ی ) هەیە  D_ دانە پاڵی ( ە ) هەیە

٦_ ( ماڵی برام خاوێنە ) گەر ناوی ( برا ) بەجێناوی كەسی سەربەخۆ بۆكەسی سێیەمی تاك دەربخەین دەبێتە :





چاپخانەی توانا 07828350088

A_ماڵی ئەو خاوێنە B_ماڵی خۆی خاوێنە C_ ماڵی ئەمە خاوێنە D_ ماڵی ئەوە خاوێنە

٧_ ( کتێبی تۆم خوێندەوە ) گەر ناوی ( کتێب ) بەجێناوی نیشانە بۆ تاکی نزیک دەربخەین دەبێتە :

A_کتێبی ئەمانەم خوێندەوە B_ کتێبی ئەوەم خوێندەوە C_ کتێبی ئەوم خوێندەوە D_ کتێبی ئەمەم خوێندەوە

٨_ دیارخەر لەڕستەی ( باخچەی فیسارم کڕی ) بریتی یە لە :

A_ جێناوی پرس B_ جێناوی نادیار C_ جێناوی نیشانە D_ جێناوی سەربەخۆ

٩_ ( قوتابخانەی خۆمانمان خاوێن کردەوە ) لەم رستەیە دیارخەر بریتی یە لە :

A_ قوتابخانە B_ خۆمان C_ مان D_ خاوێن

١٠_کەجێناوی سەربەخۆ دەبێتە دیارخەری ناوێک چی دروست دەبێت؟

A_ گرێی ناوی B_ گرێی هاوەڵناوی C_ گرێی هاوەڵکاری D_ گرێی جێناوی

١١_ ئەرکی گرێی ( ئەسپی خۆم ) لەڕستەی ( ئەسپی خۆم هات ) چی یە؟

A_ بکەر B_ دیارخەر C_ تەواوکەری کار D_ دیارخراو

١٢_ ئەرکی گرێی ( کتێبی ئێوە ) لەڕستەی ( کتێبی ئێوە دزرا ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_جێگری بکەر D_ دیارخراو

١٣_ ئەرکی گرێی ( باخی فلان ) لەڕستەی ( شنە باخی فلانی ئاودا ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخراو D_ دیارخەر

١٤_ ئەرکی گرێی ( ماڵی خۆم ) لەڕستەی ( لەماڵی خۆم دەخوێنم ) چی یە؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەرە D_تەواوکەری بەریاریدەی کار

١٥_ ئەرکی گرێی ( ژووری ئەوان ) لەڕستەی ( ژووری ئەوان ڕەنگاو ڕەنگە ) چی یە؟

A_ نیهاد B_ بەرکار C_ دیارخەرە D_تەواوکەری بەریاریدەی کار

١٦_ ئەرکی گرێی ( ژووری ئێمە ) لەڕستەی ( پەنجەرەی ژووری ئێمەت کردەوە ) چی یە؟

A_ نیهاد B_ جێگری بکەر C_ دیارخەرە D_تەواوکەری بەریاریدەی کار

١٧_ ئەرکی گرێی ( قەڵەمی کابرا ) لەڕستەی ( ئەمەقەڵەمی کابرا بوو ) چی یە ؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەرە D_تەواوکەری کاری ناتەواوە

١٨_لەڕستەی ( جانتای ئەوان ون ) دەتوانین لەجیاتی جێناوی ( ئەوان ) چەند جۆر جێناوی تر بکەینە دیارخەر ؟

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

١٩_ لەڕستەی ( پیاوەکە دەستی ئێوەی گوشی ) ( ی ) دوای جێناوی ( ئێوە ) چی یە ؟

A_ ئامرازی پەیوەندی B_ ئامرازی دانە پاڵ C_ ئامرازی لێکدەر D_ جێناوی کەسی سێیەم

٢٠_ دیارخراو لەڕستەی ( منداڵەکان یاریەکانی خۆیانیان کۆکردەوە ) بریتی یە لە ؟

A_ منداڵەکان B_ یاریەکان C_ خۆیان D_ یان

٢١_ جێناوە سەربەخۆکان دەبنە دیارخەری ناو بە پێی ئەم دەستورە :

A_ ناو +ی + جێناو B_ ناو + ە + جێناو C_ جێناو +ە +ناو D_ جێناو +ی +ناو

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A-10 | B-9 | B-8 | D-7 | A-6 | C-5 | C-4 | D-3 | B-2 | C-1 |
| B-20 | D-19 | C-18 | D-17 | C-16 | A-15 | D-14 | B-13 | C-12 | A-11 |
| | | | | | | | | | A-21 |

ڕێزمان

ڕێزمان

## چوارەم :جێناوە لکاوەکان وەکو دیارخەری ناو

**دیارخەر :** ئەو وشەیە کەلەڕستە ناوێك یان جێناوێك یان هاوەڵناوێك وەسف دەکات ودەری دەخا .

لێرەدا باس لەجێناوە لکاوەکان دەکەین وەك دیارخەری ناو

**تێبینی :** کەجێناوی لکاوێك دەبێتە دیارخەری ناویك پێویستی بەهیچ ئامرازێکی دانە پاڵ نابێت

**جێناوەلکاوەکان دەبنەدیارخەری ناو بە پێی جۆرو ڕێژەو کاتی کارەکە جێیان دەگۆڕێت.**

بەم شێوەی خوارەوە .

**١ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان )** دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردووی سادە و ناسادەی تێنە پەڕ دەچنەدوای ئەوناوەی کەبکەرە. دواتر ناوەکەو جیناوەلکاوەکە بێکەوە دەبنە گرێی ناوی ئەرکی دەبێتە ( بکەر )

وەك : مالەکەتان سوتا .واتا ، ماڵەکەی ئێوە سوتا . ( تان ) جێناوی لکاوە بۆکەسی دووەمی کۆ ،دیاخەرە.

ماڵەکەیان دەسوتێ.واتا،ماڵەکەی ئەوان دەسوتێ.( یان ) جێناوەلکاوەبۆکەسی سێیەمی کۆ،دیارخەرە.

گرێیە بکەر

**٢ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان )** دەبنە دیارخەر لەگەڵ کاری ڕانەبردوو و ڕابردووی بکەرنا دیار سادە و ناسادەی دەچنە دوای ئەوناوەی کەجێگری بکەرە، دواترناوەکەو جیناوەلکاوەکە بێکەوە دەبنە گرێی ناوی ئەرکی دەبێتە( جێگری بکەر )

وەك : سێوەکەتان خورا، واتا ، سێوەکەی ئـێوە خورا. ( تان ) ( دیارخەرە )

خواردنەکە مان دەخورێ.، واتا ، خواردنەکەی ئێمە دەخورێ.( مان ) ( دیارخەرە )

گرێن جێگری بکەرن

**٣ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان )** دەبنە دیارخەر لەگەڵ کاری ناتەواو دەچنە دوای ئەوناوەی نیهادە.

دواتر ناوەکەو جیناوەلکاوەکە بێکەوە دەبنە گرێی ناوی ئەرکی دەبێتە ( نیهاد )

وەك : کراسەکەیان جوانبوو، واتا . کراسەکەی ئـەوان جوانبوو. ( یان ) ( دیارخەرە )

گرێیە نیهادە

٤ـ ( م،مان. ت.تان. ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕی ساده و ناسادەی دەچنە دوای ئەوناوەی کەبەرکارە . دواتر ناوەکەو جیناوەلکاوەکە بیکەوە دەبنە گرێی ناوی ئەرکی د دەبێتە ( بەرکار )

وەك : سێوەکە مـــان دەخــۆ یــت. واتا . تــۆ سێوەکەی ئیـــمە دەخۆیت. ( یت ) ( بکەر ) ( مان ) ( دیارخەرە

خانوەکە یـــان ڕەنگبکەن . واتا ، ئێـــوە خانوەکەی ئـــەوان ڕەنگبکەن.( ن ) ( بکەر ) ،( یان ) ( دیارخەرە )

قەلەمەکەتـــی هێنا. واتا ، ئـەو قەلەمەکەی تـــۆی هێنا. ( ی ) ( بکەر ) ،( ت ) ( دیارخەرە )

اـ ( م.ین. یت.ن. ٠.ن ) دەبنەدیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەری سادەو ناسادە دا دەچنەکۆتای کار.

بەم شێوەیە : خانوەکە یـــان فرۆشتـــیـــن، واتا ، ئــەوان خانوەکەی ئێمــە یان فرۆشت،( یان ) بکەر ، ( ین ) دیارخەرە

**تێبینی ١** جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو دیارخەر سفرە و بەدیارناکەوێت لەکاری ڕابردووی تێپەڕ

وەك : خانوەکەمان فرۆشت ٠ واتا ، ئێـــمە خانوەکەی ئـــەومان فرۆشت، ( مـان ) بکەرە ( ٠ ) دیارخەر

**تێبینی ٢** :ئەگەر جێناوی لکاو بوە دیارخەری ناو . ئەوانـــابێت هیچ وشـــەیەکی تر ببێـــتە دیارخەر لە دوای جێناوەکـــە

واتا : نابێ بڵێن. پە نجەرەکەیـــان خانوەکە شکا . ڕستەکە دەشێوێت .

ئەگەر بمانەوێت وشەیەك یان چەندوشەیەك لەگەڵ جێناوبکەینە دیارخەر ئەوا دەبێت جێناوە دیارخەرەکە بکەوێتە کۆتای

بەو شێوەیە : پە نجەرەی خانوە گەورەکەمـــان شکا،

**تێبینی ٣** : کەجێناوی لکاوێك دەبێتە دیارخەری ناوێك پێکـــەوەدەبـــنە گـــرێـــیەکـــی ناوی . گرێی ناویش دەتوانێ هەموو ئەرکەکانی ناو ببینێت :

| | | |
|---|---|---|
| بۆ نمونە : کراسەکەم سووتا. | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، بکەرە |
| کراسەکەمـــی کڕی . | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، بەرکارە |
| کراسەکەم جوانە . | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، نیهادە |
| قۆپچەی کراسەکەم بووەوە . | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، دیارخەری ناوە |
| بەکراسەکەم دەخەوم . | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، تەواوکەری بەیاریدە |
| کراسەکەم دزرا . | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، جێگری بکەر |
| ئەوە کراسەکەم بوو. | ( کراسەکەم ) گرێی ناوی یە | ، تەواوکەری کاری ناتەواو |

## ڕاهێنانی ـ ١

**لە ڕستەی ( موبایل پەیوەندیەکانی ئێمەی ئاسانتر کردووە )**

١_ وشەی ( پەیوەندیەکان ) چ جۆرە جێناوێك دیارخەریەتی ؟

ــ جێناوی سەربەخۆ بۆکەسی یەکەمی کۆ . دیارخەریەتی

٢_ چەندجۆرە جێناوی سەربەخۆی تر دەبنە دیارخەری

ـ چوار جێناوی سەربەخۆی تر دەبنەدیارخەری ناو ، کەبریتین لە :( خۆیی، نا دیار ، پرس ، نیشانە )

٣_( ئێمە )بگۆرین بۆ جێناوی لکاوی ، چ گۆڕانکاریەك ڕوودەدات . بینوسەوە :

ــ رستەکە دەبێتە ( موبایل پەیوەندیەکا نمانی ئاسان کردووە ) ، ئامرازی دانەپاڵی ( ی ) نەما

٤_ گرێی ( پەیوەندیەکانی ئێمە ) ئەرکی چی یە لەڕستەدا ؟

ــ ( پەیوەندیەکانی ئێمە ) گرێی ناوی یە ، بەرکارە

## ڕاهێنانی ـ ٢

**ئایا دەتوانین بیڵێین ؟**

١ _ مامۆستاکەت کیمیا زیرەکە ) یان نا؟ بۆچی

ـ نەخێر ناتوانین لەدووای جیناوی لکاوی دیارخەر ، شتێکی تر بکەینە دیارخە ، چونکە ڕستەکە دەشێوێت

٢ _ گرێی ( دەمەکانی منداڵەکە ) دروستە یان نا؟ بۆچی ؟

ــ نەخێر دروست نیە ، چونکە لەگەڵ ڕاستی و زانستی و واقیع دا ناگونجێ. وە منداڵ یەك دەمی هەیە نەك دوو و سێ

## ڕاهێنانی ـ ٣

**وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە :**

١_( میوانەکا نمان گەیاندبوو ) ئەگەر جێناوی ( ت ) وەك دیارخەر بەکاربهێنین دەکەوێتە :

ئـ_ دوای ( میوانەکان ) ب_ دوای ( مان ) پ_ دوای ( گەیاند ) ت_ دوای ( بوو )

٢_( گوندەکەتان ئاوەدان کرایەوە )ئەرکی (( تان ) :

ئـ_ بکەر ب_ بەرکار پ_ تەواوکەری بەیاریدە ت_ دیارخەر

٣ _( نامەکەی گەیاندیت ) ئەرکی ( یت ) :

ئـ_ بکەر ب_ بەرکار پ_ تەواوکەری بەیاریدە ت_ دیارخەر

٤_( قەڵەمە سەوزەکەتانم نەبرد ) ( تان ) ی دوای ( سەوزەکە ) بگۆڕین بۆ ( ن ) ئەوا دەچێتە :

ئـ_ دوای قەڵەم ب_ دوای ( م ) پ_ کۆتایی کارەکە ت_ دوای ( نە )

٥_ ( دەبوو خانووە کۆنەکەمانیان نۆژەنکردبایەوە ) دەتوانین ( مان ) بۆ( ین ) بگۆڕین چونکە کارەکە :

ئـ_ ڕابردووی تێپەڕ ب_ ڕانەبردووی تێپەرە پ_ داخوازی تێپەڕ ت_ داخوازی تێنەپەڕ



چاپخانەی توانا 07828350088

## ڕاهێنانی ـ ٤

لە ڕستەی ( دەبوو ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردبا )

١ _ بکەری ڕستەکە دەربهێنە. ــ ( یان ) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ ، بکەرە

٢ _ ( ت ) ئەرکی چی یە ؟ بۆکەوتۆتە ئەوێ؟ لەبری ئەو ( یت ) بەکاربهێنە ئینجا بزانە دەچێتە کوێ؟ بۆچی ؟

ــ ( ت ) دیارخەری ناوە، بۆیە کەوتۆتە ئەوێ چونکە گەر کۆمەڵەی یەکەم ببنە دیارخەرلەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ دەچنە سەر بەرکار ( دەبوو ڕۆمانە تازەکەیان چاپکردبایت ). چووە کۆتای کار . گەر کۆمەڵەی دووەم ببنە دیارخەر لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕ دەچنە کۆتایی کار

٣ _ ( ە ) دوای ( ڕۆمان ) چی یە ؟ ــ ئامرازی دانە پاڵە

٤ _ ڕستەکە بگۆڕە بۆ ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن. ــ ( ڕۆمانە تازەکەتیان چاپکردووە )

## هەڵـــــبژاردن

١ _ کام لەم ئامرازانە دەبێت هەبێت کە جێناوەلکاوەکان دەبنە دیارخەری ناو ؟

A_ئامرازی خستنەسەر B _ ئامرازی لێکدەر C _ ئامرازی پەیوەندی D_ هیچیان

٢ _ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنە پەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ دوای بکەر B_ دوای بەرکار C_ دوای نیهاد D_ دوای دیارخەر

٣ _ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێنە پەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ دوای بەرکار B_ دوای نیهاد C_ دوای بکەر D_ دوای دیارخەر

٤ _ لەرستەی ( کورەکەتان هات ) ئەرکی جێناوی ( تان ) چی یە ؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەری ناو D_ تەواوکەری بەیاریدە

٥ _ لەکام لەم ڕیژانە جێناولکاوەکانی ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو دە چنە دوای بکەر :

A_ داخوازی تێنە پەڕ B_ ڕابردووی تێنە پەڕ C_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ D_ ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنە پەڕ

٦ _ ( م.مان، ت.تان، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردوو وڕانەبردووی سادەو ناسادەی بکەرنادیار دەچنە :

A_ دوای بەرکار B_ دوای جێگری بکەر C_ دوای نیهاد D_ دوای دیارخەر

٧ _ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو، دەچنە دوای ناوێك کە جێگری بکەرە ئەگەر کارەکە :

A_ڕابردووی تێپەڕ بوو B_ کاری بکەرنادیاربوو C_ داخوازی تێپەڕبوو D_ ڕانەبردووی تێپەڕبوو

٨ _ ئەرکی جێناوی لکاوی ( تان ) لەرستەی ( ئوتومێلەکەتان دزرا ) چی یە ؟

A_ تەواوکەری بەیاریدە B_ بکەر C_ دیارخەری ناو D_ بەرکار

٩ _ ( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو و داخوازی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_ دوای نیهاد B_ دوای جێگری بکەر C_ دوای بەرکار D_ دوای دیارخەر

١٠ ئەرکی جێناوی لکاوی ( م ) لەرستەی ( گۆشتەکەم برژا ) چی یە ؟

A_ بکەر B_ بەرکار C_ تەواوکەری بەیاریدە D_ دیارخەری ناو

١١_ ئەگەر کاری ڕستەی ( قەلەمەکەت بردین ) بگۆڕین بۆ کاری ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A_قەلەمەکەمان دەبەیت B_ قەلەمەکەت دەبەین C_ قەلەمەکەمان بردیت D_قەلەمەکت بردین

١٢_ (م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەچنە :

A_دوای بەرکار B_ دوای جیگری بکەر C_ دوای بکەر D_ دوای جیگری بکەر

١٣_( م.مان ، ت.تان ، ی.یان ) دەبنە دیارخەری ناو، دەچنە دوای بەرکار ئەگەر کارەکە :

A_ڕابردووی تێپەڕ بوو B_داخوازی تێپەڕبوو C_ ڕانەبردووی تێپەڕبوو D_ هەموویان

١٤_ چەندکۆمەڵە جێناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ دەبنە دیارخەری ناو ؟

A_یەك B_ دوو C_سێ D_چوار

١٥_ ئەگەر ڕستەی ( جانتاکەت هەڵگرت ) بکەینە ڕانەبردووی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە؟

A_جانتاکەت هەڵدەگرم B_ جانتاکەم هەڵدەگریت C_ جەنتاکەی هەڵدەگریت D_جەنتاکەت هەڵدەگرێت

١٦_(م.ین ، یت.ن ، ٠.ن ) دەبنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕی سادەو ناسادە دەچنە :

A_دوای بەرکار B_ دوای جیگری بکەر C_ دوای دیارخەر D_ کۆتای کار

١٧_ ئەرکی جێناوی لکاوی ( ت ) لەڕستەی ( کتێبەکە تمان بەرگکرد ) چی یە ؟

A_بکەر B_ بەرکار C_ دیارخەری ناو D_ تەواوکەری بەیاریدە

١٨_ ئەگەر لەڕستەی ( خانوەکەمانی دروست نەکرد ) ( مان ) بگۆڕین بۆ ( ین ) ئەوا دەچێتە :

A_ کۆتای کا ر B_ دوای جێناوی لکاوی بکەر C_ دوای وشەی ( دروست ) D_ دوای وشەی خانوو

١٩_ جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك وەکو دیارخەری ناو دەرناکەوێت لەکاری :

A_داخوازی تێپەڕ B_ڕابردووی تێپەڕ C_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ D_ داخوازی تێنە پەڕ

٢٠_ ( یت ) دەبێتە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری :

A_داخوازی تێپەڕ B_ ڕانەبردووی تێنە پەڕ C _ ڕابردووی تێپەڕ D_ داخوازی تێنە پەڕ

٢١_ ( ت. تان ) نابنە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری :

A_ڕابردووی تێپەڕوتێنە پەڕ B_داخوازی تێپەروتێنە پەڕ

C_ڕانەبردووی تێپەرتێنە پەڕ D_ بکەرنادیاری تێپەڕوتێنە پەڕ

٢٢_ ئەگەر ڕستەی ( ئەسپەکەیان بردیت ) بگۆڕین بۆ ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن ئەوا دەبێتە :

A_ ئەسپەکەیانت دەبرد B_ ئەسپەکەتیان دەبرد C_ ئەسپەکەیان دەبەیت D_ ئەسپەکەت دەبەن

٢٣_لەڕستەی ( نوسینەکەمان خوێندەوە ) چی دەرنەکەوتوە ؟

A_ بەرکار B_ دیارخەری ناو C_ بکەر D_هیچیان

٢٤_ ئەرکی ریزبەندی جێناوەکانی ڕستەی ( باخچەکەیانت کریەوە ) بریتی یە لە ؟

A_بکەر و بەرکار B_ بەرکار و بکەر C_دیارخەرو بکەر D_بکەرو دیارخەر

٢٥_ ئەگەر لەڕستەی ( ئوتومبێلەکەم فرۆشتیت ) ( یت ) بگۆڕین بۆ ( ت ) ئەوا دەچێتە :

A_ پێش جێناوی ( م ) B_ دوای جێناوی ( م ) C_ دوای کار D_ فرۆشت

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D-1 | A-2 | C-3 | C-4 | D-5 | B-6 | B-7 | C-8 | C-9 | D-10 |
| A-11 | A-12 | D-13 | B-14 | C-15 | D-16 | C-17 | A-18 | B-19 | C-20 |
| B-21 | B-22 | B-23 | C-24 | A-25 | | | | | |


ڕێزمان


چاپخانەی توانا 07828350088

## دەرنەکەوتووەکان لە ڕێزمانی پۆلی ١٢

قوتابیان وخوێندکارانی ئازیز، لە ڕێزمانی پۆلی دوازدەهەم هەندێك کەرستەی ڕێزمانی هەن کە دەرناکەون لەرستە،لێرەدا دەمەوێت بەوردی ڕونی بکەمەوە بۆتان، بۆ ئەوەی ئێوەش بتوانن ئەو دەرنەکەوتوەکانە بزانن،کە کامانەن وکەی دەرناکەون لە ڕستەدا .

*********************************************************************

**یەکەم :** جێناوی لکاو وەکو ( **بکەر** ) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنە پەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاك.

وەك : **هات Ø**،واتا ، **ئەو هات**. لێرەدا جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك بەدیارنەکەوتووە کە ئەرکی بکەرە .

**دووەم :** جێناوی لکاو وەکو ( **بەرکار** ) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاك.

وەك :ڕاØم گرت . **واتا، من ئەوم ڕاگرت** . لێرەدا جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك بەدیارنەکەوتووە کە ئەرکی بەرکارە .

**سێیەم :** جێناوی لکاو وەکو ( **تەواوکەری بەیاریدە** ) لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاك.

وەك : **خانوەکەم بۆ کڕی Ø** ، **واتا ، من خانوەکەم بۆئەو کڕی** . لێرەدا جێناوی لکاوی تەواوکەری بەیاریدەیە. دەرنەکەوتووە.

**چوارەم :** جێناوی لکاو وەکو( **دیارخەری** ) ناو لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ بۆ کەسی سێیەمی تاك.

وەك : **خانوەکەم فرۆشت Ø** ، **واتا** ، **من خانوەکەی ئەوم فرۆشت** . لێرەدا جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك بەدیارنەکەوتووە کە ئەرکی دیارخەری ناوە .

**پێنجەم :** ( **ە** ) **جێناوی لکاوی بکەر** ) لەگەڵ کاری داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك. ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی هاتبوو بە پیتە بزوێنەکانی ( **ی ، ۆ ، ێ ، ە ، وو ،** ) ئەوا ( ە ) جێناوی لکاوی بکەر دەرناکەوێت

وەك : یارییەکە ئەنجامدەØ - جلەکانت بشۆØ - هۆنراوەکەبڵێ Ø - بۆخۆت بژی Ø - شەوان زوو بنوو Ø

**شەشەم :** ( **ب** ) **نیشانەی داخوازی** ) لە کاری ئاسادە ( داڕێژراو – لێکدراوە ) بۆ ئاسانکاری و سوکی زمان .

وەك : هەڵبـبژێرە ← هەلبژێرە دروستبـکە ← دروستکە

لەهەردوو کارە ئاسادەکەدا ( ب ) نیشانەی داخوازی دەرنەکەوتوون بۆ سوکی زمان.

**حەوتەم :** ( **ب** ) **نیشانەی دانانی** ) لە کاری ڕانەبردووی دانانی ئاسادە ( داڕێژراو – لێکدراو ) بۆ ئاسانکاری وسوکی زمان.

وەك : ڕابـکەم ڕاکەم - دەبێت زوو سەرهەڵبـخەم . - دەبێت زوو سەریخەم

**هەشتەم :** (ە) ( **ئامرازی دانە پاڵ** ) دەرناكەوێت ئەگەر هاتوو هاوەڵناوێكی چۆنیەتی بووە دیارخەری ناوێكی ناسراوی یەك بڕگە زیاتر، وە كۆتایی هاتوو بە بزوێنەكانی ( ا – ە – ێ – ۆ )

وەك : شووشە∅ ڕونگاو ڕەنگەكە – دەرگا ∅كۆنەكە . – هەرمێ ∅شیرینەكە . – هەڵۆ∅ بەرزەكە .

لەهەریەكەیان ( ە ) وەكو ئامرازی دانە پاڵ دەرنەكەوتوون

**نۆیەم :** بزوێنی (ە)( **ئامرازی پەیوەندی** ) كاتێك بە كاری داخوازی دەلكێت و كارەكەش كۆتایی هاتبێت بە پیتە بزوێنەكان،

بە مەرجێك بكەرەكە بۆكەسی دووەمی تاك بێت.

وەك :بڕۆ∅ دەرێ . واتا بڕۆ **بۆ** دەرێ – بلێ ∅كاوە با بێت واتا بڵێ **بە** كاوە بابێت.

**دەیەم :** ( ە ) ( **كاری ناتەواو** ) بۆ كاتی ئێستا لەڕستەبەدیارناكەوێت ئەگەر هاتووجێناوەكانی كۆمەڵەی دووەم دیارو ئاشكرابن یان نیهادی ڕستە كۆ بێت . وەك : من كوردم. ئێمەكوردین **لێرەدا( ە ) كاری ناتەواو بەدیارنەكەوتووە چونكە جێناوەكانی**

تۆكوردیت . ئێوە كوردن **دەستەی دووەم دیارواشكران یان هەن.تەنها لەكەسی سێیەم ( ە )**

ئەوكوردە . ئەوان كوردن **بەدیاركەوتوە جونكە جێناو لەو سفرە**

بەلاّم ئەگەر كاتی كارەكە بگۆڕین بۆ ڕابردوو ئەوا كارە ناتەواوەكە بەدیاردەكەوێ وەك من كوردبووم ، ئێمەكوردبووین

لێرەدا چونكە. كارە ناتەواوەكە ( بوو ) ە بەدیاركەوتووە .

قوتابیەكان زیرەكن لێرەشدا **( ە ) كاری ناتەواو بۆكاتی ئێستا بەدیارنەكەوتووە چونكە، نیهادی ڕستەكۆیە.**

بەلاّم گەر نیهاد بكەین بەتاك ئەوا ( ە ) كاری ناتەواو بۆكاتی ئێستا دەردەكەوێ . وەك : قوتابیەكە زیرەكە .

**تێبینی /** دەكرێ لە ڕستەیەكدا چەند دەرنەكەوتووێك هەبن. بۆ نموونە :

- **دەرگا كۆنەكە چاككەوە .** لێرەدا ( ئامرازی دانە پاڵ ، ( ب ) نیشانەی داخوازی –( ە ) جێناوی لكاوی بكەر ) دەرنەكەوتوون.
- **پارە زۆرەكە بدە هەژاران.** لێرەدا ( ئامرازی دانە پاڵ –( ە ) جێناوی لكاوی بكەر – ئامرازی پەیوەندی ) دەرنەكەوتوون.
- **پێشمەرگە قارەمانەكان بەجەرگن.** لێرەدا ( ئامرازی دانە پاڵ – كاری ناتەواو ) دەرنەكەوتوون

## هەڵبژاردن

١-لە ڕستەی ( بگە ئێرە. ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-( ب ) نیشانەی داخوازی B-( ب ) نیشانەی دانانی C-بکەرو ئامرازی دانە پاڵ D- بکەرو ئامرازی پەیوەندی

٢-( خانووەکەم لێ کڕی ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-بەرکار B-بکەر C-تەواوکەری بەیاریدە D-دیارخەری ناو

٣-لە ڕستەی ( ناردت ) بۆسەیری یارییەکە ) چی دەرنەکەوتووە.

A-بەرکار B-بکەر C-تەواوکەری بەیاریدە D-دیارخەری ناو

٤-لە ڕستەی ( بۆماڵمان هات . ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-بەرکار B-بکەر C-تەواوکەری بەیاریدە D-دیارخەری ناو

٥-( قەڵەمەکەم برد. ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-بەرکار B-بکەر C-تەواوکەری بەیاریدە D-دیارخەری ناو

٦- لەڕستەی ( نانەخۆشەکە بخۆ. ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-کاری ناتەواو B-جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک C-ئامرازی پەیوەندی D_ ئامرازی دانە پاڵ

٧-لە ڕستەی ( دۆڵەکان قوڵن. ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-( کاری ناتەواو B-جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک C-ئامرازی پەیوەندی D_ ئامرازی دانە پاڵ

٨-( ڕەنگە کتێبەکان چا پکەنەوە ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A- ( ب ) نیشانەی داخوازی B-ئامرازی پەیوەندی C-( ب ) نیشانەی دانانی D-ئامرازی دانە پاڵ

٩- لەڕستەی ( لا دێ کۆنەکە سوتێندرا. ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-بکەر B-ئامرازی دانە پاڵی ( ە ) C-ئامرازی پەیوەندی ( ی ) D-کاری ناتەواو

١٠-لە ڕستەی ( قەڵەمەکە بفرۆشە من ) چی دەرنەکەوتووە ؟

A-ئامرازی دانە پاڵ B-جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاک C-بەرکار D-ئامرازی پەیوەندی

١١-( تۆ پێشمەرگەیت ) لەم ڕستەیەدا چی دەرنەکەوتووە ؟

A-کاری ناتەواو B-ئامرازی دانە پاڵ C-ئامرازی پەیوەندی D-جێناوی لکاوی بکەر

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D-10 | B-9 | C-8 | A-7 | B-6 | D-5 | B-4 | A-3 | C-2 | D-1 |
| | | | | | | | | | A-11 |

ڕێزمان

# بەشی ئەدەب

ئەدەب

## ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی ١٩٣٩ــ ١٩٩١

پ/ ڕێڕەوی شیعری کوردی بە پێی ڕوداوی سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵگای کوردەواری دابەشی چەند قۆناغ دەبێت . ؟

و/ ڕێڕەوی شیعری کوردی بە پێی ڕوداوی سیاسی و ڕامیاری و کۆمەڵگای کوردەواری دابەشی سەرسێ قۆناغ دەبێت .کەئەمانەن ؟

١_ ١٩٣٩ــ ١٩٥٨

٢_ ١٩٥٨ــ ١٩٧٠

٣_ ١٩٧٠ــ ١٩٩١

## قۆناغی یەکەم : ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی ١٩٣٩ تا ١٩٥٨

پ/ تایبە تمەندی شیعری زیندوو چیە ؟ گوزارشت لە چ دەکات ؟

و/ شیعری زیندوو گوزارشت لە کاتی لەدایك بوونی دەکات و هەڵگری سیماو تایبە تمەندی قۆناغی نوسینی دەقەکە بێت . بۆیە ساتە وەختی پەژارەو ژەنگی سیاسی کاتی شەڕی دووەمی جیهانی و خەباتی سیاسی و خۆپیشاندانەکانی عیراق و کوردستان ، جێگەو شوێنەواری خۆیان بەسەر شیعری کوردی ئەم قۆناغە دا بەجێ هێشت.

## یەکەم : ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەقۆناغی یەکەم

### ١_ نیشتیمان پەروەری

پ/ لەقۆناناغی یەکەم دا گۆڕانی گرینگ لەچ بوارێك دابوو؟

و/ گۆڕانی گرینگ لەم قۆناغەدا لەبواری شیعربوە.بەتایبەت لە ناوەڕۆکی شیعر.

پ/ نیشتیمانپەروەری یەکێکە لەناوەڕۆکەکانی شیعری قۆناغی یەکەم باسی بکە.وەئەم جۆرە شیعرە بوە هۆکاری چی ؟

و / لەڕووی نەتەواتی و نیشتمانپەروەریەوە ، بەهۆی سەرهەڵدانی ئەو ڕووداوە سیاسیە گرنگانەی بەسەر کوردستان هاتن ، هەستی کوردایەتی ئاراستەیەکی تری لەشیعری کوردی وەرگرت ، چونکە خەباتی سیاسی ئەو سەردەمە خرایە ناو دەقە شیعریەکان . بەمەش ناوەڕۆکی شیعری کوردی ڕووی لەشیعری سیاسی و نەتەوایەتی و چینایەتی کرد. شیعر بوە هۆکارێك بۆهۆشیارکردنەوەی میللەت بۆبەدەستهێنانی مافەکانی .

پ/ دیارترین ئەو شاعیرانە کێ بوون کەلەم قۆناغەدا هاتنە ناو مەیدانی شیعر و شیعریان بۆ نیشتیمان نوسیووە ؟ نمونەیەکی شیعری هێمنیش بنوسە .

و/ ( هەردی ، دڵدار ، کامەران موکری ، دیلان ، جگەر خوێن ، هێمن ، هەژار )

**کوردم ئەمن**

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ، ئەمن
ئاشـــقی چاوی کەژاڵ و گـــەردەنی پڕخـــاڵ نیم
ئاشـــقی کێـــو و تـــەلان و بەنـــدەن و بەردم ئـــەمن

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ ئایا جگەر خوێن چۆن دێتە گۆڕەپانەوە باسی هەڵکردنی ئالآی کوردستان دەکات ؟ باسی بکە بە نمونەی شیعریەوە .

یان : لەقۆناغی یەکەمدا کام شاعیر داوای هەڵکردنی ئالآی کوردستان و سەربەخۆیی دەکرد ؟بە نمونەی شیعریەوە باسی بکە

و/ لەبابەتی نیشتیمان پەروەریدا جگەرخوێن دێتە گۆڕەپانەوە داوای سەربەخۆ یی و هەڵکردنی ئالآی کوردستان دەکات .

وەك : دەڵێت :

**ئالآ من**

ئالآ سێ ڕەنگی تو

بناڤ و دەنگی تو

نیشانا جەنگی تو

ئەی خورتێن کوردان سلاڤێ لێ بکەن

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ ئایا شیعری قۆناغی یەکەم هەڵگری چ پەیامێك بوو؟ وە تەنها بیریان لەنەتەوەی خۆیان کردۆتەوە ؟

و/ شیعری قۆناغی یەکەم هەڵگری پەیامێکی مرۆڤایەتی بوو وە هەرگیز تەنها بیریان لەنەتەوەی خۆیان نەکردووتەوە و بەڵکو بیری لە ئازادی گەلانی تریش بووە .

## ٢ : سروشت

پ/لایەنێکی تری ناوەڕۆکی شیعری کوردی سروشتە باسی بکە بە نمونەی شیعریەوە .

و/ لایەنێکی تری شیعری ئەم ماوەیە بریتیە لەسروشت ، کە لەو وەسفە ڕوتەی لەکلاسیکدا هەبوو دەربازبوو ، گۆڕا بۆئەوە کەهەستی ڕۆڵەی کورد بجوڵێنێ بۆخۆشەویستی کوردستان ، وایان لێبکات کە ولآتەکەیان زیاتر خۆشبووێت . وەك ئەم نمونەی شیعری ( دیلان ) کەشیعری ( بەهار ) دا دەڵێت :

**بەهار**

وابەهـــــار دیسان تارای ئە پۆشـــێ

گولآلـە پیـالەی خوێنـین ئـەنۆشێ

نێـرگس ئەنـــدام شۆڕ ڕەنگی زێرینی

وەنەوشەو کرونوش پەڕەی چین چینی

( بۆلەبەرکردنە )

## ٣ : کێشەی ئافرەت

پ/ لەقۆناغی یەکەمدا چۆن باس لەئافرەت کراوە ؟ وە جیاوازی چی یە لەگەڵ قۆناغەکانی تر ؟ واتا بۆچی لەو قۆناغە دا جیاوازتر باس لەئافرەت کراوە ؟ بە نمونەی شیعریەوە باسی بکە .

و / لەم قۆناغەدابابەتی جوانی ژن و کێشەکانی خراونەتە ڕوو ، وە جیاوازتر باسی لێوە کراوە ، چونکە باسکردنی تەنها لە چوار چێوەی جوانی ڕوخساریدا نەماوەتەوە ، بەڵکو لا لەکێشەکانیدا کراوەتەوە . شاعیران وا باسی ( ژن ) یان کردووە و کە وەك پیاو ئەرك و مافی هەیە و دەبێت لەکۆڕی سیاسی و تێکۆشاندا بەشداربێت . دەبێت ژنی کورد لەکۆتی دیلی و دواکەوتووی هەموو ئەو داب و نەریتانە ڕزگار ببێت کە دەرفەتی بەشداربوون لەبوارەکانی تری ژیان بۆ ژن لاواز دەکەن . ( بێکەس ) ئەم دیمەنە دواکەوتووەی ناو کۆمەڵگا لەشیعری ( نەسرین ) بەرجەستە دەکات و دەڵێت

**نەسرین**

مەڵــیٚ من کچم ، تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی
مەجبوری ئیش و خزمەت کـــوردی
هەستــە تێکۆشە تاخوێنت گەرمــە
سەرپۆش فرێــدە چ وادەی شەرمە

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ تێکەڵکردنی ئافرەت لەگەڵ کێشە ڕامیاریەکان چۆن بوو ؟ لەقۆناغی یەکەم ، بە نمونەی شیعریەوە باسی بکە .

و/ ئەم چەشنە تێکەڵکردنەی ژن لەگەڵ کێشە ڕامیاریەکان لەم شیعرەی سەرەوەی بێکەسدا بوو بەهۆی ئەوەی کەژن لەشیعردا تەنها وەکو خۆشەویست سەیرنەکرێت.

پ/ ئەحمەد هەردی چۆن باس لەئافرەت دەکات لەقۆناغی یەکەم بە نمونەی شیعریەوە باسی بکە ؟

و/ دیارترین شاعیری ئەم قۆناغە کەشیعری بۆخۆشەویستی نوسیبێت ( ئەحمەد هەردی ) یە کەدەڵێت

**چە پکە گوڵێك بۆست فا تمە**

گـــەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە
هەربەتەنیا بۆکوڕی خاوەن تـــەلارو عانەیـە
گیانەکەم ! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێــتانەیـە
بیٚ ئەوەی هیچ شك بەریٚ کوژراوی ئەو چاوانەیە

( بۆلەبەرکردنە )

## ٤ : کێشەی چینایەتی

پ/ لەرووی ناوەڕۆکەوە لەقۆناغی یەکەم چۆن باس لەکێشە کۆمەڵایەتیەکان کراوە ؟ وە باسی چینی هەژارو جوتیار و چەوساوە بکە بە نمونەی شیعریەوە باسی بکە .

و/ لەم قۆناغەدا لە پاڵ کێشە سیاسیەکان ، باس لەکێشەی کۆمەڵایەتیش کراوە . شاعیرانی کورد زیرەکانە لەگەڵ کێشەی سیاسی ئاوێتەی کردوون . ، وە سەرجەم دەقە شیعریەکانیشیان پاڵپشتی چینی هەژارو جوتیارو چەوساوە بوو ، دژی زۆرداران وەستاونەتەوە ، بەردەوام هاوڕێی چینی زەحمەت کێش بوونە . لەم بارەیەوە ( قانیع ) لەشیعری ( قەلاچۆی دوژمندا ) دەڵێت :

**قەلاچۆی دوژمن**

باهەموو جوتیار و پاڵە و ڕەنجبەران
یـــەکگرن تا دەبـــنە هێزو پشتـیوان
هەڵــگرن یەکسەر دروشمی ئاشــتی
بێ جیــــاوازی لەسەر ڕەمز و نیـــشان

( بۆلەبەرکردنە )

## دووەم :ڕوخساری شیعری کوردی لەقۆناغی یەکەم

## ١ : کێش و سەروا

پ/لەم قۆناغەدا شاعیران زیاتر گرینگیان بە چ دەدا ؟ وەهەوڵەکان چی بوون و لەلایەن کێ بوون بۆ ڕوخساری شیعری ؟

و/ لەم قۆناغەداشاعیران زیاتر گرینگیان بە ناوەڕۆك دەدا . بەلاَم لەئاستی تاکەکەسی چەند هەوڵیك دەبینرێت کەبۆ گۆڕینی ڕوخساری شیعری دراون ، وەك : لەتاقیکردنەوەشیعریەکانی ( قەدری جان ، گۆران ، دیلان ، کامەران موکری ) بەرچاو دەکەون . لەساڵی ( ١٩٥٤ ) ( دیلان )لە پارچەشیعری ( ڕێگەی خەبات ) بنیاتی شیعری کوردی دەگۆڕێت بەرەو قاڵبێکی ئازاد دەبات.

پ/ کامەران موکری چۆن مامەڵە لەگەڵ کێش و سەروادا دەکات ؟

و/ لەساڵی ( ١٩٥٧ ) ( کامەران موکری )لەشیعری ( ئەی کچەشوان ) ڕوولەشیعری سەربەست دەکات و دەڵێت :

**ئەی کچەشوان**

ئەی کچەشوان **** هەلاَڵەیی **** ئەی کەنیزەی کەژی کوێستان **** بەشێنەیی **** نەرم و نیان
بەئاوازی شمشاڵەکەت ************ بەلەرەی لێوە ئاڵەکەت ********** هەستی خۆشیم بینە فرین
بۆناو گوڵزار ************************************************* چەم و نزار

( تەنها بۆخوێندنەوە )

پ/ ئایا ئەوهەوڵەتاکەکەسیانە توانیان شیعری کوردی بەرەو قاڵبی ئازاد ببەن؟

و/ ئەو هەوڵەتاکەکەسیانە هەربەردەوام بوون بەلاّم نەیانتوانی شیعری کوردی بەرەو قاڵبێکی ئازاد ببەن.

## ٢ : زمانی شیعر

پ باسی زمانی شیعری بکە لەقۆناغی یە کەم ، وە سەرچاوەی دەوڵەمەندبونەکەشی چی بووٍ؟

و/ لایەنێکی تری ڕوخساری شیعری کوردی ئەوقۆناغە کەگرینگی پێدراوە ، زمانی شیعرە بەرەو کوردی پەتی هەنگاوی ناوە ، هەروەها فەرهەنگی زمانی شیعری دەوڵەمەندکرابوو بەبوارە جیاجیاکانی خەباتی سیاسی و سروشت و کێشەکانی ژن . وە بەسود وەرگرتن لەفۆلکلۆری کوردی گەلێك لەشاعیران زمانی شیعری ئەم قۆناغەیان دەوڵەمەند کردبوو ، ( قەدری جان ) یەکێکە لەو شاعیرانەکە ئەم هەوڵەی داوە . وەك شیعری ( کاروانێ مە ) دەڵێت:

**کاروانێ مە**

ئەم هیچ نەوەستیاین و ناوەستین ****** * ل سەر ڕێیا دوور ******** سەر ڕێیا دژووار
ئــــەم دچن و ئەمێ بـــچن ******* بەر ب ئارمانــجا خۆ ******** ل بـــن بـــاران
ل ســـەر بــــــــــەرفان ******* باو باگەر ل شکەفتان ******** دبـــن دلـــۆپان
ب لنــــــــــــگێ خاس ******* کـــــاروانێ مە دچە ******** بەر ب ئارما نجا خوە

( تەنها بۆخوێندنەوە )

پ/ باسی سرودو چۆنیەتی گەشەکردنی بکە . بە نمونەی شیعریەوە .

و/ لەگەڵ فراوان بوونی هەستی نەتەوایەتی و خەباتی سیاسی ( سرود ) یش بەرەو پێش چوو ، بەتاییەت ئەوسرودانەی کە بۆ جەژنی نەورۆز دەگوتران . لەشیعرە بەناوبانگەکەی ( پیرەمێرد ) دا دەردەکەێت کەدەڵێت:

**نەورۆز**

ئـــــەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتـــەوە
جـــەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتـــەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای پێ پەست بوو تاکو پار
هەرخوێنی لاوەکان بوو ، گوڵی ئاڵی نێو بەهار

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ شیعری کوردی قۆناغی یەکەم لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە گوزارشتی لە چ دەکرد؟

و/ شیعری کوردی ئەم قۆناغە لەرووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە هەڵقولاوی ناوجەرگەی کۆمەڵی خەڵکی کوردەواری بوو ، واتە گوزارشتی ڕاستەقینەی ژیانی ئاسایی خەڵك بوو، مەبەستیان بوو کەخەڵك وشیاربکەنەوە بۆئەوەی داوای مافەکانیان بکەن.

# هەڵــــــبژاردن

١_ شیعری زیندوو ئەو شیعرەیە کە گوزارشت دەکات لە :

A_ ناخی نوسەر    B_ کاتی لەدایك بوونی دەقەکە    C_ باشی و چاکی دەقەکە    D_ خرابی دەقەکە

٢_ ئەو جۆرە شیعرەیە کە گوزارشت لەکاتی لە دایك بونی دەقی شیعرەکە دەکات :

A_ شیعری زیندوو    B_ شیعری لیریکی    C_ شیعری بەرەنگاری    D_شیعری ئاینی

٣_ ( ساتە وەختی پەژارەو خەباتی سیاسی ) دوو سیمای دیاری کام لەم شیعرانەن ؟

A_ شیعری رۆمانتیکی    B_ شیعری ویژدانی    C_ شیعری زیندوو    D_ شیعری کلاسیکی نوێ

٤_ لەشیعری قۆناغی یەکەمدا گۆرانی گرینگ رویدا لە :

A_ ناوەڕۆکی شیعر    B_ روخساری شیعر    C_ روخسارو ناوەڕۆکی شیعر بوو    D_ هیچیان

٥_ لەقۆناغی یەکەمدا شیعری کوردی زیاتر ڕووی کردە شیعری :

A_ ئاینی و سۆفی گەری    B_ سروشتی کوردستان    C_ سیاسی و نەتەوایەتی    D_ ئەڤینی ودڵداری

٦_ لەکام لەم قۆناغانەدا هەستی کوردایەتی گۆڕاو بەهێزبوو ئاراستەیەکی تری وەرگرت :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠    C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٧_ شیعری قۆناغی یەکەم بوە هۆکارێك بۆهوشیارکردنەوەی گەل بۆ :

A_ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری    B_ بەدەست هێنانی مافەکانی

C_ بەرزکردنەوەی ناوەڕۆکی شیعری کوردی    D_ بەرزکردنەووەی روخساری شیعری کوردی

٨_ لەکام لەم قۆناغانەدا شیعری کوردی بوە هۆکارێك بۆ وشارکردنەوەی گەل بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠    C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٩_ کام لەم شاعیرانە لەناوکۆڕی خەباتی کورد دەستیان کرد بەنوسینی شیعر ؟

A_ گۆران و جگەرخوێن    B_ مەلای جەزیری و قانیع    C_ هێمن و دیلان    D_ خانی و قانیع

١٠_ لەدیارترین ئەوشاعیرانەی کەشیعریان بۆنیشتیمانپەروەری وخەباتی میلەتی کورد دەنوسی لەقۆناغی (١١٣٩ _١٩٥٨) دا

A_ مەولەوی    B_ خانی    C_ حاجی قادری کۆیی    D-هەژار

١١_ هۆنراوەی (کوردم ئەمن ) هی کام لەمانەیە

A_ جگەرخوێن    B_ هێمن    C_ قانع    D_ دیلان

١٢_ هۆنراوەی ( قەد لەدەست ئەم چەرخە سپلە نابەزم مەردم ئەمن ) هی کام لەم شاعیرانەیە :

A_ جگەرخوێن    B_ قانع    C_ دیلان    D_ هێمن

١٣_ هەست و نەستی کوردایەتی لەشیعری قۆناغی یەکەم داگیرکردووە لەشیعری کام لەمانە بەرونی دەردەکەوێت :

A_ جگەرخوێن    B_ قانع    C_ دیلان    D_ هێمن

١٤_ لەهۆنراوەی ( گەرچی توشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردە ئەمن ) چ هەستێك دەردەکەوێت :

A_ خۆشەویستی    B_ کوردایەتی    C_ ئاینی    D_ سروشت


ئەدەب

١٥_ یەكێك لەلایەنەكانی ناوەڕۆكی شیعری كوردی قۆناغی ( ١٩٣٩_ ١٩٥٨ ) بریتییە لە

A_ كێشەی چینایەتی B_ نیشتیمانپەروەری C_ كێشەی ئافرەت D_ هەرسێكیان

١٦_ هۆنراوەی ( ئالآمن ) كەبۆهەڵكردنی ئالآیی كوردسان و سەربەخۆیی نوسراوە لە قۆناغی یەكەم هی كام لەمانەیە :

A_ جگەرخوێن B_ هەژار C_ قانع D_ دیلان

١٧_ كام لەمانە دێتە گۆڕەپانەوە باس هەڵكردنی ئالآی كوردستان و سەربەخۆی دەكا "

A_ گۆران B_ بێكەس C_ جگەرخوێن D_ دیلان

١٨_ شیعری كوردی قۆناغی یەكەم هەڵگری چ پەیامێك بوو ؟

A_ دڵداری B_ ئاینی C_ مرۆڤایەتی D_ ڕەگەز پەرستی

١٩_ هۆنراوەی ( بەهار ) هی كێیە :

A_ جگەرخوێن B_ دیلان C_ قانیع D_ ئەحمەد هەردی

٢٠_ هۆنراوەی ( بەهار ) كەلەقۆناغی یەكەم نوسراوە لەلایەن دیلانەوە بۆ مەبەستی :

A_ ئاینی B_ كێشەی ئافرەت C_ كێشەی كۆمەلآیەتی D_ سروشت

٢١_ لەكام قۆناغی شیعردا شاعیران جگە لەباسكردنی خەباتی گەلەكەیان. باسی خەباتی گەلانی تریان كردووە :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٢_ لەكام لەم قۆناغانەدا( سروشت ) لەوەسفی ڕووت دەربازبوو بۆ ئەوەی هەستی ڕۆڵەی كورد بجوڵێنی بۆخۆشەوستی نیشتیمان:

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٣_ كەی شیعری كوردی سەرچاوەو كانیاوی بیری ئازادی خوازی گەلانی تربووە :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٤_ كام لەمانە سروشتی كوردستان كاری تێدەكات و شیعر بۆ سروشت دەنوسێت :

A_ جگەرخوێن B_ دیلان C_ قانیع D_ ئەحمەد هەردی

٢٥_ باسكردنی سروشتی كوردستان لەلایەن شاعیران بۆ چ مەبەستێك بووە ؟

A_ دەربازبوون لە ژێردەستەی B_ خۆشویستنی ولات C_ زۆركردنی ناوەڕۆكی شیعری D_ئاوەدانكردنەوەی ولآت

٢٦_ لەكام قۆناغی شیعردا لا لەكێشەكانی ئافرەت كراوە :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٧_ لەقۆناغی یەكەم جیاوازتر باس لەئافرەت كراوە چونكە :

A_ شاعیری زیاتر شیعریان بۆ خۆشەویستی ئافرەت نوسی B_ لا لەكێشەكانی كراوە

C_ شاعیری ئافرەت پەیدا بوون D_ چاپەمەنی زۆربوو

٢٨_( بێكەس ) لەكام لەم شیعرانەدا باسی دواكەوتووی ( ژن ) دەكات :

A_ بەهار B_ نەسرین C_ كوردە ئەمن D_ ست فاتمە

٢٩_ هۆنراوەی ( نەسرین ) لەلایەن بێكەسەوە نوسراوە بۆ مەبەستی :

A_ جوانی ژن B_ خۆشەویستی ژن C_ دواكەوتوی ( ژن ) لەكۆمەڵگا D_ پێشكەوتووی ( ژن ) لەكۆمەڵگا



چاپخانەی توانا 07828350088

٣٠ _ تێکەڵکردنی ئافرەت لەگەڵ کێشەسیاسیەکاندا وای کرد کە :

A_ شاعیری ( ژن ) زۆر بێت    B_ شیعر بۆ جوانی ( ژن ) زۆربوو    C_ شیعر بۆجوانی ( ژن ) کەم بووەوە

٣١ _ ( موحتاجی عیلم و فەن و خوێندنی ) کام نیوە دێر لەدوای ئەم نیوە دێرە دێت :

A_ مەڵێ من کچم تۆش وەکو منی    B_ هەستە تێکۆشە تاخوێنت گەرمە

C_ مەجبووری ئیش و خزمەتکردنی    D_ سەرپۆش فرێدە چ وادەی شەرمە

٣٢ _ لەکام لەم هۆنراوانەدا ( ژن ) ئاوێتەی کێشە سیاسیەکان کراوە :

A_ قەڵاچۆی دوژمن    B_ چە پکە گوڵێك بۆست فاتمە    C_ نەسرین    D_ بەهار

٣٣ _ کام لەم هۆنراوەیە وای کرد کە لایەنی خۆشەویستی بۆ ژن بەرتەسك بێتەوە یان کەم بێتەوە :

A_ قەڵاچۆی دوژمن    B_ نەسرین    C_ بەهار    D_چە پکە گوڵێك بۆ ست فاتمە

٣٤ _ دیارترین شاعیرکە شیعری بۆ خۆشەویستی ئافرەت نوسیوە لە قۆناغی یەکەم :

A_ جگەرخوێن    B_ دیلان    C_ قانیع    D_ ئەحمەد هەردی

٣٥ _ ئەحمەد هەردی لەکام لەم هۆنراونەدا باسی خۆشەویستی ئافرەت کردووە :

A_ قەڵاچۆی دوژمن    B_ نەسرین    C_ بەهار    D_ چە پکە گوڵێك بۆست فاتمە

٣٦ _ هۆنراوەی ئەحمەد هەردی ( ست فاتمە ) بۆچ مەبەستێك نوسراوە :

A_ خۆشەویستی ئافرەت    B_ کێشەی ئافرەت    C_ پێشکەوتووی ئافرەت    D_ دواکەوتوی ئافرەت

٣٧_ هۆنراوەی ( چە پکە گوڵێك بۆست فاتمە ) کە بۆ خۆشەویستی ئافرات نوسراوە لەنوسینی :

A_ جگەرخوێن    B_ دیلان    C_ ئەحمەد هەردی    D_ قانیع

٣٨ _ هۆنراوەی ( گەرچی دڵداری لەخاکی ئێمەدا ئەفسانەیە ) بۆ چ مەبەستێك نوسراوە :

A_ سروشت    B_ کێشەی چینایەتی    C_ نیشتمان    D_ خۆشەویستی ئافرەت

٣٩_ لەقۆناغی یەکەمدا کام لەم ناوەڕۆکانە لە پاڵ کێشەی سیاسیەکان و بەکێشەی سەرەکی دادەندرێت :

A_ کێشەی ئافرەت    B_ کێشەی چینایەتی    C_ کێشەی هەژاری    D_ کێشەی ئاینی

٤٠_ شاعیران لەگەڵ کێشە ڕامیاریەکان ئاوێتەی کردووە :

A_ کێشەی چینایەتی    B_ کێشەی ئافرەت    C_ کێشەی هەژاری    D_ کێشەی ئاینی

٤١ _ گرینگترین و سەرەکی ترین کێشەی چینایەتی بریتی بوو لە لەکێشەی نێوان :

A_ جوتیا رو هەژاران    B_ خوێندەوارو نەخوێندەوار    C_ هەژارو دەوڵەمەند    D_ دەرەبەگ و جوتیار

٤٢ _ لەکێشەی چینایەتی د ا شاعیران لە سەرجەم دەقە شیعریەکانیاندا پاڵپشتی چینی :

A_ دەرەبەگ بوون    B_ هەژاروچەوساوەبوون    C_ خوێندەواربوون    D_ دەوڵەمەند بوون

٤٣ _ هۆنراوەی ( قەڵاچۆی دوژمن ) هی کام لەمانەیە :

A_ جگەرخوێن    B_ دیلان    C_ قانیع    D_ قانیع

٤٤_ ( هەڵگرن یەکسەر دروشمی ئاشتی ) نیوە دێریکە لەهۆنراوەی :

A_ بەهار    B_ نەسرین    C_ قەڵاچۆی دوژمن    D_ ئەی کچە شوان

٤٥_ هۆنراوەی ( قەلآچۆی دوژمن ) ی قانیع نوسراوە بۆ کێشەی :

A_ چینایەتی B_ سیاسی C_ بەرەنگاری D_ ئافرەت

٤٦_ ( قانیع ) لەکام لەم هۆنراوانەدا باسی کێشەی چینایەتی دەکات :

A_ نەسرین B_ بەهار C_ چە پکە گولێك بۆست فاتمە D_ قەلآچۆی دوژمن

٤٧_ هۆنراوەی ( با هەموو جوتیارو پاڵەو رەنجبەران یەکگرن تادەبنە هێزو پشتیوان ) بۆ چ مەبەستێك نوسراوە :

A_ سروشت B_ کێشەی چینایەتی C_ نیشتمان D_ خۆشەویستی ئافرەت

٤٨_ لەکام قۆناغی شیعردا شاعیران هاورێ و لایەنگری چینی هەژارو جوتیارو چەوساوە بوون ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٤٩_ ( کامەران موکری و دیلان ) یەکێکن لەوانەی هەوڵیاندا گۆران دروست بکەن لە شیعر لەرووی :

A_ روخسارەوە B_ ناوەرۆکەوە C_ ناوەرۆك و روخسارەوە D_ هیچیان

٥٠_ کام لەمانە بە پارچە شیعری ( رێگای خەبات ) روو لەشیعری سەربەست دەکات بەرەو قاڵبێکی ئازادی دەبات :

A_ کامەران موکری B_ گۆران C_ قەدری جان D_ دیلان

٥١_ دیلان بەکام لەم پارچە شیعرانە روو لەشیعری سەربەست دەکات بەرەو قاڵبێکی ئازادی دەبات :

A_ ئەی کچە شوان B_ بەهار C_ رێگای خەبات D_ کاروانێ مە

٥٢_ دیلان بە پارچە شیعری ( رێگاری خەبات ) روو لەشیعری سەربەست دەکات بەرەو قاڵبێکی ئازادی دەبات لەساڵی :

A_ ١٩٥٤ B_ ١٩٥٥ C_ ١٩٥٦ D_ ١٩٥٧

٥٣_ لە ساڵی ( ١٩٥٤ ) دیلان بە پارچە شیعری ( رێگاری خەبات ) روو لەشیعری سەربەست دەکات بەرەوچ قاڵبێکی دەبات :

A_ سنووردار B_ خۆماڵی C_ ئازاد D_ نیمچە ئازاد

٥٤_ کام لەمانەلەساڵی ( ١٩٥٧ ) بە پارچە شیعری ( ئەی کچە شوان ) روو لەشیعری سەربەست دەکات :

A_ کامەران موکری B_ گۆران C_ قەدری جان D_ دیلان

٥٥_ کامەران موکری بە پارچە شیعری ( ئەی کچە شوان ) روو لەشیعری سەربەست دەکات بەرەو قاڵبێکی ئازادی دەبات لەساڵی :

A_ ١٩٥٤ B_ ١٩٥٥ C_ ١٩٥٦ D_ ١٩٥٧

٥٦_ کامەران موکری بەکام لەم پارچە شیعرانە روو لەشیعری سەربەست دەکات بەرەو قاڵبێکی ئازادی دەبات :

A_ ئەی کچە شوان B_ بەهار C_ رێگای خەبات D_ کاروانێ مە

٥٧_ لەساڵی ( ١٩٥٧ ) کامەران موکری بە پارچە شیعری ( رێگاری خەبات ) روولەشیعری سەربەست دەکات بەرەوچ قاڵبێکی دەبات :

A_ سنووردار B_ خۆماڵی C_ ئازاد D_ نیمچە ئازاد

٥٨_ لەقۆناغی یەکەمدا زمانی شیعری دەوڵەمەندکرابوو بە سود وەرگرتن لە :

A_ مێژووی کوردی B_ مێژووی جیهانی C_ فۆلکلۆری کوردی D_ فۆلکلۆری جیهانی

٥٩_ لەقۆناغی یەکەمدا گەلێك لەشاعیران زمانی شیعریان بەسود وەرگرتن لە فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەندکردبوولەوانە :

A_ دیلان B_ بێکەس C_ قانیع D_ قەدری جان

٦٠ _ قەدری جان سودی لەفۆلكلۆری كوردی وەرگرتووە بۆ دەوڵەمەندكردنی زمانی شیعری و وەك لەم شیعرەیدا :

A _ كاروانێ مە B _ ئەی كچە شوان C _ بەهار D _ ڕێگای خەبات

٦١ _ هۆنراوەی ( كاروانێ مە ) هی كێیە ؟

A _ دیلان B _ قەدری جان C _ بێكەس D _ قانیع

٦٢ _ هۆنراوەی ( كاروانێ مە ) ی قەدری جان نوسراوە بۆ مەبەستی دەوڵەمەندكردنی :

A _ زمانی شیعری B _ ناوەڕۆكی شیعر C _ سەرواى شیعر D _ وێنەی شیعر

٦٣ _ لەگەڵ فراوانبوونی خەباتی نەتەوەی چی گەشەی بەخۆیەوە بینی ؟

A _ سینەما B _ ڕۆمان C _ سرود D _ داستان

٦٤ _ كام نیوە دێر لە پێش ئەم نیوە دێرە ( وابەهار دیسان تاراى ئە پۆشێ ) دێت ؟

A _ نیوەدێری سەرەتایە هیچی لە پێش نایە B _ گوڵاڵە پیاڵەی خوێنین ئەنۆشێ

C _ نێرگز ئەندام شۆڕ ڕەنگی زێڕینی D _ وەنەوشەو كرنوش پەڕەی چین چینی

٦٥ _ سرودی بەناوبانگی ( نەورۆز ) هی كێیە ؟

A _ گۆران B _ پیرەمێرد C _ دیلان D _ قانیع

٦٦ _ شیعری كوردی لەقۆناغی یەكەم لەڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە گوزارشتی دەكرد لەژیانی :

A خەڵكی دەوڵەمەند B _ دەربەگ C _ ئاسای خەڵك D _ گەلانی تر

٦٧ _ شیعری كوردی لەكام قۆناغدا لەڕووی ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە گوزارشتی دەكرد لەژیانی ئاسایی خەڵك كردووە :

A _ ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ B _ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C _ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D _ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٦٨ _ لەدوای ئەم نیوە دێرە ( قەت لەدەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن ) كام نیوە دێر دێت ؟

A _ ئاشقی چاوی كەژاڵ وگەردەنی پڕ خاڵ نیم B _ گەرچی توشی ڕەنجەڕۆیی حەسرەت و دەردم ئەمن

ئ _ ئاشقی كێو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن C _ دوا دێرە هیچی لەدوانایێت

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| D-10 | C-9 | A-8 | B-7 | A-6 | C-5 | A-4 | C-3 | A-2 | B-1 |
| D-20 | B-19 | C-18 | C-17 | A-16 | D-15 | B-14 | D-13 | D-12 | B-11 |
| C-30 | C-29 | B-28 | B-27 | A-26 | B-25 | B-24 | A-23 | A-22 | A-21 |
| A-40 | B-39 | D-38 | C-37 | A-36 | D-35 | D-34 | B-33 | C-32 | C-31 |
| D-50 | A-49 | A-48 | B-47 | D-46 | A-45 | C-44 | C-43 | B-42 | D-41 |
| A-60 | D-59 | C-58 | C-57 | A-56 | D-55 | A-54 | C-53 | A-52 | C-51 |
| | | A-68 | A-67 | C-66 | B-65 | A-64 | C-63 | A-62 | B-61 |

## قۆناغی دووەم: ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی ١٩٥٨ تا١٩٧٠

### یەکەم : لەڕووی ناوەڕۆکەوە :

پ/ مێژووی قۆناغی دووەم پەیوەستە بە دوو ڕوداوی سیاسی ئەو دوو ڕوداوانە چین ؟

و/ مێژووی قۆناغی دووەم پەیوەستە بە دوو ڕوداوی سیاسی کەئەمانەن :

یەکەم : شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی (١٩٥٨) ئەم ڕوداوە ڕاستەوخۆ کاردانەی هەبوو بەسەر باری ڕوناکبیری ئەدەبی عیراق و کورد

دووەم : شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١) ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەبو بەسەرباری ڕوناکبیری ئەدەبی کوردی ،

پ/ هەڵویستی شیعری کوردی بەرامبەر بە شۆڕشی چواردەی تەمموز چی بوو؟

و/ شیعری کوردی هەرلە سەرەتای دروستبونی ئەوشۆرشەڕاستەوخۆ دەنگی خۆی خستە پاڵ دەنگی ئەم شۆڕشە بەمەبەستی ئەوەی کەلەسایەی ئەم شۆڕشە بگەن بەمافە سیاسیەکانی خۆیان . ئەمەش وای کرد کەدەیان شیعر بۆ شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش بنوسن ، بەرگریان لەو دەسکەوتانە دەکرد کەشۆڕش بەدەستی هێنابوون،

پ/ ئەوهیوایەی کەکورد بەشۆڕشی چواردەی تەمموز هەیبوو زوو پوکایەوە ، بۆچی ؟

و/ چونکە بەرەبەرە پشت لەخواست و مافەکانی گەلی کورد کرا.

پ/ لەگەڵ پەیدابوونی شۆڕشی ئەیلولی(١٩٦١) شیعری کوردی چی بەسەرهات ؟ یان هەڵوێستی شیعری کوردی چۆن بوو بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلول؟

و/ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول شیعری کوردی ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگەو زیاتر جەختیان لەسەر مافە سیاسیەکانی گەلی کورد دەکردەوە .هەر بۆیەش سیمای هەرە دیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەم قۆناغەدا مەبەستی سیاسی و نەتەوایەتی بوو، نمونەی ئەم بەشداریەی شیعری کوردی لەشۆڕشداکەشان بەشانی پێشمەرگە لەم شیعرەی ( هەژاری موکریانی ) دەردەکەوێت. کەلە شیعری ( سرودێک بۆ پێشمەرگە ) دادەڵێت:

**سرودێك بۆ پێشمەرگە**

نیشتیمانی کورد گەلێك پیرۆزی ، سوێندت پێ ئەخۆم
بـــۆ سەربەخۆیت بەگیان و بەماڵ بەقوربـــانی تۆم
زۆرلاوی ئازات ، لەکۆڕی خـــەبات خوێنی خۆیان ڕشت
زۆر شێخ و پیران ، لەزانا و ژیـــران خۆیان دا بەکوشت

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ ئایا شاعیرانی کورد لەقۆناغی دووەمدا تەنها باسیان لە خەباتی گەلەکەیان کردووە؟

و/ نەخێر شاعیرانی کورد جگە لەخەباتی نەتەوەی خۆیان ئاوڕیان لەخەباتی نەتەوەی تری ماف خوراویش داوەتەوە . وەك ( کامەران موکری ) باس لەشۆڕشی( گەلی جەزائیر ) دەکات و ( دیلان ) یش پشتگیری شۆڕشی( کۆنگۆ ) دەکات).

## دووەم : لەڕووی ڕوخسارەوە :

### ١: زمانی شیعر

پ/ باسی زمانی شیعری ماوە نێوان ١٩٥٨ــ ١٩٦١ بکە .

و/ زمانی شیعری ماوەی نێوان ١٩٥٨ تاکو ١٩٦١ ) هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بوو، بەرامبەر بە شۆڕش ، ئومێدی بە دیهێنانی مافی گەلی کورد بوو ، هەربۆیەش ئەو وشە شیعریانەی لەم ماوەیە دا شیعری پێ دەنوسرا شادی و گەشبینی تێدا دەبینرا.

پ / باسی زمانی شیعری ماوە نێوان ١٩٦١ــ ١٩٧٠ بکە.

و/ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول ، زمانی شیعری بەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی ، بەتایبەت لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشدا ، وەبەرەو هەڵگرتنی پەیامی ( بەرەنگار بونەوە ) دەچوو

پ/ بۆچی زمانی شیعری بەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی ؟

و/ چونکە لەم ماوەیەدا ڕژێم بەوپەڕی توند و تیژی کوردی دەچەوساندەوە کوردستانی کاول دەکرد.

### ٢: کێش و سەروا

پ/ باسی کێش و سەروای قۆناغی دووەم بکە بە نمونەی شیعریەوە .

و/لەم سەردەمەدا زیاتر کێشی ( بڕگەی )سەروای ( مەسنەوی ) ( جوت سەروا ) پەیڕەو دەکرا . لەگەڵ ئەوەشدا لای ( قەدری جان و دیلان ) شێوازی بەکارهێنانی سەروا تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەرداهات ، دەقەشیعریەکان بەرەو بنیاتی شیعری سەربەست براون.

وە نمونەیەکی شیعری گۆران دەهێنینەوە کەهەوڵی داوە دسەروای تازەو سەربەست بەکار بهێنێت ، شاعیر دژی شەڕ و شەڕخوازان وەستاوە ، دەڵێت:

**بێشکەی منداڵ**

ئای چەند خۆشە ماڵێك بــێ وا
ڕوی دنیا، ئەم پــەڕ تائەو پەڕ
دڵنــیابین بێشــکەی ســـــــاوا
نابـــــێ بـــە خۆڵەمێشی شــەڕ

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ ئەوهەوڵەی لەلایەن ( سوارەی ئیلخانی زادە )بۆ چی بوون و بەچی گەیشت؟

و/ ئەوهەوڵەی لەشیعرەکانی ( سوارەی ئیلخانی زادە ) دەبینران لەکوردستانی خۆرهەلات بۆ نوێگەری و تازەگەری بوو لەشیعر، بەلام هەرلەهەوڵی تاکەکەسی مانەوە نەبوو بەڕەوتێکی دیار.

# هەڵبـــــژاردن

١_ مێژووی قۆناغی دووەم پەیوەستە بەچەند ڕووداوی سیاسی؟

A_ یەك B_ دوو C_ سێ D_ چوار

٢_ مێژووی قۆناغی دووەم پەیوەستە بەدوو ڕووداوی سیاسی کەبریتین لە سەرهەڵدانی :

A_ گرووپی ڕوانگەو گۆڤاری گەلاوێژ B_ شۆڕشی ئەیلول و گرووپی ڕوانگە

C_ گرووپی ڕوانگەو گۆڤاری شەفەق D_ شۆڕشی ئەیلول و چواردەی تەموز

٣_ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی چواردەی تەمموز شیعری کوردی ڕاستەوخۆ :

A_ دەنگی خۆی خستە پاڵ شۆڕشەوە B_ دوورکەوتەوە لەو شۆڕشە C_ دژی وەستایەوە D_ هیچیان

٤_ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ١٤تەمموز شیعری کوردی ڕاستەوخۆدەنگی خۆی خستە پاڵ شۆڕشەکەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی :

A_ مافە ئابوریەکانیان B_ مافە سیاسیەکانیان C_ مافە کۆمەلآیەتیەکانیان D_ مافە مرۆڤایەتیەکانیان

٥_ ئەوهیوایەی کە گەلی کورد بە شۆڕی تەمموز هەیبوو زوو پووکایەوە و لەناو چوو، چونکە :

A_ شۆڕشەکە زوولەناوچوو B_ کوردگەیشت بەمافەکانی C_ زوو پشت لەمافەکانی کورد کرا D_کورد پشتی کردە شۆڕش

٦_ شۆڕشی ئەیلول سەری هەڵدا لەساڵی :

A_ ١٩٦٠ B_ ١٩٦١ C_ ١٩٧١ D_١٩٧٥

٧_ لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٦١) شیعری کوردی ڕاستەوخۆ :

A_ دەنگی خۆی خستە پاڵ شۆڕشەوە B_ دوورکەوتەوە لەو شۆڕشە C_ دژی وەستایەوە D_ چوە ناوشۆڕەکەوە

٨_ لەکام قۆناغدا شیعر ڕاستەوخۆ چووە ناو سەنگەری پێشمەرگەوە ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٩_ سیمایی هەرە دیاری ناوەڕۆکی شیعری قۆناغی دووەم بریتی بوو لە :

A_ ئابووری و کۆمەلآیەتی B_ کۆمەلآیەتی و ئاینی C_ دڵداری و مافی ئافرەت D_ سیاسی و نەتەوایەتی

١٠_ هونراوەی ( سرودێك بۆ پێشمەرگە ) هی کێ یە؟

A_ قانیع B_ جەمیل ڕە نجبەر C_ هەژاری موکریانی D_ جەوهەر کرمانج

١١_ کامە شاعیر لەمانە شان بەشانی پێشمەرگە لەناو سەنگەری پێشمەرگە شیعری نوسیوە ؟

A_ قانیع B_ گۆران C_ هەژاری موکریانی D_ جەوهەر کرمانج

١٢_ هەژاری موکریانی بەکام هۆنراوە بەشداری ڕاستەوخۆی کردووە لەشۆڕشدا :

A_ بێشکەی منداڵ B_ سرودێك بۆ پێشمەرگە C_ نەسرین D_ یاخی بن

١٣_ هۆنراوەی ( نیشتیمانی من گەلێك پیرۆزی سوێندت پێ ئەخۆم ) بۆ چ مەبەستێك نوسراوە ؟

A_ سروشتی کوردستان B_ نەتەوایەتی C_ پێشکەوتنی کوردستان D_ هاندانی گە نجان



چاپخانەی توانا 07828350088

ئەدەب ئەدەب

١٤_ کام لەمانە باس لەخەباتی گەلی جەزائیردەکات ؟

A_ دیلان B_ قانیع C_ کامەران موکری D_ هەژاری موکریانی

١٥_ کامەران موکری لەهۆنراوەکانیدا باس لەخەباتی گەلی ماف خوراو کام شۆرش دەکات ؟

A_ گەلی جەزائیر B_ شۆرشی کۆنگۆ C_ شۆرشی لیبیا D_ شۆرشی مەغریب

١٦_ کام شاعیری کوردلەباسی گەلانی تردا باسی شۆرِی ( کۆنگۆ ) دەکات

A_ قانیع B_ کامەران موکری C_ هەژاری موکریانی D_ دیلان

١٧_ کامەران موکری لە باسی گەلانی تردا پشتگیری کام لەم شۆرشانە دەکات ؟

A_ گەلی جەزائیر B_ شۆرشی کۆنگۆ C_ شۆرشی لیبیا D_ شۆرشی مەغریب

١٨_ کەی زمانی شیعری هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بوو ؟

A_ ١٩٥٨_ ١٩٦١ B_ ١٩٦١ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

١٩_ لەماوەی نێوان ( ١٩٥٨_١٩٦١ ) زمانی شیعری چۆن بوو ؟

A_ بەرگی خەمو پەژارەی پۆشی B_ هەڵگری خۆشی و شادی بوو C_ بەرەو کوردی پەتی دەبرا D_ هەموویان

٢٠_ لەماوەی نێوان ( ١٩٥٨_١٩٦١ ) زمانی شیعری هەڵگری سیمای خۆشی و شادی بوو ، چونکە :

A_ بەرەو کوردی پەتی دەبرا B_ هیوای بەبەدیهێنانی مافەکانیان هەبوو

C_ دەوڵەمەند کرابوو بەوشەی بێگانە D_ سودی وەرگرتبوو لە سەرچاوە مێژووی

٢١_ کەی زمانی شیعری بەرگی خەم و پەژارەو نائومێدی پۆشی ؟

A_ ١٩٥٨_ ١٩٦١ B_ ١٩٦١ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٢_ لەماوەی نێوان ( ١٩٦١_١٩٧٠ ) زمانی شیعری چۆن بوو ؟

A_ بەرگی خەم و پەژارەی پۆشی B_ هەڵگری خۆشی و شادی بوو C_ بەرەو کوردی پەتی دەبرا D_ هەموویان

٢٣_ لەماوەی نێوان ( ١٩٦١_١٩٧٠ ) زمانی شیعری بەرگی خەمو پەژارەی پۆشی ، چونکە :

A_ کوردی پەتیەکەی نەما B_ رژێم کوردی دەچەوساندەوە کوردستانی کاول دەکرد

C_ وشەی بێگانە ی تێدا زۆربوو D_ سودی وەرنەدەگرت لە هیچ سەرچاوەیەك

٢٤_ لەگەڵ دەرکەوتنی شۆرشی ئەیلول شیعر بەرەو چ پەیامێك دەچوو ؟

A_ کۆمەلایەتی B_ ئاینی C_ مرۆڤایەتی D_ بەرەنگار بونەوە

٢٥_ کەی شیعر بەرەو پەیامی بەرەنگار بەنەوە دەچوو ؟

A_ ١٩٥٨_ ١٩٦١ B_ ١٩٦١ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٦_ لەقۆناغی_ ١٩٥٨_١٩٧٠ ) دا شاعیران کام کێش و سەروایان بەکاردەهێنا ؟

A_ کیشی برگەی و سەروای ئازاد B_ کێشی عەروزی عەرەبی و سەروای ئازاد

C_ کێشی برگەی و سەوای مەسنەوی D_ کێشی عەروزی عەرەبی و سەروای مەسنەوی

٢٧_ لەکام قۆناغی شیعردا کێشی برگەی و سەوای مەسنەوی بەکاردەهێنرا ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٨ _ کێ لەمانە گۆڕانیان بەسەر سەروای دەقی شیعریدا هێناوە لەقۆناغی یەکەمدا :

A _ کامەران موکری و هەژار    B _ قەدری جان و دیلان    C _ بێکەس و پیرەمێرد    D _ هێمن و هەژار

٢٩ _ هۆنراوەی ( بێشکەی منداڵ ) هی کام لەمانەیە ؟

A _ کامەران موکری    B _ هەژار    C _ گۆران    D _ دیلان

٣٠ _ لەهۆنراوەی ( بێشکەی منداڵ ) هەست بە چ گۆڕانکاریەك دەکرێت ؟

A _ زمانی شیعری    B _ سەروای شیعری    C _ کێشی شیعری    D _ وێنەی شیعری

٣١ _ لەهۆنراوەی ( بێشکەی منداڵ ) هەوڵدراوە چ سەروایەك بەکار بهێندرێت ؟

A _ سەروای هاو سەروا    B _ سەروای مەسنەوی    C _ سەروای سەربەست    D _ سەروای بێسنور

٣٢ _ لەهۆنراوەی ( ڕووی دنیا ئەم پەڕ تائەو پەڕ ) دا کام نیوە دێر لەدوای ئەمەوە دێت ؟

A _ نابێت بەخۆڵەمێشی شەڕ    B _ دڵنیابین بێشکەی ساوا

C _ ئایی چەند خۆشە ماڵێکی بێ وا    D _ دێری کۆتایە هیچی بەدواوە نایێت

٣٣ _ کام لەم شاعیرانە هەوڵی نوێگەری و تازەگەری دەدا بۆ شیعر لەخۆرهەڵاتی کوردستان :

A _ سوارەی ئیلخانی زادە    B _ هەژاری موکریانی    C _ کامەران موکری    D _ قەدری جان

٣٤ _ ( سوارەی ئیلخانی زادە ) هەوڵی تازەگەری و نوێبوونەوەی شیعری دەدا لەکام پارچەی کوردستان :

A _ باشور    B _ باکور    C _ ڕۆژهەڵات    D _ ڕۆژئاوا

٣٥ _ ئەو هەوڵانەی ( سوارەی ئیلخانی زادە ) لەشیعرەکانی دای بۆ نوێگەری لەشیعری کوردی چیان لێ بەسەر هات ؟

A _ بوون بەدیاردە    B _ نەبوون بە دیاردە    C _ دواتر بوون بەدیاردو سودیان لێ بینرا    D _ هیچیان

٣٦ _ کام نیوە دێرلە هۆنراوەی ( بــۆ سەربەخۆیت بەگیان و بەماڵ بەقوربــانی تۆم ) دوای ئەم نیوەدێرە دێت :

A _ نیشتیمانی کورد گەلێك پیرۆزی ، سوێندت پێ ئەخۆم    B _ بــۆ سەربەخۆیت بەگیان و بەماڵ بەقوربــانی تۆم

C _ زۆرلاوی ئازات ، لەکۆڕی خــەبات خوێنی خۆیان ڕشت    D _ زۆر شێخ و پیران ، لەزانا و ژیــران خۆیان دا بەکوشت

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | D-9 | B-8 | D-7 | B-6 | C-5 | B-4 | A-3 | D-2 | B-1 |
| B-20 | B-19 | A-18 | B-17 | D-16 | A-15 | C-14 | B-13 | B-12 | C-11 |
| B-30 | C-29 | B-28 | B-27 | C-26 | B-25 | D-24 | B-23 | A-22 | B-21 |
| | | | | C-36 | B-35 | C-34 | A-33 | B-32 | C-31 |

## قۆناغی سێیەم : ڕێڕەوی شیعری کوردی لەساڵی ١٩٧٠ تا١٩٩١

پ/ شیعری قۆناغی سێیەم بەچەند ڕێڕەو دا تێپەڕی کامانەن؟

و/ یەکەم : ڕێڕەوی شیعری ماوەی نێوان ( ١٩٧٠ــ ١٩٧٥ )

دووەم : ڕێڕەوی شیعری ماوەی نێوان ( ١٩٧٥ــ ١٩٩١ )

## شیعری کوردی ماوەی نێوان ١٩٧٠ــ ١٩٧٥

پ/ چ هۆیەك وای کرد، کەشیعری کوردی ئەم ماوەیە گۆڕانی زۆری بەسەردا بێت بەراورد بە قۆناغەکانی پێشتر

و/ شیعری کوردی ئەم ماوەیە گۆڕانی زۆری بەسەردا هات بەراورد بە قۆناغەکانی پێشتر ئەمەش بەهۆیی ئەو بارودۆخە سیاسیە بوو کە کەشۆرش دروستی کردبوو.

پ/ ماوەی نێوان ( ١٩٧٠ـ ١٩٧٥ ) چۆن بوو بۆشیعر؟

و/ ماوەی نێوان ساڵانی ( ٧٠ــ ٧٥ ) ماوەیەکی کەم بوو ، بەڵام تابلێی گرینگ و کاریگەر بوو . کاردانەوەو گۆڕانکاری گەورەی بەسەر ئەدەب بەگشتی و شیعری کوردی بەتایبەت بەجێهێشت. ئەم گۆڕانانەش ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعری گرتەوە .

پ/دیارترین سیمای شیعری ماوەی نێوان ٧٠ـ ٧٥ چی بوو چ گروپێك سەری هەڵدا؟

و/ دیارترین سیمای شیعری ماوەی نێوان ٧٠ـ ٧٥ سەرهەڵدانی گروپی ڕوانگە بوو . لەساڵی ( ١٩٧٠ )، ئەم گروپە توانی ڕۆڵێکی گرینگ ببینێ لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ناوەڕۆك و ڕوخساری شیعری کوردیدا هاتن وئەو ڕۆڵەش تاساڵانێکی زۆربەردەوام بوو.

پ/ گروپی ڕوانگە هەڵگری چ تێڕوانێك بوون ؟ دەیان ویست شیعر چ پەیامێك بگەیەنێت؟

و/ شاعیرانی ئەم گروپە هەڵگری تێڕوانینێکی جیاوازبون بۆشیعر، ئەوان لە پاڵ ئەوگۆڕانکاریانەی بەسەر ڕوخساری شیعریان دا هێنا پێیان وابوو دەبێت شیعر پەیامی ( یاخی بوون بگەیەنێت ) ئەم هەستەش بەجۆرێك بوو تەواوی شیعری کوردیگرتبووەوە .

## تایبه‌تمه‌ندی شیعری كوردی ماوه‌ی نێوان ۱۹۷۰ــ۱۹۷۵

### یه‌كه‌م : له‌ڕووی ناوەڕۆكه‌وه‌

**پ/ شیعری ماوه‌ی نێوان ۷۰ـ ۷۵ ) هه‌ڵگری چ گوتارێك بوو؟ گرینگترین بابه‌ته‌كانی چی بوون ؟**

و/ شیعری كوردی لەم ماوەیەدا هەڵگری گوتاریكی نەتەوەی قوڵ بوو ،كەبریتی بو لەو پەیامەی بەرگری دەكرد لە پاراستن و مانەوەی گەلی كورد و شیعر دژی جەورو ستەم و زۆرداری دوژمن دەوەستایەوە و لەم بوارەدا وەك هێزێكی كاریگەر ڕۆڵی بینیوە ، ئەم هەستە بەئەندازەیەك كاریگەر بوو ، ڕەنگە كەم شاعیری كورد ببینین شیعری بۆكوردو سەربەخۆیی كوردستان نەنوسیبێت . شیعر لە پاڵ ئەم ناوەڕۆكە باوەی كەشیعری كوردی قۆناغەكانی پێشووی پێ دەناسرێتەوە لەبابەتی وەك ( **خۆشەویستی** ) و ( **نیشتیمانی** ) ، گەلێك بابەتی نوێ لەشیعری ئەم قۆناغەدا بەرچاو دەكەون . وەك : ( **مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، ژیان و مردن، شارستانیەت ، ژن وەك خاوەن كێشەیەك** ...هتد ) .

**پ/ شیعری ماوەی نێوان (۱۹۷۰ _۱۹۷۵ ) هەڵگری چ بیرێك بوو ؟ وەسەرچاوەكەی لەكوێوە وەر دەگرت؟**

و/ شیعری ماوەی نێوان (۱۹۷۰ _۱۹۷۵ ) هەڵگری چ بیرێك بوو **فەلسەفی و مەعریفی بوو** ، بەتایبەت ئەو بیرە فەلسەفیانەی كە سەرچاوەكەی **خۆرئاوای هاوچەرخ بوون** ،كەچــی بیرە مەعریفی و فەلســـەفیەكـــەی پێش ماوەی نێوان (۱۹۷۰ _۱۹۷۵) لە **كلتوری خۆرهەڵات** سەرچاوەی دەگرت.

### ناوەڕۆكەكانی شیعری ئەم ماوەیە

#### ۱: یاخی بوون

**پ/ یەكێك لەناوەڕۆكەكانی شیعری ماوەی نێوان ۱۹۷۰ــ ۱۹۷۵ ) بریتی بوو لەیاخی بوون باسی بكە بە نمونەی شیعریەوە یان یاخی بون و جۆرەكانی باسبكەو بە نمونەی شیعریەوە**

و/ یەكێك لەناوەڕۆكەكانی شیعری ئەم ماوەیە بریتی بوولە یاخی بوون كە**دوو جۆر** یاخی بوونی لەخۆگرتبوو ئەمانەن

۱_ **یاخی بوونی كۆمەلأیەتی :** بریتی یە لەیاخی بوون لەداب و نەریتە كۆمەلأیەتی یەباوەكان

۲_ **یاخی بوونی ســـیاســـی :** ئەم جۆرە یاخی بونەش لە پێناو ئازادی و سەربەستی مرۆڤە.

( **لەتیف هەڵمەت** ) بەسود بینین لەئەفسانەو هێمامێژوویەكانی ناو كەلتوری نەتەوەی جیهانی وێنەی یاخی بوونی نیشان دەدات و لەشیعری ( **یاخی بن** ) دەڵێت:

**یاخی بن**

پێتان ئەڵێم ....یاخی بن .....یاخی بن
لـــەم هەموو نـــــەخشەو بــــاجە
یاخی بن لەم مەیدانە ...... لەم گەراجـە
كـــەمرۆڤ وەك ئـــامراز تیایا هەڕاجـە

( **بۆلەبەركردنە** )


چاپخانەی توانا 07828350088

## ٢ : فەلسەفەی ژیان و مردن

پ/ فەلسەفەی ژیان و مردن یەکێکە لەناوەڕۆکەکانی شیعری ماوەی نێوان (٧٠ـ ٧٥) باسی بکە بە نمونەی شیعریەوە .

و/ فەلسەفەی ژیان و مردن مەبەستێکی ترە لە شیعری ئەم ماوەیە لێرەدا شاعیران لەم بارەیەوە دواون و تێڕوانینی فکری و فەلسەفی خۆیانیان خستوتە ڕوو ، کەهەندێکیان بەڕەشبینانە لەژیانیان ڕوانیوە و بەشتێکی دەمامککراوی کاتیان زانیوە ، هەندێکی تریان پێچەوانە بووینە و گەشبینانە لەژیانیان ڕوانیوە لایەنە گەشەکەیان بەرجەستە کر دووە و خستۆتیانە ڕوو .

(شێرکۆ بێکەس ) لەشیعری (گینگڵ ) دا بەڕونی تێڕوانینی خۆی لەبارەی (ژیان و مردن )خستۆتە ڕوو ، دەڵێت :

گینگڵ

ویستم ئەوە لەزەریایەك بگەیەنم

گەر جۆگەکان نەبن ......ناژی

خنــکانــدمی

ویستم ئەوە لەبروسکەیەك بگەیەنم

گەر هەورەکان نەبن ......ناژی

سوتـــاندمی

تــۆکێی ــ تـــۆکێی

هـــەتاویکم بەبێ ئاسۆ......

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ ئایاشاعیرانی ماوەی نێوان (١٩٧٠ــ ١٩٧٥ ) کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان ؟ .

و/ شاعیرانی ئەم ماوەیە کەمتر کەوتوونەتە ژێرکاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان، واتا ویستویانە لەڕێچکەی ئەوان لابدەن تەنها لەوکاتانە سودیان لێ بینیون کە شیعرەکانیان درێژە پێدەری ڕەوتی (یاخی بوون ) بێت.

## دووەم : ڕوخساری شیعری ماوەی نێوان ١٩٧٠ــ١٩٧٥

## ١: وێنەی شیعری

پ/ وێنەی شیعری ماوەی نێوان (٧٠ـ ٧٥ ) چۆن بوو ؟ باسی بکە .

و/ وێنەی شیعری یەکێکە لەخاڵە هەرە بنەڕەتییەکانی ئەوگۆڕانانەی کەبەسەر شیعری کوردی دا هات . وێنەی شیعری خۆی دەربازکردووە لە لاسایی کردنەوەی وێنەی دووبارە. گەلێك وینەی جوان و نوێ شیعری بەکارهاتووە ، کەسەرچاوەکەی ڕووداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەی جیهانیەکانەوە وەرگیرابوون ،

## ٢ : زمانی شیعر

پ/ زمانی شیعری ماوەی نێوان (١٩٧٠ـ١٩٧٥) چۆن بوو ،؟ وە چ شتێکی نوێ هاتە ناو زمانی شیعری ؟ باسی بکە .

و/ هیچ گۆڕانێك لەشیعر ڕونادات بێ ئەوەی گۆڕان لەزمانی شیعردا ڕوو نەدات ، شیعر زمانێکی هەیە لەگەڵ زمانی خەڵك جیاوازە ، شاعیران لەم قۆناغەدا هەوڵیانداوە وشە لەئاماژە کۆنەکان دابڕن و ئاماژەی نوێ پێ بدەن . ئەم گۆڕانکاریە لەوشەی ئەم ماوەیە بەڕادەیەك بوو کەزمانی خوازەی ( خوازراو ) سەرا پای شیعری گرتەوە . ئەمەش وای کرد وشەکان ڕاستەوخۆ واتا نەدەن بەدەستەوە ، بەمەش زمانی شیعری ئەو ماوەیە ئاڵۆز و گران بوو خەڵك نەیدەتوانی بەئاسانی لەشیعر تێبگات. هەر لەو ماوەیە دا زمانی شیعر لەئاستێکی کوردی پەتیدا دەسوڕایەوە بەڵام پەتیەکی دەوڵەمەندتر لەچاوقۆناغەکانی پێشتر ، وەشایانی ئاماژە پێکردنە هەر لەوماوەیەدا گەلێك وشەو زاراوەی نوێ هاتنە ناوەوەی زمانی شیعری وەك : ( ئەهریمەن ، ئاهوراِمزدا، گیڤارا ، زەردەشت ، ئاڤێستا ......هتد )

پ/ لەزمانی شیعری ئەوماوەیە شاعیران چیان بەکار هێناوە ؟

و/ لایەنێکی تری زمانی شیعری لەم ماوەیە بریتی بوو لەبەکارهێنانی( هێماو نیشانە )

## ٣ : کێش و سەروا

پ/ کێش و سەروای شیعری ئەم ماوەیە چۆن بوو؟ باسی بکە. وە دوای بانگەوازەکەی ڕوانگە کێشی شیعری چی بەسەرهات؟

و/ سەبارەت بەکێش : شیعری شاعیران زیاتر ڕێچکەی کێشی سەربەست و ئازدیان بەکارهێناوە ، لەگەڵ کرانەوەی ڕێچکەکەشدا دیاردەی مامەڵەکردنێکی جۆراو جۆر سەری هەڵدا، کەشاعیران زۆرجار هەرسێ چەمکی شیعری ( ئازاد و بێسەرواو پەخشانەشیعر ) تێکەڵ بکەن.وە دوای بانگەوازەکەی ڕوانگە شاعیران ڕوویان کردە بەکارهێنانی کێشی چواربرگەی وهەشت برگەی

سەبارەت بە سەرواش : دەربارەی سەرواش هەمان ماڵەی کێشی لەگەڵ کراوە . واتا سەروای ئازادیان بەکار هێناوە .

## ٤ : تەکنیك

پ/ لەماوەی نێوان ( ٧٠ـ٧٥ )چۆن مامەڵە لەگەڵ سروشت و دەورو بەردا کراوە ؟

و / خاڵێکی تر لەتەکنیکی شیعر لەوماوەیەدا بریتی بوو لەوەی کە وەکومرۆڤ مامەڵە لەگەڵ شتە بێگانەکان و دەورو بەردا کراوە . هەرچەندە ئەم حاڵەتە لەلای (گۆران )بەشێوەیەکی تر دەبینرێت ، کە شاعیر لەجیاتی مرۆڤ ، پاڵەوانەکانی لە ( شاخ و دەشت و ئاو ) دروستکردووە .

پ/ باسی سەرهەڵدانی شاعیرانی ژن بکە لەو ماوەیە ؟ وە شاعیر ژنەکان کێ بوون .

و/ لایەنێکی تری شیعری ماوەی نێوان _٧٠ــ٧٥ ) بریتی بوو لەسەرهەڵدانی ( شاعیرانی ژن ) ، کەلەسەر رووپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەبینرێن ، وەك ( دایکی سۆلاف ، ئەرخەوان ، شەونم بەرزنجی ، دایا جوان ) . کەکاریگەری ئەم شاعیرە ژنانە لەقۆناغی دواتر دەرکەوت ، کەبوە هۆی ئەوەی چەندین شاعیری تری ژن دەرکەون .

# هەڵبـــــژاردن

١_ شیعری کوردی ئەم ماوەیە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات بەبەراورد بە قۆناغەکانی پێشتر بەهۆیی:

A_ئەو بارودۆخە سیاسیەی کەشۆڕش دروستی کرد B_ بارودۆخی ئابووری تازە هاتە کایەوە

C_ بارودۆخی تازەی کۆمەڵایەتی هاتە گۆڕێ D_ بارودۆخی نوێی جیهانی گۆڕانی بەسەرداهات

٢_ لەو قۆناغەدا گۆڕانکاری گەورە لەشیعرکوردی چ لایەنێکی گرتەوە ؟

A_ ڕوخسار B_ ناوەڕۆك C_ هەردووکیان D_ هیچیان

٣_ بریتی یە لە دیارترین سیمای شیعری کوردی ماوەی نێوان (١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) :

A_ شۆڕشی ئەیلول B_ شۆڕشی تەمووز C_ گۆڤاری گەلاوێژ D_ گرووپی ڕوانگە

٤_ گرووپی ڕوانگە سەری هەڵدا لە ساڵی ؟

A_ ١٩٦٠ B_١٩٦١ C_١٩٧٠ D_١٩٧١

٥_گرووپی ڕوانگە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەو گۆڕانانەی ئەدەبدا بەتاییەت لایەنی :

A_ ڕوخسار B_ ناوەڕۆك C_ هەردووکیان D_ هیچیان

٦_ گرووپی ڕوانگە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لەو گۆڕانانەی بەسەر ڕوخسارو ناوەڕۆکی ئەدەبدا هێنا بەتاییەت لەبواری :

A_ ڕۆمان B_ چیرۆك C_ پەخشان D_ شیعر

٧_ شاعیرانی ڕوانگە پێیان وابوو دەبێت شیعر چ پەیامێك بگەیەنێ ؟

A_ یاخی بوون B_ بەرەنگاری C_ مێژووی D_ مرۆڤایەتی

٨_ لەکام قۆناغدا شاعیران پێیان وابوو دەبێت شیعر پەیامی یاخی بوون بگەیەنێت ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_١٩٧٥ _١٩٩١

٩_لەکام قۆناغدا شیعر دژی ستەم و زۆرداری وەستایەوە ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_١٩٧٥ _١٩٩١

١٠_ شیعری کام لەم قۆناغانە جگە لە بابەتی سیاسی و نەتەوایەتی چەندین بابەتی تری تێداباسکراوە وەك :

( مرۆڤ و مرۆڤایەتی ، ژیان و مردن . شارستانیەت ، ژن وەك خاوەن کێشەیەك )

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_١٩٧٥ _١٩٩١

١١_ شیعری ماوەی ساڵانی (١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) هەڵگری کام لەم گوتارانە بوو :

A_ ئاینی B_ کۆمەڵایەتی C_ نەتەوەیی D_ مرۆڤایەتی

١٢_ شیعری ماوەی نێوان (١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) هەڵگری چ بیرێك بوو :

A_ فەلسەفی و مێژوو B_ فەلسەفی و ئاینی C_ فەلسەفی و ئابووری D_ فەلسەفی و مەعریفی

١٣_ کەی شیعری کوردی هەڵگری بیری فەلسەفی و مەعریفی بووە ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_١٩٧٥ _١٩٩١

١٤_ بیرە مەعریفی و فەلسەفیەکەی ماوەی نێوان (١٩٧٠_ ١٩٧٥) سەرچاوەی دەگرت لە کەلتوری ؟

A_ خۆرئاوای هاوچەرخ B_ خۆرهەلاتی هاوچەرخ C_ کوردی هاوچەرخ D_ئیسلامی هاوچەرخ

١٥_ بیرە مەعریفی و فەلسەفیەکەی پێش ماوەی نێوان (١٩٧٠_ ١٩٧٥) سەرچاوەی دەگرت لەکلتوری ؟

A_ خۆرئاوای هاوچەرخ B_ خۆرهەلاتی هاوچەرخ C_ کوردی هاوچەرخ D_ئیسلامی هاوچەرخ

١٦_ لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری ماوەی نێوان ( ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ ) دەناسرێتەوە بە :

A_سروشتی و ئاینی B_ سروشتی و خۆشەویستی C_ خۆشەویستی و نیشتمان D_ خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی

١٧_ ( یاخی بون و فەلسەفەی ژیان و مردن ) یەکێکن لەو ناوەڕۆکەشیعریانە، دەبیندرێن لەماوە ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

١٨_ یاخی بوون چەندجۆری هەیە :

A_ دوو B_سێ C_ چوار D_ پێنج

١٩_ ماوەی ساڵانی ( ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ ) یاخی بوون دوو جۆری هەبوو ئەویش یاخی بوونی :

A_ کۆمەڵایەتی و ئاینی B_ سیاسی و ئاینی C_ سیاسی و کۆمەڵایەتی D_ ئابوری و سیاسی

٢٠_ کام لەم یاخی بونانە ،بریتی یە لە یاخی بوون لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگا :

A_ سیاسی B_ ئابوری C_ کۆمەڵایەتی D_ ئاینی

٢١_ کام لەم یاخی بونانە ،بریتی یە لە یاخی بوون لە پێناو ئازادی سەربەستی مرۆڤ:

A_ سیاسی B_ ئابوری C_ کۆمەڵایەتی D_ ئاینی

٢٢_ ( لەتیف هەڵمەت ) لەشیعری ( یاخی بوون ) بە سود وەرگرتن لە چی وێنەی یاخی بوون دەکێشێت :

A_ مێژوو و کلتوری کورد B_ مێژوو و کلتوری جیهانی C_ فۆلکلۆری جیهانی D_ فۆلکلۆری کورد

٢٣_ ( لەتیف هەڵمەت ) لەشیعری ( یاخی بوون ) بە سود وەرگرتن لە مێژوو و کلتوری جیهانی وێنەی چی دەکێشێت :

A_ سروشت B_ مێژووی کورد C_ کلتوری کورد D_یاخی بون

٢٤_ کام لەمانە لەشیعری ( یاخی بوون ) بە سود وەرگرتن لە مێژوو و کلتوری جیهانی وێنەی یاخی بوو دەکێشێت :

A_ ئەنور مەسیفی B_ شێرکۆ بێکەس C_ لەتیف هەڵمەت D_موئەیەد تەیب

٢٥_کەی ( لەتیف هەڵمەت ) لەشیعری ( یاخی بوون ) بەسود وەرگرتن لە مێژوو و کلتوری جیهانی وێنەی یاخی بوون دەکێشێت :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٦_ ( کەمرۆڤ وەك ئامراز تیایا هەراجە ) ئەم هۆنراوەیە بۆ چ مەبەستێك نوسراوە ؟

A_ بەرەنگاری B_ مرۆڤایەتی C_ یاخی بوون D_ نەتەوایەتی

٢٧_ شیعری ( گینگل ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ شێرکۆ بێکەس B_ عەبدوڵا پەشێو C_ لەتیف هەڵمەت D_ بێکەس

٢٨_شێرکۆ بێکەس لەشیعری ( گینگڵ ) تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو لەبارەی فەلسەفەی :

A_مرۆڤ و مرۆڤینی B_ ژن و ژن خوازی C_ ژیان و مردن D_ ئاین و سۆفی گەری

٢٩_ شێرکۆ بێکەس تێڕوانینی خۆی دەخاتە ڕوو لەبارەی فەلسەفەی ژیان و مردن لەهۆنراوەی :

A_ یاخی بن B_ گینگڵ C_ سەربازی ون D_ چۆن کپ ببێ

٣٠_ ( لەهۆنراوەی ( گینگڵ ) دا کام نیوە دێر لەدوای ئەمەوە دێت ( گەر هەورەکان نەبن ناژی ) :

A_ هەتاویکم بەبێ ئاسۆ B_ خنکاندمی C_ سوتاندمی D_تۆ کێی تۆ کێی

٣١_ کەی شاعیرانی کوردی کەمتر کەوتونەتە ژێرکاریگەری شاعیرانی پێش خۆیان؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٣٢_ شاعیرانی ساڵانی ( ١٩٧٠_١٩٧٥ )سودیان لەشاعیرانی پێش خۆیان بینیوەکە پێیان وابووە دەبێت شیعرچ پەیامێك بگەیەنێت:

A_ یاخی بوون B_ مرۆڤایەتی C_ بەرەنگار بوونەوە D_ خۆشەویستی


چاپخانەی توانا 07828350088

٣٣_ وێنەی شیعری بەتەواوی خۆی دەربازکردووە لەوێنەی دووبارە، لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٣٤_ لەماوەی سالآنی( ٧٠ _ ٧٥ ) یەکێك بوولە خاڵەهەرەبنەڕەتیەکانی ئەوگۆڕانانەی کەبەسەرشیعری کوردی دا هات کەلایەنی:

A_ زمانی شیعری B_ کێشی شیعری C_ سەروای شیعری D_ وێنەی شیعری

٣٥_ وێنەی شیعری لەماوەی نێوان ( ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ ) :

A_ وەك قۆناغی پێشتر بوو B_ تەواو گۆڕاو خۆی دەربازکردلە وێنەی دووبارە

C_ کەمێك گۆڕانکاری بەسەر دا هات D_ هیچیان

٣٦_ گەلێك وێنەی شیعری جوان و نوێ بەکارهاتوون لە ماوەی نێوان ( ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ ) کەسەرچاوەکەی :

A_ فۆلکلۆری کوردی بوو B_ کارەساتە مێژووی و نەتەوی کوردی بوو

C_ فۆلکلۆری جیهانی بوو D_ کارەساتە مێژووی و نەتەوەیەکانی جیهانی بوو

٣٧_ لەکام قۆناغی شیعردا وێنەی ڕووتی ڕە وانبێژی نابیندرێت و هەستی پێناکرێت یان بەکار نەهاتووە ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٣٨_ زمانی کام لەمانە جیاوازە لەچاو زمانی خەڵك ؟

A_ شیعر B_ ڕۆمان C_ پەخشان D_ وتار

٣٩ _ لەکام قۆناغی شیعردا شاعیران ویستویانە وشەکان لەئاماژەی کۆن دابڕن و ئاماژەی تری بدەنێ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٤٠_ زمانی شیعر ئاڵۆزو گران بون و خوێنەر نەیدەتوانی بەئاسانی لە شیعر تێبگات لە ماوەی سالآنی:

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٤١_ لەماوەی نێوان سالآنی _١٩٧٠_١٩٧٥ ) زمانی شیعرئاڵۆزو گران بو وشەکان ڕاستەوخۆ واتایان نەدەدا بە دەستەوە ، خوێنەر بەئاسانی لەشیعر تێنەدەگەیشت چونکە :

A_ شاعیران پلەی خوێندەواریان بەرزبوو B_ وشەی خوازراو زۆربەکاردەهات

C_ وشەی بێگانەی زۆر تێدا بەکار دەهات D_ خوێنەرانی شیعر ئاستی خوێندەواریان نزم بوو

٤٢_ زمانی شیعر لەدەوری کوردیەکی پەتی دەوڵەمەندتر لەچاو قۆناغەکانی تر دەسوڕایەوە لە :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٤٣_ سەرەڕایی ئاڵۆزی زمانی شیعر لە ماوەی نێوان ( ١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) بەلآم هەندێ دەقی شیعری بەسادەی خراونەتە ڕوو:

A_ تاخوێنەری هەبێت B_ تا مەبەستی ڕاستەوخۆ بدات

C_ شاعیران ئاستیان نزم بوو D_ تالە قۆناغەکانی تر بچێت

٤٤_ ( ئەهریمەن و گیڤارا و ئاهو ڕامزدا و زەردەشت و ئاڤێستا ) چەند زاراوەی نوێن هاتنە ناو زمانی شیعر لە سالآنی:

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D١٩٧٥_ ١٩٩١

٤٥_ ( هێما و نیشانە ) ی خۆماڵی و جیهانی بەکارهاتوون لەزمانی شیعری سالآنی :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٤٦_ شاعیرانی ماوەی نێوان ( ١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) کام لەم کێشانەیان پەیڕەو دەکرد ؟

A_ کێشی بڕگەی B_ کێشی خۆماڵی C_ کێشی عەروزی عەرەبی D_ کێشی ئازاد

٤٧_ زۆرجار شاعیران هەرسێك چەمکی ( ئازادو بێسەروا و پەخشانە شیعریان ) تێکەڵکردووە لە ماوەی سالآنی :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١





چاپخانەی توانا 07828350088

٤٨_ دوای بانگەوازەکەی ڕوانگە شاعیران ڕوویان کردە بەکارهێنانی کێشی :

A_ چواربڕگەی وهەشت بڕگەی      B_ سێ بڕگەی و شەش بڕگەیی      C_عەروزی عەرەبی      D_ ئازاد

٤٩_ کەی شاعیران پەیڕەوی کێشی چوار بڕگەی و هەشت بڕگەیان کردووە ؟

A_ دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول      B_ دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز

C_ دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول      D_ دوای بانگەوازەکەی ڕوانگە

٥٠_ شاعیران لە شیعری ماوەی نێوان (١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) پەیڕەوی سەرواى ؟

A_ هاوسەروایان کردووە      B_ ئازادیان کردووە      C_ بێ سەروا یان کردووە      D_ مەسنەویان کردووە

٥١_ کەی وەکو مرۆڤ مامەڵە لەگەڵ سروشت و دەورو بەردا کراوە ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨      B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠      C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥      D_١٩٧٥ _١٩٩١

٥٢_ پاڵەوانەکانی ناو شیعر لەجیاتی مرۆڤ بریتی بوون لە ( دەشت و شاخ و ڕوبارو شتە بێ گیانەکان ) لەساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨      B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠      C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥      D_١٩٧٥ _١٩٩١

٥٣_ کام لەمانە پاڵەوانەکانی ناو شیعری لەجیاتی مرۆڤ بریتی بوون لە ( دەشت و شاخ و ڕوبارو شتە بێ گیانەکان )

A_ گۆران      B_ بێکەس      C_ موئیەد تەیب      D_ ئەنوەر قادر

٥٤_ کێ لەمانە وەکو مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ سروشت و دەورو بەردا کردووە ؟

A_ گۆران      B_ بێکەس      C_ موئیەد تەیب      D_ ئەنوەر قادر

٥٥_ لەکام قۆناغی شیعردا شاعیرانی ژن دەبینیدرێن لەسەر ڕووی لا پەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨      B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠      C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥      D_١٩٧٥ _١٩٩١

٥٦_ ( دایاجوان ، شەونم بەرزنجی ، دایکی سۆلاڤ ، ئەرخەوان ) لەوانەن کە بوون بە شاعیر لە ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨      B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠      C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥      D_١٩٧٥ _١٩٩١

٥٧_ کاریگەری شاعیرانی ژن دوای ساڵانی (١٩٧٠_ ١٩٧٥ ) دەرکەوت کە بوە هۆی :

A_ دەرکەوتنی زیاتری شاعیری ژن      B_ کەمتر بوونەوەی شاعیرانی ژن

C_زۆربونی خوێنەری شیعر      D_ کەمبوونەوەی خوێنەری شیعر

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | C-9 | C-8 | A-7 | D-6 | C-5 | C-4 | D-3 | C-2 | A-1 |
| C-20 | C-19 | A-18 | C-17 | C-16 | B-15 | A-14 | C-13 | D-12 | C-11 |
| C-30 | B-29 | C-28 | A-27 | C-26 | C-25 | C-24 | D-23 | B-22 | A-21 |
| C-40 | C-39 | A-38 | C-37 | D-36 | B-35 | D-34 | C-33 | A-32 | C-31 |
| B-50 | D-49 | A-48 | C-47 | D-46 | C-45 | C-44 | B-43 | C-42 | B-41 |
| | | | A-57 | C-56 | C-55 | A-54 | A-53 | C-52 | C-51 |

## شیعری کوردی ماوەی نێوان ١٩٧٥ــ ١٩٩١

پ/ نسکۆیی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی ( ١٩٧٥ ) چ کاریگەریەکی کردە سەر شیعری کوردی ئەم ماوەیە ؟

و/ ساڵی ( ١٩٧٥ ) شۆڕشی ئەیلول توشی نسکۆ هات . ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەبو بەسەر باری ڕوناکبیری کوردبەگشتی و شیعربەتایبەتی ، لەدەرئە نجامدا گەلی کورد بۆماوەیەك تاسا و نووسەرانیش بەدوای وەڵامیکی مەنتقی و هۆکارەکانی ئەم نسکۆیە وێڵ بوون ، هەرلەگەڵ دەست پێکردنەوەی شۆڕشدا ، شیعر وەك چەکێکی کاریگەر گڕیسەند. ئەمەش بەهۆیی ئەوەبوو شۆڕش لەکاتێکی دژواردا سەریهەڵدایەوە کە پێویست بوو بەهەموو شێوەیەك پشتگیری بکرێت .

یەکێکیش لەوشێوازانەی کەشۆڕش درکی پێکردبوو ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەت بوو.

پ/ شیعری بەرەنگاری چی یەو ئەوانەی ئەو جۆرە شیعرەیان دەنوسی کێ بوون ؟ باسی بکەو بە نمونەی شیعریەوە .

و/ شیعری بەرەنگاری ئەو شیعرەیە کە دریژە بەخەبات دەدات و بەرەنگار دەبێەوە ڕەت دەکاتەوە و دەگۆڕێت و سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە ، ئەوانەی ئەوجۆرە شیعرەیان دەنوسی سێ جۆر شاعیربوون کەئەمانەن :

ا _ ڕاستەوخۆبەشداری شۆڕش بوون .

ب _ لەناوەوەی کوردستان بوون بەلام ناڕازی بوون لە دوژمن .

پ _ هەندێکی تریان ئەو شاعیرانە بوون کە لەدەرەوەی کوردستان دەژیان .

نمونەی شیعری بەرەنگاری لەو شیعرەی ( ئەنوەر قادرمحەمەد ) لەشیعری ( بۆ کپ ببێ ) دادەردەکەوێت. کەدەڵێت :

**بۆ کپ ببێ**

خۆ من چەمە زستانە نیم هەر هاوین هات هەڵپرووکێم
ئەستـــــێرەنیم شەو نەبێ نەتوانم بفـــــــرم
خۆریش نیم بەباڵەوە لەڕۆژدا ئاسمان تـــــەی کەم
چۆن کپ ئەبم

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ بارو دۆخی خراپی ساڵانی ( ٧٠ـ٩١ ) وای نەکرد شیعری کوردی بەرەو ڕەشبینی بڕوات . بۆچی ؟ باسیبکەو بە نمونەی شیعریەوە

و/ چونکە بەردەوام هیوای بەئایەندەیەکی گەش هەبووە ، هەربۆیەش شاعیرانی کورد بەچاوی ئومێدەوە لەئایندەیان ڕوانیوە ، بەگەشبینیەوە ئاسۆی ڕوناکیان لە ئاسمانی کوردستاندا بینیوە ، ( موئەیەد تەیب ) کە بڕوای زۆری بە پاشەڕۆژێکی مەزن هەبوو بەزاری کرمانجی سەروو لەشیعری ( سبەنەکەگری دایێ ) دەڵێت :

سبه نەکە گری دایێ

سبەی دایێ
پێلاڤامن .....
ژتاجامیری بلندترە
داوەتا من ...
ژهەمی گۆڤەندا خۆشترە
بەژن و بالامن ....
ژبوهارێ ب خەملترە
ئەڤجا چەوا دێ کەی گری
سینگێ خوەیێ تەمەت دەریا
دێ ڤە قوتی

( بۆلەبەرکردنە )

پ/ کێ بون ئەوانەی لەماوەی نێوان ( ١٩٧٥ــ١٩٩١ ) شیعریان دەنوسی ؟

و/ لەماوەی نێوان ( ١٩٧٥ــ١٩٩١ ) دوو دەستە شاعیر شیعریان دەنوسی، کەئەمانەن :

ئـ _ دەستەیەکیان هەر ئەوانە بوون کەلەماوەی پێشتر واتا ماوەی ( ٧٠ــ٧٥ ) شیعریان دەنوسی وەکو :( شێرکۆ بێکەس ، عەبوڵلا سەراج ، لەتیف هەڵمەت ، عەبدولرەحمان مزوری ، دڵشاد مەریوانی ....هتد )

ب_ دەستەی دووەم ئەوانە بوون کەلەماوەی نێوان ( ٧٥ـ٩١ ) پەیدابوون و بوون بەشاعیر وەکو : ( ئەنور مەسیفی ، جەمیل ڕەنج بەر ، موئەیەدتەیب ، جەوهەر کرمانج ، نەوزاد ڕەفحەت .... هتد )

پ/ دیارترین ناوەڕۆك و بابەتەشیعریەکانی ماوەی نێوان ( ٧٥ــ٩١ ) چی بوو؟

و/ شیعری بەرەنگاری کەببوە هۆی ئەوەی شکاندنی دوژمن و بەرزکردنەوەی وورەی کورد بەرامبەر بەدوژمن بەخشینی هیواو ئومێد بەخەڵکی، کەلە شکستی شۆڕشی ئەیلول تاڕادەیەك ئەو هیوایە بەرەو کزی چووبوو . شیعریش وەك هۆکارێکی گرینگ توانی بەشداربێ لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و هاوکاری پێشمەرگە بێت.

پ/ توخمەکانی بەرەنگاری چین بیانژمێرەو نمونەیەکی شیعریش بنوسە .

و/ ا_ پێشمەرگە وەك داینەمۆیی شۆڕش

ب_ شەهید وەك هێمای قوربانی دانی کورد

پ_ کوردستان وەك مەڵبەندی ژیان و خاکی پیرۆزی نەتەوە

شەهید ( جەمیل ڕەنجبەر ) کەخۆی پێشمەرگەو شۆڕشگێڕ بوو لەشیعری ( ڕوبارێکی خوێناویدا ) دەڵێت :



چاپخانەی توانا 07828350088

**ڕوبارێکی خوێناوی**

**مەلی هەژار**

لەفرگەی ژان هەڵدەنیشێ

پێشمەرگە لێی دادەبەزێ

هەرچی کانیاوی سەنگەرە

بۆ ڕوباری بەهـــاری دەزێ

( بۆلەبەرکردنە )

**پ/ هەڵوێستی ڕژێمی بەحس چۆن بوو بەرامبەر بە گەلی کورد؟**

و/ دوژمن لەوماوەیەدا هەموو ڕێگاکانی قەلاچۆکردنی کوردی گرتبووە بەر ، یەکێك لەوکارە دڕندانەیەی کەبەسەختی درێژەی پێدەدا پرۆسەی ڕاگواستنی کورد بوو لەناوچەکانی خۆیان بۆناوچەیەکی تر . کەخۆی مەبەستی بوو، سیاسەتەکە لەسالآنی هەشتایەکاندا گەیشتە ئەنفال کردن و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان .

**پ/ هەڵوێستی شاعیرانی کورد بەرامبەر بە ڕژێمی بەحس چۆن بوو؟**

و/ شیعری کوردی هەوڵی داوە لەئاستی خەمی پڕناسۆری گەلەکەی بێت . وەکو ئەو شیعرەی ( جەوهەر کرمانج ) بۆ هەڵەبجە کەلەشیعری ( هەڵەبجەی دووەم هاتن ) دەڵێت:

**هەڵەبجەی دووەم هاتن**

هەڵەبجە ......

بێشـــــکەو جۆلانـــــــەی

ئەحمەد موختار و گۆران بـــوو

هەڵەبجە ......

جێگای نزرگەی ئاشقان بـــوو

هەڵەبجە .....

تـاجی سەروەری شەهیدانـــی

کوردســـــــتان بـــــــوو

( بۆلەبەرکردنە )

**پ/لەم ماوەیەدا شاعیران جگە لەشیعری بەرەنگاری هیچ جۆرە شیعری تریان نوسیووە ؟ شاعیرەکان کێ بوون ؟**

و/ لەم ماوەیەدا شاعیران جگە لەشیعری بەرەنگاری ، جوانترین شیعری بۆ ژن و مەبەستەکانی تری شیعر نوسیووە ، بەشێوەیەکیش نوسراون کە لەگەڵ ڕەوتی ئەو سەردەمدا بگونجێن ، لەم لایەنەشەوە دەنگی شاعیرانی وەك ( محەمەدعومەر عوسمان ، فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی ،. قوبادی جەلی زادە ، دلاوەر قەرەداغی ، جەمال غەمبار......هتد ) دەبیندرێن

پ/ هەڵوێستی شاعیرانی کورد لەدەرەوەی کوردستان چۆن بوو؟ شیعری سەربازی ون هی کێ یەو کەی و لەکوێ نوسراوە بۆ چ مەبەستێك نوسراوە باسی بکەو بە نمونەی شیعریەوە .

و/ ئەو شاعیرانەی ،کەلەدەرەوەی کوردستان دەیان نوسی زیاتر هەستی پڕ لە خۆشەویستیان بۆ کوردستان هەبوو ، بەتایبەت هەستی گەڕانەوە بۆوڵات لە دەقەشیعریەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە هەر ئەمەش وادەکات کەبڵێین یەکێك لەسیما دیارەکانی شیعری ئەم ماوەیە سەرهەڵدانی ( نامۆیی بوونی شاعیرانە ) ( عەبد وڵلا پەشێو ) یەکێکە لەو شاعیرانەی هەرلەسەرەتایی ساڵانی سەدەی ڕابردوو کوردستانی جێهێشتووەو لەشیعری ( سەربازی ون ) دا کەلەمۆسکۆ لەساڵی ( ١٩٧٨ ) نوسیوویەتی ، هەستی پڕتاسەی بەرامبەر بەخاکی کوردستان و ژمارەی زۆری شەهیدان دەربڕیوە .کەدەڵێت :

**سەربازی ون**

کەوەفدێ دەچێتە شوێنێ
بۆسەر گۆڕی سەربازی ون
تاجەگوڵینەیەك دێنێ
ئەگەر سبەی
وەفدێك بێتە وڵاتی من
لێم بپرسێ :
کوانێ گۆڕی سەربازی ون
دەڵێم :
گەورەم !
لەکەناری هەرجۆگەیێ
لەسەرسەکۆی هەرمزگەوتێ
لەبەردەرگای هەر ماڵێ
هەرکلێسەیێ
هەرئەشکەوتێ
لەسەرگابەردی هەر شاخێ
لەسەردرەختی هەرباخێ
لەم وڵاتە :
لەسەر هەربستە زەمینێ
لەژێر هەرگەزە ئاسمانێ
مەترسەکەمێك سەر داخەو
تاجەگوڵینەکەت دانێ

( بۆلەبەرکردنە )



بەدرەم بەدرەم

# هەڵبـــــــژاردن

١_ نسکۆی شۆڕشیی ئەیلول لە ساڵی ( ١٩٧٥ ) ڕاستەوخۆ کاردانەوەی هەبوو بەسەر ئەدەب گشتی وبەتایبەت :

A_ ڕۆمان B_ وتار C_ شیعر D_ چیرۆك

٢_ کام لەم بەرهەمە ئەدەبیانە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕش وەك چەکێکی کاریگەر گرى سەند؟

A_ ڕۆمان B_ وتار C_ شیعر D_ چیرۆك

٣_ کەی شیعری کوردی بووە ڕەتکردنەوەی واقیع و زیندووکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەی ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٤_ یەکێك لەوشێوازانەی پشتگیری کردنی شۆڕش ، کەشۆرش درکی پێکردبوو ئەدەب بوو لە ئەدەبیش بەتایبەت :

A_ شیعر B_ ڕۆمان C_ وتار D_ چیرۆك

٥_ کام لەمانە هاوشێوەی تفەنگ لە سەنگەر بوو؟

A_ ڕۆمان B_ شیعر C_ وتار D_ چیرۆك

٦_ کەی شیعری کوردی شان بەشانی تفەنگ لە سەنگەر بوو؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٧_ چ شتێك ببوە هۆکاری ئەوەی کە لەساڵانی ( ١٩٧٥ _ ١٩٩١ ) شیعری کوردی بەرەو بەرەنگاربونەوە بڕوات ؟

A_ زۆری شاعیری کورد B_ زۆری خوێنەری شیعر C_ ڕۆڵی پێشڕەوی شاعیران D_ هەموویان

٨_ کام ماوەی شیعری بە شیعری بەرەنگاری ناسراوە؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٩_ ئەوشیعرەیە کە ڕەتدەکاتەوە بەرەنگار دەبێتەوە درێژە بەخەبات دەدات :

A_ شیعری شەڕو شۆڕ B_ شیعری بەرەنگاری C_ شیعری سیاسی D_ شیعری ئاینی

١٠_ ئەو سێ جۆرە شاعیرە کە ( ڕاستەوخۆ لەناو شۆڕش بوون ، لەناووەی کوردستان بوون بەڵام ناڕازی بوون ، لەدەرەوەی کوردستان بوون ) چ جۆرە شیعرێکیان دەنوسی ؟

A_ شیعری شەڕو شۆڕ B_ شیعری بەرەنگاری C_ شیعری سیاسی D_ شیعری ئاینی

١١_ هۆنراوەی ( بۆ کپ بێ ) نمونەیەکە لە شیعری :

A_ بەرەنگاری B_ کۆمەڵایەتی C_ یاخی بوون D_ سروشت

١٢_ هۆنراوەی ( بۆ کپ بێ ) نمونەیەکە لە شیعری بەرەنگاری کام لەمانە نوسیویەتی ؟

A_ موئەید تەیب B_ هەژاری موکریانی C_ ئەنور قادر D_ جەوهەر کرمانج

١٣_ هۆنراوەی ( بۆ کپ بێ ) ی ( ئەنور قادر ) کە نمونەیەکە لە شیعری بەرەنگاری نوسراوە لە ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

١٤_ ( خۆریش نیم ، بەباڵەوە لەڕۆژدا ئاسمان تەی کەم ) ئەم نیوە دێرە بەشێکە لە هۆنراوەی :

A_ سەربازی ون B_ بۆکپ بێ C_ ڕووبارێکی خوێناوی D_ هەڵەبجەی دووەم هاتن

١٥_ ( خۆریش نیم ، بەباڵەوە لەرۆژدا ئاسمان تەی کەم ) ئەم هۆنراوەیە نوسراوە بۆ مەبەستی ؟

A _ بەرەنگاری   B _ کۆمەڵایەتی   C _ یاخی بوون   D _ سروشت

١٦_ کام لەمانە وای نەکرد کە شیعری کوردی لەو بارودۆخە خراپەی ساڵانی هەشتا تێیدابوو بەرەو ڕەشبینی بڕوات :

A _ شاعیران هیوایان بە ئایندەیەکی گەش نەبوو   B _ زۆربونی شاعیر لەو سەردەمدا

C _ زیادبوونی چاپەمەنی لەو سەردەمدا   D_ شاعیران هیوایان بەئایندەیەکی گەش هەبوو

١٧_ هەرچەندە بارودۆخ زۆر خراپ بوو بەڵام شاعیران بەردەوام هیوایان بە ئایندەیەکی گەش هەبووە و ئاسۆی ڕووناکیان لە ئاسمانی کوردستان بینیوە لە ماوەی ساڵانی :

A _ ١٩٣٩ _١٩٥٨   B _ ١٩٥٨ _١٩٧٠   C _ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥   D _ ١٩٧٥ _١٩٩١

١٨_ موئەیەد تەیەب یەکێکە لەو شاعیرانەی بڕوای بە ئاییندەیەکی گەش هەبوو بەکام شێوەزار شیعری دەنوسی؟

A _ لوڕی   B _ کرمانجی سەروو   C _ کرمانجی خواروو   D _ هەورامی

١٩_ هۆنراوەی ( سبە نەکە گری دایێ ) هی کام لەمانەیە ؟

A _ قەدری جان   B _ ئەحمەدی خانی   C _ جەوهەر کرمانج   D _ موئەیەدتەیب

٢٠_ لە هۆنراوەی ( سبەنەکە گری دایێ ) هی ( موئەیەد تەیب ) چ هەستێك بەدی دەکرێ ؟

A _ بڕوابوون بەئایندە   B _ بەرەنگاری   C _ سروشت   D _ خۆشەویستی دایك

٢١_ کام لەم هۆنراوانە هی ( موئەیەد تەیبە ) بۆمەبەستی بڕوابوون بە ئایندە نوسراوە ؟

A _ سەربازی ون   B _ بۆکێ ببێ   C _ ڕوبارێکی خوێناوی   D_ سبە نەکە گری دایێ

٢٢_ هۆنراوەی ( پێلاڤامن ل تاجا میری بلندترە ) هی کێ یە ؟

A _ جەمیل ڕەنج بەر   B _ موئەیەدتەیب   C _ جەوهەر کرمانج   D _ نەوزاد ڕەفحەت

٢٣_ هۆنراوەی ( پێلاڤامن ل تاجا میری بلندترە ) چ مەبەستێکی تێدا دەبینرێ؟

A _ بڕوابوون بەئایندە   B _ بەرەنگاری   C _ سروشتی کوردستان   D _ کێشەی دەربەگو جوتیار

٢٤_ لەماوەی نێوان ( ١٩٧٥ـــ١٩٩١ ) چەند دستە شاعیر شیعریان دەنوسی؟

A _ دوو   B _ سێ   C_ چوار   D _ پێنج

٢٥_ کام لەمانە لەماوەی ( ٧٠ـــ ٧٥ ) شیعریان دەنوسی وەلەماوەی دواتریش واتا لەماوەی ( ٧٥ـ٩١ ) هەر بەردەوام بوون :

A _ جەمیل ڕەنج بەرو موئەیەدتەیب   B _ عەبدولرەحمان مزوری و دڵشاد مەریوانی

C_ جەوهەر کرمانج و نەوزاد ڕەفحەت   D _ ئەنوەر مەسیفی و نەوزاد ڕەفحەت

٢٦_ کام لەمانە لەماوەی ( ٧٥ _ ٩١ ) دەستیان دایە نوسینی شیعر؟

A_ ( ئەنوەر مەسیفی و جەمیل ڕەنج بەر   B _ شێرکۆ بێکەس و عەبوڵا سەراج

C_ لەتیف هەڵمەت و جەمیل ڕەنج بەر   D_ عەبدولرەحمان مزوری و دڵشاد مەریوانی

٢٧_ ( شێرکۆ بێکەس ، عەبوڵا سەراج ، لەتیف هەڵمەت ، عەبدولرەحمان مزوری و دڵشاد مەریوانی ) یەکێکن لەو شاعیرانەی شیعریان دەنوسی لە ماوەی ساڵانی :

C _ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥   B _ ١٩٧٥ _١٩٩١   C _ هەردووکیان   D _ هیچیان

٢٨_ ( ئەنوەر مەسیفی ، جەمیل ڕەنج بەر ، موئەیەدتەیب ، جەوهەر كرمانج ، نەوزاد ڕەفحەت ) یەكێكن لەو شاعیرانەی شیعریان دەنوسی لە ماوەی سالآنی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٢٩_ شیعر ببوە هۆكارێك بۆ بەرزكردنەوەی وورەی خەڵك و نەهێشتنی ترس و بەخشینی هیوا بو بەخەڵك :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٣٠_ كەی شیعر هاوكاری كارا بوو شانبەشانی پێشمەرگە بەشدار بوو لە بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی كورد :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

٣١_ لەتوخمە سەرەكیەكانی بەرەنگاری بریتی یە لە :

A_ پێشمەرگە وەك داینەمۆی شۆڕش B_ شەهید وەك هێمای قوربانی دانی گەل

C_ كوردستان وەك شوێنی نیشتەجێ بوون D_ هەرسێكیان

٣٢_ لەتوخمەكانی بەرەنگاریدا بەمانای ( داینەمۆی شۆڕش دیت ) :

A_ پێشمەرگە B_ خاكی كوردستان C_ شەهید D_ چەك

٣٣_ لەتوخمەكانی بەرەنگاری دا ( پێشمەرگە ) وەك چی بوو؟

A_ هێمای قوربانی دانی گەل B_ خاكی پیرۆزی نەتەوە C_ مەڵبەندی نیشتە جێبوون D_ داینەمۆی شۆڕش

٣٤_ لەتوخمەكانی بەرەنگاریدا ( شەهید ) وەك چی بوو :

A_ هێمای قوربانی دانی گەل B_ خاكی پیرۆزی نەتەوە C_ مەڵبەندی نیشتە جێبوون D_ داینەمۆی شۆڕش

٣٥_ لەتوخمەكانی بەرەنگاریدا بەمانای ( خاكی پیرۆزی نەتەوە دێت ) :

A_ پێشمەرگە B_ شاعیران C_ شەهید D_ كوردستان

٣٦_ لەتوخمەكانی بەرەنگاریدا ( كوردستان ) وەك چی بوو :

A_ هێمای قوربانی دانی گەل B_ خاكی پیرۆزی نەتەوە C_ داینەمۆی شۆڕش D_ چەك

٣٧_ كام لەم شاعیرانە پێشمەرگەو شۆڕش گێر بوو ؟

A_ جەمیل ڕەنج بەر B_ موئەیەدتەیب C_ جەوهەر كرمانج D_ نەوزاد ڕەفحەت

٣٨_هۆنراوەی ( ڕوبارێكی خوێناوی ) هی كام لەمانەیە ؟

A_ موئەیەدتەیب B_ جەمیل ڕەنج بەر C_ جەوهەر كرمانج D_ نەوزاد ڕەفحەت

٣٩_ هۆنراوەی ( ڕوبارێكی خوێناوی ) هی ( جەمیل ڕە نجبەر ) نوسراوە بۆ مەبەستی :

A_ كێشەی كۆمەڵایەتی B_ سروشتی كوردستان C_ بەرەنگاری D_ ئایندەیەكی گەش

٤٠_ هۆنراوەی ( مەلی هەژار لەفرگەی ژان هەڵدەنیشێ ) هی كێ یە ؟

A_ موئەیەدتەیب B_ جەوهەر كرمانج C_ جەمیل ڕەنج بەر D_ نەوزاد ڕەفحەت

٤١_ هۆنراوەی ( مەلی هەژار لەفرگەی ژان هەڵدەنیشێ ) چ مەبەستێكی تێدا دەبینرێ؟

A_ بڕوابوون بەئایندە B_ سروشتی كوردستان C_ كێشەی دەربەگ و جوتیار D_ بەرەنگاری

٤٢_ شاعیران لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥ _ ١٩٩١) جگەلەشیعری بەرەنگاری جوانترین شیعریان نوسیوە بۆ:

A_ ئاینی و مەبەستی تر B_ کۆمەڵایەتی و مەبەستی تر C_ ژن و مەبەستی تر D_ سروشت و مەبەستی تر

٤٣_ سیاسەتی پاکتاوی کردن و ئەنفالکردنی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کەی دەستی پێکرد لەلایەن ڕژێمەوە ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _١٩٩١

٤٤_ شیعری کوردی هەڵوێستی چۆن بوو بەرامبەر بەگەلەکەی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ _ ١٩٩١) ؟

A_ لەخەمی گەلەکەی بوو B_ لەخەمی گەلەکەی نەبوو C_ پێچەوانەی گەلەکەی بوو D_ هیچیان

٤٥_ کەی شیعری کوردی هەوڵی داوە لەخەمی پرناسۆری گەلەکەی بێت ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _١٩٩١

٤٦_ هۆنراوەی ( هەڵە بجەی دووەم هاتن ) هی کێ یە ؟

A_ شێرکۆ بێکەس B_ عەبدوڵلا پەشێو C_ جوهەر کرمانج D_ لەتیف هەڵمەت

٤٧_ کێ شیعری بۆ مەرگ بارانی هەڵە بجە نوسیوە ؟

A_ شێرکۆ بێکەس B_ جوهەر کرمانج C_ عەبدوڵلا پەشێو D_ لەتیف هەڵمەت

٤٨_ کام نیوە دێر لەدوای ئەم نیوە دێرەوە دێت ( جێگەی نزرگەی ئاشقان بوو )

A_ ئەحمەد موختارو گۆران بوو B_ هەڵە بجە C_ بێشکەو جۆلانەی D_ تاجی سەرووەری

٤٩_ ئەم بەشە هۆنراوەیە هی کام لەم هۆنراوانەیە ؟ ( جێگەی نزرگەی ئاشقان بوو ) :

A_ سبە نەکە گری دایێ B_ ڕووبارێکی خوێناوی C_ هەڵە بجە دووەم هاتن D_ سەربازی ون

٥٠_ ئەم بەشە هۆنراوەیە هی کام لەم شاعیرانەیە ؟ ( جێگەی نزرگەی ئاشقان بوو ) :

A_ شێرکۆ بێکەس B_ جوهەر کرمانج C_ عەبدوڵلا پەشێو D_ لەتیف هەڵمەت

٥١_ لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٥ _ ١٩٩١ ) ( محەمەدعومەر عوسمان ، فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی ، . قوبادی جەلی زادە ، دلاوەر قەرەداغی ، جەمال غەمبار ) جوانترین شیعریان نوسیوە بۆ:

A_ ئاینی و مەبەستی تر B_ کۆمەڵایەتی و مەبەستی تر C_ ژن و مەبەستی تر D_ سروشت و مەبەستی تر

٥٢_ ( محەمەدعومەر عوسمان ، فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی ، . قوبادی جەلی زادە ، دلاوەر قەرەداغی ، جەمال غەمبار ) جوانترین شیعریان نوسیوە بۆ:ژن و مەبەستی تر لە ماوەی ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _١٩٩١

٥٣_ کام لەمانە لەماوەی نێوان( ١٩٧٥ _ ١٩٩١ ) جوانترین شیعریان بۆ ژن و مەبەستەکانی تر نوسیوە ؟

A_ شێرکۆ بێکەس و عەبوڵلا سەراج B_ لەتیف هەڵمەت و عەبدولرەحمان مزوری
C_ قوبادی جەلی زادە و دلاوەر قەرەداغی D_ جەوهەرکرمانج و دڵشاد مەریوانی

٥٤_ کام نیوە دێر لە دوای ئەم نیوە دێرە لەهۆنراوەی ( پێشمەرگە لێی دادەبەزێ ) دێت ؟

A_ بۆ ڕووباری بەهاری دەزێ B_ هەرچی کانیاوی سەنگەرە C_ لەفرگەی ژان هەڵدەنیشێ D_ هیچیان

٥٥_ شیعری ( سەربازی ون ) کە لە (مۆسکۆ) نوسراوە هی کێ یە ؟

A_ جەوهەر کرمانج B_ لەتیف هەڵمەت C_ شێرکۆ بێکەس D_ عەبدوڵلا پەشێو

٥٦_ هونراوەی ( سەربازی وت ) ی عەبدوڵڵا پەشێو لەساڵی ( ١٩٧٨ ) نوسراوە لە :

A_ سلێمانی　　B_ئیستەمبوڵ　　C_ بغداد　　D_مۆسکۆ

٥٧_ هۆنراوەی ( لەبەردەرگای هەرماڵێ ، هەرکلێسەییێ ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ جەوهەر کرمانج　　B_ عەبدوڵڵا پەشێو　　C_ لەتیف هەڵمەت　　D_ شێرکۆ بێکەس

٥٨_ هونراوەی ( سەربازی ون ) ی عەبدوڵڵا پەشێو لە( مۆسکۆ ) نوسراوە لەساڵی :

A_ ١٩٧٥　　B_ ١٩٧٦　　C_١٩٧٧　　D_ ١٩٧٨

٥٩_ هونراوەی ( سەربازی ون ) ی عەبدوڵڵا پەشێو لەساڵی ( ١٩٧٨ ) لە ( مۆسکۆ ) نوسراوەبۆ مەبەستی :

A_ مەرگ بارانی هەڵە بجە　　B_ خۆشەویستی بۆ سروشتی کوردستان

C_هەستی پڕناسۆری بەرامبەر کوردستان　　D _ خۆشەویستی بۆ ئاین

٦٠_ عەبدوڵڵا پەشێو هەستی پڕتاسەی خۆی بەرامبەر بەکوردستان دەربڕیوە لە هۆنراوەی ؟

A_ سەربازی ون　　B_ سبە نەکە گری دایێ　　C_ ڕوبارێکی خوێناوی　　D_ هەڵە بجە دووەم هاتن

٦١_ عەبدوڵڵا پەشێو لەساڵی ( ١٩٧٨ ) لە ( مۆسکۆ ) کام لەم هۆنراوانەی نوسیوە :

A_ سەربازی ون　　B_ سبە نەکە گری دایێ　　C_ ڕوبارێکی خوێناوی　　D_ هەڵە بجە دووەم هاتن

٦٢_ لەهۆنراوەی ( لەسەر سەکۆی هەرمزگەوتێ ) دا کام نیوە دێر دوای ئەم نیوە دێرە دێت:

A_ لەسەر درەختی هەرباخێ　　B_ لەبەر دەرگای هەرماڵێ　　C_ لەسەر گابەردی هەرشاخێ　　D_ لەسەر هەربستە زەمینێ

٦٣_ لەکام ماوەی شیعریدا هەستی ( نامۆبوونی شاعیران ) دەبیندرێت ؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨　　B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠　　C_ ١٩٧٠_ ١٩٧٥　　D_ ١٩٧٥_ ١٩٩١

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | B-9 | D-8 | C-7 | D-6 | B-5 | A-4 | D-3 | C-2 | C-1 |
| A-20 | D-19 | B-18 | D-17 | D-16 | A-15 | B-14 | D-13 | C-12 | A-11 |
| D-30 | D-29 | C-28 | C-27 | A-26 | B-25 | A-24 | A-23 | B-22 | D-21 |
| C-40 | C-39 | B-38 | A-37 | B-36 | D-35 | A-34 | D-33 | A-32 | D-31 |
| B-50 | C-49 | B-48 | B-47 | C-46 | D-45 | A-44 | D-43 | C-42 | D-41 |
| A-60 | C-59 | D-58 | B-57 | D-56 | D-55 | B-54 | C-53 | D-52 | C-51 |
| | | | | | | | D-63 | B-62 | A-61 |


چاپخانەی توانا 07828350088

# ڕەخنـــــــەی ئـــەدەبـــــــی

پ/ وشەی ڕەخنە لەچی یەوە هاتووە ؟

و/ وشەی ڕەخنە لەبەرامبەر ( نقد ) ی عەرەبی و ( کریتیک ) ی لاتینی هاتووە .

پ/ ڕەخنەی ئەدەبی چی یە ؟

و/ ڕەخنەی ئەدەبی لە پاڵ ( مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب ) دا سێ لقی لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبین ، واتا ڕەخنەی ئەدەبی لقێکە لەلێکۆڵینەوەی ئەدەبی ،کەگرینگی بە لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی دەدات،

پ/ ئەرکی ڕەخنەی ئەدەبی چی یە ؟

و/ ئەرکی ڕەخنە ( شیکردنەوەو ڕاڤەکر ن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبیە یان دیاری کردنی بەهایی دەقی ئەدەبییە ) واتە ڕەخنەی ئەدەبی لەو بنەما ( هونەری و هزریانە ) دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبیان لێ بنیاتدەنرێ و بەشێوەیەکی زانستیانە بەهای ئەو بنەمایە دیاری دەکات ، بەمەش ئاستی دەقەکە بۆ خەڵك و خوێنەر داهێنەریش دیاری دەکات . بۆیە دەتوانین بڵێن ئەگەر ئەدیبان داهێنەرو بەرجەستەکەری جوانی و ڕەنگ ڕێژی کەری ژیان بن ، ئەوا ڕەخنەگران بۆخۆیان ( چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی ئەدەبی و داهێنانی ئەدەبین )

پ/ ئەرکی ڕەخنە گر چی یە ؟ یان دەبێت ڕەخنە گر چۆن بێت؟

و/ ١_ دەبێت ڕەخنەگرلێکۆڵەریکی ئەدەبی شارەزا بێت .

٢_دەبێت زانیاری تەواوی دەربارەی ( مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب ) هەبێت

٣ _ دەبێت چێژ لێوەرگرێکی ئەدەبیش بێت

٤_زانیاری تەواوی لەبواری ( سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشەنبیری ) هەبێت

پ/ مێژووی ڕەخنەی جیهانی بەچەند ڕێڕەودا تێپەڕی ؟

و/ مێژووی ڕەخنەی جیهانی بەدوو ڕێڕەودا تێپەڕی کە( ڕەخنەی خۆرهەلاتی و ڕەخنەی خۆرئاوای ) ین

ئەدەب



چاپخانەی توانا 07828350088

## یەکەم: رەخنەی خۆرئاوایی

پ/ یەکەم هەنگاوی جیهانی لەبارەی رەخنە کەی و لەکوێ بوو ؟ وەلەسەر دەستی کێ سەری هەڵدا؟

و/ یەکەم هەنگاوی رەخنە لەوەوە دەستی پێکرد کاتێك کەیۆنانیەکان لەکاتی ئاهەنگ گێران بەبۆنەی جەژنەکانیانەوە بوو . لەوکاتەدا شانۆگەریان پێشکەشدەکردو لیژنەیەکیان بۆدەسنیشانکردنی باشترین دەقی ( تراژید ی و کۆمیدی ) کە بەشیعر بوو دەستنیشان دەکرا ، جا هەڵبژار دنی باشترین دەق لەلایەن ئەولیژنەیەوە بۆخۆی چالاکیەکی رەخنەی بوو ، چونکە بە پێی چەند پێوانەیەکی ( هونەری و هزری ) دەقەکەیان هەڵدەبژارد . هەرلەوماوەیە شاعیرێکی یۆنانی بەناوی ( ئەرستۆڤانیس ) لەبەرهەمێکی کۆمیدی خۆی بەناوی ( بۆقەکان ) راو بۆچۆن و تێروانینی رەخنەی خۆی دەربارەی هەرسێ شاعیری گەورەی یۆنانی ( یوربیدز و ئەسخیلۆس و سوفوکلیس ) خستە روو

پ/ باسی بیرو رایە رەخنەیەکانی ئەفلاتون بکە .

و/ ( ئەفلاتون ) رای وابوو کەشاعیران ناتوانن راستیەکان بەخەڵك بگەیەنن ولەبری ئەوەی چاکەیان فیربکەن هەڵیان دەخەڵەتێنن و دەرونیان تێکدەدەن و وایان لێدەکەن کە جڵەو بدەنە دەست هەستو سۆز نەك ئەقڵ .

پ/ باسی بیرو رایە رەخنەیەکانی ئەرستۆ بکە .

و/ هەرچی ( ئەرستۆ ) بوو پێچەوانەی ( ئەفلاتون ) بوو،بەرهەمی شیعری بەسودبەخش داناوە ، بەتایبەتی تراژیدیا کەدەتوانێت دەرونی بینەر لەهەست و سۆزی ترس و بەزەی پاکبکاتەوە ،

پ/ ( هونەری شیعری ) بەرهەمی کێ یە؟ چی بۆتراژیدیا دانا ؟ باسی بکە .

و/ ( هونەری شیعر ) بەرهەمی ئەرستۆیە ، لەوبەرهەمەیدا کۆمەڵێك یاساو دەستوری بۆتراژیدیا داناوە ، کەبوونەتە تیۆری رەخنەی ئەوروپی بەگشتی و بنەمای رەخنەی کلاسیکی بەتایبەت، هەرلەوکاتەوە لەفەرەنسا سەری هەڵداو گەشەیکرد ،

پ/ کام رەخنەگربیرو رایەکانی ئەرستۆی جێگیر کرد ؟

و/ رەخنەگری بەناوبانگی فەرنسی ( بوالۆ ) بیرورایەکانی ( ئەرستۆ ) ی جێگیرکردو کردی بە پێوانە رەخنەی کلاسیکی نوێ لەئەورپا، هۆیەکەشی ئەوەبوو کەرێبازی کلاسیکی بۆخۆی لەئاکامی بوژاندنەوەو لاسایی کردنەوەی بەرهەمی یۆنانیەکان و رۆمانیەکان سەریهەڵداوە .

پ/گرینگترین بنەماکانی رەخنەی کلاسیکی چین؟ بیان ژمێرە .

و/ ١ _ جڵەو دانە دەست ئەقڵ و دوورکەوتنەوە لەهەست و سۆز.

٢ _ دەربڕینی کەسی

٣ _ بایەخدان بەچێژی دروست

٤ _ گرینگیدان بە بەها مرۆڤایەتییە گشتییەکان

پ/ لەدوای ڕێبازی کلاسیکی چ ڕێبازێك سەریهەڵدا؟ وە ڕێبازی کلاسیك چی لێ بەسەرهات؟

و/ لەدوای ڕێبازی کلاسیکی ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەریهەڵداو ڕاستەوخۆ پێوانە ڕەخنەیەکانی کلاسیکی ڕەتکردەوە ، بەڕادەیەك کە ئەگەر پێوانە ڕەخنەیەکانی کلاسیك پێچەوانە بکەینەوە پێوانە ڕەخنەیەکانی ڕۆمانتیکمان دەست دەکەون.

پ/گرینگترین بنەماکانی ڕەخنەی ڕۆمانتیکی چین؟ بیان ژمێرە .

و/ ١_ بایەخدان بەهەست و سۆزو دوور کەوتنەوە لەئەقڵ

٢_گرینگی دان بەبەهاکەسیەکان و بەلای تاکەکەسەو گرینگن.

پ/ بیرو ڕایەکانی ( ئەلفرێد دیمۆسێ و بوالۆ ) لەبارەی ئەقل و هەست و سۆز چۆن بوو؟

و/ ( ئەلفرێد دیمۆسێ ) دەڵێت : ئەوەی بەلایی منەوە گرینگ بێت کە گوێ نەدەمە ئەقل ،

( بوالۆ ) دەڵێت : هەمیشە بەدەنگ ئەقلەوە بڕۆ لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بێنە .

پ/ دیارترین ڕەخنەگری ڕۆمانتیکی کێن ؟ هەریەکەیان چ دەڵێن لەبارەی بەرهەم هێنانی دەقی ئەدەبی ؟

و/ دیارترین ڕەخنەگرەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی ( مەدام دی ستال و سانت بیڤ ) بوون

( مەدام دیستال ) پێی وایە کە ( دەبێ دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەلآیەتی و خورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت . هەرچی

( سانت بیڤ ) ە پێی وایە دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەربێت .

پ/ ئەو پێوانە ڕەخنەیانەی لەڕێبازی ڕۆمانتیك هەبوون بۆ چ شیعرێك دەستی دەدا؟

و / ئەو پێوانە ڕەخنەیانەی لەڕێبازی ڕۆمانتیکدا هەبوون بۆ شیعری ( لیریکی و ویژدانی ) دەستی دەدا .

پ/ دوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی کۆمەڵە ڕێبازێکی تر سەریان هەڵدا کامانەن ؟

و/ دوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی چەند ڕێبازێکی ترسەریان هەڵدا کە ڕێبازی ( ڕیالزم و پەرناس و هێماگەری و فۆرمالیزم ) بوون .

پ/ دوای ڕێبازی ( ریالز م و پەرناس و هێماگەری و فۆرمالیزم ) چەند ڕێبازێکی ڕەخنەی سەریان هەڵدا کامانەن ؟

و/ دوای ڕێبازی ( ریالز م و پەرناس و هێماگەری و فۆرمالیزم ) چەند ڕێبازێکی ڕەخنەی سەریان هەڵدا کە

(ڕێبازی شیکاری دەرونی و ڕێبازی مارکسی و ڕێبازی شێوە گەرایی یان بنیاتگەری ) بوون .

## دووەم ڕەخنـــــەی خۆرهــەلاتـــی

**پ/ ڕەخنەی ڕۆژهەلاتی عەرەبی ئیسلامی لەکەیەوە دەستی پێکرد؟ وە پێوانە ڕەخنەیەکان چۆن بوون ؟**

**و/** سەرەتایی ئەم ڕێڕەوە لەئەدەبی عەرەبی سەردمی ( **جاهیلی** ) یەوە دەست پێدەکات ، کاتێ کەهۆزەعەرەبەکان سالأنە لەبازاڕی ( **عوکاز** ) لەنزیك مەککە کۆ دەبوونەوە شاعیرانی هەر هۆزێك بەرهەمی خۆی بۆگەورە شاعیری بەناوبانگی ئەوکات کەناوی ( **نابغەی زوبانی** ) بوو ، خوێندۆتەوە و ئەویش وەك دادوەرێکی ئەدەبی و ڕەخنــە گرێك ڕاو و بۆچـــوونی خۆی دەربارەی دەقە ئەدەبیـــەکـــە خستۆتە ڕوو ، پێوانە ڕەخنەیەکانیش زیاتر **هونەری** بوون و لەدەوری وشە و واتای جوان شیا و و شایستە دەسوڕانەوە .

**پ/ پاش بلأوبونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێوانە ڕەخنەیەکان لەچی یە وە سەرچاوەیان دەگرت؟**

**و/** دوای بلأوبونەوەی ئاینی پیــرۆزی ئیسلام پێــوانە ڕەخنــەیەکان لە ڕێنــمایەکانی ئایــنی ئیسلامــەوە بەدەست دەهێـــنران و لە ڕوانگەی باوەڕی ئاینی شاعیرەوە سەرچاوەیان دەگرت.

**پ/ لەسەردەمی ئیسلامدا دەبوایا شاعیران چۆن بان ؟**

**و/** لەسەردەمی ئیسلامدا دەبوایە شاعیران ( **پەیامدار** ) بن و بەرهەمەکانیان لەخزمەتی کۆمەلگە ئیسلامیەکە دابێت .

**پ/ کەی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی سەری هەلدا کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش چی بوو؟**

**و/** ئەدەبی کوردی مێژوویەکی دێرینی هەیەو کۆنترین جۆری ئەو ئەدەبەش ( **شیعر** ) ە . لەگەلّ لەدایك بوون و بەرەو پێشچوونی شیعری کوردی ڕەخنەی ئەدەبیش سەریهەلّداوو گەشەی کردووە ، لەگەلّ گەیشتنی دەقە ئەدبیەکە بەگوێی خوێنەردا تێڕوانینی ڕەخنەیش بۆ پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی دەقەکە سەریهەلّداوە . جائەگەر سادەو زانستیش نەبن .

## هەنـــــدێ بـۆچوونی ڕەخـــــنەیی شاعــیرانی کـــورد.

پ/ باسی پێوانە ڕەخنەیەکانی مەلایی جەزیری بکە .

و/ مەلایی جەزیری یەکەم شاعیری کوردەکە لە شیعرەکانیدا کۆمەڵێ باسی ڕەخنەی وروژاندوە ، وەکو لەو شیعرەی کە دەڵێت :

ئەحسەن ژڤێ نـــەزمێ لەتیف ***** چەندی سڤك هاتی خەفیف

مەحبوب ب دەستێ خوی شەریف **** نەقدی مە موهرو سککە دا

ئەحســـــەن ژڤێ وەسفێ ڕەفیع **** ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیـع

تـێێن ژنــــوورێ وەك ڕەقـــیع **** بێ عەیب و نەقس و ڕەخنەدا

( تەنیا بۆخوێندنەوەیە )

مەلایی جەزیری وشەی ڕەخنەی بەو واتایە بەکارهێناوە و کەئیستا بەکاردێت ، جگە لەم وشە ڕەخنەیە چەند وشەو زاراوەی تری بەکارهێناوە کە تایبەتن بەچەند پێوانەیەکی ڕەخنەی شیعرەوە ، وەك ( نەزمی لەتیف ) و ( ئەشکال و ئەوزاعێن بەدیع ) بەو پێوانانەش ئەو بنەمایە دەستنیشان دەکات کەبەلایەوە باشترین شیعر ئەو شـــــــــیعرەیە کە ( وشەکانی جوانو چێژبەخش و ڕەوان و سود بەخش بن ).

پ/ ئەحمەدی خانی چۆن لەڕەخنە دەڕوانێ؟

و/ ئەحمەدی خانی بەشێوەیەکی ورد ئاوڕی لەولایەنە داوەتەوە کەلەشیعرەکەی ( مەم و زین ) دا کۆمەڵێ پێوانەی ڕەخنەی دەخاتە ڕوو وەك . دەڵێت :

لێ هیڤی دکەم ژ موستەعیـــدان **** حـــەرفان نەگرن ژ موستەفیـدان

ئەڤ نامە ئەگەر خراپە گەر قنج **** کێشایە مە دگەل وی دووسەد ڕەنج

( تەنیا بۆخوێندنەوەیە )

لێرەدا خانی ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کە لەدوای لەدایك بوونی دەقی شیعری ، ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕەخنەگران ڕەخنەی لێدەگرن ، ئەویش داوادەکات کەڕەخنە گران لەکاتی ڕەخنە گرتندا ڕەنج و ماندووبوونی شاعیر لەبەر چاو بگیرێت ئەگەر کەم و کورتیـــەکیش لەشیعرەکەدا هەبوو ئەوانیکەنــە بەهانە ، چونکە هەمـــوو دەقێك کە ڕەسەن بێت و دزراو نەبێت وەك ڕۆڵەی شاعیر وایە لای شاعیر خۆشەویستەو کەسیش پێی خۆشنیە کەبەخراپی لە منداڵەکانی بڕوانێ ، وەجگە لەمەش خانی ئاوڕی لەباسێکی تر داوەتەوە کە ( کێشەی داهێنان ) .

پ/ئەحمەدی چۆن خانی باس لەکورت بڕی دەکات ؟

و/ ئـەی خامە تەژی گەلەك درێژکر ***** ئەڤ نامە بەسە تە پڕ قرێژ کر

هەرچەند کەلام شوبهی دوڕبەت ***** بێ قەدر دبیت دەما کو پڕچبیت

( بۆ لەبەرکردنە )

لێرەدا خانی باس لەخاڵێکی گرینگی ڕەخنەی دەکات کە ( کورت بڕی یە ) لەدەقی شیعردا و کەتائەمرۆش پێوانەیەکی شیعریە بەردەوام داوا لەشاعیران کراوە کە هەوڵبدەن ، بەکەمترین وشە زۆرترین واتا بدەن بەدەستەوە .

پ/نالی چۆن باسی لەڕەخنە کردووە بە نموونەی شیعریەوە باسی بکە.

و/ نالیش وەکو شاعیرانی تر لەچەند بەیتێکی شیعری خۆیدا باسی لەڕەخنە کردووە .وەك دەڵێت :

کەس بــەئەڵفازە نەڵێ خۆکوردییە خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

( بۆ لەبەرکردنە )

لێرەدا نالی ڕوو لەو کەسانە دەکات کە ڕەخنەیان لێگرتووە و توانجی ئەوەیان لێداوە کەشیعربەزمانی کوردی دەنوسـێت و شیعری کوردیش بەهرەو هونەرمەندی تێدا نیە ، پێیان دەڵێت : هونەرمەندی لەوەدایە کەچۆن توانیویەتی بەزمانی کـوردی شیعر بنوسێت و ئەو واتا جوان و ناسکانە دەر ببڕێت ، بەو پێەش نالی بەوپێوانە ڕەخنەیە (وشە و واتایی ) هەڵسەنگاندووە کە پێی وایە دەقی باش واتایی جوان و نوێیە نەك بەتەنها وشەی جوان و ڕازاوە .

پ/ نالی چۆن باس لەکورت بڕی دەکات ؟

و/

نالی عەجەب بەقووەتی حیکمەت ئەدا دەکا
مەعنایی زۆر و گەورە بە لەفزی کەم و بچـوك

( تەنها بۆخوێندنەوەیە )

کەواتە (نالی ) یش وەك و ئەحمەدی خانی دەسنیشانی بنەڕەتی کورتبڕی دەکات کە پێی وایە شیعری باش بەهادارو جوان ئەو شیعرەیە کەبەکەمترین وشە زۆرترین واتا بدات بەدەستەوە .

پ/ باس لە پێوانە ڕەخنەیەکانی سالم بکە .

و / سالم یش لەچەند بەیتێکی شیعری ئاوڕی لەڕەخنە داوەتەوە ، وەك لەو شیعرەی کە دەڵێ:

لەڕۆژی ئیمتحانا دیم بەرابەر تالیب و مەعشـــوق
کەمەر بەستەی هونەرهاتن لەتیپی عیشـــق بازانا
لەیەك لا نالی و مەشوی لەلایێ سالم و کـــــوردی
لەهەنگامەی هونەر گەرمی تکا جووبوون لەمەولانا

( تەنها بۆخوێندنەوەیە )

ئەو چەشنە شانازی کردنەی (سالم ) بەتوانای خۆی و شاعیرانی هاوڕێ دەرخەری ئەوەن کە بنەڕەتێکی گرینگی ڕەخنەی بریتیە لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژی بۆیە دەڵێت : ( شاعیرانی کورد توانیویانە ڕەوانبێژی عەرەبی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە لەم ڕووەوە ببنە سوارچاکی مەیدانەکە )

پ/ حاجی قادری کۆیی چۆن لە ڕەخنە دەڕوانێت؟

و/ حاجی قادری کۆیش وەکو شاعیرانی تر ئاوڕی لە چالاکی ڕەخنەی سەردەمەکەی داوەتەوە ، وەك دەڵێت :

شەبیهی جوڵا کەڕازی نەبێ بەسەر دری خـۆی
مەڵێن فەساحەتی کوردی بەفارسی ناگـــا
بەلاغـــەتێکی هەیە هیـــچ زوبانێ نایگاتێ
لەبێ تەعەسوبی کوردانە بێ ڕەواج و بەهـا
کەخۆتی تێنەگەیەنی لەنیکتەکانی نەگەی
ئەڵێی هەمووی هەزەیانە خوا بەلایێ لێـــدا
بەلام ئەوانەی کەسەڕافی زێڕو زیوی قسـەن
بەشـــــاه ڕەوایە دەزانن سـککەیـــکە ڕەوا

( تەنها بۆخوێندنەوەیە )

حاجی قادر زیرەکانە ئەو ڕاستیە دەخاتە ڕوو کە دەبێت کەسانی ڕەخنەگر کەسانی شارەزاو زیرەك و بەتوانا بن ، چونکە هەموو کەس ناتوانێ ببێ بە ڕەخنە گر ، کە حاجی بە ( سەڕافی زێڕو زیو ) ناویان دەبات ، جگە لەمەش بە پشت بەستن بە پێوانە ڕەخنەیەکی ئەو سەردەمە کە پێوانەی ڕەوانبێژی و ڕونبێژی بوو . بەهای شیعری کوردی پێ دیاری دەکات و شانی پێ لەشانی شیعری فارسی دەدات .

پ/ ئایا ئەوپێوانە ڕەخنەیانەی کە لە ئەدەبی کوردیدا هەبوون هەموو بابەتە ئەدەبیەکانی گرتبووەوە ؟

و / ئەو چالاکیە ڕەخنەیانەی کەهەبوون پێش سەدەی بیستەم تەنهالە شیعردا بونیان هەبووە ، واتا لەچیرۆك و وتارو و لێکۆڵینەوەکاندا بونیان نەبوو .

# هەڵبــــژاردن

١_ لە ( نەقد ) ی عەرەبی و ( گریتیکی ) لاتینیەوە هاتووە :

A_ تیۆر B_ مێژوو C_ جوگرافیا D_ ڕەخنە

٢_ کام لەمانە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی ئەدەب دەدات :

A_ ڕەخنە ئەدەب B_ تیۆر ئەدەب C_ مێژووی ئەدەب D_ جوگرافیایی ئەدەب

٣_ ئەرکی ڕەخنە بریتی یە لە :

A_ دیارکردنی کاتی نوسینی دەقی ئەدەبیە B_ دیاریکردنی بەهای دەقی ئەدەبیە

C_ دیارکردنی شوێنی نوسینی دەقی ئەدەبیە D_ دیارکردنی ڕێگاگانی نوسنی دەقی ئەدەبیە

٤_ ئەرکی بریتی یە لەڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی دەقی ئەدەبی یان دیاری کردنی بەهای دەقە :

A_ ڕەخنە ئەدەب B_ تیۆر ئەدەب C_ مێژووی ئەدەب D_ جوگرافیایی ئەدەب

٥_ڕەخنەی ئەدەبی لە چ بنەمایەکی هونەری دەکۆڵێتەوە ؟

A_ سیاسی و هونەری B_ هزری و سیاسی C_ ئابوری و سیاسی D_ هونەری و هزری

٦_لقێکی ئەدەبیە لەو بنەما هزری و هونەریانە دەکۆڵێتەوە کە دەقی ئەدەبیان لەسەر بنیات دەنرێ:

A_ ڕەخنە ئەدەب B_ تیۆر ئەدەب C_ مێژووی ئەدەب D_ جوگرافیایی ئەدەب

٧_ بە هۆیەوە ئاستی دەق و بەهای دەق بۆ خوێنەرو نوسەریش دەردەکەوێت :

A_ مێژووی ئەدەب B_ تیۆر C_ ڕەخنە ئەدەب D_ جوگرافیایی ئەدەب

٨_ کامیان ڕەنگ ڕێژکەری ژیانن؟

A_ ڕەخنەگران B_ مێژوو نوسان C_ ئەدیبان D_ ڕۆژنامە نوسان

٩_ چالاکی ئەدەبی و بزوتنەوەی داهێنانی ئەدەبین .

A_ مێژوو نوسان B_ ئەدیبان C_ ڕۆژنامە نوسان D_ ڕەخنەگران

١٠_ دەبێت لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شارەزابێت :

A_ شیعر نوس B_ ئەدیب C_ ڕەخنەگر D_ ڕۆژنامە نوس

١١_ دەبێت شارەزای تەواوی هەبێت لە ( مێژووی ئەدەب و تیۆری ئەدەب ) :

A_ شیعر نوس B_ ڕەخنەگر C_ ئەدیب D_ مێژوو نوس

١٢_ دەبێت شارەزای تەواوی هەبێت لەبواری ( سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری ) :

A_ ڕەخنەگر B_ شیعر نوس C_ ئەدیب D_ ڕۆژنامە نوس

١٣_ دەبێت چێژ لیوەرگرێکی ئەدەبی بێت:

A_ خوینەری شیعر B_ ڕۆژنامە خوێن C_ ڕەخنە گر D_ ڕۆژنامە نوس

١٤_ یەکێك لە ئەرکەکانی ڕەخنەگر بریتیە لە :

A_ چێژ لیوەرگرێکی ئەدەبی بێت B_شارەزای تەواوی لەبواری ( سیاسی و کۆمەلایەتی مێژووی تیۆری ئەدەب هەبێت

C_ لێکۆڵەرێکی ئەدەبی شارەزابێت D_ هەموویان

١٥_ لەمێژووی ڕەخنەی جیهانیدا چەند ڕێرەوی ڕەخنەی بەدی دەکرێت

A_ یەك ڕێرەو B_ دوو ڕێرەو C_ سێ ڕێرەو D_ چوار ڕێرەو



چاپخانەی توانا 07828350088

١٦_ لەمێژووی ڕەخنەی جیهانیدا دوو ڕێڕەوی دەبیندرێن کە ڕەخنەی

A_ ڕۆژهەڵاتی و باکوورن B_ باکورو باشورن C_ ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتین D_ ڕۆژئاوای و باشوورن

١٧_ یەکەم هەنگاوی ڕەخنەی جیهانی دەستی پێکرد لەلای :

A_ عەرەبەکان B_ یۆنانیەکان C_ کوردانی سۆفیەت D_ ئەرمەنەکان

١٨_ لەیەکەم هەنگاوی ڕەخنەی خۆرئاوایی کام لەم شیعرانەیان دەستنیشانکردووە ؟

A_ تراژیدیا B_ کۆمیدیا C_ ویژدانی D_ تراژیدیاو کۆمیدیا

١٩_ لەیەکەم هەنگاوی ڕەخنەی جیهانی هەڵبژاردنی دەق لەلایەن لیژنەیەك بە پێی کام لەم بنەمایانە بوو؟

A_ کۆمەلایەتی و سیاسی B_ مرۆڤایەتی و هونەری C_ هونەری وهزری D_ ئابوری و هزری

٢٠_ بەرهەمی کۆمیدی ( بۆقەکان ) هی کام لەم شاعیرانەیە ؟

A_ ئەرستۆڤانیس B_ ئەفلاتون C_ ئەرستۆ D_ یوریبدز

٢١_ ئەرستۆڤانیس لەبەرهەمەکەی خۆی بەناوی ( بۆقەکان ) ڕاوبۆچونی خۆی خستە ڕوولەبارەی هەرسێ شاعیری بەناوبانگ کە :

A_ ئەرستۆ و ئەفلاتونی یوریبیدزن B_ یوریبیدزو ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیسن

C_ سۆفۆکلیس و ئەفلاتونی یوریبیدزن D_ ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و ئەرستۆن

٢٢_ ئەرستۆڤانیس ڕاو وبۆچونی خۆی خستە ڕوولەبارەی هەرسێ شاعیر( یوریبیدزو ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس ) لە بەرهەمی :

A_ هونەری شیعر B_ بۆقەکان C_ هەردووکیان D_ هیچ کامیان

٢٣_ پێی وایە شاعیران ناتوانن ڕاستیەکان بگەیەنن ، وایان لێدەکەن جڵەو بدەنە دەست هەست و سۆز:

A_ بوالۆ B_ ئەرستۆ C _ ئەفلاتون D_ سانت بیڤ

٢٤_ کێ پێی وابوو کە شاعیران ناتوانن ڕاستیەکان بگەیەنن و خەڵك هەڵدەخەڵەتێنن؟

A_ بوالۆ B_ ئەرستۆ C_ ئەفلاتون D_ سانت بیڤ

٢٥_ ئەفلاتوون ڕای وابوو کەشاعیران :

A_ دەرونی مرۆڤ لەترس و بەزەیی پاك دەکەنەوە B_ دەرونی خەڵك تێکدەدەن

C_ بەرهەمی شیعری بەسودبەخش داناوە D_ بەرهەمی تراژیدیای بەسودبەخش داناوە

٢٦_ پێی وایە کە دەبێت شاعیران جڵەو بدەنە دەست ئەقڵ نەك هەست و سۆز:

A_ بوالۆ B_ ئەرستۆ C_ ئەفلاتون D_ سانت بیڤ

٢٧_ بەرهەمی شاعیرانی بەسودبەخش داناوە بەتایبەت تراژیدیا کە دەرونی بینەر لەترس و هەست و سۆز پاکدەکاتەوە :

A_ بوالۆ B_ ئەرستۆ C_ ئەفلاتون D_ سانت بیڤ

٢٨_ ئەرستۆ ڕای وابوو کەشاعیران :

A_ دەرونی مرۆڤ لەترس و بەزەیی پاك دەکەنەوە B_ دەرونی خەڵك تێکدەدەن

C_ ناتوانن ڕاستیەکان بگەیەنن D_ جڵەو دەدەنە دەست هەست و سۆز نەك ئەقل

٢٩_ ( هونەری شیعر ) بەرهەمی کام لەمانەیە ؟

A_ بوالۆ B_ ئەرستۆ C_ ئەفلاتون D_ سۆفۆکلیس

٣٠_ ئەرستۆ لەبەرهەمێکی خۆیدا بەناوی ( هونەری شیعر ) کۆمەڵێك یاساو دەستوری دانا بۆشیعری؟

A_ کۆمیدیا B_ تراژیدیا C_ لیریکی D_ ویژدانی

٣١_ کام لەمانەلەبەرهەمێکی خۆیدا بەناوی ( هونەری شیعر ) ووە کۆمەڵێك یاساو دەستوری دانا بۆشیعری تراژیدیا؟

A_ بوالۆ B_ ئەرستۆ C_ ئەفلاتون D_ سۆفۆکلیس


چاپخانەی توانا 07828350088

٣٢ _ کێ بوو بیرو ڕایەکانی ئەرستۆی جێگیرکردوو کردی بە پێوانە ڕەخنەی کلاسیکی نوێ لەئەوروپا :

A _ بوالۆ B _ ئەرستۆ C _ ئەفلاتون D _ سۆفۆکلیس

٣٣ _ بوالۆ بیرو ڕایەکانی ئەرستۆی جێگیرکردوو کردی بە پێوانە ڕەخنەی:

A _ ڕۆمانتیك B _ ڕیالیزم C _ پەرناس D _ کلاسیك

٣٤ _ لەگرینگترین بنەمایە ڕەخنەیەکانی ڕێبازی کلاسیکی یە :

A _ جڵەو دانە دەست ئەقل B _ دەربڕینی کەسی C _ بایەخدان بەچێژی دروست D _ هەموویان

٣٥ _ گرینگی دان بەبەها مرۆڤایەتیە گشتیەکان ) یەکێکە لە بنەمارەخنەیەکانی ڕێبازی :

A _ ڕۆمانتیك B _ ڕیالیزم C _ پەرناس D _ کلاسیك

٣٦ _ کام لەم ڕێبازانە لەدوای ڕێبازی ( کلاسیکی ) سەریهەڵدا ؟

ب _ ڕیالیزم B _ پەرناس C _ ڕۆمانتیك D _ کلاسیك

٣٧ _ کامە ڕێباز لەئاکامی لاسایی کردنەوەی یۆنانیەکان و ڕۆمانیەکان سەریهەڵداوە؟

ب _ ڕیالیزم B _ پەرناس C _ کلاسیك D _ ڕۆمانتیك

٣٨ _ ئەگەر پێوانە ڕەخنەیەکانی ڕێبازی کلاسیکی پێچەوانە کەینەوە ، پێوانە ڕەخنەیەکانی کام ڕێبازمان دەستدەکەوێت؟

A _ ڕیالیزم B _ پەرناس C _ ڕۆمانتیك D _ کلاسیك

٣٩ _ لەگرینگترین بنەمایە ڕەخنەیەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی یە :

A _ جڵەو دانە دەست ئەقل B _ دەربڕینی کەسی C _ بایەخدان بەچێژی دروست D _ جڵەو دانە دەست هەست و سۆز

٤٠ _ ( گرینگی دان بەبەهاکەسیەکان ) یەکێکە لە بنەمارەخنەیەکانی ڕێبازی :

A _ ڕیالیزم B _ ڕۆمانتیك C _ پەرناس D _ کلاسیك

٤١ _ کام لەمانە دەڵێت ( ئەوەی بەلای منەوە گرینگ بێت ئەوەیە کە گوێ نەدەمەئەقل )

A _ بوالۆ B _ ئەرستۆ C _ ئەفلاتون D _ ئەلفرێد دیمۆسێ

٤٢ _ ( هەمیشە بەدەم ئەقڵەوە برۆ لەوەوە یەکێتی بەرهەمەکانت بەدەست بێنە ) وتەی :

A _ بوالۆ B _ ئەرستۆ C _ ئەفلاتون D _ ئەلفرێد دیمۆسێ

٤٣ _ کام لەمانە پێی وایە کە : ( دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خورەوشت و نەریتی کۆمەڵ بێت :

A _ بوالۆ B _ مەدام دیستال C _ سانت بیڤ D _ ئەلفرێد دیمۆسێ

٤٤ _ کام لەمانە پێی وایە ( دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی هەست و سۆزی نوسەر بێت )

A _ بوالۆ B _ مەدام دیستال C _ سانت بیڤ D _ ئەلفرێد دیمۆسێ

٤٥ _ ئەو پێوانە ڕەخنەیانەی لە ڕێبازی ڕومانتیکدا هەبوون دەستی دەدا بۆ شیعری :

A _ لیریکی B _ تراژیدی C _ کۆمیدی D _ هەموویان

٤٦ _ ڕێبازەکانی ( پەرناس و هێماگەری و فۆرمالیزم و ڕیالیزم ) ئەوڕێبازانەن کەسەریان هەڵدا لە :

A _ پێش ڕێبازی کلاسیك B _ دوای ڕێبازی کلاسیك C _ پێش ڕێبازی ڕۆمانتیك D _ دوای ڕێبازی ڕۆمانتیك

٤٧ _ کام لەو ڕێبازە ئەدەبیانە لەدوای ڕێبازی ڕۆمانتیکی سەریان هەڵدا :

A _ مارکسی و شێوە گەرایی B _ کلاسیك و بنیاتگەری C _ فۆرمالیزم و پەرناسی D _ مارکسی و ڕشیالیزم

٤٨ _ دوای ڕێبازەکانی ( پەرناس و هێماگەری ) چەند ڕێبازێکی ڕەخنەی سەریان هەڵدا لەوانە :

A _ شیکاری دەرونی و مارکسی و شێوەگەرایی B _ ڕیالیزم شیکاری دەرونی و مارکسی

C _ شێوە گەرایی و فۆرمالیزم و مارکسی D _ شیکاری دەرونی و فۆرمالیزم و هێماگەری



چاپخانەی توانا 07828350088

٤٩_ ڕەخنەی عەرەبی دەست پێدەكات لە سەردەمی :

A_ پێغەمبەر( د.خ ) لێبێت B_ جاهیلی C_ عەباسیەكان D_ عوسمانیەكان

٥٠_ هۆزەعەرەبەكان كۆدەبوونەوە شاعیری هەر هۆزێك بەرهەمی خۆی دەخوێندەوە لەبازاڕی ؟

A_ مەكە نزیك عوكاز B_ مەدینە نزیك عوكاز C_ عوكاز نزیك مەكە D_ عوكاز نزیك مەدینە

٥١_هۆزەعەرەبەكان كۆدەبوونەوە لە بازاڕی عوكاز شاعیری هەرهۆزێك بەرهەمی خۆی دەخوێندەوە بۆگەورە شاعیركە، بەناوی؟

A_ نابیغەی زوبانی B_ئەفلاتون C_ ئەرستۆڤانیس D_ بوالۆ

٥٢_ پێوانە ڕەخنەیەكان هونەری بوون و لەدەوری وشەی جوان و ڕازاوە دەسوڕانەوە لەسەردەمی :

A_ جاهیلی عەرەبی B_ سەرەتای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام C_ عەباسیەكان D_ عوسمانیەكان

٥٣_ لەسەردەمی جاهیلی عەرەبی پێوانە ڕەخنەیەكان :

A_ هزری و وشەی جوان بوون B_ پەیامدارو هزری بوون C_ هونەری و وشەی جوان بوون D_ هزری وهونەری بوون

٥٤_ كەی شاعیران دەبوایە ( پەیامداربن ) :

A_ جاهیلی عەرەبی B_ سەردەمی ئیسلام C_ سەردەمی دوای ئیسلام D_ ڕەخنەی ڕۆمانی و یۆنانی

٥٥_لەسەردەمی ئیسلامدا دەبوایا شاعیران چۆن بوون ؟

A_ پەیامدار نەبان B_ پەیامدار بان C_ جڵەویان دەدا دەست هەست و سۆز D_ جڵەویان دەدا دەست عەقل

٥٦_ بریتی یە لەكۆنترین جۆری ئەدەبی كوردی :

A_ شیعر B_ ڕۆمان C_ وتار D_ چیرۆك

٥٧_ كە دەقێكی ئەدەبی لە دایك دەبێت بۆ پەسەندكردنی یان ڕەتكردنەوەی كام لەمانە سەرهەڵدەدات؟

A_ مێژووی ئەدەبی B_ تیۆری ئەدەبی C_ ڕەخنەی ئەدەبی D_ هەموویان

٥٨_ بەیەكەم شاعیری كورد دادەندرێت كە بیری ڕەخنەی وروژاندووە لە دەقە شیعریەكانیدا :

A_ نالی B_ ئەحمەدی خانی C_ سالم D_ مەلایی جەزیری

٥٩_ كام لەمانە باشترین شیعری لەلا ئەو شیعرەیە كە (وشەكانی جوان و چێژبەخش بن و واتاكانیشیان سودبەخش بن.

A_ نالی B_ مەلایی جەزیری C_ ئەحمەدی خانی D_ سالم

٦٠_ چەند وشەو زاراوەی ڕەخنەی لەبەرهەمەكانیدابەكارهێناوە : ( نەزمی لەتیف ، ئەشكال و ئەوزاعێن بەدیع ):

A_ نالی B_ مەلایی جەزیری C_ ئەحمەدی خانی D_ سالم

٦١_ كام لەمانە داوا لە ڕەخنەگران دەكات كە ڕەنج و ماندووبوونی شاعیر لەبەر چاو بگرن لەكاتی ڕەخنە گرتندا :

A_ نالی B_ مەلایی جەزیری C_ ئەحمەدی خانی D_ حاجی قادری كۆیی

٦٢_ پێی وایە كە ( هەردەقێك ڕەسەن بێت و دزراو نەبێت وەك ڕۆڵەی شاعیر وایە ) "

A_ ئەحمەدی خانی B_ نالی C_ مەلایی جەزیری D_ سالم

٦٣_ كام لەم شاعیرانە ئاوڕی لەباسێكی گرینگی ڕەخنەی داوەتەوە كە ( كێشەی داهێنانە ) :

A_ نالی B_ ئەحمەدی خانی C_ مەلایی جەزیری D_ حاجی قادری كۆیی

٦٤_ كام شاعیر لەمانە باس لەكورتبڕی دەكات ؟

A_ نالی B_ مەلایی جەزیری C_ حاجی قادری كۆیی D_ ئەحمەدی خانی

٦٥_كام لەم شاعیرانە بە هۆنراوەی ( ئەی نامە تەژی گەلێك درێژكر بەسە ئەڤ نامە تە پڕ قرێژكر ) باس لەكورتبڕی دەكات؟

A_ نالی B_ مەلایی جەزیری C_ حاجی قادری كۆیی D_ ئەحمەدی خانی

٦٦_ هۆنراوەی ( ئەی نامە تەژی گەلێك درێژكر بەسە ئەڤ نامە تە پڕ قرێژكر )چ مەبەستێكی ڕەخنەی تێدا دبیندرێ؟

A_ كورتبڕی B_ كێشەی داهێنان C_ جوانكاری و وشەی جوان D_ شانازی كردن بە خۆی

ئەدەب



چاپخانەی توانا 07828350088

٦٧_ كام لەم نيوە دێرانە دواى ئەم نيوە دێرە دێت (بەسە ئەڤ نامە تە پڕ قرێژكر) :

A_ ئەى نامە تەژى گەلێك درێژكر B_ بێ قەدر دبيت دەما كو پڕ بيت

C_هەرچەند كەلام شوبهى دوڕبەت D_ نيوە دێرى كۆتايە هيچى بەدواوە نايێ

٦٨_ ( كەس بەئەلفازم نەڵێ خۆكورديية خۆكردييە هەركەسێ نادان نەبێ خۆى تاليبى مانا دەكا ) هى كێ يە؟

A_ نالى B_ ئەحمەدى خانى C_ مەلايى جەزيرى D_ حاجى قادرى كۆيى

٦٩_ كێ لەمانە وتوويەتى : هونەرمەندى لەوەدايە كە بەزمانى كوردى وشەى جوان و ناسك دەربڕێت:

A_ ئەحمەدى خانى B_ مەلايى جەزيرى C_ حاجى قادرى كۆيى D_ نالى

٧٠_ كام لەمانە پێوانە ڕەخنەى ( وشەو واتاى ) خستۆتە ڕوو؟

A_ ئەحمەدى خانى B_ مەلايى جەزيرى C_ نالى D_ حاجى قادرى كۆيى

٧١_ پێى وايە كە دەقى باش : وشەى جوان و نوێيە نەك بەتەنها وشەى جوان و ڕازاوە :

A_ ئەحمەدى خانى B_ نالى C_ سالم D_ حاجى قادرى كۆيى

٧٢_ ( نالى عەجەب بەقوەتى حيكمەت ئەدا دەكا مەعناى زۆر گەورە بەلەفزى كەم و بچوك ) چ بنەمايەكى تێدا دەبينرێ؟

A_ كورتبڕى B_ كێشەى داهێنان C_ جوانكارى و وشەى جوان D_ شانازى كردن بە خۆى

٧٣_ نالى وەكو كام لەمانە لە هۆنراوەكانيدا باسى لە پێوانەى ڕەخنەى ( كورتبڕى كردووە ):

A_ ئەحمەدى خانى B_ نالى C_ سالم D_ حاجى قادرى كۆيى

٧٤_ خانى و نالى وەكو يەك ئاوريان لەباسێكى ڕەخنەى داوەتەوە كە :

A_ كورتبڕى يە B_ كێشەى داهێنانە C_ جوانكارى و وشەى جوانە D_ شانازى كردن بە خۆيە

٧٥_ كام شاعير لەمانە شانازى بەخۆى و هاوڕێيانى دەكات لە بەكارهێنانى ڕەوانبێژيدا :

A_ ئەحمەدى خانى B_ نالى C_ سالم D_ حاجى قادرى كۆيى

٧٦_ كام لەمانە بەهاى شيعرى كوردى دياريدەكات و شانى پێ لەشانى شيعرى فارسى دەدات؟

A_ ئەحمەدى خانى B_ نالى C_ سالم D_ حاجى قادرى كۆيى

٧٧_ ڕەخنە گر بە ( سەرافى زێڕو زيو ) ناو دەبات :

A_ حاجى قادرى كۆيى B_ ئەحمەدى خانى C_ نالى D_ سالم

٧٨_ خانى لەهۆنراوەكانيدا كام باسى ڕەخنەى دەوروژێنێت؟

A_ كورتبڕى يە B_ كێشەى داهێنانە C_ جوانكارى و وشەى جوانە D_ A و B

٧٩_ نالى لەهۆنراوەكانيدا باس لەكام پێوانە ڕەخنە دەكات؟

A_ كورتبڕى وشەو واتا B_ دياريكردنى بەهاى شيعرى كوردى C_ شانازى كردن بەخۆى و هاوڕێيانى D_ كێشەى داهێنان

٨٠_ سالم لەهۆنراوەكانيدا باس لەكام پێوانە ڕەخنە دەكات؟

A_ كورتبڕى B_ دياريكردنى بەهاى شيعرى كوردى C_ شانازى كردن بەخۆى و هاوڕێيانى D_ كێشەى داهێنان

٨١_ حاجى قادرى كۆيى لەهۆنراوەكانيدا باس لەكام پێوانە ڕەخنە دەكات؟

A_ كورتبڕى وشەو واتا B_ دياريكردنى بەهاى شيعرى كوردى C_ شانازى كردن بەخۆى و هاوڕێيانى D_ كێشەى داهێنان

٨٢_ مەلايى جەزيرى لەهۆنراوەكانيدا كام پێوانە ڕەخنەى دەوروژێنێت ؟

A_ كورتبڕى B_ دياريكردنى بەهاى شيعرى كوردى C_ وشەى جوان و سودبەخش D_ كێشەى داهێنان

٨٣_ چ مەبەستێكى ڕەخنەى لەم دێرە هۆنراوەيەدا هەيە ( كەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆكوردى يە خۆكردى يە ) :

A_ كورتبڕى B_ دياريكردنى بەهاى شيعرى كوردى C_ وشەى واتاى نوێ D_ كێشەى داهێنان



چاپخانەى توانا 07828350088

٨٤_ کام لەمانە وەکو یەك باسی کورتبڕیان کردووە ؟

A_ نالی حاجی قادر　B_ سالمو خانی　C_ خانی و سالم　D_ خانی و نالی

٨٥_ ئەو چالاکی و پیۆانە ڕەخنەیانە کە لە پیۆش سەدەی بیستدا هەبوون لەکام لایەنی ئەدەبدا ڕەنگیان پیۆدراوە ؟

A_ شیعر　B_ وتارو لیۆکۆڵینەوە　C_ شیعرو وتار　D_ڕۆمان و شیعر

٨٦_ ئەو چالاکی و پیۆانە ڕەخنەیانە کە لە پیۆش سەدەی بیستدا هەبوون لەکام لایەنی نەخراونەتە بەردەست؟

A_ شیعر　B_ وتار　C_ لیۆکۆڵینەوە　D_ وتار و لیۆکۆڵینەوە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C10 | D-9 | C-8 | C-7 | A-6 | D-5 | A-4 | B-3 | A-2 | D-1 |
| A-20 | C-19 | D-18 | B-17 | C-16 | B-15 | D-14 | C-13 | A-12 | B-11 |
| B-30 | B-29 | A-28 | B-27 | C-26 | B-25 | C-24 | C-23 | B-22 | B-21 |
| B-40 | D-39 | C-38 | c-37 | C-36 | D-35 | D-34 | D-33 | A-32 | B-31 |
| C-50 | B-49 | A-48 | c-47 | D-46 | A-45 | C-44 | B-43 | A-42 | D-41 |
| B-60 | B-59 | D-58 | c-57 | A-56 | B-55 | B-54 | C-53 | A-52 | A-51 |
| C-70 | D-69 | A-68 | c-67 | A-66 | D-65 | D-64 | B-63 | A-62 | C-61 |
| C-80 | A-79 | D-78 | A-77 | D-76 | C-75 | A-74 | A-73 | A-72 | B-71 |
| | | | | D-86 | A-85 | D-84 | C-83 | C-82 | B-81 |
| | | | | | | | | | |


چاپخانەی توانا 07828350088

## ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی

پ/ لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنی کوردی ڕەخنەی ئەدەبی چی بەسەرهات؟

و/ لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنی کوردی ڕەخنەی ئەدەبیش پەرەی سەند و گەشەیکرد.

پ/ کتێبی ئە نجومەنی ئەدیبان هی کێ یە ؟ کەی و لەکوێ دەرچوو؟ باس لەچی دەکا ؟ دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە ؟

و/ کتێبی ئە نجومەنی ئەدیبان ) هی ( ئەمین فەیزی بەگە ) لەساڵی ( ١٩٢٠ ) لە( ئەستەمبوڵ ) چاپکراوە ، لەم کتێبەدا بەکورتی باس لەژیانی چەند شاعیرێکی کوردکراوە و نمونەی شیعرەکانیان خستووتە ڕوو ،هەرچەندە لەم کتێبەدا چەند ڕاو و بۆچونێکی ڕەخنەی دەربارەی چەند شاعیرێك خراوەتە ڕوو ، بەلاّم دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )

پ_ئەمین فەیزی بەگ لەبارەی نالی یەوە چ دەڵێت ؟

و/ ( ئەمین فەیزی بەگ )پێی وایە کە( نالی ) لەداهێنانی شیعری زیاتر گرینگی بەلایەنی جوانکاری داوە ،هونەرمەندانە مامەڵەی لەگەڵ دەقی شیعرداکردووە و داهێنانەکانی زیاتر زانست و زانیاریە لەو بوارەدا ، نەوەك بەهرەی شیعریی .

پ_ئەمین فەیزی بەگ لەبارەی مەولەوی یەوە چ دەڵێت ؟

و/ ( ئەمین فەیزی بەگ ) لەباسی ( مەولەوی ) دا پێی وایە کەلەڕێکخستنی سەرواداداهێنانی کردووە ، سەروای دێری یەکەم و سێیەمی هاو سەرواکردووە ،دێری دووەم و چوارەمیشی بەسەروایەکی تر هاوسەرواکردووە ، کەئەم چەشنە بەکارهێنانەی سەروا یەی لەهیچ میللەتێکەوە وەرنەگرتووە ، بەڵکو خۆیی دایهێناوە .

پ/ شێخ نوری شێخ ساڵح لەزنجیرە لیکۆڵینەوەکانیداچۆن باس لەڕەخنە دەکات؟ ئایالیکۆڵینەوەکەی دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە؟

و/ شێخ نوری شێخ سالح ) لەساڵی ( ١٩٢٦ ) لەڕۆژنامەی ( ژیانەوە ) بەزنجیرە لیکۆڵینەوەیەکی دەربارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بلاّوکردووە ، لیکۆڵینەوەکەی دەچێتە خانەی ( تیۆری ئەدەب ) بەلاّم لەو باسەیدا کەدەربارەی ( جوانی ) دەقی ئەدەبی یە لە ڕەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە ، بەتایبەتی لەو باسەی کە جیاوازی لەنێوان زمانی ئەدەب و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دیاری دەکات.

پ/ وتارەکەی برایم ئەحمەد بەناوی سیاپۆش چ کاریگەریەکی کردە سەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ؟

و/ ( برایم ئەحمەد ) وتارێکی بەناوی خوازراوی ( سیاپۆش ) لەساڵی ( ١٩٣٢ ) بەناونیشانی ( شاعیرەکانمان )بلاّوکردووە ، ئەم وتارە ڕاستەوخۆ دەچێتە خانەی ( ڕەخنەی ئەدەب ) و دەرگایەکی نوێش لەبەردەم ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا دەکاتەوە و وشیارانە دەیەوێ سیمایەکی تازەبە ئەدەبی کوردی ببەخشێ و بەرگێکی نوێی بکاتە بەر ،

پ/ وتارەکەی سیا پۆش یان برایم ئەحمەد چۆن باس لەشیعری کوردی دەکات ، یان چ بۆ شیعری کوردی دیاری دەکات ؟

و/ وتارەکەی سیا پۆش ) هەوڵدەدات ( چەمکێکی نوێ ) بۆشیعری کوردی دیاری بکات و کەبە پێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێت .

پ/ گرینگی وتارەکەی برایم ئەحمەد یان سیا پۆش لە چی دابوو ؟

و/ خودی ( وتارەکەی برایم ئەحمەد یان سیا پۆش ) لەو سەردەمە دا بەتێڕوانینێکی گەلێك نوێ دادەندرێت و دوای ئەم وتارە وتارو لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی ئەوتۆ لەسیەکانی سەدەی ڕابردوودا بلاوکرانەوە کەبەقەد ئەو گرینگ بن و ڕاستەوخۆ بچنە خانەی ڕەخنەی ئەدەبەوە ، هەر بۆیەش شوێنێکی دیاری لەناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا گرت .

پ/ کتێبی گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم هی کێ یەو کەی نوسراوەو باس لەچ دەکات و دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە ؟

و/ کتێبی ( گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم ) هی ( عەلی کەمال با پیر ) ە لەساڵی ( ١٩٣٩ ) بلاوکرایەوە ، ئەم کتێبەش بەکورتی باس لەژیانی چەند شاعیرێك دەکات و نمونەی شیعرەکانیان دەخاتە ڕوو, بۆیە دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )

پ/گۆڤاری گەلاوێژ چ کاریگەریەکی کردە سەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ؟

و/ لەگەڵ بلاوبونەوەی گۆڤاری ( گەلاوێژ ) زەمینەیەکی لەبار ڕەخسا بۆ وتاری ڕەخنەیی و کۆمەڵێ نوسەر لەبواری ( کرداری ) دا چەند وتارێکی ڕەخنەیان بلاوکردەوە ، کە ئەو وتارانەش لەئاستی جیاجیا بوون و زۆرجار خۆ بەخۆ ڕەخنەیان لەیەکتری گرتووە و وەك وتارەکەی ( جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ) کە ڕەخنە لەگۆڤاری ( گەلاوێژ ) دەگرێت .

پ/ کتێبی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی هی کێ یە و کەی هاتە بەردەستی خوێنەر ، وە دەچێتە کام لە خانەی ئەدەب ؟

و/ کتێبی ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) هی ( ڕەفیق حیلمی ) یەو لەساڵی ( ١٩٤١ ) ( بەرگی یەکەمی ) کەوتە بەر دەستی خوێنەر و هەرچەندە ئەم کتێبە دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب ) ەوە بەلاَم لەهەندێ شوێندا ڕاو و بۆچونی ڕەخنەی دەربارەی شاعیرەکان خستۆتە ڕوو.

پ/ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی هی کێ یەو کەی نوسراوە ، دەشچێتە کام خانەی ئەدەبەوە ؟

و/ ( لەساڵی ( ١٩٥٢ ) بەبلاوبونەوەی کتێبی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) لەلایەن ( عەلائەدین سەجادی ) خوێنەری کوردزیاترئاشنای شیعرو شاعیرانی کورد بوون ، چونکە باسی ژیانی شاعیران وشیعرەکانیانی دەکرد ، ئەم کتێبەش دەچێتە خانەی ( مێژووی ئەدەب )

پ/ بەرگی دووەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی کەی نوسراوە ؟ باس لەچ دەکات؟

و/ بەرگی دووەمی کتێبی ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) ( ڕەفیق حیلمی )لەساڵی ( ١٩٥٦ ) نوسراوە ئەم کتێبە دەچێتە خانەی ( ڕەخنەی ئەدەب )، چونکە جگە لەژیان وشیعری شاعیران کۆمەڵێ ڕاو بۆچوونی وردی ڕەخنەی دەربارەی شاعیران خستووتەڕوو وەك ئەوتێڕوانینەی دەربارەی ( گۆران ) ەوە نوسیویەتی.

پ/ گۆڤاری شەفەق کەی ولەکوێ دەرچووە؟ وە چ گرینگیەکی هەبوو بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ؟

و/ ساڵی (١٩٥٨) گۆڤاری ( شەفەق ) لە (کەرکوك ) دەرچوو . بەو وتارە ڕەخنەیانەی کەتێدا بلاوکرانەوە ، ڕەخنەی ئەدەبی گەشەسەندنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی ، چونکە وتارە ڕەخنەیەکان وردترو زانستیانە تربوون ، جیگای گرینگی پێدانی ئەدەب دۆستان بوو، هەربۆیەش نوسەران لەسەر رووی لا پەرەی ئەو گۆڤارە کەوتونەتە ئالوگۆڕکردنی ڕاوبۆچوونی ڕەخنی دەربارەی هەندێ باسی ئەدەبی و شیعری شاعیران . وەك :وتاری :

١_و ( کامەران و دیاریەکە ) ی (مارف بەرزنجی )

٢_ ( کوردو شیعر ) ی ( هەسان ) ناوی ( عومەر عارف ) ە

٣_ ( کوردو ئسلوبی شیعر ) ی (مارف خەزنەدار )

٤_ ( شیعرو نوسینی کوردی ) ی (ڕەفیق حیلمی )

٥_ وتارێکی تری (مارف بەرزنجی ) بەناوی ( کۆن و تازە لەشیعردا )

پ/ لەساڵی (١٩٥٨) دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز ، کۆمەڵێك ڕەخنەی ئەدەبی بلاوکرانەوە کامانەن ؟

و/ لەساڵی (١٩٥٨) دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی بواری ئەوە لەبەردەم نوسەران کرایەوە کە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی بلاو بکەنەوە ، وەك

١_لێکۆڵینەوەی ( حسین عارف ) بەناوی ( محەمەد سەدیق عارف ) بەناونیشانی ( کامەران و هۆنراوەی نوێ )

٢_ لێکۆڵینەوەی ( محەمەدی مەلاکەریم ) دەربارەی ( حاجی قادری کۆیی )

٣_ لێکۆڵینەوەی (کامیل حەسەن بەسیر ) بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی ( کامران شاعر من کوردستان )

پ/ بەکردنەوی بەشی کوردی لەزانکۆی بەغداد ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چی بەسەر هات؟

و/ بەکردنەوی بەشی کوردی لەزانکۆی بەغداد، وەگوتنەوەی ئەوبابەتە لەلایەن (گۆران )ی شاعیرەوە ، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی چەند سیماو شەقلێکی زانستیانەی وەرگرت ،

پ/ کۆمەڵێك نامەی ئەکادیمی لەلایەن چەندخوێندکارێکی کورد کەلەدەرەوەی عیراق بڕوانامەیان بەدەست هینابوو، ئەوخوێندکارانە کێ بوون؟ وە چ کایگەریەکیان کردە سەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی ؟

و/ لەناوەڕاستی شەستەکان دا کۆمەڵێك نامەی ئەکادیمی لەلایەن چەند خوێندکارێکی کورد کەلەدەرەوەی عیراق بڕوانامەیان بەدەست هینابوو، ڕەخنەی ئەدەبی بەرەو پێشچونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی وەك ( ریالیزم لەئە دەبی کوردیدا ) هـــــی ( د. مستەفا عیزەدین ڕەسول ) و (کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی ) هی ( د . مارف خەزنەدار ) و ( حاجی قادری کۆیی _ ژیان و بەرهەمی ) هی ( د . ئیحسان فواد )

پ/ گروپی ڕوانگە چ ڕۆڵێکی هەبوو لە پێشەوە چونی ڕەخنەی کوردی ؟

و/ لەساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ( ڕوانگە ) ئاسۆیەکی ڕەخنەی لەبەردەم چالاکی ڕەخنەی دا کرایەوە ، لە پاڵ بەرهەمی بلاوکراوەی ئەو نوسەرانە ، کۆمەڵێ وتاری ڕەخنەی دەربارەی بزوتنەوەکە و بەرهەمە ئەدەبیەکان بلاو کرانەوە و ئەمەش خۆی لەخۆیدا چالاکی ڕەخنەین و ڕەخنەی بەرەو پێشەوە برد .

# هەڵبــــــــــژاردن

١_ لەگەڵ سەرهەڵدانی چاپەمەنی کوردی ڕەخنەی کوردی :

A_ پاشەکشەی کرد  B_ گەشەی کرد  C_ وەك خۆی ماوە  D_ هیچیان

٢_ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گەشەی کرد لەگەڵ سەرهەڵدانی ؟

A_ شۆڕشی ئەیلول  B_ شۆڕشی تەمووز  C_ گرووپی ڕوانگە  D_ چاپەمەنی کوردی

٣_ کتێبی ( ئە نجومەنی ئەدیبان ) هی کێ یە؟

A_ ڕەفیق حلمی  B_ عەلائەدین سەجادی  C_ عەلی کەمال باپیر  D_ ئەمین فەیزی بەگ

٤_ ( ئەمین فەیزی بەگ ) لەساڵی ( ١٩٢٠ ) لە ئەستەمبوڵ کام لەم کتێبانەی نوسی؟

A_ مێژووی ئەدەبی کوردی  B_ ئە نجومەنی ئەدیبان  C_ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی  D_ گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسرم

٥_ ( ئەمین فەیزی بەگ ) لەساڵی ( ١٩٢٠ ) کتێبی ( ئە نجومەنی ئەدیبانی ) نوسیووە لە :

A_ بغداد  B_ سلێمانی  C_ ئەستەمبوڵ  D_ شام

٦_ ( ئەمین فەیزی بەگ ) کتێبی ( ئە نجومەنی ئەدیبانی لە ئەستەمبوڵ نوسیووە لە ساڵی :

A_ ١٩٢٠  B_ ١٩٢١  C_ ١٩٢٢  D_ ١٩٢٣

٧_ کتێبی ( ئە نجومەنی ئەدیبان ) ی ( ئەمین فەیزی بەگ ) دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە ؟

A_ مێژووی ئەدەب  B_ تیۆری ئەدەب  C_ ڕەخنەی ئەدەبی  D_ هیچیان

٨_ ئەمین فەیزی بەگ پێی وایە کێ لەمانە لەداهێنانی شیعریدا زیاتر گرینگی بەلایەنی جوانکاری داوە؟

A_ مەولەوی  B_ حاجی قادر  C_ نالی  D_ سالم

٩_ کێ پێی وایە نالی لە داهێنانی شیعریدا گرینگی بە جوانکاری داوە ؟

A_ ڕەفیق حلمی  B_ عەلائەدین سەجادی  C_ عەلی کەمال باپیر  D_ ئەمین فەیزی بەگ

١٠_ ئەمین فەیزی بەگ پێی وایە کە کێ لەمانە لە ڕێکخستنی سەروا دا داهێنانی کردووە ؟

A_ مەولەوی  B_ حاجی قادر  C_ نالی  D_ سالم

١١_ کام لەمانە لە سەروای شیعردا سەروای یەکەم و سێیەمی هاو سەروا کردووە ، وە سەروای دووەم و چوارەمیشی هاوسەروا کردووە:

A_ حاجی قادر  B_ نالی  C_ مەولەوی  D_ سالم

١٢_ شێخ نوری شێخ سالح لە ڕۆژنامەی ژیانەوە زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بلاۆکردەووە لە ساڵی :

A_ ١٩٢٥  B_ ١٩٢٦  C_ ١٩٢٧  D_ ١٩٢٨

١٣_ شێخ نوری شێخ سالح لە ساڵی ( ١٩٢٦ ) زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بلاۆکردەووە لە ڕۆژنامەی:

A_ شەفەق  B_ دەنگی گێتی تازە  C_ ژیانەوە  D_ گەلاوێژ

١٤_ شێخ نوری شێخ سالح لە ساڵی ( ١٩٢٦ ) چی بلاۆکردەووە لە ڕۆژنامەی ژیانەوە لە ساڵی ١٩٢٦ ؟

A_ زنجیرە لێکۆڵینەوەك  B_ زنجیرە وتارێك  C_ زنجیرە ڕەخنەیەك  D_ زنجیرە چیرۆکێك

١٥_ کام لەمانە لە ساڵی ( ١٩٢٦ ) زنجیرە لێکۆڵینەوەیەکی بلاۆکردەووە لە ڕۆژنامەی ژیانەوە ؟

A_ شێخ نوری شێخ سالح  B_ عەلائەدین سسەجادی  C_ عەلی کەمال باپیر  D_ ئەمین فەیزی بەگ

١٦_ لێکۆڵینەوەکەی ( شێخ نوری شێخ سالح ) دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە ؟

A_ مێژووی ئەدەب  B_ تیۆری ئەدەب  C_ ڕەخنەی ئەدەبی  D_ مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەب

١٧_ وتارەکەی شێخ نوری نزیك دەبێتەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی  لەو باسانەی کە دەربارەی :

A ئافرەتە  B کۆمەڵگایە  C جوانیە  D سروشتە

١٨_ له بەرهەمەکەیدا جیاوازی نێوان زمانی ئاخاوتنی رۆژانەو زمانی ئەدەبی دیاریدەکات ؟

A_ عەلائەدین سەجادی B_ عەلی کەمال باپیر C_ ئەمین فەیزی بەگ D_ شێخ نوری شێخ سالح

١٩_ برایم ئەحمەد وتارێکی بلاوکردووە بەناوی خوازراووی :

A_ شاعیرەکانمان B_ سیاپۆش C_ئە نجومەنی ئەدیبان D_ کامەران و هۆنراوەکەی

٢٠_ برایم ئەحمەد وتارێکی بەناوی خوازراووی ( سیاپۆش ) بلاوکردووە بە ناونیشانی :

A_ شاعیرەکانمان B_ سیاپۆش C_ ئە نجومەنی ئەدیبان D_ کامەران و هۆنراوەکەی

٢١_ برایم ئەحمەد وتارێکی بەناوی خوازراووی ( سیاپۆش ) بلاوکردووە بە ناونیشانی ( شاعیرەکانمان ) لەساڵی :

A_ ١٩٢٠ B_ ١٩٢٢ C_ ١٩٣٠ D_ ١٩٣٢

٢٢_ کام لەمانە وتارێکی بلاوکردووە بەناوی خوازراووی ( سیاپۆش ) بە ناونیشانی ( شاعیرەکانمان ) :

A_ رەفیق حلمی B_ شێخ نوری شێخ سالح C_ برایم ئەحمەد D_ ئەمین فەیزی بەگ

٢٣_ کام لەمانە نەك هەر دەچێتە خانەی ( رەخنە ) وە بەڵکو دەرگایەکی نوێش لەبەردەم رەخنەی ئەدەبی دەکاتەوە :

A_ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا B_ شاعیرەکانمان C_ کوردو شیعر D_ شیعرو نوسینی کوردی

٢٤_ وتارەکەی ( برایم ئەحمەد ) یان ( سیاپۆش ) دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە؟

A_ مێژووی ئەدەب B_ تیۆری ئەدەب C_ رەخنەی ئەدەبی D_ تیۆری ئەدەب و رەخنەی ئەدەب

٢٥_ کام لەمانە دەیویست بەرگێکی نوێ بکاتە بەر رەخنەی ئەدەبی کوردی ؟

A_رەفیق حلمی B_ سیاپۆش C_ شێخ نوری شێخ سالح D_ ئەمین فەیزی بەگ

٢٦_ کام لەمانە چەمکێکی نوێی بۆ شیعری کوردی دیاریکرد کە بە پێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێندری؟

A_ سیاپۆش B_رەفیق حلمی C_ مارف خەزنەدار D_ عەلائەدین سەجادی

٢٧_ کام لەمانە بەتێروانینێکی گەلێك نوێ دادەندرێت دوای ئەو وتاری رەخنەی وەك ئەو گرینگ بلاوکراونەتەوە لە سیەکان:

A_ ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا B_ شاعیرەکانمان C_ کوردو شیعر D_ شیعرو نوسینی کوردی

٢٨_ عەلی کەمال باپیر لە ساڵی ( ١٩٣٩ ) کام لەم کتێبانەی بلاوکردووە ؟

A_ شاعیرەکانمان B_ گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم C_ شیعرو ئەدەبیاتی کوردی D_ مێژووی ئەدەبی کوردی

٢٩_کتێبی ( گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ رەفیق حلمی B_ عەلائەدین سەجادی C_ مارف خەزنەدار D_ عەلی کەمال باپیر

٣٠_ کتێبی ( گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم ) هی ( عەلی کەمال باپیر ) بلاوکرایەوە لە ساڵی :

A_ ١٩٢٨ B_ ١٩٢٩ C_ ١٩٣٨ D_ ١٩٣٩

٣١_ کتێبی ( گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم ) هی ( عەلی کەمال باپیر ) دەچێتە کام ئەدەب ؟

A_ مێژووی ئەدەب B_ تیۆری ئەدەب C_ رەخنەی ئەدەبی D_ مێژووی ئەدەب وتیۆری ئەدەب

٣٢_ لەکام لەم گۆڤارانە نوسەران کەوتنە بلاوکردنەوەی وتار لە بواری ( کردار ) :

A_ هاوار B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ دەنگی گێتی تازە

٣٣_ کام لەمانە رەخنە لەگۆڤاری ( گەلاوێژ ) دەگرێت ؟

A_ مارف خەزنەدار B_ مارف بەرزنجی C_ جەمیل بەندی رۆژبەیانی D_ عەلائەدین سەجادی

٣٤_ کتێبی ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) هی کێ یە ؟

A_ رەفیق حلمی B_ عەلائەدین سەجادی C_ مارف خەزنەدار D_ عەلی کەمال باپیر

٣٥_ بەرگی یەکەمی کتێبی ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) رەفیق حلمی کەوتە بەر دەستی خوێنەر لە ساڵی ؟

A_ ١٩٤٠ B_ ١٩٤١ C_ ١٩٥٠ D_ ١٩٥١

٣٦_ ڕەفیق حلمی لە ساڵی (١٩٤١) کام کتێبی کەوتە بەر دەستی خوێنەر ؟

A_ گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم B_ بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی

C_ مێژووی ئەدەبی کوردی D_ بەرگی دووەمی شیعرو ئەدبیاتی کوردی

٣٧_ بەرگی یەکەمی ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) ی ڕەفیق حلمی دەچێتە کام ڕەخنەی ئەدەب ؟

A_ مێژووی ئەدەب B_ تیۆری ئەدەب C_ ڕەخنەی ئەدەبی D_ مێژووی ئەدەب وتیۆری ئەدەب

٣٨_ کام لەم کتێبانە سەرەڕایی شیعرو ژیانی شاعیران ، چەند بیرو ڕایەکی ڕەخنەی تێداخراوەتە ڕوو؟

A_ گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم B_ بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی

C_ مێژووی ئەدەبی کوردی D_ بەرگی دووەمی شیعرو ئەدبیاتی کوردی

٣٩_ کتێبی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) هی کێ یە ؟

A_ ڕەفیق حلمی B_ عەلائەدین سەجادی C_ مارف خەزنەدار D_ عەلی کەمال با پیر

٤٠_ کتێبی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) ی ( عەلائەدین سەجادی ) بلاۆکراووەتەوە لە ساڵی ؟

A_ ١٩٥٠ B_ ١٩٥١ C_ ١٩٥٢ D_ ١٩٥٣

٤١_ کتێبی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) ی ( عەلائەدین سەجادی دەچێتە کام خانەی ئەدەبەوە ؟

A_ مێژووی ئەدەب B_ تیۆری ئەدەب C_ ڕەخنەی ئەدەبی D_ مێژووی ئەدەب وڕەخنەی ئەدەب

٤٢_ کام لەم کتێبانە بوو لە ساڵی (١٩٥٢) عەلائەدین سەجادی بلاۆی کردەووە ؟

A_گوڵ دەستەی شوعەرای هاو عەسرم B_ بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی

C_ بەرگی دووەمی شیعرو ئەدبیاتی کوردی D_ مێژووی ئەدەبی کوردی

٤٣_ بەکام لەم کتێبانە خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای ژیان و شیعری شاعیران بوون ؟

A_شاعیرەکانمان B_ ئەنجومەنی ئەدیبان C_ مێژووی ئەدەبی کوردی D_شیعرو ئەدبیاتی کوردی

٤٤_ بەرگی دووەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ( ڕەفیق حلمی ) لە ساڵی چەند بلاۆوکراوە ؟

A_ ١٩٣٢ B_ ١٩٣٩ C_ ١٩٥١ D_ ١٩٥٦

٤٥_ بەرگی دووەمی ( شیعرو ئەدەبیاتی کوردی ) ی ڕەفیق حلمی دەچێتە کام ڕەخنەی ئەدەب ؟

A_ مێژووی ئەدەب B_ تیۆری ئەدەب C_ ڕەخنەی ئەدەبی D_ مێژووی ئەدەب وتیۆری ئەدەب

٤٦_ کام لەم بەرهەمانە دەچنە خانەی ڕەخنەی ئەدەبی ؟

A_شاعیرەکانمان و ئەنجومەنی ئەدیبان B_ شاعیرەکانمان و بەرگی دووەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی

C_ شاعیرەکانمان و بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی D_ گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەسر و مێژووی ئەدەبی کوردی

٤٧_ڕەفیق حیلمی تێڕوانینی خۆی لەبارەی کام لەمانە خستۆتە ڕوو ؟

A_ گۆران B_ مەولەوی C_ نالی D_ سالم

٤٨_لەکام لەم کتێبانە بیرو ڕایی ڕەخنەی دەربارەی گۆرانی شاعیرەوە خراونەتە ڕوو ؟

A_ ئەنجومەنی ئەدیبان B_ بەرگی دووەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی

C_ بەرگی یەکەمی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی D_ مێژووی ئەدەبی کوردی

٤٩_ گۆڤاری شەفەق لەکەرکوک دەرچوو لە ساڵی :

A_ ١٩٥٦ B_ ١٩٥٧ C_ ١٩٥٨ D_ ١٩٥٩

٥٠_ کام لەم گۆڤارانە لەساڵی ( ١٩٥٨ ) لەکەرکوک دەرچوو ؟

A_ هاوار B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ ڕۆژا نوو



چاپخانەی توانا 07828350088

ئەدەب ئەدەب

٥١_ گۆڤاری شەفەق لە ساڵی ( ١٩٥٨ ) دەرچوو لە :

A_ شام B_ سلێمانی C_ هەولێر D_ کەرکوك

٥٢_ وتارەکان وردترو زانستیانەتر بوون و وەجێگای گرینگی پێدانی ئەدەب دۆستان بوون لەگۆڤاری ؟

A_ هاوار B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ دەنگی گێتی تازە

٥٣_ نوسەران کەوتنە ئاڵوگۆڕکردنی بابەتی ڕەخنەی دەربارەی هەندێ باسی ئەدەبی شیعری شاعیران لە گۆڤاری ؟

A_ هاوار B_ گەلاوێژ C_ شەفەق D_ ڕۆژا نوو

٥٤_ بەدەرچونی ڕۆژنامەی شەفەق ڕەخنەی ئەدەبی :

A_ زۆرتربوون B_ سادەبوون C_ وردو زانستی بوون D_ ناوەرۆکی لاوازبوو

٥٥_ وتاری ( کامەران و دیاریەکە ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ مارف بەرزنجی B_ مارف خەزنەدار C_ ڕەفیق حلمی D_ هەسان

٥٦_ کام لەم وتارانە مارف بەرزنجی بلاوی کردەووە لە گۆڤاری شەفەق؟

A_ کوردو ئسلوبی شیعر B_ کوردو شیعر C_ شیعرو نوسینی کوردی D_ کامەران و دیاریەکە

٥٧_ وتاری ( کامەران و دیاریەکە ) ی ( مارف بەرزنجی ) بلاوکرایەوە لە گۆڤاری :

A_ هاوار B_ گەلاوێژ C_ شەفەق D_ ڕۆژا نوو

٥٨_ وتاری ( کوردو شیعر ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ مارف بەرزنجی B_ مارف خەزنەدار C_ ڕەفیق حلمی D_ هەسان

٥٩_ ( هەسان ) ناوی کام لەمانەیە :

A_ عەلائەدین سەجادی B_ مارف بەرزنجی C_ عومەر عارف D_ عارف عومەر

٦٠_ کام لەم وتارانە ( هەسان ) بلاوی کردەووە لە گۆڤاری شەفەق ؟

A_ کوردو ئسلوبی شیعر B_ کوردو شیعر C_ شیعرون نوسینی کوردی D_ کامەران و دیاریەکە

٦١_ وتاری ( کوردو شیعر ) ی ( هەسان ) بلاوکرایەوە لە گۆڤاری :

A_ هاوار B_ گەلاوێژ C_ شەفەق D_ ڕۆژا نوو

٦٢_ وتاری ( کوردو ئسلوبی شیعر ) هی کام لەم نوسەرانەیە :

A_ مارف بەرزنجی B_ مارف خەزنەدار C_ ڕەفیق حلمی D_ هەسان

٦٣_ کام لەم وتارانە ( مارف خەزنەدار ) بلاوی کردووە لە گۆڤاری شەفەق؟

A_ کوردو نوسینی شیعر B_ کوردو شیعر C_ شیعرو ئسلوبی کوردی D_ کامەران و دیاریەکە

٦٤_ وتاری ( کوردوئسلوبی شیعر ) ی ( مارف خەزنەدار ) بلاوکرایەوە لە گۆڤاری :

A_ هاوار B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ ڕۆژا نوو

٦٥_ وتاری ( شیعر و نوسینی کوردی ) هی کام لەم نوسەرانەیە :

A مارف بەرزنجی B_ مارف خەزنەدار C_ هەسان D_ ڕەفیق حلمی

٦٦_ کام لەم وتارانە( ڕەفیق حلمی ) بلاوی کردووە لە گۆڤاری شەفەق؟

A_ کوردو نوسینی شیعر B_ کوردو شیعر C_ شیعرو ئسلوبی کوردی D_ کامەران و دیاریەکە

٦٧_ وتاری ( شیعرو نوسینی کوردی ) ی ( ڕەفیق حلمی ) بلاوکرایەوە لە گۆڤاری :

A_ هاوار B_ گەلاوێژ C_ شەفەق D_ ڕۆژا نوو

٦٨_ کام لەمانە وتاری ( کۆن و تازە لەشیعردا ) نوسیوە ؟

A_ مارف بەرزنجی B_ مارف خەزنەدار C_ هەسان D_ ڕەفیق حلمی

٦٩ _ کام لەم وتارانە مارف بەرزنجی بڵاوی کردەووە لە گۆڤاری شەفەق؟

A _ کوردو ئسلوبی شیعر B _ کۆن و تازە لە شیعردا C _ کامەران و دیاریەکە D _ B و C

٧٠ _ وتاری ( کۆن و تازە لە شیعردا ) هی ( مارف بەرزنجی ) بڵاوکرایەوە لە گۆڤاری ؟

A _ هاوار B _ گەلاوێژ C _ شەفەق D _ ڕۆژا نوو

٧١ _ دوای شۆڕشی تەمموز کۆمەڵێك چی بڵاوکرانەوە؟

A _ ڕۆمان B _ شیعر C _ وتار D _ لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی

٧٢ _ لێکۆڵینەوەی ( حسین عارف ) بەکام لەم ناوانە بڵاوکراوە ؟

A _ حاجی قادری کۆیی B _ محەمەد عارف سەدیق C _ کامیل حەیەن بەسیر D _ محەمەدی مەلا کەریم

٧٣ _ لێکۆڵینەوەی ( حسین عارف ) بەناوی ( محەمەد عارف سەدیق ) بڵاو کراوە بە ناونیشانی :

A _ کامران شاعر من کردستان B _ حاجی قادری کۆی C _ شیعرو نوسینی کوردی D _ کامەران و هۆنراوەی نوێ

٧٤ _ کام لەم لیکۆڵینەوانە ( حسین عارف ) بڵاوی کردووە ؟

A _ کامران شاعر من کردستان B _ کامەران و هۆنراوەی نوێ C _ حاجی قادری کۆی D _ شیعرو نوسینی کوردی

٧٥ _ ( محەمەدی مەلا کەریم ) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردووە لە دوای شۆڕشی تەمموز دەربارەی :

A _ حاجی قادری کۆی B _ کامەران و هۆنراوەکەی C _ کوردو شیعر D _ کامران شاعر من کردستان

٧٦ _ کام لەمانە لێکۆڵینەوەکەی تایبەت بوو بە ( حاجی قادری کۆی ) ؟

A _ حاجی قادری کۆیی B _ محەمەد عارف سەدیق C _ کامیل حەیەن بەسیر D _ محەمەدی مەلا کەریم

٧٧ _ ( کامیل حەسەن بەسیر ) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردووە لە دوای شۆڕشی تەمموز دەربارەی :

A _ حاجی قادری کۆی B _ کامران شاعر من کردستان C _ کامەران و هۆنراوەکەی D _ کوردو شیعر

٧٨ _ کام لەمانە لەدوای شۆڕشی تەمموز لیکۆڵینەوەیەکی بەزمانی عەرەبی بڵاوکردووە ؟

A _ حاجی قادری کۆیی B _ محەمەد عارف سەدیق C _ کامیل حەیەن بەسیر D _ محەمەدی مەلا کەریم

٧٩ _ لەدوای شۆڕشی تەمموزی ساڵی ( ١٩٥٨ ) کامیل حەسەن بەسیر ) لێکۆڵینەوەیەکی بڵاوکردووە بەزمانی :

A _ کوردی B _ عەرەبی C _ فارسی D _ تورکی

٨٠ _ کام لەم لیکۆڵینەوانە دوای شۆڕشی تەمموزی ساڵی ( ١٩٥٨ ) بەزمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە ؟

A _ حاجی قادری کۆیی B _ کامەران و هۆنراوەکەی C _ کوردو ئسلوبی شیعر D _ کامران شاعر من کردستان

٨١ _ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی سیماو شەقڵێکی زانستیانەی وەرگرت بە :

A _ دەرچوونی گرووپی ڕوانگە B _ کردنەوەی بەشی کوردی لەزانکۆی بەغداد

C _ بەدەست هێنانی چەند بڕوانامەیەکی خوێنکارانی کورد لەدەرەوە D _ دەرچونی گۆڤاری شەفەق

٨٢ _ بەکردنەوەی بەشی کوردی لەزانکۆی ئادابی بەغداد وە گوتنەوەی ئەو بابەتە لەلایەن گۆرانی شاعیرەوە ڕەخنەی کوردی :

A _ نەماو لەناووچوو B _ سیماو شەقلی تازەی وەرگرت C _ وەك خۆی مایەوە D _ لاوازبوو

٨٣ _ لەبەشی کوردی زانکۆی ئادابی بەغداد کێ لەم شاعیرانە وانەی ڕەخنەی دەوتەوە ؟

A _ مارف بەرزنجی B _ گۆران C _ ڕەفیق حلمی D _ د. ئیحسان فواد

٨٤ _ لەناوەڕاستی شەستەکاندا کۆمەڵێك خوێندکاری کوردلەدەرەوەی عیراق بڕوانامەی دکتۆرایان بەدەست هێنا گرینگترینیان :

A _ مستەفا عیزەدین ڕەسوڵ و مارف بەرزنجی د .ئیحسان فواد B _ مارف خەزنەدارو مارف بەرزنجی و .د. ئیحسان فواد

C _ مارف خەزنەدارو مارف بەرزنجی .د.ئیحسان فواد D _ مارف خەزنەدارو مستەفا عیزەدین ڕەسول و .د .ئیحسان فواد

٨٥ _ نامەی ( ڕیالیزم لەئەدەبی کوردی ) هی کام لەمانەیە ؟

A _ مارف بەرزنجی B _ .د.ئیحسان فواد C _ مارف خەزنەدار D _ مستەفا عیزەدین ڕەسول

٨٦_ ( مستەفا عیزەدین ڕەسوڵ ) کام لەم نامە ئەکادیمیانەی نوسی :

A_ ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا B_ حاجی قادری کۆیی ـ ژیان و بەرهەمی

C_ کوردشیعر D_ کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی

٨٧_ نامەی ( کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ مارف بەرزنجی B_ د.ئیحسان فواد C_ مارف خەزنەدار D_ مستەفا عیزەدین ڕەسول

٨٨_ ( مارف خەزنەدار ) کام لەم نامە ئەکادیمیانەی نوسی :

A_ ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا B_ حاجی قادری کۆی ـ ژیان و بەرهەمی

C_ کوردشیعر D_ کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی

٨٩_ نامەی ( حاجی قادری کۆی ـ ژیان و بەرهەمی ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ مارف بەرزنجی B_ د.ئیحسان فواد C_مارف خەزنەدار D_ مستەفا عیزەدین ڕەسول

٩٠_ ( د.ئیحسان فواد ) کام لەم نامە ئەکادیمیانەی نوسی:

A_ ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردیدا B_ حاجی قادری کۆی ـ ژیان و بەرهەمی

C_ کوردشیعر D_ کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی

٩١_ سیمای هەرە دیاری ئەدەب و ڕەخنە کوردی بریتی بوو لەگرینگیدان بە :

A_ داهێنان B_ گەڕانەوە بۆڕابردووی کورد C_ لاسای کردنەوەی پێش خۆیان D_ لاسای کردنەوەی بێگانە

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A-10 | D-9 | C-8 | A-7 | A-6 | C-5 | B-4 | D-3 | D-2 | B-1 |
| A-20 | B-19 | D-18 | C-17 | B-16 | A-15 | A-14 | C-13 | B-12 | C-11 |
| D-30 | D-29 | B-28 | B-27 | A-26 | B-25 | C-24 | B-23 | C-22 | D-21 |
| C-40 | B-39 | B-38 | A-37 | B-36 | B-35 | A-34 | C-33 | C-32 | A-31 |
| B-50 | C-49 | B-48 | A-47 | B-46 | C-45 | D-44 | C-43 | D-42 | A-41 |
| B-60 | C-59 | D-58 | C-57 | D-56 | A-55 | C-54 | C-53 | B-52 | D-51 |
| C-70 | D-69 | A-68 | C-67 | A-66 | D-65 | B-64 | C-63 | B-62 | C-61 |
| D-80 | B-79 | C-78 | B-77 | D-76 | A-75 | B-74 | D-73 | B-72 | D-71 |
| B-90 | B-89 | D-88 | C-87 | A-86 | D-85 | D-84 | B-83 | B-82 | B-81 |
| | | | | | | | | | A-91 |



چاپخانەی توانا 07828350088

## پــــەخشـــــــــان

پ/ پێناسەی پەخشان بکەو جۆرەکانی باسبکە .

و/ پەخشان : بریتی یە لەو دەربڕین و نوسراوانەی کەهەست و سۆزی مرۆڤ نیشان دەدات ، بەگشتی پە خشانی نویٚ گرینگی بە سەروا نادات ، دوو جۆر پەخشان هەیە کەبریتین لە :

١_ پەخشانی زانستی : ئەو پەخشانەیە کەباس لەبابەتێکی زانستی دەکات و هەست و سۆزی تێدانیە وەك: بابەتەکانی ( فیزیا ، کیمیا ، پزیشکی )

٢_ پەخشانی ئەدەبی : ئەو پەخشانەیە کەزیاتر گرینگی بەهەست و سۆز دەدات ، بۆئەوەی کار لەبەرامبەرەکەی بکات و چێژی پی ببەخشێت ، وەك ( وتاری ئەدەبی ، چیرۆك ، یاداشت نامە ، ژیاننامە ........هتد )

## وتـــــــــــار

پ/ پێناسەی وتار بکە.

و / وتار هونەرێکی ئەدەبیە نوسەر بەشێوەیەکی کورت و سەرنـج ڕاکـێش لایەنێکی ژیان باسدەکات وبـــیر و ڕای خۆی لەبـــارەی دەخاتەڕوو.

پ/ گرینگترین خاسیەتەکانی وتار کامانەن ؟

و/ ١_کورتی . دەبێت وتار لەچەند پەڕەیەك تێپەڕ نەکات .

٢_لەبەرچاوگرتنی جوانکاری لەدەربڕیندا .

٣_تەکنیك لەنوسیندا ، هەرنوسەرێك ڕێگایەکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ڕونکردنەوە و دارشتنی بابەتەکەی

٤_ بابەتی وتار ڕەنگدانەوەی بیر و هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی .

پ/ جۆرەکانی وتار چین ؟ بیانژمێرە .

و/ وتار بابەتی هەمە چەشن و هەمە ڕەنگ لەخۆ دەگرێت وەك : ( وتاری سیاسی ، وتاری ئاینی ، وتاری ڕەخنەی ، وتاری مێژووی ، وتاری کۆمەڵایەتی ، وتاری ئە دەبی )

## قۆناغی یەکەم و وتـــار

پ/ گۆڤاری گەلاوێژ چ کاریگەریەکی هەبوو بۆ وتـاری کوردی ؟

و/ لەساڵی ( ١٩٣٩ ) گۆڤاری گەلاوێژ دەرچوو کە بەدرێژای ( ١٠ ) ساڵ بەردەوام بوو واتـا تـاساڵی ( ١٩٤٩ ) لەماوەی کارکردنی ئەم گۆڤارەدا ئەدەب بەگشتی و وتـار بەتـایبەتی گەشەی بەرچاوی لەڕوخسارو ناوەڕۆکدا بەخۆیەوە بینیووە.

پ/لەماوەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەساڵی ( ١٩٤٦ ) وتـاری کوردی چی لێهات.

و/ هەرچەندە تەمەنی ئەوکۆمارە کورت بوو، بەلاّم لەوماوە کورتەدا ئەدەب بەگشتی بەرەو پێشوەچونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی ، کەچەندین ڕۆژنـامەو گۆڤار دەرچون لەوانە ( ڕۆژنامەی کوردستان ١٩٤٦، هەلاڵە ١٩٤٦، گڕوگاڵی مندالاّن ١٩٤٦ )

پ/ پێش شۆڕشی چواردەی تەمموز چەند ڕۆژنـامەو گۆڤار دەرچوون کامانەن ؟

و/ پێش شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ( ١٩٥٨ ) چەندین ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوون کەبەهۆیانەوە وتـار هەنگاوی بەرچاوی ناوە ، لەوانە ( ڕونـاهی ١٩٤١ ، نزار ١٩٤٨ ، هیوا ١٩٥٧ )

پ/ دیارترین وتـار نوسانی قۆنـاغی یەکەم کێن ؟

و/ گرینگترین وتـارنوسانی قۆنـاغی یەکەم ئەمانەن : ( حوزنی موکریانی ، عەبدولڕەحمان زەبیحی ، جەلادەت بەدرخان ، ڕوقیەی قـادری )

## گرینگترین خاسیەتەکانی وتـار لەقۆناغی یەکەم :

١_ زمانی وتـار گەشەی بەخۆیەوە بینیوە ، بەرەوکوردی پەتی دەبران ،( هەرچەندە هەندێك جار دەقـاو دەق وشەی عەرەبی لەنوسیندا بەکاردەهێنران )

٢_ خاڵبەندی زیاتربـایەخی پێدراوە .

٣_بەهۆی سەرهەڵدانی وتـارنوسی ژنەوە ژنی کورد هاندەدرا بۆخوێندن و خوێندەواری ، کەبـابەتی سەرەکی وتـارەکانیان بوو.

٤_ زۆر وتـاری بیانی وەرگێردرانە سەرزمانی کوردی نـاوەڕۆکی وتـاری کوردیان پێ دەوڵەمەند دەکرا .

پ/ شەونمی بەرەبەیان وتـاری کێ یە و کەی و لەکوێ بلاّوکرایەوە؟

و/ ( شەونمی بەرەبەیان ) نمونەیەکی وتـاری قۆنـاغی یەکەمە ، لەگۆڤاری ( دەنگی گێتـــی تـــازە ) بەخامـــەی ( کامەران موکری ) لەساڵی ( ١٩٤٦ ) دا نوسراوە .

## قۆناغی دووەم و وتـــار

**پ/ لەقۆناغی دووەم و دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز وتاری کوردی چی بەسەرهات ؟**

**و/ لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمموز یاساکانی ڕژێمی پێشو گۆڕان و بواری ڕادەربڕین چاپەمەنی فراوان تر بوو ئەمانە بوونە هۆیی بەرەو پێشچوونی وتار ، ئەوڕۆژنامەو گۆڤارانەی لەقۆناغی دووەم وتاریان تێدا بلاّودەکرانەوە بریتیبوون، لە ( شەفەق ١٩٥٨، ڕای گەل ١٩٥٩ ، بلێسە ١٩٥٩ ، ڕۆژی نوێ ١٩٦٠ )**

**پ/ ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانە کامانەن کە لەناوەڕاستی شەتەکاندا دەرچوون و بەهۆیانەوە بوار بۆ وتار ژیایەوە ؟**

**و/ لەناوەڕاستی شەتەکاندا هەندێك گۆڤارو ڕۆژنامە دەرچوون کە بەهۆیانەوە بوار بۆ وتار ژیایەوە ، ئەمانیش بریتی بوون لە : (برایی ، برایەتی ١٩٦٧، گۆڤاری سلێمانی ، ١٩٦٨ )**

**پ/ وتارنوسانی قۆناغی دووەم کێ بوون ؟**

**و/ گرینگترین وتارنوسانی قۆناغی دووەم بریتی بوون لە ( عیزەدین مستەفا ، شێخ محەمەدی خاڵ ، ڕەمزی قەزاز ، ئەبو زەید مستەفا سندی )**

## گرینگترین خاسیەتەکانی وتار لەقۆناغی دووەم:

**١_ زمانی وتار لەڕووی وشەو زاراوە دەوڵەمەندتر بوو ، بەتایبەتی دوای ئەوەی زمانی وتار بووبە زاری کرمانجی خواروو (سۆرانی) وە وشەو زاراوەی تری تێکەڵ کراوە.**

**٢_ هەوڵدراوە ڕێنوسەکەی ڕاست و دروست بکرێت و شێوازە هونەریەکەشی پڕلە جوانکاری بێت .**

**٣_ بابەتی سیاسی سەرەکی ترین ناوەڕۆکی وتارەکان بوو ،کەبیری ئازادیخوازی داوای گەل و نەتەوەی تێداکراوە .**

**٤_ لە پاڵ وتاری سیاسی ، وتاری کۆمەلأیەتی و مێژوویش ئاسۆیان لەبەردەمدا کراوەتەوە ، بەتایبەتی ئەو باباتانەی باسی نەتەوەی کوردە .**

**٥_ لەم قۆناغەدا زۆر وتاری بێگانە وەرگێردراونەتە سەر زمانی کوردی لەهەموو بوارەکانی ئەدەبی و ڕوناکبیری .**

**پ/ وتارەکەی ( ڕەمزی قەزاز ) کەی و لەچ گۆڤارێك بلأوکرایەوە ؟**

**و / لەقۆناغی دووەمدا لەساڵی ( ١٩٦٧ ) لەگۆڤاری ( برایی ) بلأوکرایەوە .**

## قۆناغی سێیەم و وتـــار

**پ/ قۆناغی سێیەم چۆن بوو بۆ وتار؟**

و/لەدوای ڕێککەوتنی (١١ی ئازاری ١٩٧٠) بزوتنەوەی ئەدەبی تـاڕادەیەکی بـاش پێشکەوت ، گەلێك یانەو کۆمەڵە دەرکەوتن هەریەکەیان بۆگەیاندنی بیری خۆیان چەن ڕۆژنامەو گۆڤاریان دەرکرد ، ئەمەش هەنگاوێکی تر وتـاری بەرە و پێشەوە برد . وەچەندین گۆڤارو ڕۆژنامە دەرچون لەوانە (زانیاری ١٩٧٠ ، نوسەری کورد ١٩٧١ ، ڕۆژی کورد١٩٧١ ، کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٣)

**پ/ گرینگترین ئەوڕۆژنامەو گۆڤارانەی کەلەشار و لە شاخ لەساڵی ١٩٧٥ بلاّو کرانەوە چی بوون ؟**

و/ ئەوانەی شار بریتی بوون لە : ( هاوکاری ، بەیان ، ڕۆشەنبیری نویٚ )

ئەوانەی شاخیش بریتی بوونە لە : ( نوسەری کورستان ، گزنگ ، هەڵمەت ، قەندیل ، هەڵوێستی ئەدەب ، بانگ )

**پ/ دیارترین وتار نوسانی ئەو قۆناغە کیٚ بوون ؟**

و/ وتار نوسانی ئەو سەردەم بریتی بوون لە ( تەها بەرواری ، مستەفانەریمان ، جەمال نەبەز )

## گرینگترین خاسیەتەکانی وتار لەقۆناغی سێیەم:

١__ زمانی وتار گەشەیەکی دیاری بەخۆیەوە بینی بەتـایبەت کە پرۆگرامی خوێندن لەئامادەیەکان بووبە کوردی ، گەلێك وشەو زاراوەی نویٚ هاتنە ناو فەرهەنگی زمانی کوردی .

٢_ لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول دیاردەیەك بەئاشکرا هەستی پیٚ دەکرا بەتـایبەت لە وتارەکانی شاردا ، ئەویـــش بەکارهێنانی (هێماو نیشانە) بوو . ئەمە لەکاتێکتدا پێشتر بەئاشکرا بیرو ڕایەکانی خۆیانیان دەردەبڕی ، چونکە بارو دۆخەکە ئازدی و سەربەستی بۆ نوسەران دابین کرابوو.

٣_ وتار وەك هۆیەك بۆپاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا ، چونکە لەو سەردەمدا ڕژێم هەوڵی لەناوبردنی زمانی کوردی دەدا .

٤_ لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلولی (١٩٧٥) جیاوازی کەوتە نێوان نوسەرانی شاخ و شار لەڕووی خستنە ڕووی بابەتەکانەوە چونکە ئەوسەربەستییەی نوسەرانی شاخ هەیان بوو ، نوسەرانی شار نەیان بوو .

# هەڵبـــــــژاردن

١_ بریتی یە لەو دەربڕین و نوسراوانەی کە هەست و سۆزی نوسەر نیشاندەدات وە بایەخ بە کێش و سەروا نادات :

A_ شیعر B_ ڕۆمان C_ وتار D_ پەخشان

٢_ ئەو پەخشانەیە کە باس لەبابەتەکانی زاستی دەکات و هەست و سۆزیشی تێدانیە :

A_ پەخشانی زانستی B_ پەخشانی ئەدەبی C_ چیرۆك D_ وتار

٣_ ئەو پەخشانەیە کە گرینگی و بایەخ بە هەست و سۆز دەدات ، بۆ ئەوەی کار لەبەرامبەرەکەی بکات و چێژی پێ ببەخشێت :

A_ پەخشانی زانستی B_ پەخشانی ئەدەبی C_ چیرۆك D_ وتار

٤_ بابەتی ( یاداشتنامە ) یەکێکە لە بابەتەکانی :

A_ پەخشانی زانستی B_ پەخشانی ئەدەبی C_ چیرۆکی کورت D_ وتار

٥_ بابەتەکانی ( فیزیاو کیمیا ) یەکێکن لەبابەتەکانی :

A_ پەخشانی زانستی B_ پەخشانی ئەدەبی C_ ڕۆمان D_ وتار

٦_ هونەرێکی ئەدەبییەو نوسەر بەشێوەیەکی کورت وسەرەنج باسی لایەنێکی ژیان دەکات و وە بیروڕای خۆشی لە بارە دەخاتە ڕوو :

A_ چیرۆك B_ پەخشانی ئەدەبی C_ ڕۆمان D_ وتار

٧_ یەکێك لە خاسیەتەکانی وتار بریتی یە لە :

A_ کورتی B_ تەکنیك لەنوسیندا C_ لەبەرچاوگرتنی جوانکاری لە دەربڕیندا D_ هەموویان

٨_ کام لەمانە دەبێت لەچەند پەرەیەك تێپەڕ نەکات :

A_ چیرۆك B_ وتار C_ پەخشانی ئەدەبی D_ ڕۆمان

٩_ تەکنیك لەنوسیندا یەکێکە لە خاسیەتەکانی :

A_ چیرۆك B_ ڕۆمان C_ پەخشان D_ وتار

١٠_ کام لەمانە دەبێت جوانکاری لە دەربڕینی دا هەبێت؟

A_ چیرۆك B_ ڕۆمان C_ وتار D_ پەخشان

١١_ کام لەمانە ڕەنگدەرەوەی بیرو هەست و سۆزی خودی خاوەنەکەیەتی ؟

A_ چیرۆك B_ وتار C_ پەخشانی ئەدەبی D_ ڕۆمان

١٢_ کام لەم گۆڤارانە بۆماوەی دەساڵ بەردەوام بوو ، وەرۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی وتار:

A_ شەفەق B_ هاوار C_ گەلاوێژ D_ دەنگی گێتی تازە

١٣_ لە سەردەمی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژداکام لایەنی وتار گەشەی بەرچاوی خۆیەوە بینی ؟

A_ ناوەرك B_ ڕوخسار C_ ناوەرۆکو ڕوخسار D_ هیچیان

١٤_ ڕۆژنامەکانی ( کوردستان و هەڵاڵەو گڕوگاڵی منداڵان ) دەرچوون لە سەردەمی :

A_ کۆماری مهاباد B_ شۆڕشی ئەیلول C_ شۆڕشی تەمموز D_ گروپی ڕوانگە

١٥_ لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەمهاباد لەساڵی ( ١٩٤٦ ) کام لەم گۆڤارو ڕۆژنامانە دەرچوو:

A_ کوردستان B_ هەڵاڵە C_ گڕوگاڵی منداڵان D_ هەرسێکیان

١٦_ کام لەم گۆڤارانە لە ساڵی ( ١٩٤٦ ) دەرچوو ؟

A_ کوردستان B_ هەڵاڵە C_ گڕوگاڵی منداڵان D_ هەرسێکیان

١٧_ یەکێك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە پێش شۆڕشی جواردەی تەمموز دەرچوو ( ڕۆناهی ) بوو، لە ساڵی:

A ١٩٤١ B ١٩٤٦ C ١٩٤٨ D ١٩٥٧



چاپخانەی توانا 07828350088

ئەدەب

١٨_ یەکێك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە پێش شۆڕشی جواردەی تەممووز دەرچوو ( نزار ) بوو، لە ساڵی :

A_ ١٩٤١ B_ ١٩٤٦ C_ ١٩٤٨ D_ ١٩٥٧

١٩_ یەکێك لەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە پێش شۆڕشی جواردەی تەممووز دەرچوو ( هیوا ) بوو، لە ساڵی :

A_ ١٩٤١ B_ ١٩٤٦ C_ ١٩٤٨ D_ ١٩٥٧

٢٠_ ( حوزنی موکریانی و عەبدولڕەحمان زەبیحی و ڕوقیەی قادری و جەلادەت بەدرخان ) یەکێکن لە وتارنوسانی قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٢١_ ( هەندێ جار دەقا و دەق وشەی عەرەبی لەنوسیندا بەکاردەهات ) یەکێکە لەخاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٢٢_ ( خاڵبەندی زیاتر بایەخی پێدراوە ) یەکێکە لەخاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٢٣_ یەکێك لەخاسیەتەکانی وتار بریتی بوو لە ( بابەتی سەرەکی بریتی بو لە هاندانی ژنی کورد بۆخوێندن و خوێندەواری )

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٢٤_ ( ناوەڕۆکی وتار دەوڵەمەند کرابوو بە وەرگێڕانی وتاری بیانی ) یەکێکە لەخاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٢٥_ شەونمی بەرەبەیان وتاری کێ یە ؟

A_ حوزنی موکریانی B_ هەژاری موکریانی C_ هێمن موکریانی D_ کامەران موکری

٢٦_ کام لەمانە وتاری کامەران موکری یە ؟

A_ کوردو ئسلوبی شیعر B_ شەونمی بەرەبەیان C_ کۆن و تازە لە شیعردا D_ شیعرو نوسینی کوردی

٢٧_ ( شەونمی بەرەبەیان ) ی کامەران موکری بڵاوکرایەوە لە گۆڤاری :

A_ گەلاوێژ B_ شەفەق C_ دەنگی گێتی تازە D_ هاوار

٢٨_ ( شەونمی بەرەبەیان ) نمونەیەکی وتاری کام قۆناغە؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٢٩_ ( شەونمی بەرەبەیان ) ی کامەران موکری نمونەیەکی وتاری قۆناغی یەکەمە بڵاوکرایەوە لە ساڵی :

A_ ١٩٤٤ B_ ١٩٤٥ C_ ١٩٤٦ D_ ١٩٤٧

٣٠_ لە قۆناغی دووەمدالەگەڵ گۆڕینی یاساکانی ڕژێمی پێشوو وتاری کوردی :

A_ وەك خۆی مایەوە B_ ڕێگری لێدەکرا C_ بەرەو پێشچوو D_ سادەو ساکار بوون

٣١_ لەسەرەتایەکانی شەستەکاندا وتار چی بەسەرهات؟

A_ وەك خۆی مایەوە B_ ڕێگری لێدەکرا C_ بەرەو پێشچوو D_ سادەو ساکار بوون

٣٢_ کەی وتار بەرەو پێشەوە چوو؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٣٣_ ئەو گۆڤارانەی لە قۆناغی دووەمدا وتاریان تێدا بڵاودەکرانەوە بریتی بوون لە :

A_ شەفەق و بڵێسە و دەنگی گێتی تازەو ڕۆژی نوێ B_ شەفەق و بڵێسە و ڕای گەل و ڕۆژی نوێ

C_ شەفەق و بڵێسە و گەلاوێژ و ڕۆژی نوێ D_ هاوارو بڵێسە و ڕای گەل و ڕۆژی نوێ

٣٤_ ( شەفەق و بڵێسە و ڕای گەل و ڕۆژی نوێ ) یەکێك بوون لەو گۆڤارانەی وتاریان تێدا بڵاو دەکرایەوە لە ماوەی ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥ D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٣٥_ ڕۆژنامەی ( شەفەق ) بڵاوکرایەوە لە ساڵی ؟

A_ ١٩٥٨    B_ ١٩٦٠    C_ ١٩٦٧    D_ ١٩٦٩

٣٦_ ڕۆژنامەی ( ڕای گەل و بلێسە ) بڵاوکرانەوە لە ساڵی ؟

A_ ١٩٥٩    B_ ١٩٦٠    C_ ١٩٦٧    D_ ١٩٦٩

٣٧_ ڕۆژنامەی ( ڕۆژی نوێ ) بڵاوکرایەوە لە ساڵی ؟

A_ ١٩٥٩    B_ ١٩٦٠    C_ ١٩٦٧    D_ ١٩٦٩

٣٨_ کام لەم ڕۆژنامانە لەقۆناغی دووەم لەساڵی ( ١٩٥٩ ) وتاریان تێدا بڵاودەکرایەوە ؟

A_ بلێسەو ڕۆژی نوێ    B_ بلێسەو شەفەق    C_ ڕای گەل و بلێسە    D_ ڕای گەل و ڕۆژی نوێ

٣٩_ کام لەم گۆڤارانە لەناوەڕاستی شەستەکاندا بڵاو کرانەوە ؟

A_ دەنگی گێتی تازەو ڕۆژی نوێ    B_ شەفەق و برایی

C_ برایی و ڕۆژی نوی    D_ برایەتی و سلێمانی

٤٠_ ڕۆژنامەی ( برایەتی ) بڵاوکرایەوە لە ساڵی ؟

A_ ١٩٥٩    B_ ١٩٦٠    C_ ١٩٦٧    D_ ١٩٦٩

٤١_ ڕۆژنامەی ( سلێمانی ) بڵاوکرایەوە لە ساڵی ؟

A_ ١٩٥٩    B_ ١٩٦٠    C_ ١٩٦٧    D_ ١٩٦٨

٤٢_ ( عیزەدین مستەفا و شیخ محەمەدی خاڵ و ڕەمزی قەزازو ئەبوزەید مستەفا سندی ) لەگرینگترین وتارنوسانی قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٤٣_ کام لەمانە وتار نوسی قۆناغی دووەمە؟

A_ ڕەمزی قەزاز    B_ حوزنی موکریانی    C_ ڕوقیەی قادری    D_ جەمال نەبەز

٤٤_ شیخ محەمەدی خاڵ: یەکێکە لەوتار نوسانی قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٤٥_ ( زمانی وتار بوو بەزاری کرمانجی خواروو ) یەکێکە لە خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی:

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٤٦_ ( سەرەکی ترین ناوەرك بریتی بوو لە بابەتی سیاسی ) یەکێکە لە خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٤٧_ ( زۆر وتاری بیانی وەرگێردرانە سەر زمانی کوردی ) یەکێکە لە خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٤٨_ ( لە پاڵ وتاری سیاسی ، وتاری کۆمەڵایەتی و مێژوویش دەبینران ) یەکێکە لە خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی:

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٤٩_ وتارەکەی ڕەمزی قەزاز لەگۆڤاری برایەتی بڵاوکرایەوە لەقۆناغی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨    B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠    C_ ١٩٧٠ _ ١٩٧٥    D_ ١٩٧٥ _ ١٩٩١

٥٠_ وتاری کام لەمانە لە ساڵی ١٩٦٧ بڵاوکرایەوە :

A_ کامەران موکری    B_ عیزەدین مستەفا    C_ تەهابەرواری    D_ ڕەمزی قەزاز

٥١_ وتارەکەی ڕەمزی قەزاز نمونەیەکی وتاری قۆناغی دووەمە بڵاوکرایەوە لە ساڵی :

A_ ١٩٦٥    B_ ١٩٦٦    C_ ١٩٦٧    D_ ١٩٦٨

ئەدەب

ئەدەب

٥٢_ گۆڤاری ( زانیاری ) لە قۆناغی سێیەم دەرچوو لە ساڵی :

A_ ١٩٧٠ B_ ١٩٧١ C_ ١٩٧٣ D_ ١٩٧٤

٥٣_ گۆڤاری ( نوسەری كورد ) لە قۆناغی سێیەم دەرچوو لە ساڵی :

A_ ١٩٧٠ B_ ١٩٧١ C_ ١٩٧٣ D_ ١٩٧٤

٥٤_ رۆژنامەی ( رۆژی كوردستان ) لە قۆناغی سێیەم دەرچوو لە ساڵی :

A_ ١٩٧٠ B_ ١٩٧١ C_ ١٩٧٣ D_ ١٩٧٤

٥٥_ رۆژنامەی ( كۆڕی زانیاری ) لە قۆناغی سێیەم دەرچوو لە ساڵی :

A_ ١٩٧٠ B_ ١٩٧١ C_ ١٩٧٣ D_ ١٩٧٤

٥٦_ گرینگترین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كە لە شار دەرچوون لە قۆناغی سێیەم بریتی بوون لە :

A_ هاوكاری و گزنگ و بەیان B_ هاوكاری و گزنگ و قەندیل
C_ بانگ و گزنگ و قندیل D_ هاوكاری و بەیان و رۆشەنبیری نوێ

٥٧_ گرینگترین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كە لە( شاخ ) دەرچوون لە قۆناغی سێیەم بریتی بوون لە :

A_ هاوكاری و گزنگ و بەیان B_ نوسەری كورد و گزنگ و قەندیل
C_ بەیان و گزنگ و قندیل C_ هاوكاری و بەیان و هەڵوێستی ئەدەب

٥٨_ گرینگترین ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی كە لە( شاخ ) دەرچوون لە قۆناغی سێیەم بریتی بوون لە :

A_ هەڵمەت وهەڵوێستی ئەدەب و بانگ B_ هاوكاری و گزنگ و قندیل
C_ هاوكاری و گزنگ و بەیان D_ هاوكاری و بەیان و هەڵوێستی ئەدەب

٥٩_ ( مستەفا نەریمان و تەها بەرواری و جەمال نەبەز ) دیارترین وتارنوسانی ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D_ هیچیان

٦٠_ مستەفا نەریمان ) یەكێكە لە تار نوسانی ساڵانی :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _١٩٩١ D_ هەموویان

٦١_ ( پرۆگرامی خوێندن لە ئامادەیەكان بوو بە كوردی ) یەكێكە لە خاسیەتەكانی وتار لە قۆناغی؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D_ هیچیان

٦٢_ ( بەكارهێنانی هێماو نیشانە لەوتارەكاندا ) یەكێكە لە خاسیەتەكانی وتار لە قۆناغی؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D_ هیچیان

٦٣_ لە قۆناغی سێیەمدا وتارنوسان پەنایان بردە بەر بەكارهێنانی ( هێماو نیشانە ) چونكە :

A_ وتارەكان جوان دەبوون B_داهێنانێكی نوێ بوو C_ ئازادی و سەربەستی هەبوو D_ ئازادی و سەربەستی نەبوو

٦٤_ پێش قۆناغی سێیەم نوسەران بەئاشكرا بیرو رایەكانی خۆیانیان دەردەبڕی لە وتارەكانیاندا ، چونكە :

A_ باو بوو B_بۆ ئەوەی پەیامەكەیان بگات C_ ئازادی و سەربەستی هەبوو D_ ئازادی و سەربەستی نەبوو

٦٥_ ( وتار ببوە هۆكارێك بۆ پاراستنی زمانی كوردی ) یەكێكە لە خاسیەتەكانی وتار لە قۆناغی؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D_ هەموویان

٦٦_ وتار ببووە هۆكارێك بۆ پاراستنی زمانی كوردی لە قۆناغی سێیەم چونكەهەوڵی لەناوبردنی دەدرا :

A_ لەلایەن رژێمەوە B_ بەهۆی زۆری وشەی بێگانە
C_ بەهۆیی كەم بوونەوەی نوسەری كورد D_ بەهۆیی كەم بوونەوەی قسەكەری زمانی كوردی

٦٧_ ( جیاوازی كەوتە نێوان نوسەرانی شاخ و شار لەڕووی بابەتەكانەوە خستنە رووی ) یەكێكە لەخاسیەتەكانی وتاری :

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D_ هەموویان

٦٨_ له قۆناغی سێیەمدا جیاوازی کەوتە نێوان نوسەرانی شاخ و شار لەڕووی :

A_ناوەڕۆکەوە B_ ڕوخسارەوە C_ ناوەڕۆك و ڕوخسارەوە D_ هیچیان

٦٩_ له قۆناغی سێیەمدا جیاوازی کەوتە نێوان نوسەرانی شاخ و شار لەڕووی ناوەڕۆکەوە چونکە :

A_ ڕۆشنبیری نویەرانی شار زیاتر بوو B_ دەزگای چاپ لە شار زیاتر بوو

C_ ئەو ئازادیەی لە شار هەبوو لەشاخ نەبوو D_ ئەو ئازادیەی لە شاخ هەبوو لەشار نەبوو

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | D-9 | B-8 | D-7 | D-6 | A-5 | B-4 | B-3 | A-2 | D-1 |
| A-20 | D-19 | C-18 | A-17 | D-16 | D-15 | A-14 | C-13 | C-12 | B-11 |
| C-30 | C-29 | A-28 | C-27 | B-26 | D-25 | A-24 | A-23 | A-22 | A-21 |
| C-40 | D-39 | C-38 | B-37 | A-36 | A-35 | B-34 | B-33 | B-32 | C-31 |
| D-50 | B-49 | B-48 | B-47 | B-46 | B-45 | B-44 | A-43 | B-42 | D-41 |
| C-60 | C-59 | A-58 | B-57 | D-56 | C-55 | B-54 | B-53 | A-52 | C-51 |
| | D-69 | A-68 | C-67 | A-66 | C-65 | C-64 | D-63 | C-62 | C-61 |

## چیـــرۆکی کــوردی لەشــەڕی دووەمــی جیــهان

**پ/ چیرۆك لەبنەڕەتدا هونەری کێ یە و کەی هاتە ناو ئەدەبی کوردی ؟**

و/ چیرۆکی هونەری ، وەك بابەتێکی ئەدەبی تازە بێگانە هاتە ناو ئەدەبی کوردییەوە ، لەبنەڕەتدا هونەرێکی ئەورو پییەو پێویستی ژیان وای کردووە وە ك ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بلاَوبێتەوە و لەکۆمەڵگەی کوردیش بارودۆخی بۆ هەڵکەوت ، ئینجا سەری هەڵدا .

## قۆناغی یـــەکەم بۆ چیـــرۆك

**پ/قۆناغی یەکەم چۆن بوو بۆ چیرۆك ؟ ؟ وەکام ڕۆژنامەو گۆڤار دەرچوون؟**

و/ دەتوانین قۆناغی یەکەم ناو بنێن قۆناغی گەشەکردنی چیرۆکی کوردی ،چونکە لەو ماوەیەدا نوسینی چیرۆکی کورت گەشەیکرد وەچەند ڕۆژنامەو گۆڤارێکیش دەرچون لەوانە ( گەلاویژ و دەنگی گێتی تازە لەبەغداد ، هاوار و ڕۆژانوو لەشام ، ڕۆژنامەی ژین و ژیان لەسلێمانی )

**پ/ گۆڤاری گەلاویژ چ ڕۆڵێکی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی ؟**

و/ یەکێك لەهونەرە ئەدەبییەکان کەلەو( ١٠ ) ساڵەی تەمەنی ئەوگۆڤارە بەردەوام و بوو ( چیرۆکی کوردی بوو ) واتا هەر( ١٠ ) ساڵەکە لەیەکەم ژماریدا گۆشیەکی بۆ چیرۆك دانابوو ناوی نابوو ( چیرۆکی ئەم مانگە ) تا دوا ژمارە کە ( ١١٦ ) ژمـرەیە چونکە بەهونەرێکی نوێیان زانیوە و هەر لەم گۆڤارەدا گرینگیان بە چیرۆکی وەرگێردراو داوە کەبەزۆری لەزمانی ئینگلیزی و عەرەبی وەرگێردرابوون .

**پ/ گرینگترین ناوەڕۆك و بابەتی چیرۆکیەکانی ئەم گۆڤارە چی بوون ؟**

و/ بابەتی دیاری چیرۆکەکانی ئەم گۆڤارە بریتی بوو لە کێشەی چینایەتی ، کە( دەرەبەگ و جوتیار ) بوو ،کە نوسەران لایەنگری چینی جوتیاران بوون ، وەجگە لەم بابەتە ڕەخنە گرتن لە ( نەریت و خورەوشتی دواکەوتووی کۆمەڵگە ) بابەتێـکی تـری ناو چیرۆکەکانی ئەم گۆڤارە بوو ،وەبابەتێکی تریش لەناوچیرۆکەکان دەبینرا ئەویش ( ئافرەت ) ە لەهەندێك لەچیرۆکەکان ئافرەت کراوە بە پاڵەوان ، وەهەندێك دیاردەی ناو کۆمەڵگە وەك ( شیربایی و ئافرەت فرۆشتن ) باسکراوە .

هەر ئەم گرینگی دانەی نوسەران بەو جۆرە کێشانە وایان کرد کە چیرۆکی کوردی بەرەو ڕێبازی ( ڕیالیزم ) ی هەنگاو بنێت .

**پ/ چیرۆك نوسانی ئەم گۆڤارە کێ بوون ؟**

و/ چیرۆکنوسانی ئەم گۆڤارە ( شاکرفەتاح ، عەلائەدین سەجادی ، برایم ئەحمەد )بوون .

## تــەكنيك و زمــانی داڕشتنی چيرۆكەكان

**پ/ تەكنيك و زمانی چيرۆكەكانی گۆڤاری گەلاوێژ چۆن بوون ؟**

و/ لەڕووی تەكنيكەو ە شێوازێكی ئاسايی و هيچ تەكنيك و داهێنانێكی ئەوتۆيان پيوەديارنەبوو ، زياتر شێوازی ڕا پۆرتيان هەبوو ، زۆربەی چيرۆكنوسەكان باسێكی فۆلكلۆری يائەفسانەيان دەهێنا بەرگێكی چيرۆكيان دەكردە بەر.

لەڕووی زمانيشەوە ،سەرەتا پڕبوو لەوشەی بيانی ، دواتر بەرەو كوردی پەتی ڕەوان هەنگاوی نا ، واتا پاككرايەوە لەوشەی بێگانە ، بەكورتی دەتوانين بڵێين چيرۆكەكانی گەلاوێژ لەڕووی تەكنيكی هونەرييەوە لەچاو پێش خۆيان پيشكەوتو تربوون و سيمای هونەری نوێيان پێوە دياربوو .

**پ/ گۆڤاری هاوار كەی و لەكوێ دەرچوو؟ چيرۆكنووسانی كێ بوون ؟ چ كاريگەريەكی كردە سەر چيرۆكی كوردی ؟**

و/ گۆڤاری ( هاوار ) لەساڵی ( ١٩٣٢ ) لە ( شام )دەرچوو لەساڵی ( ١٩٤١تا ١٩٤٣ ) بايەخێكی زۆر ی بە چيرۆك داوە وە لەنرخ و بەهــای ئــەم هونەرە نــوێيەش باش تێگەيشتووە وە بــەزاری كرما نجی ( ســەروو ) واتــا ( بادينی ) دەيان نوسی ، گرينگترين چيرۆكنووسەكانيشی ( جەلادەت بەدرخان ، كامەران بەدرخان ، قەدری جان ، ئوسمان سەبری ، نورەدين زازا ) بوون .

**پ/ بۆچی هەندێك چيرۆكی هاوار بەچيرۆكی هونەری دادەندرێن؟**

و/ چونكە پلەی هونەريان بەرزە .

**پ/ بەشيكی چيرۆكەكانی هاوار بە چ زمانێك نوسراون ؟**

و/ بەشيكی چيرۆكەكانی هاوار بە زمانی گيانداران نوسراون.

**پ/باسی ناوەرۆكی چيرۆكەكانی گۆڤاری هاواربكە :**

و/ لەڕووی ناوەڕۆكەوە زياتر پرسی نەتەوايەتی و خەباتی نەتەوايەتيان دە خستەڕوو ، ڕەخنەيان لە ناهەمواری باری كۆمەڵگە دەگرت ، وەهەروەها دەردی هەژاری و نەخوێندەواريان باسدەكرد ، وەگرينگيشيان داوە بەچيرۆكی وەرگێردراو بەتايبەت ئەوانەی لە فەڕەنسی عەرەبی وەرگێردرابون .

**پ/ باسی تەكنيكی چيرۆكەكانی گۆڤاری هاوار بكە . وە بۆچی لەڕووی تەكنيكەوە لەئاستێكی زۆر بەرزدابوون؟**

و/ لەڕووی تەكنيكەوە بەشيكی زۆری چيرۆكە بلاوكراوەكان لەئاستێكی زۆر بەرز و پێشكەوتوو تۆكمەدا بوون ، چونكە چيرۆكنوسەكان زمانی( فەڕەنسی و ئينگليزی و ئەڵمانيان ) زانيوە .



چاپخانەی توانا 07828350088

## قــۆناغی دووەم بۆ چیــرۆك ( ١٩٥٨ــ١٩٧٠

پ/ قۆناغی دووەم بۆچیرۆك چۆن بوو؟

و/ سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلولی لە ( ١٩٦١ ) بەرەبەرکانی ئەدەبی کوردی و چاپەمەنی کوردی ئەم بارو دۆخەش ، کە تاچەند ساڵێك بەردەوام بوو ،باڵی نائومێدی بەسەر ئەدەبی کوردیدا کێشا ، چیرۆکیش بەهەمان شێوە لەم ماوەیەدا بەکزی و سستی و دواکەوتووی مایەوە ، تاساڵانی ناوەڕاستی شەستەکاندا ، لەوێوە چیرۆك تارادەیەك پشووی پیادا هاتەوە .

پ/ گۆڤاری شەفەق چ رۆڵێکی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی ئەم قۆناغەدا؟

و/ لەسەرەتای ساڵی ( ١٩٥٨ ) لە ( کەرکوك ) گۆڤاری ( شەفەق ) دەرچوو، رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی و بۆنمونە : گرەوێـکی رێکخست بۆباشـترین سێ چیرۆکی کورت وە سێ خـەڵاتیشی تەرخان کرد کەلە ئـە نجامـدا چیرۆکـی ( چای شیرن ) ی ( حسین عارف ) کەبەناوی خواستراوی ( محمد صدیق عارف ) بلاوکرابووەوە، خەلاتی یەکەمی وەرگرت ،وەچیرۆکی ( چەندم لێ ئەسەنی ) ی ( مستەفا صالح کەریم ) خەلاتی دووەمی پێد را، وە چیرۆکی ( شەوێکی درێژ ) ی ( محمەد سالح دیلان ) یش خەلاتی سێیەمی پێدرا،

پ/ کێ بوون ئەو کەسانەی بۆیەکەم جار دەستیان دایە نوسینی چیرۆکی کورت؟

و/ لەم قۆناغەدا بۆیەکە مجار چەند چیرۆکنوسێك دەستیان دایە نوسینی چیرۆکی کورت ، کەلەقۆناغەکانی دواتریش ناویان هەر دەدرەوشێتەوە ، لەوانە ( حسین عارف، جەمال بابان ، محەرەم محەمەد ئەمین ، حەسەنی قزلجی )

پ/ئەم چیرۆکنوسانە کێ بوون بۆیەکەم جار چیرۆکی مامناوەندیان نوسی وجێگیریشیان کرد؟ چیرۆکەکانیشیان ناوی چ بوون ؟

و/ هەرلەم قۆناغەدا کۆمەڵێ چیرۆکنوس چیرۆکی مامناوەندیان بلاوکردەوە و جێگیریشی دەکەن ،لەوانە

١_ ( جەمال بابان ) بەچیرۆکی ( خانزاد ، پەڵەهەورێکی چلکن )

٢_ ( جەمال نەبەز ) بەچیرۆکی ( لالۆکەریم )

٣_ ( محمەد سالح سەعید ) بەچیرۆکی ( کاروانی )

پ/ چیرۆکی مامناوەندی چی یە و جیاوازی چی یە لەگەڵ چیرۆکی کورت ؟

و/ئەم چیرۆکە ماوەی ڕوداوەکان و ژمارەی کەسەکانیان زیاترە لە چیرۆکی کورت ، بەلام ناگەنە چیرۆکی درێژ ، واتا ( رۆمان )

پ/ چیرۆکی ( لەخەوما و مەسەلەی ویژدان ) هی کێن وکەی بلاو کرانەوە ؟بۆچی کاریان نەکردە سەرپێشخستنی چیرۆکی کوردی ؟

و/ چیرۆکی ( لەخەوما ) هی ( جەمیل صایب ) لەساڵی ( ١٩٢٥ ) نوسراوە ، لەساڵی ( ١٩٧٥ ) بلاوکراوەتەوە .

وەچیرۆکی ( مەسەلەی ویژدان ) هی ( ئەحمەد موختار جاف ) لەساڵی ( ١٩٢٩ ) نوسراوە ، لەساڵی ( ١٩٧٠ ) چاپکراوە ، بەلام کاریان نەکردە سەرپێشخستنی چیرۆکی کوردی ، چونکە لەکاتی خۆیدا بلاونەکرانەوە .

پ/ چیرۆکەکانی ئەو قۆناغە چەند جۆر بوون ؟

و/ چیرۆکەکانی ئەوسەردەمە دوو جۆری سەرەکی بوون کە :

١_ زۆرسادەو بابەتەکانیان دوور لەڕوخساری هونەری خراونەتە ڕوو ، کەلەبازنەی نائومێدی دەخولانەوە پاشکەوتووبوون.

٢_ بەشیکی تریان چیرۆکی پێشکەوتوو هونەری بوون ، هەم لەڕووی زمانەوە هەمیش لەڕووی ناوەڕۆکەوە ، ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیش سیاسی و کۆمەلآیەتی و چینایەتی بوو ، قارەمانەکانیشیان کەسانی دیاری ناوکۆمەڵگە بوون.

پ/ چ شتێك وایکرد کەنرخ و بەهای چیرۆك بیتە خوارەوە لەقۆناغی دووەمدا ؟

و/ لەم قۆناغە بەدواوە ، ڕژێم بەهەموو هێزێکیەوە کوردی دەچەوساندەوە و کوردستانی کاول دەکرد و ڕۆڵەکانی ئەشکە نجە دەدان . وە چیرۆکنوسەکانیش زۆربەیان لەگەڵ شۆرش بوون و،بۆیە زۆربەئاشکرا باسی بابەتە سیاسیەکانیان دەکرد لەناو چیرۆکەکانیاندا ، بەمەش بەهاو نرخی چیرۆك کەم بوەوە ، لەداهێنان کەوت ، زمان و شێوەی هونەریان لاوازبوو ، بەئاشکراش واتاو مەبەستیان دەدا بەدەستەوە .

## قۆناغی سێیەم و چیرۆك

پ/ بۆچی قۆناغی سێیەم بەقۆناغێکی نوێ دادەندرێت بۆ چیرۆکی کوردی ؟

و/ ساڵی( ١٩٧٠ ) بەقۆناغێکی نوێ دادەندرێت بۆ چیرۆکی کوردی ، چونکە لەو ساڵەدا حکومەتی عیراق بۆیەکە مجار دانی بەمافەکانی گەلی کورد نالە ( ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد مۆری کردبوو ) ئەمەش بەماوەی گەشەسەندن و ئاڵ و گۆڕی دادەندرێت لەهەموو رویکەوە .وە هەروەها چەندین رۆژنامەو گۆڤارێك سەریان هەڵدا ، گرینگترینیان : رۆژنامەکانی ( هاوکاری و بیری نوێ و ژین ) وە گۆڤارەکانی ( بەیان و رۆژی کوردستان و رۆشەنبیری نوێ ) بوون.

پ/ بزوتنەوەی ڕوانگە چ ڕۆڵێکی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی ؟

و/ دەرچوونی ئەم بزوتنەوەیە لەساڵی ( ١٩٧٠ ) یەکێك بوو لەو هەوڵ وڕێبازە نوێنانە، کەوایکرد ژمارەیەك چیرۆکنووس لەدەوری یەك کۆکاتەوە . وە چیرۆکیش لەدووبارە ستبوون ڕزگاربکات ، زەمینەیەکی نوێی بۆچیرۆکی کوردی سازکرد ، چیرۆکی کۆن و نوێی لەیەکتری جیاکردەوە ، بەتەکنیکی تازەو بەکارهێنانی ( دیالۆگ و مەنەلۆك ) .

پ/ دیارترین چیرۆکنوسەکانی ئەم ماوەیە کێن ؟

و/ چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە دووبەش بوون ، بەشیکیان و هەرئەوانەی قۆناغەکانی پیشوو بوون وەك :

( حسێن عارف ، محەمەد مەولود ( مەم ) ، مستەفا سالح کەریم ، کاکە مەم بۆتانی )

بەشەکەی تریان چیرۆکنوسی نوێبوون تازە دەستیان دابوە چیرۆکنوسین کەدواتر ناوبانگیان پەیداکرد . وەك:

( محەمەد موکری ، محەمەد فەریق حەسەن ، ڕەئوف بێگەرد ، شیرزاد حەسەن )


چاپخانەی توانا 07828350088

پ/ ئەو ڕوداوانە چ ڕووداوێك بوون لەقۆناغی سێیەم كاریان كردە سەر چیرۆكی كوردی ؟

و/ لەم قۆناغەدا دوو ڕوداوی گرینگ كاریان كردە سەر چیرۆكی كوردی كەبریتی بوون كە :

١_ شكستی سۆرشی ئەیلول ٢_ هەڵگیرسانی شەری هەشت ساڵەی نێوان عیراق و ئێران .

پ/ دوای ساڵی ( ١٩٧٠ ) هەوێنی چیرۆكی كوردی چی بوو؟

و / دوای ساڵی ( ١٩٧٠ ) هەوێنی چیرۆكی كوردی بریتی بوو لە كێشەی كرێكار و خاوەنكارو كێشەی شار.

پ/ چیرۆكی بەرگری چی یە ؟ كەی سەری هەڵدا؟

و/ دوای ساڵی ( ١٩٧٥ ) لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆرش، جۆرێكی تر لەچیرۆك سەریهەڵدا ، ئەویش چیرۆكی ( بەرگری ) بوو چونكە بەئاشكرا فڕكردن و لەناو بردن و جینۆسایدكردنی گەلی كوردپەیڕەو دەكرا، بۆیە چیرۆكنوسەكانی كـورد ئەركێكی گەورەو پیرۆزیان كەوتە سەر شان ئەویش بەرگری كردن بوو لەمانی نەتەوەی خۆیان و هانی خەڵكیان دەدا بۆ بەرگریكرن لەوڵاتی خۆیان .

## گرینگترین ڕوخساری چیرۆكی قۆناغی سێیەم

١_چیرۆكی كوردی ئەو ماوەیە سودی لە بەیت و لاوكی فۆلكلۆری كوردی وەرگرتووە ، ئەمەش ئاوڕدانەوەیەكە لەگەنجینەی ( بەیت و لاوكی ) كوردی ، وەك:چیرۆكی ( لاوكی سوارە ) ی ( محەمەد فەریق حەسەن ) و ( بەیتی سمۆ ) ی ( ڕەئوف بێگەرد ) و ( هێلەگ ) ی ( عەبدوڵلا سەراج )

٢ _ لەم قۆناغەدا بەشێوەیەكی بەرچاو نوسەران پەنایان بردۆتە بەر بەكارهێنانی ( جەفەنگ ) واتە ( ڕەمزو هێماو نیشانە ) ئەمەش شێوەیەكە لەشێوەكانی تەكنیك بۆ جوانكاری بەكاردێت ، وەهەروەها بۆشاردنەوەی مەبەستی ئەسڵی چیرۆكەكە ، بەتایبەت بۆ ئەوكاتانەی كەنوسەران نەتوان ڕەئی خۆیان دەربڕن بەئازادی سەربەستی ، بۆنـــمونـــە :

( ڕەوەباز ) ڕەمزی ( داگیركەر یان شەڕ خوازی ) یەو ( داربەروو ) ڕەمزی ( خۆراگری ) یەو ( ئەسپ ) ڕەمزی ( شۆڕشە )

٣_لەم قۆناغەدا چیـــرۆك سودی لە هونەری ( سینەما ) وەرگرتووە ، ئەمەش چەكێكی نوێی دایە دەست نوسەر بۆشكاندنی خۆبەستنەوە ی چیـــرۆك نوس لەكاتە دیاری كراوەكاندا ، وەك : لە چیرۆكەكانی ( ئەحلام مەنسور ، ئەنوەر محەمەد تاهیر ، عەبدولڵا سەراج ) دەبینرێن .

٤_چیرۆكەكانی ئەم قۆناغە كاریگەری ئەدەبی بێگانەی بەئاشكرا بەسەرەوە دیارە ، بەتایبەتی ( ئەمریكایی لاتینی و ئەڵمانی و روسی ) ئەمەش بۆ دەوڵەمەندكردن و بەرەو پێشبردنی چیرۆكی كوردی بوو.

٥_زمان لای هەندێ چیرۆكنووس زۆرسادە ئاسان بوو درێژە پێدەری زمانی چیرۆكەكانی قۆناغی پێشووتر بوون ، بەڵام لای هەندێكی تر زمانی چیرۆك چڕتر و تۆكمەتر بوو ، بۆنموونە چیرۆكنوس ( شێرزاد حەسەن ) كەخاوەن زمانێكی دەوڵەمەند تایبەت بەخۆیتی . وەلە هەردوو چیرۆكی ( تەنیایی ١٩٨٣ ) چیرۆكی ( گوڵی ڕەش ١٩٨٩ ) دیارو بەرچاوە ...

پ/ زمانی چیرۆك لای حسین عارف چۆن بوو ؟

و/ لای ( حسێن عارف ) زمانی چیرۆك تۆکمەو بە پێزە ، بەتایبەت لەکۆمەڵە چیرۆکەکانی ( تێشووی سەفەرێکی سەخت ) ی ( ١٩٧٩ ) و ( گەڵەگورگ ) ی ( ١٩٨٣ ) تایبەت تر لە چیرۆکی ( گەڵە گورگ ) زمانی چیرۆك زۆر تۆکمەو دەوڵەمەند و بەهێز و شیرینتر و سەرەنج ڕاکێشترە .

**تێبینی/** دەکرێت هەرپێنج خاسیەتەکە بکەین بە پرسارو بەوشیوەیە :

پ/باسی ئەوسودە بکە کەچیرۆکی کوردی لەداستان و فۆلکلۆری کوردی وەریگرتووە . و/ خاڵی یەکەمی خاسیەتەکان

پ/ جەفەنگ چی یەو چۆن هاتە ناو ئەدەبی کوردی یەوە ؟ و/ خاڵی دووەمی خاسیەتەکان

پ/چیرۆکی کوردی چۆن سودی لە هونەری سینەما وەرگرتووە . و/ خاڵی سێیەمی خاسیەتەکان

پ/ بۆچی چیرۆکی کوردی کاریگەری ئەدەبی بێگانەی کەوتۆتە سەر؟ . و/ خاڵی چوارەمی خاسیەتەکان

پ/ باسی زمانی چیرۆك بکە لە قۆناغی سێیەم . و/ خاڵی پێنجەمی خاسیەتەکان

---

## هەڵبـــــژاردن

١_ چیرۆك لە بنەڕەتدا هونەری کێ یە ؟

A_ کوردەکان B_ فارسەکان C_ عەرەبەکان D _ ئەوروپیەکان

٢ _ چی وایی کردووە چیرۆك بێتە ناو ئەدەبی هەموو وڵاتانی دونیاوە ؟

A_ هات و چۆی نوسەران بۆ دەرەوە B_ پێویستی ژیان C_ لاسایی کردنەوە D_ هەموویان

٣_ چیرۆکی کوردی ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ ) بە چی ناو دەبردرێت؟

A_ گەشە سەندن B_ چەسپاندن C_ دواکەوتووی D_ هیچیان

٤_ دەکرێت ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ ) بە قۆناغی گەشەسەندنی چیرۆك دابنێین چونکە چیرۆکی :

A_ درێژ گەشەی کرد B_ مامناوەند گەشەی کرد C_ کورت گەشەی کرد D_ کورت ودرێژگەشەی کرد

٥_ لەکام قۆناغی چیرۆکدا چیرۆکی ( کورت ) گەشەی کرد ؟

A_ ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧١ _ ١٩٧٥ D_ هیچیان

٦_ دەرچوونی کام لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە( بەغداد ) وایان کرد کە چیرۆکی کوردی گەشە بکات ؟

A_ هاوارو ڕۆژانوو B_ دەنگی گێتی تازە و ژین C_ ژیان و هاوار D_ دەنگی گێتی تازەو گەلاوێژ

٧_ دەرچوونی کام لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە( سلێمانی ) وایان کرد کە چیرۆکی کوردی گەشە بکات ؟

A_ هاوارو ڕۆژانوو B_ ژین و ژیان C_ ژیان و هاوار D_ دەنگی گێتی تازەو گەلاوێژ

٨_ دەرچوونی کام لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە لە( شام ) وایان کرد کە چیرۆکی کوردی گەشە بکات ؟

A_ هاوارو ڕۆژانوو B_ دەنگی گێتی تازە و ژین C_ ژیان و هاوار D_ دەنگی گێتی تازەو گەلاوێژ

٩_ گۆڤاری گەلاوێژ چەند ساڵ بەردەوام بوو؟

A_ حەوت B_ هەشت C_ نۆ D_ دە

١٠_ گۆڤاری گەلاوێژ چەند ژمارەی لێ دەرچوو؟

A_ ١٠٥ B_ ١١٦ C_ ٢١٥ D_ ٢١٦

١١_ کام بەرهەمی ئەدەبی لەمانە هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەم گۆڤارە بوو تاکۆتایی تەمەنی ؟

A_ شیعر B_ ڕۆمان C_ وتار D_ چیرۆك

١٢_ گۆڤاری گەلاوێژ گۆشەیەکی بۆ چیرۆك دانابوو ناوی نابوو ؟

A_ چیرۆکی ئەمڕۆ B_ چیرۆکی ئەم حەفتەیە C_ چیرۆکی ئەم مانگە D_ چیرۆکی ئەم ساڵە

١٣_ چەند چیرۆك لەگۆڤاری گەلاوێژ بلاوکرانەوە ؟

ب_ ١٠٥ B_ ١١٦ C_ ٢١٥ D_ ٢١٦

١٤_ چیرۆك یەکێکە، هەر لەیەکەم ژمارەی تا دوا ژمارە دەبینرا لەسەر لا پەڕەکانی ڕۆژنامەی گەلاوێژ، چونکە :

A_ هونەرێکی نوێ بوو B_ نوسەری زۆربوون C_ بابەتیان کەم بوون D_ خوێنەری زۆربوو

١٥_ لەکام لەو ڕۆژنامانەدا لەیەکەم ژمارەوە تا کۆتا ژمارە، چیرۆکی تێدا بلاودەکرایەوە ؟

A_ شەفەق B_ دەنگی گێتی تازە C_ هاوار D_ گەلاوێژ

١٦_ چیرۆکە وەرگێردراوەکانی گۆڤاری ( گەلاوێژ ) بەزۆری لەکام لەم زمانانە بوون ؟

A_ عەرەبی و تورکی B_ تورکی و ئینگلیزی C_ عەرەبی و ئینگلیزی D_ فارسی و ئینگلیزی

١٧_ چیرۆکە وەرگێردراوەکانی کام لەو گۆڤارە بەزۆری ( ئینگلیزی و عەرەبی ) بوون ؟

A_ شەفەق B_ گەلاوێژ C_ دەنگی گێتی تازە D_ هاوار

١٨_ لەڕووی ناوەڕۆکەوە بابەتی دیاری چیرۆکەکانی گەلاوێژ بریتی بوو لە :

A_ سیاسی B_ سروشتی کوردستان C_ جوتیارو دەرەبەگ D_ باسی ئافرەت

١٩_ کام لەم گۆڤارانە گۆشەیەکی بۆ چیرۆك دانابوو ناوی نابوو ( چیرۆکی ئەم مانگە ) :

A_ شەفەق B_ دەنگی گێتی تازە C_ گەلاوێژ D_ هاوار

٢٠_ کام لەمانەلەبەشێکی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی گەلاوێژ دا کراوە بە پاڵەوان :

A_ نوسەران B_ دەستەڵاتداران C_ ئافرەتان D_ ڕەخنە گران

٢١_ ( شیربایی و ئافرەت فرۆشتن ) یەکێکی ترە لە ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی گۆڤاری ؟

A_ شەفەق B_ دەنگی گێتی تازە C_ هاوار D_ گەلاوێژ

٢٢_ ئەم جۆرە گرینگی دانەی چیرۆکنوسانی گەلاوێژ بە( جوتیارو ئافرەت ) وایکرد چیرۆکی کوردی هەنگاو بنێت بەرەو ڕیبازی:

A_ پەڕناسی B_ ڕۆمانتیکی C_ ڕیالیزم D_ کلاسیکی

٢٣_ ( شاکر فەتاح و برایم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی ) لەگرینگترین چیرۆك نوسی گۆڤاری :

A_ گەلاوێژبوون B_ شەفەق بوون C_ دەنگی گێتی تازە بوون D_ هاوار بوون

٢٤_ کام لەمانە چیرۆکنوسی گۆڤاری گەلاوێژبوون؟

A_ نورەدین زازاو جەلادەت بەدرخان و ئوسمان سەبری B_ شاکر فەتاح و برایم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی

C_ حسین عارف و جەمال بابان و حەسەنی قزڵچی D_ محەمەد موکری و شێرزاد حەسەن و ڕەئوف بێگەرد

٢٥_ چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لەچاو پێش خۆیان چۆن بوون لە ڕووی زمانەوە :

A_ دووا کەوتوو تربوون B_ پێشکەوتوو تربوون C_ وەك یەك بوون D_ بە پێی چیرۆکەکە دەگۆرا

٢٦ _ سەرەتای چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ لەڕووی تەکنیکەوە کام شێوازی هەبوو؟

A _ ڕاپۆرت B _ لێکۆڵینەوە C _ واتار D _ ڕۆمان

٢٧ _ چیرۆکەکانی گۆڤاری گەلاوێژ دەنوسران بە شێوەزاری :

A_ کرمانجی سەروو B _ لوری C _ هەورامی D_ کرمانجی خواروو

٢٨ _ گۆڤاری هاوار لەساڵی ( ١٩٣٢ ) دەرچوو لە :

A _ سلێمانی B _ ئەستەمبوڵ C _ شام D _ کەرکوك

٢٩ _ گۆڤاری هاوار لەشام دەرچوو لەساڵی :

A _ ١٩٣١ B _ ١٩٣٢ C _ ١٩٤١ D _ ١٩٤٢

٣٠ _ کام لەم گۆڤارانە لە شام دەرچوو لە ساڵی ( ١٩٣٢ )

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ گەلاوێژ D _ هاوار

٣١ _ لەنرخ و بەهای چیرۆك باش تێگەیشتووە ، کام لەم گۆڤارانە؟

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ گەلاوێژ D _ هاوار

٣٢ _ چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار دەنوسران بە شێوەزاری :

A _ کرمانجی سەروو B _ لوری C _ هەورامی D_ کرمانجی خواروو

٣٣ _ گرینگترین چیرۆکنوسانی گۆڤاری هاوار :

A _ نورەدین زازاو قەدری جان و ئوسمان سەبری
B _ شاکر فەتاح و برایم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی
C _ حسین عارف و جەمال بابان و حەسەنی قزلچی
D _ محەمەد موکری و شێرزاد حەسەن و ڕەئوف بێگەرد

٣٤ _ ( نورەدین زازاو قەدری جان و ئوسمان سەبری وجەلادەت بەدر خان و کامەران بەدر خان ) چیرۆکنوسی کام گۆڤاربوون؟

A _ ڕۆژانوو B _ هاوار C _ شەفەق D _ گەلاوێژ

٣٥ _ ( نورەدین زازاو قەدری جان و ئوسمان سەبری وجەلادەت بەدر خان و کامەران بەدر خان ) چیرۆکنوسی قۆناغی؟

A _ ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ B _ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C _ ١٩٧١ _ ١٩٧٥ D _ هیچیان

٣٦ _ هەندێك لە چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار بە چیرۆکی هونەری دادەندرێن ، چونکە :

A _ نوسەرانی بیانی بوون B _ چاپەمەنی پێشکەوتووبوون C _ پلەی هونەریان بەرزبوون D _ هەموویان

٣٧ _ بەشێك لە چیرۆکەکانی کام گۆڤار بەچیرۆکی هونەری دادەندرێن؟

A _ ڕۆژانوو B _ هاوار C _ شەفەق D _ گەلاوێژ

٣٨ _ بەشێکی چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار نوسرابوون بە زمانی :

A _ جەستە B _ بیانی C _ گیانداران D _ هیچیان

٣٩ _ بەشێك لە چیرۆکەکانی کام گۆڤار بە زمانی گیانداران نوسرابوون؟

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ هاوار D _ گەلاوێژ

٤٠ _ لەڕووی ناوەڕۆکەوە سەرەکی ترین بابەتی چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار بریتی بوون لە ؟

A _ کێشەی ژن B _ خەباتی کۆمەڵایەتی C _ سروشتی کوردستان D _ مێژووی و ئابووری

٤١ _ ( دەردی نەخوێندەواری و هەژاری ناو کۆمەڵگە ) خراونەتەڕوو لە چیرۆکەکانی گۆڤاری :

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ هاوار D _ گەلاوێژ

٤٢ _ لەکام گۆڤار گرینگی دراوە بەچیرۆکی وەرگێردراو بەتایبەتی ئەوانەی لەزمانی ( فەرەنسی و عەرەبی ) وەرگێردرابوون :

A _ ڕۆژانوو B _ هاوار C _ شەفەق D _ گەلاوێژ


ئەدەب

٤٣_ چیرۆکنوسانی گۆڤاری هاوار زیاترگرینگیان داوه بەچیرۆکی وەرگێردراو بەتایبەت ئەوچیرۆکانەی کەوەرگێردرابوون لەزمانی:

A_ فەرەنسی و ئینگلیزی B_ ئینگلیزی و عەرەبی C_ عەرەبی و فەرەنسی D_ عەرەبی تورکی

٤٤_ لەرووی تەکنیکەوە چیرۆکەکانی کام لەم گۆڤارە لە ئاستێکی زۆر بەرز بوون :

A_ رۆژانوو B_ هاوار C_ شەفەق D_ گەلاوێژ

٤٥_ لەرووی تەکنیکەوە چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار لە ئاستێکی زۆر بەرز بوون . چونکە چیرۆکنوسەکانیان زمانی :

A_ عەرەبی و فارسی و تورکیان زانیوە B_ عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسیان زانیوە

C_ ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانیان زانیوە D_ عەرەبی و ئەڵمانی و ئینگلیزیان زانیوە

٤٦_ چیرۆکنوسانی کام گۆڤار زمانەکانی ( ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمان ) یان زانیوە؟

A_ رۆژانوو B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ هاوار

٤٧_ کەی چیرۆکی کوردی بەکزی و سستی دەبینرا ؟

A_ دوای شۆرشی ئەیلول B_ دوای گروپی روانگە C_ دوای شۆرشی تەمموز D_ دوای راپەرینی ١٩٩١

٤٨_ گۆڤاری شەفەق کەرۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی دەرچوو لە ساڵی ؟

A_ ١٩٣٢ B_ ١٩٤٢ C_ ١٩٤٨ D_ ١٩٥٨

٤٩_ گۆڤاری شەفەق کەرۆلێکی بەرچاوی هەبوو لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی دەرچوو لە ؟

A_ کەرکوک B_ سلێمانی C_ بەغداد D_ ئەستەمبوڵ

٥٠_ کام لەم گۆڤارانە گروپێکی رێکخست بۆ باشترین سێ چیرۆکی ئەو کات؟

A_رۆژانوو B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ هاوار

٥١_ چیرۆکی ( چای شیرین ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ محەمەد سەدیق عارف B_ مستەفا کەریم C_ محەمەد ساڵح دیلان D_ حسین عارف

٥٢_ چیرۆکی ( چای شیرین ) ی ( حسین عارف ) بڵاوکراوە بەناوی خوازراوی:

A_ محەمەد سەدیق عارف B_ مستەفا کەریم C_ محەمەد ساڵح دیلان D_ حسین عارف

٥٣_ چیرۆکی ( حسین عارف ) کە خەڵاتی یەکەمی پێدرا لە گۆڤاری شەفەق بەناوی :

A_ شەوێکی درێژ B_ کاروانی C_ چای شیرین D_ چەندم لێدەستێنی

٥٤_ کام لەم چیرۆکانە بەناوی خوازراوی ( محەمەد سەدیق عارف ) بلاوکرایەوە ؟

A_ شەوێکی درێژ B_ کاروانی C_ چای شیرین D_ چەندم لێ ئەسەنی

٥٥_ چیرۆکی ( چەندم لێ ئەسەنی ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ محەمەد سەدیق عارف B_ مستەفا صالح کەریم C_ محەمەد ساڵح دیلان D_ حسین عارف

٥٦_ چیرۆکی ( مستەفا صالح کەریم ) کە خەڵاتی دووەمی پێدرا لە گۆڤاری شەفەق بەناوی :

A_ شەوێکی درێژ B_ کاروانی C_ چای شیرین D_ چەندم لێ ئەسەنی

٥٧_ چیرۆکی ( شەوێکی درێژ ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ محەمەد سەدیق عارف B_ مستەفا کەریم C_ محەمەد ساڵح دیلان D_ حسین عارف

٥٨_ چیرۆکی ( محەمەد ساڵح دیلان ) کە خەڵاتی سێیەمی پێدرا لە گۆڤاری شەفەق بەناوی :

A_ شەوێکی درێژ B_ کاروانی C_ چای شیرین D_ چەندم لێ ئەسەنی

٥٩_ ( حسێن عارف و جەمال بابان و محەرەم محەمەد ئەمین وحەسەنی قزلجی ) یەکێکن لە چیرۆکنوسانی گۆڤاری :

A_ رۆژانوو B_ شەفەق C_ گەلاوێژ D_ هاوار

٦٠ _ ( حسێن عارف و جەمال بابان و محەرەم محەمەد ئەمین وحەسەنی قزڵجی ) بۆ یەکەم جار دەستیان دایە نوسینی :

A _ ڕۆمان B _ چیرۆکی کورت C _ چیرۆکی کورت D _ چیرۆکی مامناوەند

٦١ _ کێ لەمانە بۆ یەکە مجار دەستی دایە نوسینی چیرۆکی کورت ؟

A _ مستەفا سالح و محمەد دیلان B _ محەمەد سالح سەعید و جەمال نەبەز

C_ نورەدین زازاو ئوسمان سەبری D _ جەمال بابان و محەرەم محەمەد ئەمین

٦٢ _ ( حسێن عارف و جەمال بابان و محەرەم محەمەد ئەمین وحەسەنی قزڵجی ) دەستیان دایە نوسینی چیرۆکی کورت لە گۆڤاری :

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ گەلاوێژ D _ هاوار

٦٣ _ کێ بوون بۆیەکەکجار چیرۆکی مامناوەندیان نوسی و جێگیریشیان کرد ؟

A _ جەمال بابان و جەمال نەبەزو محەمەد سالح سەعید B _ مستەفا سالح و محمەد دیلان و محەمەد سالح سەعید

C _ جەمال نەبەز و نورەدین زازاو ئوسمان سەبری D _ جەمال بابان و محەرەم محەمەد وئەمین مستەفا سالح

٦٤ _ ( جەمال بابان و جەمال نەبەزو محەمەد سالح سەعید ) بۆ یەکە مجار دەستیان دایە نوسینی :

A _ ڕۆمان B _ چیرۆکی کورت C _ چیرۆکی کورت D _ چیرۆکی مامناوەند

٦٥ _ ( جەمال بابان ) یەکێکە لەوانەی بۆیەکە مجار دەستی دایە نوسینی چیرۆکی مامناوەندی کام لەم چیرۆکانەی نوسی؟

A _ پەڵەهەورێکی چڵکن و خانزاد B _ لالۆ کەریم C _ چەندم لێ ئەسەنی D _ کاروانی

٦٦ _ چیرۆکی ( پەڵە هەورێکی چڵکن و خانزاد ) یەکێکە لە چیرۆکە مامناوەندیەکانی گۆڤاری شەفەق نوسراوە بە خامەی ؟

A _ جەمال نەبەز B _ محەمەد سالح سەعید C _ جەمال بابان D _ حسێن عارف

٦٧ _ ( جەمال نەبەز ) یەکێکە لەوانەی بۆیەکە مجار دەستی دایە نوسینی چیرۆکی مامناوەندی کام لەم چیرۆکانەی نوسی؟

A _ لالۆ کەریم B _ پەڵەهەورێکی چڵکن C _ چەندم لێ ئەسەنی D _ کاروانی

٦٨ _ چیرۆکی ( لالۆ کەریم ) یەکێکە لە چیرۆکە مامناوەندیەکانی گۆڤاری شەفەق نوسراوە بە خامەی ؟

A _ جەمال بابان B _ جەمال نەبەز C _ محەمەد سالح سەعید D _ حسێن عارف

٦٩ _ ( محەمەد سالح سەعید ) یەکێکە لەوانەی بۆیەکە مجار دەستی دایە نوسینی چیرۆکی مامناوەندی کام لەم چیرۆکانەی نوسی؟

A _ لالۆ کەریم B _ پەڵەهەورێکی چڵکن C _ چەندم لێ ئەسەنی D _ کاروانی

٧٠ _ چیرۆکی ( کاروانی ) یەکێکە لە چیرۆکە مامناوەندیەکانی گۆڤاری شەفەق نوسراوە بە خامەی ؟

A _ جەمال بابان B _ جەمال نەبەز C _ محەمەد سالح سەعید D _ حسێن عارف

٧١ _ ( جەمال بابان و جەمال نەبەزو محەمەد سالح سەعید ) چیرۆکی مامناوەندیان دەنوسی لە گۆڤاری :

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ گەلاوێژ D _ هاوار

٧٢ _ چیرۆکەکانی ( پەڵەهەورێکی چڵکن و خانزادو لالۆ کەریم و کاروانی ) چیرۆکی مامناوەندن بلاوکرانەوە لە گۆڤاری :

A _ ڕۆژانوو B _ شەفەق C _ گەلاوێژ D _ هاوار

٧٣ _ چیرۆکی مامناوەند ئەو چیرۆکانەن کە کاتی ڕووداوەکانیان :

A _ زیاترە لەهی کورت B _ کەمترە لە هی کورت C _ هێندەی هی کورتە D _ بە پێی چیرۆك دەگۆڕێت

٧٤ _ چیرۆکی مامناوەند ئەو چیرۆکانەن کە ژمارەی کەسەکانی :

A _ زیاترە لەهی کورت B _ کەمترە لە هی کورت C _ هێندەی هی کورتە D _ بە پێی چیرۆك دەگۆڕێت

٧٥ _ ( جەمیل صائیب ) کام لەم چیرۆکە مامناوەندیانەی نوسیوە ؟

A _ مەسەلەی ویژدان B _ لەخەوما C _ کاروانی D _ پەڵەهەورێکی چڵکن

٧٦ _ چیرۆکی ( لەخەوما ) هی کام لەمانەیە؟

A _ برایم ئەحمەد B _ جەمال نەبەز C _ مستەفا سالح کەریم D _ جەمیل صایب



ئەدەب



چاپخانەی توانا 07828350088

٧٧_ چیرۆكی ( لەخەوما ) ی ( جەمیل صایب ) نوسراوە لە ساڵی:

A_ ١٩٢٥ B_ ١٩٢٩ C_ ١٩٧٠ D_ ١٩٧٥

٧٨_ چیرۆكی ( لەخەوما ) ی( جەمیل صایب ) بڵاوكراوەتەوە لە ساڵی :

A_ ١٩٢٥ B_ ١٩٢٩ C_ ١٩٧٠ D_ ١٩٧٥

٧٩_ چیرۆكی ( لەخەوما ) ی ( جەمیل صایب ) كام جۆر چیرۆكە؟

A_ كورت B_ مامناوەند C_ درێژ D_ هیچیان

٨٠_ ( ئەحمەد موختار جاف ) كام لەم چیرۆكە مامناوەندیانەی نوسیوە ؟

A_ مەسەلەی ویژدان B_ لەخەوما C_ كاروانی D_ پەڵەهەورێكی چڵكن

٨١_ چیرۆكی ( مەسەلەی ویژدان ) ی كام لەمانەیە؟

A_ جەمال نەبەز B_ مستەفاكەریم ساڵح C_ ئەحمەد موختار جاف D_ جەمیل صایب

٨٢_ چیرۆكی ( مەسەلەی ویژدان ) ی ( ئەحمەد موختار جاف ) نوسراوە لە ساڵی:

A_ ١٩٢٥ B_ ١٩٢٩ C_ ١٩٧٠ D_ ١٩٧٥

٨٣_ چیرۆكی ( مەسەلەی ویژدان ) ی( ئەحمەد موختار جاف ) بڵاوكراوەتەوە لە ساڵی :

A_ ١٩٢٥ B_ ١٩٢٩ C_ ١٩٧٠ D_ ١٩٧٥

٨٤_ چیرۆكی ( مەسەلەی ویژدان ) ی ( ئەحمەد موختار جاف ) كام جۆر چیرۆكە؟

A_ كورت B_ مامناوەند C_ درێژ D_ هیچیان

٨٥_ هەردوو چیرۆكی مامناوەندی ( لەخەوماو مەسەلەی ویژدان ) كاریان نەكردە سەر پێشووەچوونی چیرۆكی كوردی چونكە :

A_ ئاستیان نزم بوو B_ لەكاتی خۆی بڵاونەكرانەوە C_ بەزمانی بیانی نوسرابوون D_ ناوەڕۆكیان ڕوون نەبوو

٨٦_ چیرۆكەكانی قۆناغی دووەم چەندجۆری سەرەكی بوون؟

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

٨٧_ لەكام قۆناغی چیرۆكدا ، چیرۆكەكان بەشێكیان سادەو بوون و بابەتەكانیان لەدەوری ئائومێدی دەخولانەوە ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧١ _ ١٩٧٥ D_ هیچیان

٨٨_ لەكام قۆناغی چیرۆكدا ، چیرۆكەكان بەشێكیان پێشكەوتووبوون و بابەتەكانیان سیاسی و كۆمەڵایەتی وچینایەتی بوون ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧١ _ ١٩٧٥ D_ هیچیان

٨٩_ چیرۆكنوسانی قۆناغی دووەم زۆر بە ئاشكرا باسی بابەتە سیاسیەكانیان دەكرد، چونكە؟

A_ نوسەران كەسانی سیاسی بوون B_ ناچاركرابوون C_ لایەنگری شۆڕش بوون D_ خوێنەر وای دەخواست

٩٠_ چ شتێك وای كرد كە بەهاو نرخی چیرۆكی كوردی بێتە خوارەوە و لە داهێنان بكەوێت ؟

A_ بابەتی ژن و ژنخوازی B_ نەبوونی چاپەمەنی C_ بابەتی سیاسی D_ لاوازی ئاستی نوسەران

٩١_ بابەتە سیاسیەكان وایان كرد كە چیرۆكی كوردی لە قۆناغی دووەم:

A_ وەك خۆی بمێنێتەوە B_ بەهاو نرخی بێتە خوارەوە C_ پێشكەوێت D_ بەزمانی بێگانە بنوسرێن

٩٢_ لەكام قۆناغی چیرۆكدا بەهاونرخی چیرۆك هاتە خوارەوەو لە داهێنان كەوت ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧١ _ ١٩٧٥ D_ هیچیان

٩٣_ لەكام قۆناغی چیرۆكدا شێوەو زمانی چیرۆك لاوازبوو بەئاشكرا واتایان دەدا بە دەستەوە ؟

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _١٩٧٠ C_ ١٩٧١ _ ١٩٧٥ D_ هیچیان

٩٤_ ڕۆژنامەكانی ( هاوكاری و بیری نوێ و ژین ) دەرچوون لە دوای :

A_ شۆڕشی ئەیلول B_ شۆڕشی تەمموز C_ بەیانی ڕوانگە D_ ڕێكەوتنامەی ١١ی ئازار





چاپخانەی توانا 07828350088

٩٥ _ گۆڤارەکانی ( بەیان و رۆژی کوردستان و رۆشەنبیری نوێ ) دەرچوون لە دوای :

A _ ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار B _ شۆڕشی ئەیلول C _ شۆڕشی تەمموز D _ بەیانی ڕوانگە

٩٦ _ کام قۆناغ بە قۆناغی نوێ دادەندرێت بۆ چیرۆکی کوردی ؟

A _ ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ B _ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C _ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D _ هیچیان

٩٧ _ قۆناغی سێیەم بە قۆناغی نوێی چیرۆکی کوردی دادەندرێت چونکە :

A _ چاپەمەنی زۆربوو B _ نوسەر زۆربوو C _ حکومەت دانی نا بە مافەکانی کورد D _ چیرۆکی وەرگێردراو زۆربوون

٩٨ _ بەیانی ڕوانگە یەکێك بوو لەوانەی کە ڕۆڵێکی گرینگی هەبوو لە بەرەو پێشوەچوونی چیرۆك ، دەرچوو لە ساڵی :

A _ ١٩٧٠ B _ ١٩٧١ C _ ١٩٧٤ D _ ١٩٧٥

٩٩ _ کام لەمانە هەوڵ و ڕێبازێك بوو وای کرد چیرۆك نوسان لەدەوری یەك کۆ بکاتەوە ؟

A _ ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار B _ شۆڕشی ئەیلول C _ شۆڕشی تەمموز D _ بەیانی ڕوانگە

١٠٠ _ کام لەمانە چیرۆکی کوردی بەرەو پێشەوە برد بە تەکنیکی ( دیالۆك و مەنەلۆگ ) :

A _ ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار B _ گرووپی ڕوانگە C _ شۆڕشی ئەیلول D _ شۆڕشی تەمموز

١٠١ _ کام لەمانە چیرۆکی کۆن و تازەی لێك جیاکردەوە؟

A _ ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار B _ شۆڕشی ئەیلول C _ گرووپی ڕوانگە D _ شۆڕشی تەمموز

١٠٢ _ کام لەمانە چیرۆکی کوردی لە سستی و لاوازبوون ڕزگار کرد ؟

A _ ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازار B _ شۆڕشی ئەیلول C _ شۆڕشی تەمموز D _ بەیانی ڕوانگە

١٠٣ _ لە ساڵی ( ١٩٧٠ ) بەدواوە هەوێنی چیرۆك چی بوو؟

A _ ئەڤینی و دڵداری B _ کێشەی کریکارو خاوەن کار C _ کێشەی شار D _ B و C

١٠٤ _ کەی هەوێنی چیرۆکی کوردی لە رووی ناوەرۆکەوە بریتی بوو لە ( کێشەی کریکارو خاوەنکارو کێشەی شار) :

A _ لە دوای ساڵی ١٩٧٠ B _ لە دواری ساڵی ١٩٧١ C _ لەدوای ساڵی ١٩٧٤ D _ لەدوای ساڵی ١٩٧٥

١٠٥ _ لەدوای ساڵی ( ١٩٧٥ ) چ جۆرە چیرۆکێك پەیدابوو؟

A _ چیرۆکی خۆشەویستی B _ بەرگری C _ ئاینی D _ کۆمەڵایەتی

١٠٦ _ کەی چیرۆکی بەرگری پەیدا بوو؟

A _ دوای ساڵی ١٩٧٠ B _ لە دواری ساڵی ١٩٧١ C _ لەدوای ساڵی ١٩٧٤ D _ لەدوای ساڵی ١٩٧٥

١٠٧ _ کەی چیرۆکنوسان هانی خەڵکیان ددا بۆ بەرگری کردن لە وڵاتی خۆیان ؟

A _ دوای ساڵی ١٩٧٠ و سەرهەڵدانی ڕوانگە B _ دوای ١٩٥٨ و سەرهەڵدانی شۆشی تەمموز
C _ دوای ١٩٦١ و سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول D _ دوای ١٩٧٥ و سەرهەڵدانەوەی شۆڕش

١٠٨ _ گرینگترین چیرۆك نوسانی قۆناغی سێیەم بریتین لە :

A _ حسین عارف وحەسەنی قزڵچی و شاکر فەتاح B _ محەمەد موکری و شاکرفەتاح و محەمەدسالح دیلان
C _ شێرزاد حەسەن و حسێن عارف و محمەد مەولود D _ شاکرفەتاح و عەلائەدین سەجادی و برایم ئەحمەد

١٠٩ _ ( شێرزاد حەسەن و حسێن عارف و محمەد مەولودو مستەفا سالح کەریم و کاکەمەم بۆتانی ) چیرۆکنوسی کام قۆناغن؟

A _ ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ B _ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C _ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D _ هیچیان

١١٠ _ لەکام قۆناغدا چیرۆکی کوردی سودی لە بەیت و لاوکی کوردی وەرگرتووە؟

A _ ١٩٣٩ _ ١٩٥٨ B _ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C _ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D _ هیچیان

١١١ _ ( محەمەد فەریق حەسەن ) سوودی لەبەیت ولاوکی کوردی وەرگرتووە لە چیرۆکی ؟

A _ لاوکی سوارە B _ بەیتی سمۆ C _ هێڵەگ D _ تەنیای




چاپخانەی توانا 07828350088

١١٢_ چیرۆکی ( لاوکی سواره ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی بەسوود بینین لەبەیت و لاوکی کوردی نوسراووە ، هی کام لەمانەیە ؟

A_ ڕەئوف بێگەرد B_ شێرزاد حەسەن C_ محەمەد فەریق حەسەن D_ حسێن عارف

١١٣_ چیرۆکی ( لاوکی سواره ) ی ( محەمەد فەریق حەسەن ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی نوسراووە بەسوود بینین لە :

A_ سینەمای کوردی B_ ئەدەبی بێگانە C_ هونەری شیعر D_ بەیت ولاوکی کوردی

١١٤_ ( ڕەئوف بێگەرد ) سوودی لەبەیت و لاوکی کوردی وەرگرتووە لە چیرۆکی ؟

A_ لاوکی سواره B_ بەیتی سمۆ C_ هێلەگ D_ تەنیای

١١٥_ چیرۆکی ( بەیتی سمۆ ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی بەسوود بینین لە لاوکی کوردی نوسراووە ، هی کام لەمانەیە ؟

A_ ڕەئوف بێگەرد B_ شێرزاد حەسەن C_ محەمەد فەریق حەسەن D_ حسێن عارف

١١٦_ چیرۆکی ( بەیتی سمۆ ) ی ( ڕەئوف بێگەرد ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی نوسراووە بەسوود بینین لە :

A_ سینەمای کوردی B_ ئەدەبی بێگانە C_ بەیت ولاوکی کوردی D_ هونەری شیعر

١١٧_ ( عەبدوڵڵا سەراج ) سوودی لەبەیت و لاوکی کوردی وەرگرتووە لە چیرۆکی ؟

A_ لاوکی سواره B_ بەیتی سمۆ C_ هێلەگ D_ تەنیای

١١٨_ چیرۆکی ( هێلەگ ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی بەسوود بینین لە لاوکی کوردی نوسراووە ، هی کام لەمانەیە ؟

A_ ڕەئوف بێگەرد B_ شێرزاد حەسەن C_ محەمەد فەریق حەسەن D_ عەبدوڵڵا سەراج

١١٩_ چیرۆکی ( هێلەگ ) ی ( عەبدوڵڵا سەراج ) یەکێکە لەو چیرۆکانەی نوسراووە بەسوود بینین لە :

A_ سینەمای کوردی B_ بەیت ولاوکی کوردی C_ ئەدەبی بێگانە D_ هونەری شیعر

١٢٠_ لە قۆناغی سێیەمدا چیرۆك نوسان بەشێوەیەکی ڕوون و بەرچاو پەنایان بردۆتە بەر :

A_ لاسایی کردنەوە B_ ڕەمزو نیشانە C_ چیرۆکی وەرگێردراو D_ زمانی بێگانە

١٢١_ لەکام قۆناغی چیرۆکدا بەشێوەیەکی ئاشکرا پەنایان بردۆتە بەر بەکارهێنانی جەفەنگ ،( ڕەمزو هێماو نیشانە )

A_ ١٩٣٩ _١٩٥٨ B_ ١٩٥٨ _ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠ _ ١٩٩١ D_ هیچیان

١٢٢_ ( جەفەنگ ) واتا چی :

A_ داگیرکەر B_ تفەنگ C_ پێشمەرگە D_ هێماو نیشانە

١٢٣_ بەکارهێنانی ( جەفەنگ ) بۆ چ مەبەستێك بوو لە قۆناغی سێیەم؟

A_ لاسایی کردنەوەی ولاّتان B_ شاردنەوەی مەبەستی ئەسڵی و سەرەکی چیرۆکەکە

C_ لەڕووی تەکنیکەوە شێوەیەك بوو بۆ جوانکاری D_ B و D

١٢٤_ لە بەکارهێنانی ڕەمزو هێما دالە قۆناغی سێیەمی چیرۆك ( ڕەوەباز ) ڕەمزی کام لەمانە بوو؟

A_ شەڕو شەرخوازی B_ شۆڕش C_ خۆڕاگری D_ پێشمەرگە

١٢٥_ لە چیرۆکی قۆناغی سێیەمدا کام لەم ڕەمزانە بەواتای ( شەڕو داگیرکەر ) بەکاردەهات ؟

A_ داربەڕوو B_ ئەسپ C_ ڕەوەبەراز D_ ڕەوە گورگ

١٢٦_ لە بەکارهێنانی ڕەمزو هێما دالە قۆناغی سێیەمی چیرۆك ( داربەڕوو ) ڕەمزی کام لەمانە بوو؟

A_ خۆڕاگری B_ شەڕو شەرخوازی C_ شۆڕش D_ پێشمەرگە

١٢٧_ لە چیرۆکی قۆناغی سێیەمدا کام لەم ڕەمزانە بەواتای ( خۆ ڕاگری ) بەکاردەهات ؟

A_ داربەڕوو B_ ئەسپ C_ ڕەوەبەراز D_ ڕەوە گورگ

١٢٨_ لە بەکارهێنانی ڕەمزو هێما دالە قۆناغی سێیەمی چیرۆك ( ئەسپ ) ڕەمزی کام لەمانە بوو؟

A_ شەڕو شەرخوازی B_ خۆڕاگری C_ پێشمەرگە D_ شۆڕش

١٢٩_ لە چیرۆکی قۆناغی سێیەمدا کام لەم رەمزانە بەواتای ( شۆڕش ) بەکاردەهات ؟

A_ داربەڕوو B_ ئەسپ C_ ڕەوەبەراز D_ ڕەوە گورگ

١٣٠_ لەکام قۆناغی چیرۆکدا سوود لە هونەری سینەما وەرگیراوە؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٩١ D_ هیچیان

١٣١_ لە چیرۆکەکانی ئەحلام مەنسورو ئەنوەر محەمەد تاهیر و عەبدوڵلا سەراج ) دا سود لەکام لەمانە بینراوە؟

A_ سینەمای کوردی B_ بەیت ولاوکی کوردی C_ ئەدەبی بێگانە D_ هونەری شیعر

١٣٢_ چیرۆکەکانی کام قۆناغ بە ئاشکرا کاریگەری ئەدەبی بێگانەی بەسەرەوە دیاربوو؟

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٩١ D_ هیچیان

١٣٣_ چیرۆکەکانی قۆناغی سێیەم بە ئاشکرا کاریگەری ئەدەبی بێگانەی بەسەرەوە دیاربوو بەتایبەت ئەدەبی :

A_ ڕوسی و ئەمریکای لاتینی و تورکی B_ فارسی و ڕوسی و ئەڵمانی

C_ عەرەبی و ڕوسی و ئەڵمانی D_ ئەمریکای لاتینی و ڕوسی و ئەڵمانی

١٣٤_ ئەدەبی ( ئەمریکای لاتینی و ڕوسی و ئەڵمانی ) کاریگەری هەبوو لەسەر چیرۆکی کوردی قۆناغی :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٩١ D_ هەموویان

١٣٥_ زمانی چیرۆك لای هەندێك لەنوسەران چڕو تۆکمەتربوو لە قۆناغی :

A_ ١٩٣٩_ ١٩٥٨ B_ ١٩٥٨_ ١٩٧٠ C_ ١٩٧٠_ ١٩٩١ D_ B و C

١٣٦_ چیرۆکەکانی ( تەنیایی و گوڵی ڕەش ) هی کام لەمانەن ؟

A_ ڕەئوف بێگەرد B_ شێرزاد حەسەن C_ محەمەد فەریق حەسەن D_ حسێن عارف

١٣٧_ چیرۆکی ( تەنیایی ) ی ( شێرزاد حەسەن ) نوسراوە لە ساڵی :

A_ ١٩٨٣ B_ ١٩٨٥ C_ ١٩٨٧ D_ ١٩٨٩

١٣٨_ چیرۆکی ( گوڵی ڕەش ) ی ( شێرزاد حەسەن ) نوسراوە لە ساڵی :

A_ ١٩٨٣ B_ ١٩٨٥ C_ ١٩٨٧ D_ ١٩٨٩

١٣٩_ زمانی چیرۆك لە هەردوو چیرۆکی ( تەنیایی و گوڵی ڕەش ) ی شێرزاد حەسەن ، چۆن بووە؟

A_ ئاسایی و سادە بوو B_ هێندەك چڕو تۆکمەبوو C_ چڕ و تۆکمە بوو D_ هیچیان

١٤٠_ چیرۆکەکانی ( تێشوی سەفەرێکی سەخت و گەلەگورگ ) هی کام لەمانەن ؟

A_ ڕەئوف بێگەرد B_ شێرزاد حەسەن C_ محەمەد فەریق حەسەن D_ حسێن عارف

١٤١_ زمانی چیرۆك لای ( حسێن عارف ) ( تۆکمەو بە پێزە ) لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ؟

A_ هێلەگ و چای شیرین B_ هێلەگو تەنیایی C_ تێشوی سەفەرێکی سەخت و گەلەگورگ D_ تەنیای و گەلەگورگ

١٤٢_ زمانی چیرۆك لای ( حسێن عارف ) ( دەوڵەمەندو شیرین و سەرەنج ڕاکێشە ) لە کۆمەڵە چیرۆکەکانی ؟

A_ چای شیرین B_ هێلەگ C_ گەلەگورگ D_ تەنیای

١٤٣_ چیرۆکی ( تێشویی سەفەرێکی سەختی ) حسێن عارف ) بلاوکرایەوە لەساڵی :

A_ ١٩٧٩ B_ ١٩٨١ C_ ١٩٨٣ D_ ١٩٨٥

١٤٤_ چیرۆکی ( گەلەگورگ ) ( حسێن عارف ) بلاوکرایەوە لەساڵی :

A_ ١٩٧٩ B_ ١٩٨١ C_ ١٩٨٣ D_ ١٩٨٥

١٤٥_ لای کام لەمانە زمانی چیرۆك ( تۆکمەو بە پێزو دەوڵەمەندو شیرین و سەرەنج ڕاکێشە ) ؟

A_ ڕەئوف بێگەرد B_ حسێن عارف C_ شێرزاد حەسەن D_ محەمەد فەریق حەسەن





چاپخانەی توانا 07828350088

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | D-9 | A-8 | B-7 | D-6 | A-5 | C-4 | A-3 | B-2 | D-1 |
| C-20 | C-19 | C-18 | B-17 | C-16 | D-15 | A-14 | B-13 | C-12 | D-11 |
| D-30 | B-29 | C-28 | D-27 | A-26 | B-25 | B-24 | A-23 | C-22 | D21 |
| B-40 | C-39 | C-38 | B-37 | C-36 | A-35 | B-34 | A-33 | A-32 | D-31 |
| B-50 | A-49 | D-48 | A-47 | D-46 | C-45 | B-44 | C-43 | B-42 | C-41 |
| C-60 | B-59 | A-58 | C-57 | D-56 | B-55 | C-54 | C-53 | A-52 | D-51 |
| C-70 | D-69 | B-68 | A-67 | C-66 | A-65 | D-64 | A-63 | B-62 | D-61 |
| A-80 | B-79 | D-78 | A-77 | D-76 | B-75 | A-74 | A-73 | B-72 | B-71 |
| C-90 | C-89 | B-88 | B-87 | A-86 | B-85 | B-84 | C-83 | B-82 | C-81 |
| -100 B | D-99 | A-98 | C-97 | C-96 | A-95 | D-94 | B-93 | B-92 | B-91 |
| -110 C | -109 C | -108 C | -107 D | -106 D | -105 B | -104 A | -103 D | -102 D | -101 C |
| -120 B | -119 B | -118 D | -117 C | -116 C | -115 A | -114 B | -113 D | -112 C | -111 A |
| -130 C | -129 B | -128 D | -127 A | -126 A | -125 C | -124 A | -123 D | -122 D | -121 C |
| -140 D | -139 C | -138 D | -137 A | -136 B | -135 C | -134 C | -133 D | -132 C | -131 A |
| | | | | | -145 B | -144 C | -143 A | -142 C | -141 C |



چاپخانەی توانا 07828350088

# ڕۆمـــــــــان

**پ/ ڕۆمان چی یە و جیاوازی چی یە لەگەڵ چیرۆك ؟**

و/ ڕۆمان : واتا چیرۆكی درێژ ، ڕووداوەكانی زۆر چڕو پڕن ، ماوەی ڕووداوەكانی زۆر دوور و درێژترن لەچاو چیـرۆكی كـورت و مامناوەند ، وە ژمارەی كەسەكانیشی زیاترە ،

**پ/ بۆیەكەم جار كەی و لەكوێ ڕۆمان سەریهەڵدا؟**

و/ بۆیەكەم جار ( ڕۆمان ) لە ( سەدەی حەڤدەم ) سەری هەڵدا لە ( ئەور وپا ) بەڵام ماوەی زێڕینی لە ئەوروپا سەدەی ( نۆزدەم و نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمە ) زۆر لەڕەخنە گران ( ڕۆمان ) بە ( داستانی سەدەی تازە ) ناو دەبەن .

ڕۆمان نوسین لەناو گەلانی خۆر هەڵات زۆر دواكەوتووە لەچاو گەلانی خۆرئاوا .

**پ / بۆچی ڕۆمان نوسین لەناو كوردا درەنگ سەریهەڵدا؟**

و/ نوسینی ڕۆمان لەناو كوردا زۆر درەنگ سەریهەڵدا لەچاو گەلانی عەرەب و تورك و فارس ، چونكەئەو بارودۆخەی كە بۆ نوسەرێكی عەرەب یان فارس یان تورك هەیە ، هەرگیز بۆنوسەرێكی كورد نەڕەخساوە . بگرە نوسەری كورد دژایەتی دەكرێت و دەرفەتی چاپیشی ئەستەمە و دژوارە.

**پ/ بۆیەكەمجار ڕۆمانی كوردی كەی و لەكوێ سەری هەڵداو ڕۆمان نوسەكانیش كێ بوون ؟**

و/ بۆیەكەمجار نوسینی ( ڕۆمان ) لەناوكوردا لەناوكوردەكانی ( یەكێتی سۆفیەت ) بوو یەكەم ڕۆمانیش لەلایەن نـوسەری كـورد ( عەرەبی شەمۆ ) بوو كەڕۆمانی ( شڤانی كورد ) ی لە ساڵی ( ١٩٣٥ ) بەزاری ( كرمانجی ژووروو ) نوسیووە ،وەئەوڕۆمانە دواتر كراوە بە ( ڕوسی و ئەرمەنی و فەڕەنسی ) . وە دواتریش ڕۆمانی ( كوردی ئەلەگەز و بەربانگ ) دواتریش ( قەڵای دم دم )ی لەساڵی ( ١٩٦٦ ) نوسیووە ، دوای ئەویش ( حاجی جندی ) ڕۆمانی ( هەوارێ و بەهارهات ) ی نوسیووە ( عەلی عەبدلڕەحمان ) یش ڕۆمانی ( خاتێ خانم و گوندێ مێرخاسا ) ی نووسیوە .

**پ/بۆچی ڕۆمانەكانی كوردی سۆڤیەت كاریان نەكردە سەر بەرەو پێشچوونی ڕۆمان لەناو كوردستان ؟**

و/چونكەئەوڕۆمانانە تا درەنگ نەگەیشتینە كوردستان،وە نوسەرانی كوردیش ئەو ڕۆمانانەیان نەخوێندونەتەوە و نەیان بینیون

## دیارترین خاسیەتی ڕۆمانەكانی كوردی یەكێتی سۆفیەتی پێشوو :

١_ بەشێوەزاری كرمانجی سەروو بەڕێنووسی لاتینی نوسراون ، زمانی نوسینیان زۆر سادە و ڕەوانە.

٢_ بیرو باوەڕی شۆسیالیزمی بەسەر ڕوداوەكاندا زاڵە .

٣_ شێوەی ڕۆمانەكان گێڕانەوەیە وەك داستان .

٤_ بناغەی نوسینی ڕۆمانەكان داستان و حەكایەتی فۆلكلۆری كوردین .

٥_ دوورن لەتەكنیكی تازەو هاو چەرخ.


چاپخانەی توانا 07828350088

# هەڵبـــــــژاردن

١_ کام لەمانە واتا چیرۆکی درێژ؟

A_ وتار B_ رۆمان C_ چیرۆکی مامناوەند D_ پەخشان

٢_ ڕووداوەکانی زۆر چڕو پڕن و ماوەی ڕووداوەکانیشی درێژن :

A_ چیرۆك B_ وتار C_ پەخسان D_ رۆمان

٣_ سەرهەڵدانی رۆمان لەئەوروپا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی :

A_ شازدەم B_ حەڤدەم C_ نۆزدەم D_ بیستەم

٤_ بۆیەکەم جار رۆمان سەری هەڵدا لە سەدەی حەڤدەم لە :

A_ ئەوروپا B_ ئاسیا C_ ئەمەریکای باکور D_ ئەمەریکای باشور

٥_ بۆیەکەم جار لە ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەم سەری هەڵدا :

A_ وتار B_ رۆمان C_ چیرۆك D_ پەخشان

٦_ چەرخی زێرینی کام لەمانە ( سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە؟

A_ چیرۆك B_ وتار C_ پەخسان D_ رۆمان

٧_ چەرخی زێرینی رۆمان لە ئەوروپا :

A_ سەدەی شازدەو نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەمە
B_ سەدەی حەڤدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەمە
C_ سەدەی هەژدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەمە
D_ سەدەی نۆزدەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە

٨_ زۆربەی رەخنەگران کام لەم بەرهەمە ئەدەبیانە بە ( داستانی سەدەی تازە ) ناو دەبەن؟

A_ رۆمان B_ چیرۆك C_ شیعر D_ پەخسان

٩_ کام لەمانە لەناو گەلانی خۆرهەڵات زۆر دواکەوتووە لە چاو گەلانی خۆرئاوا؟

A_ چیرۆك B_ رۆمان C_ شیعر D_ پەخشان

١٠_ نوسینی رۆمان لەناوکوردا زۆر درەنگ سەری هەڵدا لەچاو گەلانی تورك و عەرەب و فارس ، چونکە؟

A_ ئەو زیرەکیەی ئەوان هەیان بوو هەرگیز نوسەرە کوردەکان نەیان بوو
B_ لەکوردستان قەدەغەبوو
C_ ئەو بارودۆخەی بۆ ئەوان رەخساوە هەرگیزبۆنوسەری کورد نەرەخساوە
D_ چاپەمەنی کەم بوو لەکوردستان

١١_ نوسینی کام لەمانە بۆ یەکە مجار لەناوکوردا ، لەناو کوردانی سۆفیەت بوو؟

A_ چیرۆك B_ رۆمان C_ شیعر D_ پەخسان

١٢_ نوسینی رۆمان لەناوکوردا بۆ یەکە مجار لەناکوردانی :

A_ خۆر ئاوابوو B_ باشوور بوو C_ یەکێتی سۆفیەت بوو D_ باکوور بوو

١٣_ یەکەم رۆمان نوسی کورد کێ یە؟

A_ حاجی جوندی B_ عەلی عبدولرەحمان C_ عەرەبی شەمۆ D_ رەحیمی قازی

١٤_ یەکەم رۆمانی عەرەبی شەمۆ کەبەیەکەم رۆمانی کوردی دادەندرێت بە ناوی چی بوو :

A_ کوردی ئەلەگەز B_ شڤانی کورد C_ قەلای دم دم D_ بەربانگ

١٥_ کام لەمانە بەیەکەم رۆمانی کوردی دادەندرێت :

A_ کوردی ئەلەگەز B_ شڤانی کورد C_ قەلای دم دم D_ گوندێ مێرخاسا

ئەدەب


چاپخانەی توانا 07828350088

١٦_ ڕۆمانی ( شڤانی کورد ) ی عەرەبی شەمۆ کەبەیەکەم ڕۆمانی کوردی دادەندرێت نوسراوە لەساڵی :

A_ ١٩٣٣ B_ ١٩٣٤ C_ ١٩٣٥ D_ ١٩٣٥

١٧_ ڕۆمانی ( شڤانی کورد ) ی عەرەبی شەمۆ نوسراوە بەشێوە زاری :

A_ کرمانجی سەروو B_ کرمانجی خواروو C_ هەورامی D_ زازا

١٨_ ڕۆمانی ( شڤانی کورد ) وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی :

A_ ڕوسی و ئەرمەنی فارسی B_ ئینگلیزی و عەرەبی و فەرەنسی
C_ ڕوسی و عەرەبی و فەرەنسی D_ ڕوسی و ئەرمەنی وفەرەنسی

١٩_ کام لەم ڕۆمانانە کراوە بە ( ڕوسی و ئەرمەنی و فەرەنسی )؟

A_ کوردی ئەلەگەز B_ شڤانی کورد C_ قەڵای دم دم D_ گوندێ مێرخاسا

٢٠_ ڕۆمانی شڤانی کورد کێ لەمانە نوسیویەتی ؟

A_ حاجی جوندی B_ عەلی عبدولڕەحمان C_ عەرەبی شەمۆ D_ ڕەحیمی قازی

٢١_ ڕۆمانە کانی ( کوردی ئەلەگەز و بەربانگ ) هی کام لەمانەن؟

A_ عەرەبی شەمۆ B_ حاجی جوندی C_ عەلی عبدولڕەحمان D_ ڕەحیمی قازی

٢٢_ ڕۆمانی قەڵای دم دم نوسراوە لەلایەن کام لەمانە ؟

A_ حاجی جوندی B_ عەلی عبدولڕەحمان C_ عەرەبی شەمۆ D_ ڕەحیمی قازی

٢٣_ ڕۆمانی ( قەڵای دم دم ) نوسراوە لەلایەن عەرەبی شەمۆ لە ساڵی؟

A_ ١٩٣٢ B_ ١٩٣٦ C_ ١٩٦٢ D_ ١٩٦٦

٢٤_ کام لەم ڕۆمانانە هی عەرەبی شەمۆن ؟

A_ شڤانی کورد B_ کوردی ئەلەگەزو بەربانگ C_ قەڵای دم دم D_ هەمویان

٢٥_ عەرەبی شەمۆ ڕۆمانی دەنوسی بە شێوە زاری :

A_ کرمانجی خواروو B_ کرمانجی سەروو C_ هەورامی D_ زازا

٢٦_ دوای عەرەبی شەمۆ بە دووەم ڕۆمان نوسی کورد دادەندرێت؟

A_ حاجی جوندی B_ عەلی عبدولڕەحمان C_ عەرەبی شەمۆ D_ ڕەحیمی قازی

٢٧_ حاجی جوندی کام لەم ڕۆمانانەی نوسیون ؟

A_ کوردی ئەلەگەز و قەڵای دم دم B_ بەربانگ و بەهارهات C_ بەهارهات و هەوارێ D_ هەوارێ و خاتێ خانم

٢٨_ هەردوو ڕۆمانی ( بەهار هات و هەوارێ ) هی کێن ؟

A_ عەلی عبدولڕەحمان B_ حاجی جوندی C_ عەرەبی شەمۆ D_ ڕەحیمی قازی

٢٩_ هەردوو ڕۆمانی ( بەهار هات و هەوارێ ) ی حاجی جوندی نوسراون بە شێوەزاری ؟

A_ کرمانجی خواروو B_ هەورامی C_ زازا D_ کرمانجی سەروو

٣٠_ ( عەلی عەبدولڕەحمان ) کام لەم ڕۆمانانەی نوسیون؟

A_ خاتێ خانم و گوندێ مێرخاسا B_ بەربانگ و بەهارهات C_ بەهارهات و هەوارێ D_ هەوارێ و خاتێ خانم

٣١_ هەردوو ڕۆمانی ( خاتێ خانم و گوندێ مێرخاسا ) هی کێن ؟

A_ حاجی جوندی B_ عەرەبی شەمۆ C_ عەلی عبدولڕەحمان D_ ڕەحیمی قازی

٣٢_ هەردوو ڕۆمانی ( خاتێ خانم و گوندێ مێرخاسا ) ی عەلی عەبدولڕەحمان نوسراون بە شێوەزاری ؟

A_ کرمانجی خواروو B_ کرمانجی سەروو C_ هەورامی D_ زازا

٣٣ _ ڕۆمانەکانی یەکێتی شۆڤیەت کاریان نەکردە سەر پێشوەچوونی ڕۆمان لەناوکوردستان، چونکە :

A_ سیاسی بوون B_ بە زمانی بیانی نوسرابوون C_ درەنگ گەیشتنە کوردستان D_ هیچیان

٣٤ _ ڕۆمانەکان نوسرابوون بە ڕێنوسی لاتینی و شێوەزاری کرما نجی سەروو لە کام قۆناغی ڕۆماندا :

A_ یەکێتی سۆڤیەت B_ قۆناغی سەرهەڵدان C_ قۆناغی جێگیربوون D_ قۆناغی گەشەکردن

٣٥ _ شێوەی ڕۆمانەکان گێڕانەوەیە وەك داستان کە دوورن لە تەکنیك و داهێنان :

A_ یەکێتی سۆڤیەت B_ قۆناغی جێگیربوون _ قۆناغی گەشەکردن D_ یەکێتی سۆڤیەت و جێگیربوون

٣٦ _ بیر و باوەڕی شۆسیالیزمی بەسەر ڕووداوەکانەوە دیارەڕۆمانەکانی :

A_ یەکێتی سۆڤیەت B_ قۆناغی سەرهەڵدان C_ قۆناغی جێگیربوون D_ قۆناغی گەشەکردن

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| C-10 | B-9 | A-8 | D-7 | D-6 | B-5 | A-4 | B-3 | D-2 | B-1 |
| C-20 | B-19 | D-18 | A-17 | D-16 | B-15 | B-14 | C-13 | C-12 | B-11 |
| A-30 | D-29 | B-28 | C-27 | A-26 | B-25 | D-24 | D-23 | C-22 | A-21 |
| | | | | A-36 | D-35 | A-34 | C-33 | B-32 | C-31 |



چاپخانەی توانا 07828350088

## قۆناغـــــی جێگیربوونی ڕۆمان

پ/ ڕۆمانی ژانی گەل و پیشمەرگە هی کێن و کەی چاپکراون ؟ وە باس لەچی دەکەن ؟

و/ ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) هی ( ڕەحیمی قازی ) یەو لـەساڵی ( ١٩٦٠ ) لە ( بـەغـداد ) چاپکراوە . بـــاس لەســـەردەمی ( کۆماری کوردستان ) ، وەنوسەریش یەکێك بووە لەو کەسانەی لەناو کۆمارەکە بووە .

وە ڕۆمانی ( ژانی گەل ) یش هی ( برایم ئەحمەد ) ە ، لەساڵی ( ١٩٥٦ ) نوسراوە، بەڵام لەبەرنەبوونی دەرفەت لەساڵی ( ١٩٧٢ ) لە ( بەغداد ) چاپکراوە ، ئەم ڕۆمانە دەنگێکی زۆریدایەوە لەزۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا وتاری لەبارە وە بلاَوکرایەوە ،

پ/ شوکرمستەفا کام ڕۆمانی لەچ شێوەزارێك وەرگێڕایە سەر شێوەیەکی تر؟

و/ ( شوکر مستەفا ) ڕۆمانی ( قەڵای دم دم ) ی لەشێوەزاری کرما نجی ( سەروو ) وەرگێڕایە سەر کرما نجی ( خواروو )

پ/ زمان و ناوەڕۆکی ڕۆمان چۆن بوو لە سەردەمی جێگیربووندا؟

و/ لەو سەردەمەدا زمانی ڕۆمان زۆر تۆکمەو ڕەوان بوو ، خوێنەری بۆخۆی ڕادەکێشا،وەناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانانەش سیماو شەقلی خەباتی نەتەوایەتیان پێوە دیاربوو ، وە ڕووداوەکانیشان خۆماڵین و لەناو جەرگەی کۆمەڵەی کوردەواری دا هەڵێنجرابوون ،وەهەروەها شێوەی نوسینی ڕۆمانەکانیش زیاتر گێڕانەوەبوو ، دوور بوو لەتەکنیکی هاوچەرخ و تەم و مژو ئاڵۆزی .

## قۆنـــاغی گەشەسەندنی ڕۆمان

پ/ ئەو دوو دیاردە دڵخۆشکەرانە چین کە لەقۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا دەبینرێن؟

و/ لەقۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا دوودیاردە زۆربەڕوونی هەستیان پێدەکرا کەئەمانە بوون :

١_ زۆری ڕۆمانی خۆماڵی نوسراو بەزمانی کوردی لەچاو قۆناغەکانی پێشووتر .

٢_ ژمارەی ئەو ڕۆمانانەی کەلەزمانی بێگانە وە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی کوردی .

### گرینگترین ئەو ڕۆمانانەی بەزمانی کوردی نوسرابوون لە قۆناغی گەشەسەندندا :

١_ ( حسێن عارف ) هەردوو ڕۆمانی ( شار و ئەندێشەی مرۆڤێك )ی لەساڵی هەشتاکان . چاپکرد .

٢_ ( عەزیزی مەلا ڕەش ) هەردوو ڕۆمانی ( کوێخا سێوێ و غەوارە ) ی چاپکرد .

٣_ ( خەسرەو جاف ) هەردوو ڕۆمانی ( کۆردەرە و هیچ ) ی چاپکرد .

٤_ ( عەبدوڵڵا سەراج ) ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ) ی چاپکرد .

٥_ ( د. نافیع ئاکرەیی ) ڕۆمانی ( بوهژین ) ی چاپکرد .

٦_ ( محەمەد موکری ) ڕۆمانەکانی ( سەگوەر ، تۆڵە ، هەرەس ) لەشاخ دوور لەچاودێری حکومەت چاپکرد .

٧_ ( محەمەد کەریم عارف ) ڕۆمانی ( کۆچی سوور) لەشاخ دوور لەچاودێری حکومەت چاپکرد .

٨_ ( محەمەد ئۆزون ) ڕۆمانی ( مرنا کەلەکی ڕەند و هاوارا دیجلەیی ) بەکرما نجی سەروو چاپکرد .

پ/ لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشی زۆری ڕۆمانەکانی قۆناغی گەشەسەندن بریتی بوون لە چی؟

و / لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشی زۆری ڕۆمانەکانی قۆناغی گەشەسەندن بریتی بوون کێشە سیاسییەکان و نەتەوایەتییەکان وە هەروەها ، ژیانی پێشمەرگایەتی نێو شاخ بوو بە هەوێنی چاو هەڵێنانی ڕۆمان .

پ/ کام ڕۆمان نوس لەڕۆمانەکانیدا باس لەکێشەی گوند نیشینەکان دەکات ؟

و/ لەقۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا ، ( عەزیزی مەلا ڕەش ) لەڕۆمانەکانیدا باس لە( کێشەی گوند نیشینیان ) دەکات.

پ/ لە قۆناغی گەشەسەندا زمانی ڕۆمان چۆن بوو ؟ وە بایەخیان بەچی دەدا؟

و/لە قۆناغی گەشەسەندا زمانی ڕۆمان زیاتر زوڵاڵ و پوخت بوولەگەڵ دیاردەی گرنگی دان بەشێوە زاری ناوچەیی جوتیاران

پ/ لەقۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا ، ڕۆمان نوسەکان زۆر گرینگیان بەچی دە دا؟

و/ لەقۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا، ڕۆمان نوسەکان زۆر گرینگیان بە خۆ دواندن دەدا ( مەنەلۆگ )

پ/ ئەو ڕۆمان نوسانە کێ بوون کە کورد بوون و بەزمانی بێگانەدەیان نوسی ؟ وەڕۆمانەکانیان ناوی چ بوون ؟

و/ جگە لەو ڕۆمانە کوردیانەی کە هەبوون ، هەندێك لەڕۆمان نوسە کوردەکان ڕۆمانیان بەزمانی بێگانە دەنوسی کەگرینگترینیان بریتی بوون لە :

١_ یەشارکەمال ) بە تورکی دەینوسی،هەندێ ڕۆمانیشی کراون بەکوردی وەك ( ئەفسانەی چیایی ئاگری ، حەمەدۆك ،کاریتە )

٢_ سەلیم بەرەکات ) کەکوردێکی سوریایە ،بەزمانی عەرەبی دەینوسی ،ڕۆمانی ( پەڕ ، دڵشاد ) ی کراون بەکوردی .

٣_( ئیبراهیم یونسی ) بە فارسی دەنوسێت ، وەك ڕۆمانی ( دایکم دووجار گریا ) کراوە بەکوردی ، کەباسی ( ئەنفال )

٤_( عەبدوڵەجید لوتفی ) بەزمانی عەرەبی دەنوسێت ، وەك ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکە ) کەلەلایەن ( شوکر مستەفا ) کراوە بەکوردی .

پ/ ئایا ئەو ڕۆمانانەی کە بەزمانی بێگانە نوسراون بەکوردی دادەندرێن؟

و/ئەو ڕۆمانانە لەڕووی زمانەوە کوردی نین ، بەڵام لەڕووی ناوەڕۆکەوە بەشێکی زۆریان باسی خەباتی ڕەوای گەلی کوردن.

# هەڵبـــــــژاردن

١_ ڕەحیمی قازی کام لەم ڕۆمانانەی نوسیووە؟
A_ هەڵکشان بەرەو لوتکە B_ ژانی گەل C_ پێشمەرگە D_ سەگوەر

٢_ ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) کەساڵی ١٩٦٠ لە بەغداد چاپکراوە هی کام لەمانەیە
A_ برایم ئەحمەد B_ عەزیزی مەلا ڕەش C_ حسێن ارف D_ ڕەحیمی قازی

٣_ ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) ی ڕەحیمی قازی لە ساڵی ١٩٦٠ چاپکراوە لە :
A_ هەولێر B_ بەغداد C_ ئستەمبوڵ D_ شام

٤_ ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) ی ڕەحیمی قازی لەبەغداد چاپکراوە لە ساڵی :
A_ ١٩٦٠ B_ ١٩٦١ C_ ١٩٦٢ D_ ١٩٦٣

٥_ کام لەم ڕۆمانانە لە ساڵی ١٩٦٠ لەبەغداد چاپکراوە؟
A_ هەڵکشان بەرەولوتکە B_ ژانی گەل C_ پێشمەرگە D_ سەگوەر

٦_ ڕۆمانی ( پێشمەرگە ) ی ڕەحیمی قازی باس لە چ دەکات؟
A_ شۆڕشی ئەیلول B_ کۆماری کوردستان C_ کێشەی چینایەتی D_ شۆڕشی تەمموز

٧_ کام لەم ڕۆمانانە باس لەکۆماری کوردستان دەکات ؟
A_ پێشمەرگە B_ ژانی گەل C_ سەگوەر D_ هەڵکشان بەرەو لوتکە

٨_ ڕۆمانی ( ژانی گەل ) هی کێ یە؟
A_ برایم ئەحمەد B_ عەزیزی مەلا ڕەش C_ حسێن ارف D_ ڕەحیمی قازی

٩_ ڕۆمانی ( ژانی گەل ) ی برایم ئەحمەد نوسراوە لە ساڵی :
A_ ١٩٥٤ B_ ١٩٥٥ C_ ١٩٥٦ D_ ١٩٥٧

١٠_ ڕۆمانی ( ژانی گەل ) ی برایم ئەحمەد نوسراوە لە ساڵی١٩٥٦ بەلام لەبەرنەبوونی دەرفەت چاپکراوە لەساڵی :
A_ ١٩٧١ B_ ١٩٧٢ C_ ١٩٧٣ D_ ١٩٧٤

١١_ ( برایم ئەحمەد ) کام لەم ڕۆمانانەی نوسیووە ؟
A_ پێشمەرگە B_ ژانی گەل C_ سەگوەر D_ هەڵکشان بەرەو لوتکە

١٢_ کام ڕۆمانانە دەنگێکی زۆری دایەوەو ، وتاری زۆری لە بارەوە بلاَوکرایەوە؟
A_ پێشمەرگە B_ سەگوەر C_ ژانی گەل D_ هەڵکشان بەرەو لوتکە

١٣_ کێ ڕۆمانی ( قەلآی دم دم ) ی وەرگێرایە سەر شێوەزاری کرما نجی خواروو؟
A_ ڕەحیمی قازی B_ برایم ئەحمەد C_ حسین عارف D_ شوکر مستەفا

١٤_ شوکر مستەفا کام ڕۆمانی لەکرما نجی ژوورووە وە کردە کرما نجی خواروو؟
A_ هەواری B_ شڤانی کورد C_ قەلآی دم دم D_ گوندێ مێرخاسا

١٥_ شوکر مستەفا ڕۆمانی (قەلآی دم دم ) ی لەکرما نجی ژوورووە وە وەرگێرایە سەر
A_ شێوەی هەورامی B_ شێوەی کرما نجی خواروو C_ زمانی ئینگلیزی D_ زمانی عەرەبی

١٦_ شوکر مستەفا ڕۆمانی (قەلآی دم دم ) ی لەکام لەمانە وەرگێرایە سەر کرما نجی خواروو؟
A_ شێوەی کرما نجی سەروو B_ شێوەی هەورامی C_ زمانی ئینگلیزی D_ زمانی عەرەبی

١٧_ لەکام قۆناغی ڕۆماندا، زمانی ڕۆمان زۆر تۆکمەو ڕەوان بوو ، خوێنەری بۆخۆی ڕادەکێشا؟
A_ سەردەمی سۆفیەت B_ قۆناغی جێگیربوون C_ سەرهەڵدان D_ گەشەسەندن



چاپخانەی توانا 07828350088

١٨_ له قۆناغی جێگیربوونی ڕۆماندا زمانی ڕۆمان چۆن بوو؟
A_ سادەو ساکار بوو B_ کەمێك تۆکمەبوو خوێنەر حەزی پێنەدەکرد
C_ زۆر تۆکمەو ڕەوان بوو ، خوێنەری بۆخۆی ڕادەکێشا D_ خوێنەری بۆخۆی ڕادەکێشا لەبەر سادەی

١٩_ ڕووداوی ناو ڕۆمانەکان ، خۆماڵی بوون و لەناو جەرگەی کۆمەڵەی کوردەواری دا هەڵێنجرابوون ، له قۆناغی:
A_ سەردەمی سۆفیەت B_ سەرهەڵدان C_ گەشەسەندن D_ قۆناغی جێگیربوون

٢٠_ لەسەردەمی جێگیربوونی ڕۆمان ڕووداوەکان لەچیەوە هەڵێنجرابوون ؟
A_ ناوجەرگەی کۆمەڵەی کوردەواری B_ ڕووداوە مێژوویە جیهانیەکان C_ کێشەی چینایەتی D_ ڕۆمانە بیانیەکان

٢١_ شێوەی نوسینی ڕۆمانەکان زیاتر گێرانەوەبوو ، دوور بوو لەتەکنیکی هاوچەرخ و تەم و مژو ئاڵۆزی له :
A_ سەردەمی سۆفیەت B_ قۆناغی جێگیربوون C_ سەرهەڵدان D_ گەشەسەندن

٢٢_زۆری ڕۆمانی خۆماڵی و زۆری ڕۆمانە وەرگێردراوەکان دوو دیاردەی دڵخۆشکەری کام قۆناغی ڕۆمانن؟
A_ سەردەمی سۆفیەت B_ قۆناغی جێگیربوون C_ سەرهەڵدان D_ گەشەسەندن

٢٣ _ له قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا دوو دیاردەی دڵخۆشکەر دەبینرێن کەبریتین له :
A_سەرهەڵدانی چاپەمەنی و شۆڕشی ئەیلول B_ سەرهەڵدانی ڕۆمان نوسی ژن و گەنج
C_ سەرهەڵدانی چاپەمەنی و ڕۆماننوسی ژن D_ زۆربونی ڕۆمانی خۆماڵی و وەرگێردراو

٢٤_ ( حسێن عارف ) کام لەم ڕۆمانانەی نوسی لە هەشتاکاندا؟
A_ کوێخای سێوێ و غەوارە B_ شار و ئەندێشەی مرۆڤێك C_ تۆڵەو هەرەس D_ کۆرەدەرەو هیچ

٢٥_ ڕۆمانەکانی ( شارو ئەندێشەی مرۆڤێك ) هی کام لەمانەیە ؟
A_ عەزیزی مەلا ڕەش B_ عەبدوڵلا سەراج C_ خەسرەو جاف D_ حسێن عارف

٢٦_ ( عەزیزی مەلا ڕەش ) کام لەم ڕۆمانانەی چاپکرد ؟
A_ کوێخای سێوێ و غەوارە B_ شار و ئەندێشەی مرۆڤێك C_ تۆڵەو هەرەس D_ کۆرەدەرەو هیچ

٢٧ _ ڕۆمانەکانی ( کوێخای سێوێ و غەوارە ) هی کام لەمانەیە ؟
A_ عەبدوڵلا سەراج B_ محەمەد موکری C_ عەزیزی مەلا ڕەش D_ محەمەد ئوزون

٢٨_ ( خەسرەو جاف ) کام لەم ڕۆمانانەی چاپکرد ؟
A_ کوێخای سێوێ و غەوارە B_ شار و ئەندێشەی مرۆڤێك C_ تۆڵەو هەرەس D_ کۆرەدەرەو هیچ

٢٩ _ ڕۆمانەکانی ( کۆرەدەرەو هیچ ) هی کام لەمانەیە ؟
A_ عەبدوڵلا سەراج B_ محەمەد موکری C_ خەسرەو جاف D_ محەمەد ئوزون

٣٠_ ( عەبدوڵلا سەراج ) کام لەم ڕۆمانەی چاپکرد ؟
A_ کوێخای سێوێ B_ هەڵکشان بەرەو لوتکە C_ تۆڵە D_ کۆرەدەرە

٣١ _ ڕۆمانی ( هەڵکشان بەرەو لوتکە ) هی کام لەمانەیە ؟
A_ عەبدوڵلا سەراج B_ محەمەد موکری C_ خەسرەو جاف D_ محەمەد ئوزون

٣٢_ ( د. نافع ئاکرەی ) کام لەم ڕۆمانەی چاپکرد ؟
A_ کوێخای سێوێ B_ مرنا کالەکی ڕەند C_ بوهژێن D_ هەوارا دیجلەیێ

٣٣ _ ڕۆمانی ( بوهژێن ) هی کام لەمانەیە ؟
A_ د. نافع ئاکرەیی B_ عەبدوڵلا سەراج C_ محەمەد کەریم عارف D_ محەمەد ئوزون

٣٤_ کام لەم ڕۆمانانە له شاخ و دوور لەچاودێری حکومەت چاپکراوە؟
A_تۆڵە B_ سەگوەر C_ هەرەس D_ هەرسێکیان


چاپخانەی توانا 07828350088

٣٥_ ( محەمەدموکری ) کام لەم ڕۆمانانەی چاپکرد ؟

A_ کوێخای سێوێ و تۆڵە B سەگوەر و تۆڵەو هەرەس C _ کۆدەرەو شار D_ بوهژین وغەواره

٣٦_ ڕۆمانی ( سەگوەر و تۆڵەو هەرەس ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ محەمەدموکری B_ محەمەد کەریم عارف C _ د. نافع ئاکرەیی D_ محەمەد ئۆزون

٣٧_ ( محەمەد موکری ) هەرسێ ڕۆمانی ( سەگوەر و تۆڵەو هەرەس ) ی چاپکرد لە :

A_ شار B_ شاخ C_ بەغداد D_ ئیستەمبوڵ

٣٨_ کام لەم ڕۆمانانە لە شاخ و دوور لەچاودێری حکومەت چاپکراوە؟

A_ کوێخای سێوێ B_ بوهژین C_ کۆچی سور D_ هەرسێکیان

٣٩_ ( محەمەد کەریم عارف ) کام لەم ڕۆمانەی چاپکرد ؟

A_ کوێخای سێوێ B_ شار C _ غەواره D_ کۆچی سوور

٤٠_ ڕۆمانی ( کۆچی سور ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ محەمەدموکری B_ محەمەد کەریم عارف C _ د. نافع ئاکرەیی D_ محەمەد ئۆزون

٤١_ ( محەمەد کەریم عارف ) ڕۆمانی ( کۆچی سوری ) ی چاپکرد لە :

A_ شار B_ شاخ C_ بەغداد D_ ئیستەمبوڵ

٤٢_ ( محەمەد ئۆزون ) کام لەم ڕۆمانانەی لە ئەوروپا چاپکرد ؟

A_ کۆدەرەو شار B_ بوهژین وغەواره C _ شارو تۆڵە D_ هەوارا دیجلەیێ و مرنا کالەکی ڕەند

٤٣_ ڕۆمانەکانی ( هەوارا دیجلەیێ و مرنا کالەکی ڕەند ) هی کام لەمانەیە ؟

A_ محەمەدموکری B_ محەمەد کەریم عارف C _ د. نافع ئاکرەیی D_ محەمەد ئۆزون

٤٤_ ( محەمەد ئۆزون ) هەردوو ڕۆمانی مرنا کالەکی ڕەند و هەوارا دیجلەیێ ) ی چاپکرد بە شێوە زاری :

A_ کرمانجی خواروو B_ لوری C_ کرمانجی سەروو D_ هەورامی

٤٥_ ڕۆمانەکانی ( ژانی گەل و پێشمەرگە ) یەکێکن لەو ڕۆمانانەی چاپکران لە :

A_ سەردەمی سۆفیەت B_ قۆناغی جێگیربوون C_ سەرهەڵدان D_ گەشەسەندن

٤٦_ ڕۆمانەکانی ( سەگوەروتۆڵەو مرنا کالەکی ڕەندو بوهژین ) یەکێکن لەو ڕۆمانانەی چاپکران لە :

A_ سەردەمی سۆفیەت B_ قۆناغی جێگیربوون C_ سەرهەڵدان D_ گەشەسەندن

٤٧_ لە گرینگترین ڕۆمان نوسەکانی قۆناغی جێگیربوونی ڕۆمان:

A_ محەمەد ئۆزون و محەمەد موکری B_ د . نافع ئاکرەیی و خەسرەو جاف

C_ برایم ئەحمەد و ڕەحیمی قازی D_ عەبدوڵلا سەراج و عەزیزی مەلا ڕەش

٤٨_ لە گرینگترین ڕۆمان نوسەکانی قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆمان:

A_ ڕەحیمی قازی و محەمەد موکری B_ د . نافع ئاکرەیی و خەسرەو جاف

C_ برایم ئەحمەد و ڕەحیمی قازی D_ عەبدوڵلا سەراج و برایم ئەحمەد

٤٩_ لەڕۆمانەکەیدا باس لەکێشەی گوند نیشانی کردووە:

A_ محەمەد موکری B_ عەزیزی مەلا ڕەش C_ برایم ئەحمەد D_ عەبدوڵلا سەراج

٥٠_ لەکام قۆناغی ڕۆماندا باس لەکێشەی گوند نیشینان کراوە؟

A_ گەشەسەندن B_ سەردەمی سۆفیەت C_ قۆناغی جێگیربوون D_ سەرهەڵدان

٥١_ کەی ڕۆمان نوسان گرینگیان بە خۆدواندن ( مەنەلۆگ ) داوە؟

A_ سەردەمی سۆفیەت B_ قۆناغی جێگیربوون C_ گەشەسەندن D_ سەرهەڵدان


چاپخانەی توانا 07828350088

٥٢ _ لە قۆناغی گەشەسەندنی ڕۆماندا ڕۆماننوسەکان زۆرگرینگیان بەکام لەمانە دەدا؟

A _ دیالۆگ B _ مەنەلۆگ C _ وەرگێرانی ڕۆمان D _ نوسین بەزمانی بێگانە

٥٣ _ لەرووی ناوەرۆکەوە بەشی زۆری ڕۆمانەکانی قۆناغی گەشەسەندن بریتی بوون لە :

A _ کێشەی ئافرەت B _ لاسایی کردنەوەی بێگانە C _ سروشتی کوردستان D _ کیشە سیاسیەکان و نەتەوایەتیەکان

٥٤ _ لەکام قۆناغی ڕۆماندا بابەتەکانیان بەزۆری خەباتی سیاسی و ژیانی پێشمەرگایەتی نێو شاخ بوو؟

A _ گەشەسەندن B _ سەردەمی سۆفیەت C _ قۆناغی جێگیربوون D _ سەرهەڵدان

٥٥ _ یەشارکەمال ڕۆمانی دەنوسی بەزمانی :

A _ ئینگلیزی B _ فەرەنسی C _ عەرەبی D _ تورکی

٥٦ _ ڕۆمانەکانی ( حەمەدۆك و چیایی ئاگرین و ئەفسانە و کاریتە ) ی یەشارکەمال نوسراون بە زمانی :

A _ عەرەبی B _ تورکی C _ فەرەنسی D _ عەرەبی

٥٧ _ کام لەم ڕۆمانانە بە تورکی نوسراون؟

A _ دایکم دوو جار گریا و پەڕ B _ پەڕو دڵشاد C _ حەمەدۆك و کاریتە D _ کۆچی سور و سەگوەر

٥٨ _ کام لەم ڕۆمان نوسە کوردانە بە زمانی تورکی ڕۆمانی دەنوسی؟

A _ یەشار کەمال B _ سەلیم بەرەکات C _ ئیبراهیم یونسی D _ عەبدولەجید لوتفی

٥٩ _ ڕۆمانەکانی ( حەمەدۆك و چیایی ئاگرین و ئەفسانە و کاریتە ) هی کام لەمانەن ؟

ب _ ئیبراهیم یونسی B _ عەبدولەجید لوتفی C _ یەشار کەمال D _ سەلیم بەرەکات

٦٠ _ ڕۆمانەکانی ( پەڕ ، دڵشاد ) هی کام لەمانەن ؟

A _ یەشار کەمال B _ ئیبراهیم یونسی C _ عەبدولەجید لوتفی D _ سەلیم بەرەکات

٦١ _ سەلیم بەرەکات بە چ زمانێك ڕۆمانی دەنوسی؟

A _ عەرەبی B _ تورکی C _ فارسی D_ ئینگلیزی

٦٢ _ کام لەم ڕۆمان نوسە کوردانە بە زمانی عەرەبی ڕۆمانی دەنوسی؟

A _ یەشار کەمال B _ سەلیم بەرەکات C _ ئیبراهیم یونسی D _ عەبدولەجید لوتفی

٦٣ _ ڕۆمانەکانی ( پەڕ ، دڵشاد ) ی سەلیم بەرەکات نوسراون بە زمانی :

A _ عەرەبی B _ تورکی C _ فارسی D _ عەرەبی

٦٤ _ ڕۆمانی ( دایکم دووجار گریا ) هی کام لەمانەن ؟

A _ یەشار کەمال B _ ئیبراهیم یونسی C _ عەبدولەجید لوتفی D _ سەلیم بەرەکات

٦٥ _ ( ئیبراهیم یونسی ) بە چ زمانێك ڕۆمانی دەنوسی؟

A _ عەرەبی B _ تورکی C_ فارسی D_ ئینگلیزی

٦٦ _ کام لەم ڕۆمان نوسە کوردانە بە زمانی فارسی ڕۆمانی دەنوسی؟

A _ یەشار کەمال B _ سەلیم بەرەکات C _ ئیبراهیم یونسی D _ عەبدولەجید لوتفی

٦٧ _ ڕۆمانی ( دایکم دوو جار گریا ) ی ئیبراهیم یونسی نوسراون بە زمانی :

A _ عەرەبی B _ تورکی C _ فارسی D _ عەرەبی

٦٨ _ ڕۆمانەکانی ( دایکم دوو جار گریا ) ی _ ئیبراهیم یونسی باس لە چی دەکات ؟

A _ ئەنفال B _ کیمیابارانی هەڵەبجە C _ کۆماری کوردستان D _ خەباتی سیاسی

٦٩ _ کام لەم ڕۆمانانە باس لە ( ئەنفال ) دەکات؟

A _ حەمەدۆك B _ ژانی گەل C _ هاوارا د یجلەیێ D _ دایکم دوو جار گریا

٧٠_ ( عەبدولەجید لوتفی ) بە چ زمانێك ڕۆمانی دەنوسی؟

A_ عەرەبی B_ تورکی C_فارسی D_ئینگلیزی

٧١_ کام لەم ڕۆمان نوسە کوردانە بە زمانی عەرەبی ڕۆمانی دەنوسی؟

A_ یەشار کەمال B_ عەبدولەجید لوتفی C_ سەلیم بەرەکات D_ ئیبراهیم یونسی

٧٢_ ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکە ) ی عەبدولەجید لوتفی نوسراون بە زمانی :

A_ ئینگلیزی B_ تورکی C_ فارسی D_ عەرەبی

٧٣_ ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکە ) ی عەبدولەجید لوتفی لەلایەن شوکرمستەفاوە کراوە بە زمانی :

A_ کوردی B_ تورکی C_ فارسی D_ عەرەبی

٧٤_ ڕۆمانی ( پێشبینی لێزانە قەرەجەکە ) ی عەبدولەجید لوتفی کراوە بە کوردی لەلایەن :

A_برایم ئەحمەد B_ ڕەحیمی قازی C_ شوکر مستەفا D_ محەمەد موکری

٧٥_ کام لەم ڕۆمانە کراوە بەکوردی لەلایەن شوکرمستەفاوە؟

A_ دایکم دووجار گریا B_ پێشبینی لێزانە قەرەجەکە C_ پەڕ D_ چیایی ئاگری

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | C-9 | A-8 | A-7 | B-6 | C-5 | A-4 | B-3 | D-2 | C-1 |
| A-20 | D-19 | C-18 | B-17 | A-16 | B-15 | C-14 | D-13 | C-12 | B-11 |
| B-30 | C-29 | D-28 | C-27 | A-26 | D-25 | B-24 | D-23 | D-22 | B-21 |
| B-40 | D-39 | C-38 | B-37 | A-36 | B-35 | D-34 | A-33 | C-32 | A-31 |
| A-50 | B-49 | B-48 | C-47 | D-46 | B-45 | C-44 | D-43 | D-42 | B-41 |
| D-60 | C-59 | A-58 | C-57 | B-56 | D-55 | A-54 | D-53 | B-52 | C-51 |
| A-70 | D-69 | A-68 | C-67 | C-66 | C-65 | B-64 | D-63 | B-62 | A-61 |
| | | | | | B-75 | C-74 | A-73 | D-72 | B-71 |

# ڕەوانبێژی


ڕەوانبێژی

## كورتەیەك لەبارەی ڕەوانـبێژی و پێناسەی

**ڕەوانبێژی :** بریتیە لەوەی کەقسەو هۆنراوەو دەقە ئەدەبیەکان جوان و ڕەوان و چێژ بەخش بن بۆگوێگرو خوێنەر و بینەرو وەرگر ، واتـا جوانکردن و ڕازاندنەوەی دەقە ئەدەبیەکانە .

## هەندێك لەسیمایەکانی ڕەوانبێژی :

١_ ڕەوانبێژی پێوانەیە و واتا ناتوانین شتی بۆ زیاد و کەم بکەین .

٢_ ڕەوانبێژی لەسنوری ڕستەدا تێپەڕ ناکات ، واتا کار لەسەر ڕستە دەکات .

٣_ ڕەوانبێژی زیاتر پەیوەندی بەخوێنەرو وەرگرو گوێگرەوە هەیە .

**تێبینی :** بەرهەمی شاعیران کەدروست دەبێت، دەبێت ڕەوانبێژی تێدا بێت جا شاعیر هەستی پێ بکا یان نا .

## بنەڕەتەکانی ڕەوانبێژی

## یەکەم ڕەگەز دۆزی

**ڕەگەز دۆزی :** بریتی یە لەوەی دوو وشەیان زیاتر لەڕستەدا وەکو یەك بن یان لەیەك نزیك بن بەڵام لەمانادا جیابن . دەکرێتە دوو بەش :

**ا_ ڕەگەزدۆزی تەواو :** بریتی یە لەوەی دوو وشە ڕێك وەکو یەك بن لەمانە ( جۆری پیت ، ژمارەی پیت ڕیزبوونی پیت ) بەڵام لەواتـادا جیابن . نمونە :

داخی حەسرەت نەقشی کێشا ئەمساڵ لەسینەما
بۆئەوانەی ڕائەکەن و سەربەست ئەچن بۆسینەما

ڕەگەزدۆزی تەواو لەهەردووك وشەی سینەمادا هەیە کەڕێك وەکو یەکن بەڵام واتـایان جیایە
( سینەما لەنیوە دێری یەکەم واتـا سنگی من ، دووەمیان واتـا شانۆ )

نمونەی تر :

ئەوەی ڕێـگەی لەکوردەکان گۆڕی
لەعنەتی خودا لەئەلحەدو گۆڕی

ڕەگەزدۆزی تەواو لەهەردووك وشەی گۆڕی دا هەیە کەڕێك وەکو یەکن بەڵام واتـایان جیایە
( گۆڕی لەنیوە دێری یەکەم واتـا ڕێگە گۆڕین ، دووەمیان واتـا قەبر )

**ب _ ڕەگەزدۆزی ناتەواو:** بریتی یە لەوەی کەدوو وشەوەك یەك بن تەنها لەیەکێك لەمانەجیاواز بن ( جۆری پیت ، ژمارەی پیت ، ڕیزبوونی پیت) نمونە :

مەروانە ئەمرۆ کەبەرومەت گوڵی تاکی
بـــڕوانە سبەی کەلەنێو دامەنی خاکی

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەهەدوو وشەی ( تاك ، و ، خاك ) دا هەیە لەجۆری پیت .

نمونەی تر:

مەعشوق تویی ب فەخرو نازی
عاشق تویی لێك بیٚ نیــــازی

ڕەگەزدۆزی ناتەواو لەهەدوو وشەی ( ناز و نیاز ) دا هەیە لەژمارەی پیت .

## راهــێنـــان

لەم دێرە هۆنراوانە خوارەوەدا ڕەگەز دۆزی دەربهێنەو جۆرەکەش دیاربکە .

| ژمارە | دێرە هۆنراوە | ڕەگەزدۆزی و جۆرەکەی |
|---|---|---|
| ١ | ئەی خامە تەژی گەلەك دریێژکر<br>ئەڤ نامە بەسە تە پـــڕ قریێژکر | لەهەردوو وشەی ( دریێژ ، قریێژ ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە جۆری پیت |
| ٢ | ئێمە هەر چەندە قەومێـکی زۆرین<br>بەڵام چونکە قەومێکی خـۆخۆرین<br>بۆیە دائیما والەدەستـــــــی زۆرین | دووجار وشەی ( زۆر ) هاتووە،لەیەکەمیـــان واتا بەژمارە زۆرین ،لەدووەمیان :واتا زۆرداری ، وەرگەزدۆزی ناتەواویش هەیە لەنێوان هەردوو وشەی ( زۆر ، خۆر )لەجۆری پیت. |
| ٣ | کاوە کەهەڵی کرد ئـــاڵا<br>گەل لەقەلای زۆردار ئاڵا | دووجار وشەی ( ئاڵا ) هاتووە،لەیەکەمیان واتا( عەلەم ) ،لەدووەمیان واتا ، ( لیٚ ئاڵان ) لول بون ، ڕەگەزدۆزی تەواوە |
| ٤ | شکانیا کەما نجەی دەستـــم<br>بەلاَم زوو فریاکەوت هەستم | لەهەردوو وشەی ( دەست ،هەست ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە جۆری پیت |
| ٥ | ئەم وەتەن و ئـــاو و گڵـــە<br>پشت و ئەژنۆ و جەرگ ودڵە | لەهەردوو وشەی ( گڵ ، دڵ ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە جۆری پیت |
| ٦ | قژ کاڵی ، لێو ئاڵی ، پرشنگی نیگا کاڵ<br>ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختیٚ ئاڵ | لەهەردوو وشەی ( کاڵ ، ئاڵ ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو هەیە لە جۆری پیت |

ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی

## دووەم لێکچواندن

**لێکچواندن :** بریتی یە لەبەرزکرنەوەو بەراوردکردنی شتێك بەرامبەر شتێکی تر ، بەقسەی ئەدەبی ، وەچەسپاندنی سیفەتی شتێك لەشتێکی دی . کە چوار بنەمای هەیە :

١_ ( لیٚ چوو ) بنەڕەتی سەرەکی باسەکەیەو یان لێکچواندنەکەیە .

٢_( لەوچوو ) بنەڕەتێکە بۆ پشتگیری ( لیٚ چوو ) بەکاردێت ، کەبەراوردەکەی لەسەر ئە نجام دەدرێت .

٣_ ( ئەوزار ) ئەو وشەیەکە دوو بنەڕەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوە کەئەمانەن : ( وەکو ، چەشنی ، دەڵیٚ ، هەروەك ، بزەبت ، وێنەی ، عەینی ، وەك ، لەودەکا ، ئاسا ، شوبە ، نمونە ، چون ، هتد..... )

٤_ ( ڕووی لێکچوون ) ئەو سیفەتە هاوبەشەیە کەلەنێوان ( لیٚ چوو لەوچوو ) دا هەیە .

نموونە :

یارم وەکو مانگە لەجوانیدا

لیٚ چوو | ئەوزار | لەوچوو | ڕووی لێکچوون

## بنەڕەتە باسکراوەکان :

١_ دەکرێت هەموو بنەڕەتەکان هاتبن . وەك نمونەکەی سەرەوە و ئەم نمونەیەی خوارەوە :

منیش ئارەزووی ئەوسام نەماوە عەشقم گۆڕاوە

دڵم هەروەکو گوڵی بیٚ باران سیس و ژاکاوە

لێچوو | ئەوزار | لەوچوو | ڕووی لێکچوون

٢_ دەکرێت سیٚ بنەڕەت هاتبن بەدوو شێوە :

ا_ دەکرێت ( لێچوو . لەوچوو ، ئەوزار ) هەبن واتا ڕووی لێکچوون نەهاتبیٚ .

بۆنمونە

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکت

شەرابم عەینی زەهری مارە بیٚ تۆ

لێچوو | ئەوزار | لەوچوو

ب_ وە دەشكرێت بنەڕەتەكان ( لێچوو ، لەوچوو ، ڕووی لێكچوون ) بن ، واتا ئەوزار نەهاتبێت .

بۆ نمونە :

لێچوو لەوچوو ڕووی لێكچوون

كـــــــوڕ ئـــــاینەی جەمالی زاتن

كـــەچ مەزهـەرێ پورتەوا صیفاتن

٣_ دەكرێت تەنها ( لێچوو و لەوچوو ) هەبن ، واتا ئەوزار و ڕووی لێكچوون نەهاتبن

بۆ نموونە :

دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێكی وابووم مژدە بێ بـــــاری

ســـــەرم بەفـــرە كەچی هێشتا شەرە تۆپەڵمە بۆ یاری

لێچوو لەوچوو

## راهـــێنـــان

لەم دێرە هۆنراوانەی خوارەوەدا لێكچواندن دەربهێنەو بنەمایەكانیشیان لێك جیابكەوە .

١_

لێچوو ، لەوچوو ، لێچوو ، لەوچوو لێچوو

ئـــەمن كـــێوم ، ســـەرم شـــاخە ، هەناسەم

نەسیـــمە ، چاوەكـــانی ، میـــزەرم تـــەم

لەوچوو

٢_

لێچوو ئەوزار لەوچوو ڕووی لێكچوون

قـــەلبێ مـــە شوبـهـــێ زێـــڕی ژ فەیـــزاتە جەلاگـــرت

مـــا ڕووســـیە و سیـــفر ســـیفەت ڕەنگـــێ ســـەداگرت

ڕەوانبێژی

٣_ چ سـرپێکت لەناو دڵدا حەشــاردراوە بـە پەنهایـی

کەچـاوت چەشـنی ئاوێنـە وەها بێ پەردە درکانی

لێچوو ئەوزار لەوچوو

٤_ ئەوزار لەوچوو رووی لێکچوون لێچوو

تاکەی چـوون مەجنـــوون وێـــلی هـــەردان بـــم ؟

تـــــاکـەی خـــەمـــــزە دەی بـــاری هیجران بـــم؟

٥_ لێچوو ئەوزار لەوچوو

بەژن و باڵاکەت نمـــونەی هەیـکەلی یۆنانییە

لارو لـە نجەت ، مۆسیقایە ، بەستەیە ، گۆرانییە

لێچوو لەوچوو ، لەوچوو ، لەوچوو

٦_ لەوچوو لێچوو لەوچوو

نەیـــلوفـــەر دل ، تـــو ئـــافـــتابی

تـــەن شبـــهێ کــەتـــان ، تو ماهتابی

لێچوو ئەوزار لەوچوو لەوچوو

ڕەوانبێژی

## سێیــــەم : خواســـتن

**خواستن :** بریتی یە لەو وشەیەی کەجگە لەمانای سەرەکی خۆی واتایەکی تری خوازراویشی هەیە . دەکرێتە دوو جۆرکە :

**١_ خواستنی ئاشکرا :** ئەو خواستنەیە کە لەدوو بنەما بنچینەیەکانی لێکچواندن تەنیا ( لەوچوو ) هاتبێت .

**تێبینی:** لەم جۆرەدا بەزۆری ئەم وشانە هەن ( مانگ ، سێو ، پرتەقاڵ ، نارنج ، هەرمێ ، وە ئەو شتانەی لە جێی بەشەکانی جەستەی ئا فرەت و لەجێی ئافرەت بەکاردێن )

نمونە :

گوتم ئەی مانگ دڵەکەی من بەدڵەکەی خۆت بکرە

گــــــــوتی بەردی بەقـــیمەت من بەکەبابی نادەم

لەو چوو

کەسەکە وەکو مانگ وایە

لێچوو ، لەوچوو ( لێرەداخواستن لە وشەی( مانگ ) دایە و کەجگە لەواتای سەرەکی خۆی واتایەکی تری خوازراوی هەیەکە لەجیاتی کەسێکی بەکارهێناوە ، وەچونکە ( لەوچوو هەیە ، لێچوو فرێ دراوە و خواستنی ئاشکرایە )

نمونەیەکی تر :

هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین

ئاڵتـــونی دار ئـــەرژێ بــــگرین

لەو چوو

گەڵای دار وەك ئاڵتونە

لێرەدا شاعیر لەجیاتی ( گەڵا ) وشەیەکی تری خوارزاوی بەکارهێناوە ، کە ( ئاڵتونە ) واتا پێی وایە ( گەڵای دار وەك ئاڵتونە ) وەخواستەکەش خواستنی ئاشکرایە چونکە ( لەوچوو هەیە ، لێچوو فرێ دراوە )

**٢_ خواستنی درکاو :** بریتیە لەو خواستەی کە تەنها ( لێچوو ) هاتبێت .

**تێبینی :** لەم جۆرەیەندا بەزۆری سیفاتێك لەسیفاتەکانی مرۆڤ هەیە بەلام ناڵێ مرۆڤە . سیفاتەکان:

( گریان ، خەم ، لەرزین . پێکەنین ،سربوون ، دڵتەنگبوون... هتد ) ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤ ( ، پێ، دەم ، دەست ، لێو ، رومەت ... هتد ) وەبەجۆرێکی تر دەتوانین بیناسینەوە شتێکی دەورو بەر و سروشت بهێنن سیفاتێکی یان ئەندامێکی لەشی مرۆڤی تێدا جێگیربکەن. وەك: ( کانی پێی سربوو ، گوڵ دەلەرزی ، خونچە گوڵ پێدەکەنی ، ئاسمان گریا ، دەستی خەم )

نمونە

وانەزانی دەستی **خەم** یادێ لەدڵدا دەردەکا

**لێچوو**

ئەشکی خوێنینم دەلیلە بۆکەسێ باوەڕ نەکا

**خەم** وەك مرۆڤ دەستی هەیە

لێرە ا یەکسەر فکرو بیرمان بۆئەوە دەچێت کە ( کەغەم بەمرۆڤ چوێندراوە ) واتا ( **خەم وەك مرۆڤ دەستی هەیە** ) وە خواستن لەوشەی ( **دەستی خەم** ) دایە ، وە ( **لێچوو** ) هەیە ،( **لەوچوو** ) نیە بۆیە خواستەکە خواستی درکاوە .

## ڕاهــێنـان

لەم دێرە هۆنراوانەی خوارەوەدا خواستن دەربهێنەو بنچینەکەی ڕونبکەوە جۆرەکەشی دیاری بکە .

١_

لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ

**مانگێك** هاتـــە دەر پـــرلەخـــەت و خاڵ

**لەوچوو**

کەسەکە وەکو **مانگە**

وشەی خواستن لەم دێرە هۆنراوەیەدا لەوشەی ( **مانگ** ) دایە، چونکە مەبەستی لەمانگ کەسێکە یان ( **یار** ) ە کەیەتی ، کە( **لێچووە** ) ە کەیە کە فرێدراوە ) وە ( **مانگ** ) ( **لەوچووە** ) مادام **لەوچوو** هەیە ، خواستەکە( **خواستی ئاشکرایە** ).

٢_

**شێر** لەبێشکە دەرپەڕی دەست بە خە نجەر

ڕوو بە ڕووی ئەیدا لەزومرەی دوژمنــــــــان

**لەوچوو**

کەسەکە وەکو **شێر** دەرپەڕی دەست بە خە نجەر

وشەی خواستن لەم دێرە هۆنراوەیەدا لەوشەی( **شێر** ) دایە چونکە مەبەستی لەشێر کەسێکە یان ( جەنگاوەرێکە )

( کە **لێچوو** ) ەکەیە ،کە فرێدراوە ) وە ( **شێر** ) ( **لەوچووە** ) مادام لەوچوو هەیە ، خواستەکە( **خواستی ئاشکرایە** ).

ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی

_٣

ئەو هەردوو نیهالی عەرعەرا شەنگ

ڕوونیشتی میسالی غونچە دڵتەنگ

لێ چوو

غونچە وەکو مرۆڤ دڵتەنگ بوو

لێرە دا ( غونچەبەمرۆڤ چوێندراوە ) واتا ( غونچە وەکو مرۆڤ دڵتەنگ بوو ) وە خواستن لەوشەی ( غونچە ) دایە ، وە لێچوو هەیە ، ( لەوچوو )نیە بۆیە خواستەکە خواستی درکاوە .

_٤

ڕۆژتە ئەی بادی نەورۆزی لەبنی بەفری گران

کـــانی پێی سڕبوو ، چنـــاریش دەستی چوو

لێ چوو — لێ چوو

کانی وەکو مرۆڤ پێی هەیە — چنار وەکو مرۆڤ دەستی هەیە

لێرە دا ( کانی و چناربەمرۆڤ چوێندراون ) واتا ( کانی وەکو مرۆڤ پێی هەیە ) وە ( چناریش وەکو مرۆڤ دەستی هەیە ) خواستن لەهەردوو وشەی ( کانی و چنار ) دایە ، ،وە لە هەردووکیشیان ( لەوچوو ) نیە، ( لێچوو )هەیە بۆیە خواستەکە خواستی درکاوە .

_٥

ئەڵێن ساڵ دووازدە مانگە

من مانگە دی چواردە ساڵە

لەوچوو

کەسەکە وەکو مانگە

وشەی خواستن لەم دێرە هۆنراوەیەدا لەوشەی ( مانگ ) دایە چونکە مەبەستی لەمانگ کەسێکە یان ( یار ) ەکەیەتی ،کە ( لێچووە ) کەیە، کە فرێدراوە ) وە ( مانگ ) لەوچوو هەیە ، چونکە ( لەوچوو ) ش هەیە ،خواستەکە( خواستی ئاشکرایە )

ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی

_٦

چاوەكەم ئەمڕۆ لەگوڵ شەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەك نمەك گیربم بەمەرگی تۆقەسەم هیچ نەمنواند

لێچوو

یار وەكو گوڵ خۆی نواند

لێرە دا (گوڵ بەمرۆڤ چوێندراوە) واتا (گوڵ وەكو مرۆڤ خۆی نواند) وە خواستن لە وشەی (گوڵ) دایە ،وە (لەوچوو) نیە، (لێچوو) هەیە بۆیە خواستەكە خواستی دركاوە .

# هەڵبـــــــژاردن

١_ بریتی یە لەوەی دوو وشە یان زیاتر وەكو یەك بن یان لەیەك نزیك بن بەلاَم لەواتا جیاوازبن :

A_ جوانی بایس B_ ڕەگەزدۆزی C_ لێكچواندن D_ دژیەك

٢_ بریتی یە لەوەی دوو وشە ڕێك وەكو یەك بن بەلاَم لەواتا جیابن:

A_ دژیەكی ئەرێ B_ دژیەكی نەرێ C_ ڕەگەزدۆزی تەواو D_ ڕەگەز دۆزی ناتەواو

٣_ بریتی یە لەوەی دوو وشە وەكو یەك بن بەلاَم لە یەكێك لەمانە جیابن ( جوری پیت ، ژمارەی پیت ، ڕیزبوونی پیت ) :

A_ دژیەكی ئەرێ B_ دژیەكی نەرێ C_ ڕەگەزدۆزی تەواو D_ ڕەگەز دۆزی ناتەواو

٤_ چ بنەرەتێكی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە:

( ئەوەی ڕێگەی لەكوردەكان گۆڕی ***** لەعنەتی خودا لە ئەلحەدوگۆڕی )

A_ جوانی بایس B_ ڕەگەزدۆزی C_ لێكچواندن D_ دژیەك

٥_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

یەك زێدە شرین زیادە محبوب ***** یەك رووحی قلوب حووری مقلوب

A_دژیەكی نەرێ B_ڕەگەزدۆزی ناتەواو C_جوانی بایس D_تیَ هەڵكێش

٦_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

پیری بەتەنیا رەحمەتە ***** پیری و هەژاری زەحمەتە

A- لێكچواندن B-جوانی بایس C-ڕەگەزدۆزی تەواو D-ڕەگەزدۆزی ناتەواو

٧_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەدا هەیە؟ شكانیان كەما نجەی دەستم ** بەلاَم زوو فریاكەوت هەستم؟

A_لێكچواندن B_دژیەكی نەرێ C_ڕەگەزدۆزی نا تەواو D_جوانی بایس

٨_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

شب هجر لە روشن كە تو روحی ورر خوش ***** مە ژنو خوش كە ل سەر جهق شهیدین خو بمش

A- جوانی بایس B-لێكچواندن C-تێهەڵكێش D-ڕەگەزدۆزی تەواو




ڕەوانبێژی

٩_ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە ؟

دەمێکە بۆ یەکدی سەودا سەری یەکترین ***** وەك سەرسەرین شەوێك سەر ناکەینە سەرسەرین

A- خواستنی ئاشکرا B- ڕەگەزدۆزی تەواو C-تێهەڵکێش D-ڕەگەزدۆزی ناتەواو

١٠_ بریتی یە لە بەرزکردنەوەی شتێك بەرامبەر شتێکی تر ، بەقسەی ئەدەبی ، وەچەسپاندنی سیفەتی شتێك لەشتێکی تر :

A- جوانی بایس B-لێکچواندن C-تێهەڵکێش D-ڕەگەزدۆزی تەواو

١١_ کام لەمانە پێکدێت لە چوار بنەڕەت؟

A- لێکچواندن B- جوانی بایس C-خواستن D-دژیەك

١٢_ لێکچواندن لەچەند بنەڕەت پێکدێت؟

A_ دوو B_ سێ C_ چوار D_ پێنج

١٣_ لە بابەتی لێکچواندا بابەتی باسەکەیە لە هەموو بنەڕەتەکان لە پێشترە.

A- لێچوو B- لەوچوو C- ئەوزار D-ڕووی لێکچواندن

١٤_ لە بابەتی لێکچواندا کام لەمانە بۆ پشتگیری ( لێ چوو ) بەکاردێت؟

A_ ئەوزار B_ ڕووی لێکچوون C_ لەووچوو D_ هیچیان

١٥_ لە بابەتی لێکچواندا کام لەمانە سیفەت و لایەنی هاوبەشی نێوان هەردوو بنەڕەتە بنچینەییەکەی لێکچواندنە :

A- لێچوو B-ئەوزار C-لەوچوو D-ڕووی لێکچواندن

١٦_ لە بابەتی لێکچواندا کام لەمانە دوو بنەڕەتە بنچینەیەکەی لێکچواندن بەیەکەوە دەبەستێتەوە :

A- لێچوو B-ئەوزار C-لەوچوو D-ڕووی لێکچواندن

١٧_ کام لەمانە بنەڕەتی سەرەکین لە بابەتی لێکچواندا دەبێت هەبن ؟

A_ لێچوو و ئەوزار B_ ئەوزارو لەووچوو C_ لێ چوو و لەووچوو D_ لەوچوو و ڕووی لێکچوون

١٨_ کام وشە ( ڕووی لێکچوونە ) لە هۆنراوەی

( تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە ***** لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە )

A_ هەنگ B_ هەروەکو C_ ە D_ تێکۆشە

١٩_ کام وشە ( ئەوزارە ) لە هۆنراوەی ( تێکۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە *** لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە )

A_ هەنگ B_ هەروەکو C_ ە D_ تێکۆشە

٢٠_ کام وشە ( لێچووە ) لە هۆنراوەی

( مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە **** ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە )

A_ مەرگ و ژین B_ میسل C_ سێبەرو تاو D_ هەرناوە

٢١_ ( لەووچوو ) لەو دێرە هۆنراوەیە بریتی یە لەکام وشە؟

( منیش ئارەزووی ئەوسام نەماوە عەشقم گۆڕاوە *****دڵم هەروەکو گوڵی بێ باران سیس و ژاکاوە )

A_ گوڵی بێ باران B_ هەروەکو C_ دڵم D_ سیس و ژاکاوە

ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی



چاپخانەی توانا 07828350088

٢٢ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟ بەوێنەی نەچیر زامان ئاوەردم ** ئیش گولوولەی خەمباری وەردەم

A_ لێکچواندن B_ خواستنی درکاو C_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو D_ ڕەگەز دۆزی تەواو

٢٣ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

تاکەی چـــوون مەجنـــوون وێـــلی هـــەردان بـــم ؟ ***** تـــاکــەی خــەمـــزە دەی بـــاری هیجران بـــم؟

A_ دژیەکی نەرێ B_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو C_ لێکچواندن D_ جوانی بایس

٢٤ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەدا هەیە؟

دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدە بێ باری ***** سەرم بەفرەکەچی هێشتاشەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری

A_ دژیەکی ئەرێ B_ لێکچواندن C_ جوانی بایس D_ تێ هەلکێش

٢٥ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەدا هەیە؟

چ ســـرێکت لەناو دڵدا حەشـــــارداوە بـــە پەنهایـــی ***** کەچـــاوت چەشـــنی ئاوێنـــە وەها بێ پەردە درکانی

A_ جوانی بایس B_ لێکچواندن C_ ڕەگەزدۆزی تەواو D_ تێ هەلکێش

٢٦ _ ئەو بابەتە ڕەوانبێژییە کامەیە کە وشەیەك جگە لەمانای سەرەکی خۆی مانایەکی تری هەیە :

A_ جوانی بایس B_ لێکچواندن C_ ڕەگەزدۆزی D_ خواستن

٢٧ _ ئەو بابەتە ڕەوانبێژییە کامەیە کە ( لەووچوو ) هەبێت ( لێچوو ) نەبێت :

A_ خواستی درکاو B_ دژیەکی ئەرێ C_ خواستی ئاشکرا D_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو

٢٨ _ ئەو بابەتە ڕەوانبێژییە کامەیە کە ( لێچوو ) هەبێت ( لەووچوو ) نەبێت :

A_ خواستی درکاو B_ دژیەکی ئەرێ C_ خواستی ئاشکرا D_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو

٢٩ _ لە خواستنی ئاشکرادا کام بنەڕەتی لێکچواندن بەکاردێت ؟

A-لێچوو B_ لەوچوو C-ڕووی لێکچوون D-لەوچوو لێچوو

٣٠ _ لە خواستنی درکاودا کام بنەڕەتی لێکچواندن بەکاردێت ؟

A-لێچوو B_ لەوچوو C-ڕووی لێکچوون D-لەوچوو لێچوو

٣١ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟ئەلێن ساڵ دوازدە مانگە *** من مانگم دیت چواردە ساڵە

A_ خواستی درکاو B_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو C_ خواستنی ئاشکرا D_ جوانی بایس

٣٢ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

هەرچەندە گوڵ سیس ئەبێ بگرین ** ئاڵتوونی دار ئەرژێ بگرین

A_ ڕەگەزدۆزی تەواو B_ خواستی درکاو C_ دژیەکی نەرێ D_ خواستنی ئاشکرا





چاپخانەی توانا 07828350088

٣٣_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

لایدا سەرپۆش و پەرچەمی بای شەماڵ **** مانگێك هاتە دەر پڕ لە خەت و خاڵ

A- لێکچواندن    B-دژیەکی نەرێ    C-خواستن    D-ڕەگەزدۆزی تەواو

٣٤_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە

شێر لەبێشکە دەرپەڕی دەست بەخە نجەر **** ڕوو بە ڕوو ئەیدا لەزومرەی دوژمنـــــان

A_خواستنی ئاشکرا    B_ڕەگەزدۆزی تەواو    C_خواستی درکاو    D_دژیەکی نەرێ

٣٥_ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە ؟

ئیلاهی نەرگزا مەی مەست و نازك ** ژ دەستێ خوار و بەد خواهان بپارێز

A- ڕەگەزدۆزی تەواو    B-دژیەکی نەرێ و لێکچواندن    C-خواستن    D-جوانی بایس و خواستن

٣٦_ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەداهەیە؟

ئەو هەردوونیهالێ عەرعەرا شەنگ*******ڕوونیشتی میسالی خونچەدڵتەنگ

A_خواستنی ئاشکرا    B_ڕەگەزدۆزی تەواو    C_خواستی درکاو    D_دژیەکی نەرێ

٣٧_ چەند بنەمای لێکچواندن لەم دێرە هۆنراوەیەداهەیە :

منیـــش ئـــارەزووی ئەوسام نەماوە عەشقم گــــۆڕاوە *****دڵـــم هـــەروەکو گـــوڵی بێ باران سیـــس و ژاکاوە

A_ یەك    B_ دوو    C_ سێ    D_چوار

٣٨_ چەند بنەمای لێکچواندن لەم دێرە هۆنراوەیەداهەیە :

کـــــوڕ ئـــــاینەی جەماڵی زاتن **** کـــەچ مەزهـــەرێ پورتەوا صیفاتن

A_ یەك    B_ دوو    C_ سێ    D_چوار

٣٩_ چەند بنەمای لێکچواندن لەم دێرە هۆنراوەیەداهەیە :

دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدە بێ باری ***** سەرم بەفرەکەچی هێشتاشەرە تۆ پەڵە بۆ یاری

A_ یەك    B_ دوو    C_ سێ    D_چوار

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| B-10 | B-9 | D-8 | C-7 | D-6 | B-5 | B-4 | D-3 | C-2 | B-1 |
| A-20 | B-19 | D-18 | C-17 | B-16 | D-15 | C-14 | A-13 | C-12 | A-11 |
| A-30 | B-29 | A-28 | C-27 | D-26 | B-25 | B-24 | C-23 | A-22 | A-21 |
| | B-39 | C-38 | D-37 | C-36 | C-35 | A-34 | C-33 | D-32 | C-31 |

ڕەوانبێژی

ڕەوانبێژی

## چوارەم : دژ یەك

**دژ یەك :** بریتی یە لەوەی دوو وشە دژ و پێچەوانەی یەكتری بن وەك ( ناشرین و جوان ، گەورە و بچوك ، مردن و ژیان ) دوو جۆری هەیە كەبریتین لە :

**١_ دژیەكی ئەرێ :** ( فەرهەنگی یان قاموسی ) واتا ئەو دژیەكەیە، كە دوو وشەلەبنەڕەتدا دژ و پێچەوانەی یەكتر بن .

وەك : ( تاڵ و شیرین ، خەندە و گریان ،بەرز و نزم )

نمونە :

بـــەسروە دەڵێم فێنكم كاتەوە
خەمی كۆن و نوێم لەبیر باتەوە

لێرەدا دژیەكی ئەرێ لەنیوان هەردوو وشەی ( كۆن ، نوێ ) دا هەیە

نمونەی تر:

مـەژی بۆمردن ، بمرە بۆ ژیــــــان
چـۆن قازانج ئەكەی تانەكەی زیان

لێرەدا دژیەكی ئەرێ لەنیوان هەردوو وشەی ( مردن ، ژیان ) و ، وەهەردوو وشەی ( قازانج ، زیاندا ) هەیە .

**٢_ دژیەكی نەرێ :** ( نافەرهەنگی ) بریتی یە لەوەی كەدوو وشە دژیەكیەكەی سروشتی نی یەودروستكراوە بەهۆی نەرێكردن ، واتا ئێمە دروستیان دەكەین و بەهۆی ئامرازەكانەوە : وەك ( برۆ ،مەرۆ ، هات،نەهات ، خۆش ، ناخۆش ، هەیە، نی یە )

نمونە :

مـەژی بۆمردن ، بمرە بۆ ژیــــــان
چـــۆن قازانج ئەكەی تا نەكەی زیان

لێرەدا دژیەكی نەرێ لەنیوان هەردوو وشەی ( ئەكەی ، نەكەی ) هەیە .كە بەنەریكردن بونەتە دژیەك

نمونەی تر:

ئەی كوردی جەفا دیدە ، بەسە قەیدی ئەسارەت
نـــادان بەكوتەك حاڵی دەبێ ، دانا ئیشـــارەت

دژیەكی نەرێ لەنیوان هەردوو وشەی ( دانا ،نادان ) هەیە .كە بەنەریكردن بونەتە دژیەك

رەوانبێژی

رەوانبێژی

## راهـێنـان

لەم دێرە هۆنراوانەدا چ دژیەك هەیە دەربهێنە و جۆرەکەشی دیاری بکە .

١_ گەلێکم ڕۆژگاری تاڵ و شیرین ڕابـواردئـاخۆ
مەرگ مەودا دەدا دیسان ببینم سەردەمێکی تر

دژیەکی ئەریێ لەنێوان هەردوو وشەی ( تاڵ ، شیرین ) هەیە

٢_ ئەوەی ڕزقی موقـەڕەر ڕە بۆ خۆی دێ
سـەد دەفعـە بخوازێ یا نەخوازێ

دژیەکی نەریێ لەنێوان هەردوو وشەی ( بخوازێ ، نەخوازێ ) هەیە .کە بەنەریکردن بونەتە دژیەك

٣_ یارم لەئەندەرون هات و دەستی ڕەقیب لەدەستا
غـەمناك و شادمانم ڕەحمەت عەزابی هێـنا

دژیەکی ئەریێ لەنێوان وشەکانی ( یار ، ڕەقیب و غەمناك ، شادمان و ڕەحمەت ، عەزاب ) هەیە

٤_ نێرگزێن شەنگ و مەستن چەپ و ڕاست
سـاقیان جـام و دەستن چەپ و ڕاست

دوو جار دژیەکی ئەریێ لەنێوان هەردوو وشەی ( چەپ ، ڕاست ) هەیە .

٥_ لەگریەی زۆری من و خەندەی کەمی تۆ
هـەمـوو دنـیا بووەتە شیـن و ڕۆ ڕۆ

دژیەکی ئەریێ لەنێوان هەردوو وشەی ( گریە ، خەندە ) هەیە .

٦_ ئـەگەر دۆسـتم ئـەگەر دوژمـن
ئـەوەندەم تێگەیەنە کامـە یانم

دژیەکی ئەریێ لەنێوان هەردوو وشەی ( دۆست ، دوژمـن ) هەیە .

## پێنـجەم : جوانی بـایـس

جوانی بـایس : ئەوەیە کە ڕودانی دیاردەیەك لەدیاردەکان هۆیەکی ڕاستەقینەی خۆی هەیە ، بەلاَم شاعیر یان نوسەر هۆیە ڕاستەقینەکە بەلاوە دەنێت، هۆیەکی دیکەی هونەرمەندانەی بۆ دروست دەکات ، بۆ ڕازاندنەوەو جوانکردنی دەقەکە ، وە هۆکارەکەش زۆر دوورە لەڕاستی و دروستی خۆی، .

نمونە :

بەفریش لەشەرمی هەتاو

ئەتـــوایەوە ئەبـــوو بەئاو

جوانی بایس دروست بوە شاعیر حالَەتی ئاسایی توانەوەی بەفری بۆ هۆیەکی ناڕاستەقینە گەڕاندۆتەوە کە ( شەرم ) کرد نە لەهەتاو ، کەچی لەئەسڵدا پەیوەندی بەگەرمیی هەتاوەوە هەیە، بەلاَم شاعیربۆجوانکردنی شیعرەکە هۆیە ڕاستەکەی لاداوە ، هۆیەکی ناڕاستی بۆ دۆزیوەتەوە .

نمونەیەکی تر:

مانگی بەجێماو لەسەفەری شەو

زەرد لەترسی قاسپە قاسپی کەو

جوانی بایس هەیە لەم دێرە هۆنراوەیە ، لە زەرد بونی مانگدا و کەحالَەتێکی سروشتی و ئاسایە لەبەرەبەیاندا مانگ ڕەنگی زەردو گەشاوە دەبێت ، بەلاَم شاعیر هاتووە و هۆیە ڕاستەکەی لاداوە هۆیەکی تری ناڕاستی بۆ هێناوەتە کەدوورە لەڕاستی ئەویش ترسی قاسپەی کەوە .

### راهـــێنـــان

لەم دێرە هۆنراوانەدا جوانی بـایس دەربهێنەو دیاردەکەدەستنیشان بکەو هۆیە جوان و دروستکراوەکە ڕونبکەوە .

١_ لەترسی تەڵعەتی ، ڕۆژ هەروەکو شێت

بـــەڕوو زەردی هەلاَت و کەوتە کیـــوان

جوانی بایس لەوشەی ( ترسی تەڵعەتی ) دایە کە شاعیر هۆیە ڕاستە قینەی هەلاَتنی ئاسای ڕۆژی گەڕاندۆتەوە بۆ ترس لە هەلاَتن

٢_

شەماڵ لەترسی شنەی نسێی سەخت

پەنای بۆ باسـك و پێدەشت هێناوە

جوانی بایس لەوشەی ( ترسی سنەی نەسێی ) دایەهۆیە ڕاستە قینەی هەلکردنی ئاسای با لادراوە هۆیەکی تری بۆداندراوە.

٣

رەوانبێژی

نارنج و تورنج شوبهی زینێ
زەربویێ لەعیللەتا ئەڤینێ

جوانی بایس لەوشەی ( عیللەت ) دایە کە شاعیر هۆیە ڕاستە قینەی ڕەنگی ئاسایی زەردی نارنج وتورنج گەڕاندۆتەوە بۆ نەخۆشی بۆ خۆشەویستی ،

٤_

لەلێـــــواری حـــــەوزا گولاڵە و بەیبون
ساوان ، ئەلەرزن ، لەترسی نقوم بوون

لەم دێرە هۆنراوەدا ،جوانی بایس لەوشەی ( نقوم بوون ) دایە، کە شاعیر هۆیە ڕاستە قینەی لەرزین و لەرینەوەی گوڵ و گولاڵەکان کەحاڵەتێکی ئاسایە لا داوە ، هۆکارێکی تری ناڕاستی بۆ داناوە کەدووره لەڕاستی ئەویش ترسی نقوم بونە،

٥_

پــەڵەی گولاڵــە لە ترسی چنور
ناوجەرگەی سوتاو ڕەش هەڵگەڕاوە

جوانی بایس لەوشەی (ترسی چنور) دایە، کە شاعیر شێوەی ئاسایی ناوەی پەڕەی گوڵاڵەی لا داوە،کەخۆی رەنگی ڕەشە، هۆکارێکی تری ناڕاستی بۆ داناوە کەدووره لەڕاستی ئەویش ترسی چنورە .

٦_

خــوێنی پاکی لاوی کوردانە ڕژاوە کێو و کەژ
بۆیە وائیستاکە سوورە ، ڕەنگی گوڵناری هەیە

جوانی بایس لەوشەی ( خوێنی لاوی کوردە ) دایە، کە شاعیر شێوەی ئاسایی ڕەنگی سورو گوڵناری کەژوکێوەکانی لا داوە،کە خۆی وایە ، هۆکارێکی تری ناڕاستی بۆ داناوە کەدووره لەڕاستی ئەویش خوێنی لاوی کوردە.

تێبینی : لەم بابەتەبەزۆری ئەم وشانە هەن ( ترس ، خەوف ، بۆیە ، چونکە ، لەبەرئەوەی ...... هتد )

## شەشەم : تێهەڵکێش

**تێهەڵکێش :** بریتی یە لەوەی شاعیر یان نوسەر ( دێریك یان نیوە دێرێك یان پەندێك یان ئایەتێك یان فەرموودەیەك یان قسەی نەستەقێك یان هەرشتێکی تری وەرگیراوە بێت ) بیخاتە ناو بەرهەمەکەیەوە ، بێ دەسکاری دەخرێتە نێوان دوو کەوانە ، ئینجا ناوی خاوەنەکەی بهێنێت یان نا.

نمونە :

بـۆچی فەرمویەتی نەبی ئەمـــین

( اطب العلم ولو بالصين )

لێرەدا شاعیر ( فەرموودەیەکی پێغەمبەری ( د . خ ) لێبێت ، تێهەڵکێشی دەقەکە کردووە ، بێ دەسکاری .

نمونەی تر :

جـــاهیل زلیش بێت وەك کەندوی بۆشە

( دەنگی دەهۆڵیش هەر لەدوورەوە خۆشە )

لێرەدا شاعیر( پەندێکی ) تێهەڵکێشی شیعرەکەی کردووە .

**تێبینی :** ئەگەر شاعیرێك دێریك لە شیعری شاعیرێکی تری تیکەڵ بەبێنج خشتەکی خۆی بکا ، ئەوا بێنج خشتەکیەکەی بەر هونەری تێهەڵکێش دەکەوێ .

### راهـــێنـــان

لەم دێرە هۆنراوانەدا هونەری ( تێهەڵکێش ) دەستنیشان بکە .

١_

( چلگی دەستە ماڵی دنیا ) وەك دەڵێن :

ماڵپەرست پەیمان شکێنەو بێ بەڵـــێن

شاعیر ( پەندێك ) ی تێهەڵکێشی شیعرکردووە .

٢_

گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینـــــە
( بەردەیش لە جێگای خۆی زەنگینە )

شاعیر ( پەندێک ) ی تێهەڵکێشی شیعرکردووە .

٣_

ڕۆژێـــک فەرمووت ( لیس للا نسان الا ماسعی )
هیچ کەسیش هێندەی فەلاح ئیشی کێڵانی نیە

شاعیر ( فەرمودەی قورئان ) ی تێهەڵکێشی شیعرکردووە .

٤_

لـــــەدووئاوان کەیــەکـدەگـــــری
( سیروانی ئەم چەم و تا نجەڕۆی ئەوچەم

دوومیسرەعی بەیتی مەولـــــەوی
بدەن بەیەکدا ئەم چەم بۆئەوچەم )

شاعیر ( بەیتی مەولەوی ی تێهەڵکێشی شیعرکردووە .

٥_

سەیری کە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە
( سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژەلەسەردا )

شاعیر ( بەیتی مەولەوی ی تێهەڵکێشی شیعرکردووە .

٦_

تانەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دونیا
فائیـــــدەی چـــی ( ربـنـا انزل علینا مائده )

شاعیر ( ئایەتی قورئان ) ی تێهەڵکێشی شیعرکردووە .


ڕەوانبێژی

## وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

١_ یەکێك لەم جۆرە شیعرانە بەگشتی دەبێت بە تێهەڵکێش :

ئـ_ دوو بەیت ب _ غەزەل پ _ موستەزاد ت _ پێنج خشتەکی

٢_ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم پەندەی پێشینانە هەیە ؟ ( دونیا ببیتە پۆست دوژمن نابێتە دۆست )

ئـ _ دژیەك و ڕەگەزدۆزی ب _ خواستن پ_تێهەڵکێش ت_لێکچواندن

٣ _ ئەو هونەرە ڕەوانبێژیەیە کە لە چواربنەما پێکدێ ؟

ئـ _ دژیەکی نەرێ ب _ جوانی بایس پ_تێهەڵکێش ت_لێکچواندن

٤_ ( پیری بەتەنیا ڕەحمەتە ــ پیری و هەژاری زەحمەتە ) ڕەگەزدۆزی ناتەواو لە :

ئـ _ ژمارەی ( پیت ب _ جۆری ( پیت پ _ ڕیزی ( پیت ت _ ڕیزو ژمارەی ( پیت

٥ _ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی ، کە دیاردە ڕاستەقینەی خۆی دەخرێتە لاوە ؟

ئـ _ دژیەکی نەرێ ب _ جوانی بایس پ_تێهەڵکێش ت_لێکچواندن

٦ _ ڕەگەزدۆزی وەك دژیەك :

ئـ _ یەك جۆرە ب _ دوو جۆرە پ _ سێ جۆرە ت _ چوار جۆر

٧ _ لەهەموو بنەماکانی لێکچواندن لە پێشترە ، ئەوانی بۆخزمەتی ئەو هاتوون :

ئـ _ لێچوو ب _ لەوچوو پ _ ئەوزار ت _ ڕووی لێکچوون

٨_ ئەم دێرە شیعرە لێکچواندنە ( کورئاینەی جەمالی زاتن کەچ مەزهەری پرتەواسیفاتن )

ئـ_یەك بنەمای تێدایە ب_دوو بنەمای تێدایە پ _ سێ بنەمای تێدایە ت_چوار بنەمای تێدایە

٩_گلۆپەکانی سەرجادەوکۆلان زەردهەڵگەڕابوون ، کز کزئەسوتان : لەم دێرەدا چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هەیە

ئـ _ خواستن ب _ جوانی بایس پ_تێهەڵکێش ت_لێکچواندن

١٠_ لەم دێرەدا ( مەژی بۆمردن بمرە بۆ ژیان ___ چۆن قازانج دەکەی تانەکەی زیان )

ئـ _ دژیەکی ئەرێ هەیە ب _ دژیەکی نەرێ هەیە پ _ ڕەگەزدۆزی ناتەواو ت _ هەرسێکیان هەیە

١١_ لەم دێرەدا چ بابەتێکی ڕەوانبێژی هەیە ؟

( ئەم جووتە شێرەی دلێرەی شەرزە ــ لەناو مێژوودا ناویان زۆر و بەرزە )

ئـ _ دژیەك ب _ ڕەگەزدۆزی ناتەواو پ _ خواستن ت _ خواستن و ڕەگەزدۆزی ناتەواو

١٢ _ لەکام هونەری ڕەوانبێژیدا مەرجە جووت کەوانە هەبێت ؟

ئـ_جوانی بایس ب _ خواستن پ_تێهەڵکێش ت_لێکچواندن

ڕەوانبێژی

# هەڵبــــــــژاردن

١_ ئەو بابەتە ڕەوانبێژی یە کامەیە کە دوو وشە دژو و پێچەوانەی یەکتر بن :

A_ لێکچواندن B_ ڕەگەز دۆزی C_ دژیەك D_ جوانی بایس

٢_ بریتی یە لەو بابەتە ڕەوانبێژی یە کە دوو وشە لە ئەسڵدا دژ و پێچەوانەی یەکتر بن :

A_ ڕەگەز دۆزی تەواو B_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو C_ دژیەکی ئەرێ D_ دژیەکی نەرێ

٣_ بریتی یە لەو بابەتە ڕەوانبێژی یە کە دوو وشە بە هۆی ئامرازەکانی نەرێوە ببنە دژ و پێچەوانەی یەکتر:

A_ ڕەگەز دۆزی تەواو B_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو C_ دژیەکی ئەرێ D_ دژیەکی نەرێ

٤_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

دوژمن ل مەشانە دۆست غەمگین *** فەرزە مرنا چەکۆ و تاجدین

A- دژیەکی ئەرێ B-دژیەکی نەرێ C-ڕەگەزدۆزی تەواو D-ڕەگەزدۆزی ناتەواو

٥_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

ئەوەی ڕزقی موقەرەرە بۆخۆی دێ **** سەد دەفعە بخوازێ یان نەخوازێ

A- خواستن B-ڕەگەزدۆزی تەواو C-دژیەکی ئەرێ D-دژیەکی نەرێ

٦_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە : ئەگەر دۆستم، ئەگەر دوژمن بزانم ** ئەوەندەم تێگەیێنەکامەیانم

A- دژیەکی ئەرێ B-دژیەکی نەرێ C-ڕەگەزدۆزی تەواو D-ڕەگەزدۆزی ناتەواو

٧_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیە دا هەیە :

خوا من بەندی ناچیز و زەلیل **** ** گوناهم کەسیرن تاعەتم قەلیل

A- دژیەکی ئەرێ B-خواستن C-جوانی بایس D-دژیەکی نەرێ

٨_ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە ؟

مەنازە بە بوون، مەناڵە بە نەبوون **** هیچیان تاسەرنین، هەبوون و نەبوون

A_ ڕەگەزدۆزی ناتەواو B_ دژیەکی نەرێ و ڕەگەز دۆزی ناتەواو

C_ دژیەکی ئەرێ ڕەگەز دۆزی تەواو D_ دژیەکی نەرێ و ڕەگەزدۆزی تەواو

٩_ چ بنەڕەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

بـــەسروە دەڵێم فێنکم کاتەوە ***** خەمی کۆن و نوێم لەبیر باتەوە

A- ڕەگەزدۆزی B-تێهەڵکێش C-جوانی بایس D-دژیەکی ئەرێ

١٠_ چ بنەڕەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

ئەی کوردی جەفا دیدە ، بەسە قەیدی ئەسارەت

نـــادان بەکوتەك حاڵی دەبێ ، دانا ئیشــــارەت

A- دژیەکی نەرێ B-خواستن C-جوانی بایس D-دژیەکی ئەرێ

١١_ کام بنەڕەتی ڕەوانبێژی یە هۆکارە ڕاستەقینەکان وەلاوە دەنێت و هۆکارێکی تری هونەرمەندانەی بۆ دەدۆزێتەوە؟

A- دژیەك B-خواستن C-جوانی بایس D-تێهەڵکیش

١٢_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

شەماڵ لە ترسی شنەی نسێی سەخت ***** پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە.

A- خواستنی ئاشکرا B- جوانی بایس C_ لێکچواندن D- دژیەکی ئەرێ

١٣_ چ بابەتی رەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدایە؟

لەباخ وچڕ ئەوی دارودرەختە * ** هەموو زەردن لەترسی هێرشی شەختە

A_ڕەگەزدۆزی ناتەواو B_جوانی بایس C_لێکچواندن D_خواستنی درکاو

١٤_ چی بابەتی رەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەدا هەیە؟

پەڵەی گوڵاڵە لەترسی چنوور ***** ئاوچەرگی سووتاورەش هەلگەراوە

A_جوانی بایس B_خواستن C_لێکچوواندن D_دژیەك

١٥_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

لە لێواری حەوزا گوڵاڵە و بەیبوون **** ساوان ئەلەرزن، لەتاو نقووم بوون

A_ خواستن B_لێکچوواندن C_جوانی بایس D_ دژیەك

١٦_ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

لەخەوفی تەلعەتی ڕۆژ هەر وەکو شێت ********بەروو زەردی هەلات و کەوتە کێوان

A- خواستنی ئاشکرا B-ڕەگەزدۆزی ناتەواو C-خواستنی درکاو D-جوانی بایس

١٧_ چی بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە :

( نارنج و تورنج شبهێ زینێ ****** زەربوو ل عیلەتا ئەڤینێ

A- خواستن و ڕەگەزدۆزی B-جوانی بایس و خواستن C-جوانی بایس و لێکچواندن D-لێکچواندن و ڕەگەزدۆزی

١٨_ لەم دێرە هۆنراوەیەدا جوانی بایس لەکام وشە هەیە ؟

لە باخ و چڕ ئەوەی دار و درەختە ******* هەموو زەردن لە ترسی هێرشی شەختە

A-ترسی هێرشی شەختە B_ باخ و چڕ C_زەردن D_دارو درەخت

١٩_ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە ؟

شەماڵ لە ترسی شنەی نسێنی سەخت ****** پەنای بۆ باسك و پێدەشت هێناوە

A- جوانی بابیس B-لێکچواندن C-دژیەکی نەرێ D- خواستن

٢٠_ کام بنەڕەتی ڕەوانبێژی یە کە ئایەتێك یان فەرموودەیەك یان وتەیەك وەردەگیرێت بێ دەسکاری دەخرێتە نێو کەوانە :

A- جوانی بابیس B-لێکچواندن C-تێهەڵکێش D- خواستن

٢١_ لەکام هونەری ڕەوانبێژی یدا مەرجە جووت کەوانە هەبێت؟

A-تێهەڵکێش B- خواستن C_ دژیەك D_ ڕەگەزدۆزی

ڕەوانبێژی

٢٢ _ کام لەم شیعرانە بەگشتی دەبێت بە تێهەڵکێش:

A _ دوو بەیت  B _ غەزەل  C _ پێنج خشتەکی  D _ موستەزاد

٢٣ _ ئەگەر شاعیر دێڕێك تێکەڵ بە پێنج خشتەکیەکەی بکات ئەوا تەواوی هۆنراوەکە بەر کام لەمانە دەکەوێت:

A- جوانی بایس  B-لێکچواندن  C-تێهەڵکێش  D- خواستن

٢٤ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەدا هەیە؟

( خوا لە قورئان دەڵێ ( التلاق مرتان فامساك بمعروف او تسريح باحسان ) )

A _لێکچوواندن  B _ دژیەکی نەرێ  C _ تێ هەلکێش  D_ڕەگەزدۆزی تەواو

٢٥ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

ڕۆژ فەرموویەتی ( ليس للانسان الا ماسعى ) هیچ کەسیش هێزی فەلاح ئیش کێلانی نییە

A-تێهەڵکێش  B- ڕەگەزدۆزی ناتەواو  C-دژیەك  D-لێکچواندن

٢٦ _ چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیە دا هەیە: گوڵ لەسەر لقی خۆیا ڕەنگینە ** بەردیش لە جێگای خۆی سەنگینە )

A- تێهەڵکێش و ڕەگەزدۆزی تەواو  B -تێهەڵکێش و ڕەگەزدۆزی نا تەواو

C-تێهەڵکێش و خواستن  D-تێهەڵکێش و جوانی بایس

٢٧ _ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە:

تا ئەتناسی ئایەت و سەعاتی ئەوقاتی دوعا ******* فائیدەی چی ( ربنا انزل علينا مائده )

A- دژیەکی نەرێ  B-جوانی بایس  C-لێکچواندن  D-تێهەڵکێش

٢٨ _ چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە:

سەیری کە ئەڵێی خوێنی ڕژاوی گەشی تۆیە **** ( سیروانی سروشکم کە ئەکا هاژەلەسەردا )

A _ تێهەڵکێش  B-جوانی بایس  C-لێکچواندن  D _ دژیەك

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A-10 | D-9 | B-8 | A-7 | A-6 | D-5 | A-4 | D-3 | C-2 | C-1 |
| C-20 | A-19 | A-18 | C-17 | D-16 | C-15 | A-14 | B-13 | B-12 | C-11 |
| | | A-28 | D-27 | B-26 | A-25 | C-24 | C-23 | C-22 | A-21 |

ڕەوانبێژی

پرسیارى وزارى

پرسیاره وەزاریەکان

( ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٩ )

بەراییەکان ( تمهیدی )

خولی یەکەم

خولی دووەم

پرسیارى وزارى

# پرسیارە وەزاریەکان (تەمهیدی) (٢٠١٤ـ ٢٠١٥)

١_ لەڕستەی (پێشمەرگەکان سنووری ولاتیان گەلێك باش پاراستووە) وشەی (گەلێك) چییە؟

A_هاوەڵناوی نادیارە B_ڕادەی هاوەڵناوییە C_ڕادەی هاوەڵکارییە D_هاوەڵکاری چۆنیەتی یە

٢_ لەڕستەی (دەتانبات بۆ قوتابخانە) جێناوی لکاوی (تان) ئەرکی چی یە؟

A_بکەر B_تەواوکەری بەیاریدە C_ بەرکار D_ دیارخەری ناو

٣_ لەچاووگی (بوون) کاری تەواوی تێنەپەڕ دروست دەبێت ئەگەر:.

A_بەواتای منداڵ بوون بێت B_ لەسەرەتای داناندیا هات

C_پارچەیەك بێت لەکارێکی دارێژراو D_ کاری سەرەکی نەهاتبێت

٤_جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لەدەوری تەواوکەری بەیاریدەدا دەرناکەوێت ئەگەر کاری ڕستەکە :

A_ڕابردووی تێنەپەڕ B_داخوازی C_ ڕابردووی تێپەڕ D_ ڕانەبردووی تێپەڕ و تێپەڕ

٥_یەکێك لەم هاوڵکارانە بەدەستووری (هاوەڵناو + پاشگر) دروست بووە.

A_ شەوێ B_سالآنە C_چالاکانە D_بەهاوینان

٦_وشەی (شاخ) لەڕستەی (شاخە بەرزەکان جوانن) :

A_تاکە نەناسراوە B_تاکە ناسراوە C_کۆیە ناسراوە D_کۆیە نەناسراوە

٧_ ڕستەی (کەی بوویت بە ئەندازیار،گوندەکان ئاوەدان بکەرەوە) چ شێوازێکە.

A_ڕاگەیاندن B_مەرجی C_دانانی D_داخوازی

٨_ئەگەر کاری ڕستەی (بانگمان بکەن بۆ سەیری پێشانگاکە.) بگۆڕین بۆڕابردووی دووری ڕاگەیاندن دەبێتە :.

A_بانگمان کردبوون B_ بانگتان کردبووین C_بانگیان کردبووین D_بانگمان کردبوویت

٩_لەڕستەی (سەوزە بشۆ)پیتی بزوێنی (ۆ) چی یە؟

A_ پاشگرە B_ئامرازی لێکدەرە C_ئامرازی خستنەسەرە D_کاری ناتەواوە

١٠_جێناوی لکاوی ڕیژەی کار لەڕابردووی بەردەوامدا دەکەوێتە دوای نیشانەی (دە) ئەگەر کارەکە :.

A_تێپەڕی سادەی ئەرێ B_تێپەری لێکدراو C_تێنەپەڕ D_تێپەڕی سادەی نەرێ) بێت

١١_ئەگەر ڕستەی (لەوانەیە نامەکەی ناردبێت.) بگۆڕین بۆشێوازی ڕاگەیاندن، ڕستەکە دەبێتە :.

A_لەوانەیە نامەکەی ناردووە B_نامەکەی نارد C_نامەکەی ناردبوو D_نامەکەی ناردووە

١٢_لەڕستەی (دەبێت مامۆستا قوتابیان بباتە قوتابخانە.)پیتی بزوێنی (ە)لەدوای ببات چی یە؟

A_ئامرازی پەیوەندی یە Bجێناوی لکاوە C_ پاشگرە D_ئامرازی لێکدەرە

١٣_لەم نیوە دێرەدا (گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە) ئەرکی گرێی (گیانی من) چی یە؟

A_بکەرە B_بەرکارە C_جێگری بکەرە D_نیهادە

١٤_جێناوی لکاو بۆکەسی سێیەمی تاك لەدەوری بکەردا دەرناکەوێت،ئەگەر کاری ڕستەکە :.

A_ڕانەبردووی تێنە پەر بێت B_ڕابردووی تێنە پەر بێت C_ڕابردووی تێپەربێت D_داخوازی بێت )

١٥_لەڕستەی ( چیاکانی کوردستان بڵندن ) چی دەرنەکەوتووە؟

A_کاری ناتەواو B_جێناوی لکاو بۆ کەسی دووەمی تاك C_جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك D_ئامرازی دانە پاڵ

١٦_ ( پرۆژەکە تەواو بکە ) بزوێنی ( ە ) لەکۆتایی ڕستە چی یە؟

A_بکەری ڕستەیە B-پاشگرە C-لە ڕەگی کارە D-کاری ناتەواوە

١٧_جێناوی لکاوی ڕێژەی کار لەگەڵ کاری ( پێش نەدە کەوت ) دەکەوێتە :.

A_کۆتایی بەشی یەکەمی کار B_دوای نیشانەی نە C_دوای نیشانەی دە D_کۆتایی کار

١٨_ئەرکی جێناوی لکاوی ( ین ) لەڕستەی ( ولاتەکەیان دابەشکردین. ) چی یە؟

A_بکەرە B_بەرکارە C_تەواوکەری بەیاریدە D_دیارخەری ناو

١٩_هاوەڵناوی ( بۆرە دەوڵەمەند ) بەچ دەستورێك دروست بووە؟

A_هاوەڵناو +ئامراز +هاوەڵناو B_ناو+ئامراز+ناو C_ناو+هاوەڵناو D_ناو+ئامراز+هاوەڵناو )

٢٠_کاری ( ئاگادار کرد بێتەوە ) لەچ ڕێژەیەکدایە؟

A_ڕابردووی نزیکی راگەیاندن B_ ڕابردووی تەواوی راگەیاندن

C_ڕابردووی تەواوی دانانی D_ڕابردووی نزیکی دانانی

٢١_ئەو هاوەڵکارانەی کە ڕادەی هاوەڵکاری دەردەخەن چین؟

A_هاوەڵکاری چۆنیەتی B_هاوەڵکاری ڕێکخستن C_هاوەلکاری شوێن D_هاوەڵکاری چەندییەتی

٢٢_ لەڕستەی ئاوێتەی مەرجی دا کاری ( ڕستەی کاری مەرج ) لەچ شێوازێك دەبێت؟

A_ڕاگەیاندن و داخوازی B_ڕاگەیاندن و دانانی C_داخوازی و دانانی D_ڕاگەیاندن و داخوازی و دانانی

٢٣_هاوەڵناوێکە لە پێش ناو دێت و دەبێتە دیارخەرەکەی و پێویستی بەئامرازی خستنەسەر هەیە :

A_هاوەلناوی نادیار B_هاوەڵناوی ژمارەی کەرتی C_ هاوەڵناوی ژمارەیی ڕێکخستن D_هاوەڵناوی پلەی باڵا

٢٤_لەڕستەی ( هەواڵی سەرکەوتنەکەم بۆ ڕاگەیاندیت ) جێناوی لکاو ( م ) ئەرکی چی یە؟

A_بکەر B_ تەواوکەر بەیاریدە C_بەرکار D_دیارخەری ناو

٢٥_لەڕستەی ( کەی کارەکەت ئەنجام دا،برۆ بۆماڵەوە. ) ئەگەر کاری وەڵامی مەرج بگۆڕین بۆ ڕابردووی نزیکی دانانی ،دەبێتە :

A_ئەنجامت دابا B_ ئەنجامی دابا C_ڕۆیشتیت D_ ڕۆیشتبایت

٢٦_بابەتاهیری هەمەدانی بەچ شێوە زار شیعری نووسیوە؟

A_کرمانجی سەروو B_کرمانجی خوارو C_لوڕی D_هەورامی

٢٧_گۆڤاری شەفەق لەکوێ دەرچووە؟

A_شام B_کەرکوك C_سلێمانی D_هەولێر

٢٨_هونەرێکی ئەدەبییە نوسەر بەشێوەکی کورت ,سەرنج ڕاکێش لایەنێکی ژیان باس دەکات ورای خۆی دەربارەی دەخاتە روو.

A_ڕۆمان B_چیرۆك C_وتار D_پەخشان

پرسیاری وزاری
پرسیاری وزاری



چاپخانەی توانا 07828350088

٢٩_ نووسەرانی شاخ لەبڵاوکراوەکانی ناوشۆڕشدا چالاکانەبایەخیان بە وتار داوە بەتایبەتی وتاری :

A_سیاسی B_کۆمەڵایەتی C_مێژوویی D_ئابووری

٣٠_ باشترین شیعر لای ئەو ، ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژ بەخش و ڕەوان بن و واتاکانیشیان سوود بەخش بن .

A_ئەحمەدی خانی B_سالم C_حاجی قادر D_مەلای جزیری

٣١_ یەکێك لەمانە هەوڵدەدات چەمکێکی نوێ بخاتە بەردەست بە پێی ئەو چەمکە شیعری شاعیران هەڵسەنگێنرێ .

A_سیا پۆش B_شێخ نوری شێخ سالح C_ئەمین فەیزی D_عەلی کەمال با پیر

٣٢_ سیمای هەرە دیاری ناوەڕۆکی شیعری کوردی لەقۆناغی ( ١٩٥٨_١٩٧٠ ) دا چی بووە ؟

A_کێشەکانی ژن B_ڕامیاری ونەتەوایەتی C_کێشەی کۆمەلایەتی D_وەسفی سروشتی کوردستان

٣٣_ بەیەکێك لەم بەرهەمانە خوێنەری کورد زیاتر ئاشنای شیعر و شاعیرانی نەتەوەکەمان بوون و بواری هەڵسەنگاندن و تێڕوانینی ڕەخنەیی زیاتر لەبەردەمدا کردنەوە.

A_شیعر و ئەدەبیاتی کوردی B_مێژووی ئەدەبی کوردی C_گوڵ دەستەی شوعەرای هاوعەصرم D_ئە نجوومەنی ئەدیبان

٣٤_ هەوێنی ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ١٩٧٠بەدواوە چی بوو؟

A_کێشەی کرێکار و خاوەن کاری دەرکەوتنی گیروگرفتی شار B_ڕووداوی سیاسی C_کێشەکانی ژن D_خەباتی پێشمەرگە

٣٥_ کێ شیعری بۆ مەرگ بارانی هەڵە بجە نووسیوە؟

A_عەبدوڵلا پەشێو B_جەوهەر کرمانج C_جەمیل ڕە نجبەر D_شێرکۆ بێکەس

٣٦_ ڕۆمان نووس ( ئیبراهیم یونسی ) بە چ زمانێك ڕۆمانەکانی خۆی نووسیوە؟

A_کوردی B_فارسی C_تورکی D_عەرەبی

٣٧_ کام شاعیری کورد بەسوود بینین لە ئەفسانەو هێما مێژوویی, کلتوری نەتەوەی جیهانی وێنەی یاخی بوون پیشان دەدات؟

A_لەتیف هەڵمەت B_شێرکۆ بێکەش C_موئەیەد تەیب D_عەبدوڵلا پەشێو

٣٨_ بەلایەوە دەقی ئەدەبی ڕەنگ پێدەرەوەی هەست و سۆزی نووسەرە ، هەربۆیە دەبێ رەخنەش تیشك بخاتە سەر دەروونی نووسەر.

A_مادام دی ستال B_ئەلفرید دی موسێ C_سانت بیڤ D_بوالو

٣٩_ ( شاکرفتاح ، عەلائەدین سجادی ، برایم ئە حمەد ) دیارترین چیرۆکنووسەکانی کام گۆڤاربوون :

A_ هاوار B_شەفەق C_دەنگی گێتی تازە D_گەلاوێژ

٤٠_ هۆنراوەی ئەنور قادر محەمەد(( خۆ من چەمە زستانە نیم )) نموونەی شیعری :

A_نەتەوایەتی B_چینایەتی C_بەرەنگاری D_وەسفی سروشتی کوردستان

٤١_ ڕۆمانی ( گوندێ مێرخاسا ) بەرهەمی کێ یە؟

A_ حاجی جوندی B_عەرەبی شەمۆ C_عەلی عەبدولرەحمان D_برایم ئەحمەد

٤٢_ حەمدی کەی کۆچی دوایی کردووە؟

A_١٨٨٢ B_١٠١٠ C_١٩٣٦ D_١٨٢٥)

٤٣_ چیرۆکی ( شەوێکی درێژ ) لەنووسینی کێیە؟

A_ محەمەد سالح دیلان B_حسێن عارف C_مستەفا سالح کەریم D_مەم بۆتانی

پرسیاری وزاری

پرسیاری وزاری

٤٤_دەستنیشانی ئەو بنەڕەتە دەکەن کە شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە بەکەمترین وشە زۆرترین واتای دەربڕیوە.

A_نالی و جزیری　B_جزیری و خانی　C_سالم وحاجی قادر　D_نالی و خانی

٤٥_چی کاری لە دیلان کردووە؟

A_دیمەنی سروشتی کوردستان　B _جوانی ژن　C_ئالاّی کوردستان　D_هەستی نەتەوایەتی

٤٦_چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

لەلێواری حەوزا گولاّو بەییوون　******　ساوان،ئەلەرزن ، لەتاو نووقم بوون

A_خواستنی ئاشکرا　B_دژیەکی نەریّ　C_لێکچواندن　D_جوانی بایس

٤٧ _چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟

پۆلّ پۆلّ نازداران گەردەن پڕخالاّن　*****　ڕوومەت پەڕەی گولّ بالاّ شمشالاّن

A_ڕەگەز دۆزی تەواو　B_خواستنی درکاو　C_لێکچواندن　D_دژیەکی ئەریّ

٤٨ _چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟ یەك زێدە شرین زیادە محبوب　یەك رووحی ڕووحی قلوب حووری مقلوب

A_دژیەکی ئەریّ　B_جوانی بایس　C_تیّ هەلّکێش　D_ڕەگەزدۆزی ناتەواو

٤٩ _چی بابەتی ڕەوانبێژی لەم دێرە هۆنراوەیەدا هەیە؟ ئەلێن سالّ دوازدە مانگە　***　من مانگم دیت چواردە سالّە

A_خواستنی ئاشکرا　B_لێکچواندن　C_ڕەگەزدۆزی ناتەواو　D_جوانی بایس

٥٠_دوو بنەڕەتی بنچینەیین لە لێکچواندندا ، بەبیّ ئەم دوو بنەڕەتە لێکچواندن دروست نابێت.

A_لێچوو،ئەوزار　B_لێچوو،لەوچوو　C_ئەوزار،ڕووی لێکچوون　D_لەوچوو،ئەوزار

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A-10 | A-9 | B-8 | B-7 | C-6 | C-5 | C-4 | C-3 | C-2 | C-1 |
| C-20 | A-19 | D-18 | D-17 | C-16 | A-15 | B-14 | D-13 | A-12 | D-11 |
| D-30 | A-29 | C-28 | B-27 | C-26 | D-25 | A-24 | B-23 | B-22 | D-21 |
| C-40 | D-39 | C-38 | A-37 | B-36 | B-35 | A-34 | B-33 | B-32 | A-31 |
| B-50 | A-49 | D-48 | C-47 | D-46 | A-45 | D-44 | A-43 | C-42 | C-41 |

پرسیاری وزاری

پرسیاری وزاری



چاپخانەی توانا 07828350088

## پرسیارەکانی وەزاری خولی یەکەم ( ٢٠١٤ — ٢٠١٥ )

١-لە ڕستەی ( من کوردم. ) چی دەرنەکەوتووە؟

A- کاری ناتەواو B-جێناوی لکاو بۆکەسی دووەمی تاك C-بکەر D-ئامرازی دانە پاڵ

٢-لەڕستەی ( لەوانەکان زۆر باش تێگەیشتووە. ) وشەی ( زۆر ) چییە؟

A- ڕادەی هاوەڵناوی B-ڕادەی هاوەلکاری C-هاوەڵناوی نادیار D-هاوەڵناو

٣-هاوەڵناوی ( خەباتکەر ) بە چ دەستورێك دروست بووە؟

A-هاوەڵناو + ناو B-ناو + ڕەگ + پاشگر C-ناو+هاوەڵناو D- پێشگر +هاوەڵناو

٤-لە ڕستەی ( بۆی چاپکردم. ) جێناوی لکاوی ( ی ) ئەرکی چییە؟

A- تەواوکەری بەیاریدە B-بکەر C-بەرکار D-دیارخەری ناو

٥-کاری ڕستەی ( پێویستە قوتابیان ئاگاداربکەنەوە. ) لە چ ڕێژەیەکدایە؟

A- داخوازی B-ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن C-ڕانەبردووی دانانی D-ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

٦-لە ڕستەی ( کەی قوتابیان ئامادەبوون، ئاهەنگەکە دەستپێدەکات. ) کاری مەرج لە چ ڕێژەدایە؟

A- ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن B-ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن C-ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن D-ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

٧-لە ڕستەی ( بانگی کردم بۆ ئاهەنگەکە. ) جێناوی لکاوی ( م ) ئەرکی چییە؟

A- بکەر B-بەرکار C-دیارخەری ناو ، D - تەواوکەری بەیاریدە

٨-لە ڕستەی ( گەزۆ نایابەکان فرۆشران. ) ئەرکی گرێی ( گەزۆ نایابەکان ) چییە؟

A- بکەر B-بەرکار C-جیگری بکەر D - تەواوکەری بەیاریدە

٩-ڕانەبردووی دانانی بە چی نەریٚ دەکریٚ؟

A- نە B-نا C-نی D-مە

١٠-جێناوی لکاوی ( ین ) دەبێتە دیارخەری ناو، دەکەوێتە دوای کاری:

A- ڕابردووی تێنە پەڕ B-ڕانەبردووی تێپەڕ C-ڕابردووی تێپەڕ D-ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

١١-لە ڕستەی ( کارەکە باش ئە نجام بدە. ) بزوێنی ( ە ) چییە؟

A- لەڕەگی کارە B-بکەر C- پاشگر D-کاری ناتەواو

١٢-ئەو هاوەڵناوانەی کە ڕادەی هاوەڵناوی دەردەخەن چین؟

A-هاوەڵناوی چۆنییەتی B-هاوەڵناوی پلەی باڵا C-هاوەڵناوی نادیار D _ هاوەڵناوی پرس

١٣-لە ڕستەی ئاوێتەی مەرجیدا کاری ( ڕستەی وەڵامی مەرج ) لە چ شیوازێك دەبێت؟

A- ڕاگەیاندن و داخوازی B-ڕاگەیاندن و دانانی C-داخوازی و دانانی D-ڕاگەیاند و داخوازی و دانانی

١٤-لە ڕستەی ( ئەستێرە گەشەکە دەرکەوت. ) پیتی بزوێنی ( ە ) لە نێوان ( ئەستێرە ) و ( گەش ) دەرنەکەوتووە چییە؟

A- ئامرازی دانە پاڵە B-کاری ناتەواوە C-بکەرە D-ئامرازی پەیوەندییە

١٥-هاوەڵکاری ( بەهێمنی ) بە چ دەستورێك دروست بووە؟

A- پێشگر+هاوەڵکار+ پاشگر B- پێشگر+هاوەڵناو+ پاشگر C- پێشگر+ناو + پاشگر D- پێشگر + ناو

١٦-ئەرکی جێناوی لکاوی ( یت ) لە رستەی ( پێنووسە سەوزەکەم بردیت. ) چییە؟

A- دیارخەری ناو B-بەرکار C-تەواوکەری بەیاریدە D_ نیهاد

١٧-لە رستەی ( کچەکە دەرواتە قوتابخانە. ) پیتی بزوێنی ( ە ) لە دوای ( دەرواتە ) چییە؟

A- پاشگرە B-ئامرازی لێکدەرە C-ئامرازی دانە پاڵە D-ئامرازی پەیوەندییە

١٨-لە رستەی ( دایکیان کە مندالی بوو، منداڵەکە نەخۆش بوو. ) ئەرکی وشەی ( منداڵەکە ) چییە؟

A-بکەرە B-بەرکارە C-نیهادە D -بەرکار

١٩-وشەی ( پەرتووك ) لە رستەی ( ئەم پەرتووکە باشترین سەرچاوەیە. ) دیاخراوە بە :

